

ڕامان
RAMAN
١٣٩


Raman
139
December 2008
A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

ناوەڕۆک....................................................................................

# نیشتەجێبوون بەدەم فڕینەوە

سورخی
(سوێد)



## پێکردنی گڵۆپ

بوونت درەختێکە
مەلەکان بۆ سەرخەو شکاندن ڕووی تێدەکەن
شەوە و سکاڵای چۆلەکەکان نایەڵن بخەویت
لە سیماتدا
هێزەکانی شەڕ بەردەوامن
باڵات ئاگر فڕێ دەدا
چۆلەکەکان بەردەبنەوە سەر کراسەکەت
سێوی بەختەوەری گەرم دادێت
کرمە ئاوریشمییەکان بەسەر دەستەکانتدا هەڵدێن
لە ژوور سەرتدا منداڵی بەد
نیشان لە کۆترە قەڵەوەکەی هەناسەت دەگرێت
خوێن دەڕوا
سەتڵەکەی دڵت پڕ بوو لە خوێن
لەناو بیری گیانتدا دڵۆپە سپییەکان دەدرەوشێنەوە
قەلەڕەشێکی گوناه لە سیمای خۆی ڕادەمێنێت
هێشتا هێزەکان لە کوشتندا بەردەوامن
چەقۆ لە سیمای ڕادەوەشێنن
هاوار لەناو گوێیەکانیدا دەزرنگێنەوە
مێروولەکان بەجێی دەهێڵن
سێوەکان لێی بەردەبنەوە
خەون دەبینم پێدەکەنی
گڵۆپەکان بە قاچ هەڵدەکەن

## دۆستایەتی

لە دەرگام ڕوانی
دیواری ژوورەکەی خۆمم ماچ کرد
ئەو جێگەیەی کە هەردووکمان لە ناویدا
دەخەوتین
لێفەکەیم بەسەر خۆم دادا
خودایە
نە دەزانم

خۆشەویستی بکەم
نەقینیش هەڵگرم
وا دیارە دۆستایەتی چەقۆیەک
لە هەموویان پیرۆزترە

**نانی سیما**

مەمکەکانت تێکەڵاوی ڕەنگی شیربوون
لە کەناری لێوە زەردەکانتدا
وردە پرووشکی سپی بەردەبنەوە
دڵۆپێ خوێن لە گیانتدا نابینم
سێوەکان دڵۆپێ خوێن بوون
بە قەدی درەختێکەوە
ئەی یولیا
ئێستا لە دووریتدا
دەزووم لە ملی کۆترێکی باغە کردووە
بە ناو خۆڵدا ڕایدەکێشم
ئاوڕ لەو خەتە پانە دەدەمەوە کە جێی دەهێڵێ
ڕەنگی دیوارەکان سپی دەکران
پێکەنینەکانیش چڵی سەوزن
ئاو بەرەو لێژاییان دەبات
سیمات نان بوو
کاتێ بۆی وەستابووین
چۆلەکەکان دەهاتن و دەچوون
نانی سیمات کەرت دەکرێن
چۆلەکەکان دەیانفرێنن
من گازت لێدەگرم
ماسییەکان بە ترسەوە لێت ڕادەمێنن
نان گوناهە
نان پیرۆزە
سیمات سێوێکە لەناو سەبەتەدا
گیانیش وردە ماسین لە قوتوودا

**دڵۆپێک خوێن**

قسەکان وشک بوون
ئەوەی دەسووتا و دەمایەوە
تەنیا گیان بوو
گوڵەکان ڕەنگ بوون
دەمیان خستە ناو دەمی یەکترییەوە
بۆ چرکەیەک لەناو باوەشمدا
گیانت میوەیەکی گەرم و ناسک بوو
زەوییە ناخ بەهێزەکە
چاوە سەوزەکانت دەتروووکێنێت
لە کاتێکدا هەمیشە لەوە دەترسێم بشکێ
لەناو تاریکایی شەوەکانتدا
لە دوورڕا ڕەنگێکی سەوز دیارە
لە مزگەوت دەچێت
دڵۆپێک خوێن بە ناوچەوانی ئاسمانەوەیە

**نێوان مەیین و شکان**

بیرم لە ناوکت کردەوە
کاتێ سێوەکەمان پێکەوە سەربڕی
هەستمان بە بۆنی دەمی کچێک کرد
کە خەوتووە
ئەم خۆشەویستییە
هێلکەیەکی تەڕ و ناسکە
ڕۆژێ دەمەیی
ڕۆژێکیش دەشکێ
گیانم هەزار هێلکەی سپی تیایە
بە بەرزایی سەردەکەوم
هەمیشە دەترسم دانەیەکیان بەربێتەوە

**ترس**

ئەی مەلی دەریا
لە سیماتدا یولیا دەبینم
هەموویان دەتوانن هەزارانی وەک تۆ سەربڕن
بەڵام من دەترسێم
تۆ من سەربڕی
وەرە ئەی مەلەکە
نزیک ببینەوە لە ئاو
ئەی ئاوی دڵ و گیان و ناخ
زەوی بوو بە مافوورێک
سەرمان لە سەری ڕاخست
لە ژوور سەری هەردووکمانەوە
بە خەتێکی گەورەی سەرنجڕاکێش
ناوی خودا نووسرا

**دیواری سپی**

کە بیرم لە تۆ کردەوە
گۆشەی سەرم کۆمەڵێ دیواری سپی بوو
گڵۆپەکانی قەدی تیشکیان دەدایەوە
لە پەنای هەر درەختێکدا
تارمایی خۆشەویستێک دەبینم هەناسە دەدا

بۆ چرکەیەک لەناو خۆشەویستیدا توامەوە
ئای لەو خەونە پیرۆزەدا
شانی یولیا بوو یان بەیان
ماچم کرد
ئێوارە چاو ترووکانێکە
لە جۆگەلەیەکی گەورەدا
ئەو دۆشەکەی من و تۆ لە سەری دەخەوتین
بینیم لەناو دارستانێکدا فڕێ دراوە

**نەدۆزینەوە**

دەموچاوت ئاوێکی ڕژاوە
دەستەکانی خۆر لە ناویدا یاری دەکات
ئەم بینینەی من
مراوییەکی کوێری سپییە
گەمی زەردی سەر هەورەکان نادۆزێتەوە
کز کز با دەیجوولێنێت
مراوییەکەی من
سیمای لە نزیک سیمای تۆدا داناوە
لە کەناری جۆگەلەکەدا
بی ئاگا لە بوونی خۆی
خەوتووە و پشوو دەدات

**تێبینییەکان**

بوونت وەک مۆسیقا نەبیندراو بوو
کەچی ڕژایتە ناو چاڵی تاریکی بوونمەوە
❊ ❊ ❊
کە مۆسیقام بینی
لە شەرماندا ڕووم وەرگێرا
❊ ❊ ❊
لەنێوان من و تۆدا
تۆپەڵێیەکی سپی هەیە
❊ ❊ ❊
مێشێکی ڕەشی بچکۆلە
کەوتە ناو چاومەوە
چاوم ئاوی لێهات
ئەویش مرد
❊ ❊ ❊
پەنجەرەکەم بۆ جوانی سڕییەوە
مێشێکی زەرد بووە ژێر دەستمەوە
خێرا مرد
❊ ❊ ❊

بە دووربینی یاد سەیری سیمای یولیام دەکرد
مووە زەردەکانیم بینی
سیمای سپیتر بوو
بزەدارتر
میهرەبانانە دەهاتە پێش
❊ ❊ ❊
لە خوار قاچەکانتەوە بۆنێک دێت
نە بۆنی گوڵە
نە هی شیر
❊ ❊ ❊
لەگەڵ هەر ماچ کردنێکتدا
بیرکردنەوەیەکم بۆ دێت
چڵی یادگارییەک کۆترێکی لەسەر دەنیشێت
❊ ❊ ❊
شوێنی دەستەکانی
بەسەر دەسکی دەرگاکەوەیە
لەسەر دەسکی گوڵدان و لەسەر سیمای منیش
❊ ❊ ❊
ئەو شەوەی پێکەوە خەوتبووین
جار جار بە هێمنی
پەتۆکەم لادەدا
سەیری جەستەی ڕووتی تۆم دەکرد
سەیری مانگیش

**هەڵاتن**

ئەی نەخۆشخانەکەی من
لەنێوان دەرگا سپییە گەورەکەت
جارێک بەدەم بزەوە
جارێکیش بەدەم گریانەوە
وەستاوم
کاتێ بیرم لێ کردیتەوە ترسام
لەناو باخە گوڵاوییەکاندا
بەدەم سووڕانەوە کراسە سپییەکەتم
لەبەرم داکەند و بەڕووتی بەرەو ماڵ هەڵاتم

**گەرمی زەوی**

سەری زەردت لە باوەشی شینی ئاسماندا بوو
کە ماچی ناو دەمم کردیت
قاچەکانت لەناو سەوزیی گەرمی زەویدا بوون
کە پەنجە گەورەکەی پێتم ماچ کرد
پەنجەکانت لەناو دەممدا بوو

سیمامان وەک جەستەی دوو مێشهەنگ زەرد هەڵگەڕا

**ڕۆژەکان لەناو سەبەتەن**

لە ئاسمانەوە کراسێکی سپی بچکۆلانە بەردەبێتەوە
خۆر گوڵە بەڕۆژەی لاوازە
ڕۆژەکان لەناو سەبەتەی ئێوارە
ڕەنگی زەردی قاچیان هاتبووە دەرەوە
پۆلیس و دزەکانیش
لە کاتی گریاندا ماچی یەکتر دەکەن
تەمەنی سووتان چرکەیەکە
گوڵێک سێ شەو
چرایەکیش چل شەو
سیمای سپی
سیمای ڕەش
درێژایی ئاویش تا مردن
گیانە قاوەییەکانی دەوروبەرت
سیما سپییەکانی یولیای
لە دوورڕا سپی دەنواند

**ناڵ**

من و تۆ
دوو ناڵی دەستەکانی پێشەوەی کەرە سپییەکە بووین
تۆ و من
دوو ناڵی پاشەوەی پێیەکانی کەرە میهرەبانەکە بووین
گەدایەکی گەورە بووین
گەڵای سەوزی خۆشەویستیان دەرخوارد داین
گەڵای سەوزی خۆشەویستیان لەسەر بارکردین
داری ئازاریان لە سیمامان ڕاوەشاند
لە پاشەڵیان داین
من و تۆ چوار ناڵ بووین
بۆ یادگاری زۆر خەتی خوار و خێچمان
لە سیمای بەردەکان بەجێ هێشت
کاتێ کەرەکەی گیانمان ئێرەی بەجێ هێشت
من و تۆی وەک چوار ناڵ
لە تەک پەراسووەکانی خۆیدا
لەسەر زەوییەکی نەرم بەجێ هێشت

**ئاوێنە و خۆر**

سیمات بە بۆیاخێکی ڕەش وێنە کراوە
منیش ناوچەوانتم ماچ دەکرد
کەناری دەمت زەردە
وەک هێڵێک لە گەنم
دیوارە سپییەکان لە برینەکەی
سەر قاچت ڕادەمێنن
درەختێک لە کاتی ئاو خواردنەوە
خەوی لی کەوتبوو
ئاوێنەیەکی شکاویش
لە بەرانبەر خۆر دانیشتبوو
تا ماچی بکات

**کلیل**

گیانە زەردەکەی تۆ لەناو جێگەکە خەوتبوو
لە خەونمدا
ماچی قاچەکانتم دەکرد
کلیلێکی زەرد
وا بەدەم کۆترێکەوە
هەزاران کۆتر و چۆلەکەش بە دوایدا هەڵدەفڕن
چڵی نەمامێکت لە گیانمدا
جار جار
بە سیمات دەلکێ
ئازارت دەدا
ڕەنگەکان تۆیان لێ بزر کردم
ئەی پەپوولە ڕەشە بچکۆلانەکە
شەو لە بنمیچی ژوورەکە بووی
بەیانی کە لەخەو هەستام
بینیم بەربوویتەوە سەر سەرینەکەم
نزیک لە دەموچاوم سکاڵات دەکرد

**ئاماژە**

چاوەکانت وا بە ئاسمانەوەیە
جار جار چاوم لێ دەترووکێنێت
لە دوورەوە پەنجەیەک
هەمیشە ئاماژەم بۆ دەکات
نازانم بەرەو لای تۆم بانگ دەکات
یان بەرەو شوێنێکی تر؟
چیتر چاوە قاوەییەکانت نابینمەوە
دوای کەمکردنەوەی هاتنەکانت
لە ژوورەکەدا ژمارەی تاڵی پرچەکانت کەم بوونەوە
گۆرەوییەکانی لە ژوور سەرینەکە بوو
ئاه دیوارەکە
ئاه سەرینەکە
چیتر لە گۆشەی ئێوەدا

لەسەر سەرینە نەرمونیانەکە
جێی خەو بۆ خۆی ناکاتەوە

**لیمۆی زەرد**

چۆلەکە هەڵفڕیوەکان
درەختێکیان کردبووە ماڵ
من پێڵاو و گۆرەوییەکانم
ئەم لیمۆ زەردانە لە پەنجەکانی پێت دەچن
کاتێ دێی کۆترەکان هەڵدەفڕن
من لە ناو پێڵاوە نەرمەکەمدا
لە دوورڕا سەیری تۆ دەکەم
چۆلەکەکان زەوی بەجێ دێڵن
من لە ناو پێڵاوە کۆنەکەمدا دەمێنمەوە
ئەم خۆر هەڵاتنە لە سووتانی تۆ دەکات
ئەم خامۆشبوونە لە باران دەکات
با لەگەڵ پێستی مرۆڤ
لەگەڵ سەگی ئاوی متوربە بکرێم
من و پێڵاوە تازەکانم کۆن بووین
سەربانی خانووەکە پڕە لە کۆتر
کاتێ ترپەی پێیەکانت دێت
هەموو کۆترەکان هەڵدەفڕن
تەنیا من و ئەم هەموو پێڵاوانە دەمێنینەوە

**ماڵئاوایی**

ماڵئاوا
ئەی خانووە خنجیلانەکە
ئەی ئەوەی پڕ بوویت لە دەرزووی ڕەنگاوڕەنگ
پڕبوویت لە قۆپچەی کراسی منداڵان
وێنەی سەگ و پشیلە
چ ماڵێکی خنجیلانە بوویت
پڕ بوویت لە پەرداخێکی شیر و پیاڵەی چای و
مەقەست و دەزوو
داستانێک بوویت
سڵاو بۆ شووشە بەتاڵەکانت
بە ئێوە چەند دڵم دەکرێتەوە
بە گوڵدانە بچکۆلانەکان
بە قاپەکانی سەر ڕەفە
چەندین جار خۆزگەم خواست
منیش قاپێک بوومایە
بە بنمیچەوە ببیندرێم
ئای خانووە خنجیلانەکە ماڵئاوا
ماڵئاوا لە نیگارەکانی سەر دیوارەکە
لە پێڵاوە سوورەکانی بەر دەرگا

**کێشانی پەرژین**

لە دەرگاکان دەدەم
تەنیا پەپوولەیەکیش
بۆ بێ ماڵی خۆی دەرگای لە پەڕی گوڵێک دروست کرد
ئەمامەکەش گەڵا سەوزەکانی
بە سەر و سیمای خۆی دەدا
کۆترەکەش کە هێلانەکەی دەرگای نەبوو
سیمای تووڕەیی خۆی کرد بە دەرگا
شووتییەک پەرژینێکی سەوزی بەدەوری سوورایی
ناخی خۆیدا کێشا
مێرووڵەیەکیش بە هاوکاری لەگەڵ جاڵجاڵۆکە
پێستی سەگێکی ئاوی گوناهیان
کرد بە پەردە بۆ دەرگاکانیان
ڕاوکەرە تووڕە و بەختەوەرەکەش
سیمای لە پشت دێوجامەیەک شاردبووەوە
سیمای شتەکان دەرگایان هەبوو
لە دارەمەیتێک نزیک بوومەوە
کەسی تێدا نەبوو
بە پەروازەکانی یاری دەکەم
بەڵکو بۆ من دروست کرابێت
کەچی ئەویش داخرابوو
ئەویشم بۆ نەکرایەوە

**پردی گەڕۆک**

بای سپی لە سووچێکدا نووستبوو
ئاوم پێدا کرد
خۆشەویستیش دیوارێکی سپی بوو
ئەی دیوارە سپییە درێژەکەی تا قوتابخانە ڕۆیشتبووی
سێبەر لە پەنای خۆت دروست دەکەیت
هەتاویش گەرمت دەکاتەوە
دیوارە سپییەکە پردێکی گەڕۆک بوو لەسەر زگی
مانگە شەودا
لە باوەشی ئاسماندا دەخەویت
بە ڕۆژیش لەگەڵ درەختەکاندا یاری دەکەیت
تۆ وەک گوڵێکی مەنگ بوویت
کەسیش داگیری نەکردبوویت
ئەی دیوارەکە
ئەی دڵی سپی هەموو منداڵەکان

**قۆپچەی بەخت**

لەناو بەرگێکی پڕتەقاڵیدا
بینیم چاوەکانت ڕەنگیان سەوز بووە
ئەو هەنارەی یولیا ئاوەکەی مژی
دڵۆپەکانی لەسەر دیوارەکە بەجێ ما
لە شەوێکی مانگە شەودا
خوێنی تۆیان گوێزایەوە
بۆ ناو زگی ماسییەک
ئا لە پشت قۆپچەکانی بەخت
سینگت دەبینم
لە پشت سینگتەوە دڵێک
لە پشت دڵیشەوە
ڕووناکییەکی مەیلەو تاریک

**گۆڕهەڵکەن**

شەو کە لە خەو هەڵدەستم
کراسەکەی ژێر سەرم ماچ دەکەم
کراسەکەی تۆ یولیا
دوێنێ کە ماچم کردیت
تۆ بووی بە دوو جەستە
بە دوو ئافرەتی باخەوان و مەلەوان
منیش بووم بە چەند جەستەیەک

* * *

لە ناوەڕاستی ئاسماندا چەند چەقۆیەک دەبینم
هەورەکانیش نووستوون
تارماییەکی سپیش گۆڕ هەڵدەکەنێت

* * *

کاتێک ماچم دەکەیت
هەست دەکەم سەرم هەورێکی سپییە
بۆ ئەوەی بڕۆم و ماڵی خۆم بدۆزمەوە

**چوار کەس**

لەم چەرخەدا
کە چەرخی ونگەیە
بە بەرچاوی کوێری مانگەشەوەوە
تۆم هێنا
من و سێ کەسی دیکە
وەکو خۆم بوون
لەسەر دەستی هەر چوارمان
تۆمان لەناو تابووتە سەوزەکەی
نزیک جۆگەلەی هەناسەم دانا
سیما ماندووە بە تەمەنەکەت
ڕووی بەرەو ئەولا وەرگێڕا بوو
بە هێمنی پەمۆیە سپییەکانم
چوارکەس بووین و لەیەک دەچووین
یەک لە دوای یەک نووشتاینەوە
تۆمان ماچ کرد
یەکێکیان بە پێوە دەگریا
ئەوی دی لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو
من گوڵم بە دەستەوە بوو
چوارەمیش
ڕووی خۆی وەرگێڕاو ڕای کرد

**مردن لە نزیک مێشەهەنگ**

لە ئاوێنەکەدا سەیری گیانی ڕووتی خۆم کرد
گریانم هات
نە لەناو ئاو
نە بەدەم فڕینەوە
لەسەر وشکایی نزیک قاچەکانتەوە
لە تەنیشت تەرمی مێشەهەنگێک
ڕووبەڕووی مێرووولەیەکی چالاک دەمرم
با گەڵای زەرد و پارچە کاغەز و دەفتەرەکەی تۆ
بکەونە سەر سیمام و لێم جیا نەبنەوە
ئەم مردنە کێلی ناوێت
با ئاو بچێتە ناو چاڵە گەورەکەی و خۆر لێی بدات
کاتێکیش تۆ هاتیت
بتوانیت هەستیتەوە سەرپێ

**بەربوونەوە**

ڤیکا لەناو بەردەکاندا
بە دوای بەردێکی جوانتر دەگەڕێیت
لەکاتێکدا
من و تۆ
بەیان و یولیا
هیچ جیاوازییەکمان نەبوو
بۆ ماوەیەک هاتین
وا یەک بە دوای یەکدا
وەک دڵۆپە باران بەردەبینەوە
وەک سیمای مرۆڤە ماندووەکان
وەک تاڵە پرچی تۆ کە با دەجووڵێنێت
وەک ماڵەکەی ماریا لەناو ڕووباردا
ئێمەش لە جێی خۆمان دەجووڵێین

وەک خەتێکی ڕەش دەسڕێینەوە

**نێرگزە کێوی**

سەر لە ئێوارە
لە دوورڕا پێدەکەنی
دامەنی شۆڕی کراسەکەی هەڵکردبوو
کاتێک لێک نزیک بووینەوە
بەیان بوو
بۆ دواجار لەسەر کانی دەگەڕایەوە
خێرا پێم وت
ئەریّ ئاوی ڕوون و گوڵە نێرگزت بۆ هێناوم
بزەیەکی هاتێ و چۆڕێک ئاوی ساردی پێداکردم
ئێسک گران
گوڵە نێرگزم لەناو کێڵگەی دەستی تۆ دەست دەکەوێت
ئەو ئێوارەیە
گشت جەستەی بەیان تەڕ بوو
گیانی شەڵاڵی ئاو و نێرگز بوو
منیش لەسەر بەردی دەم ڕێ هاتمە خوارەوە
گەڕامەوە ژوورە تاقانەکەی دوور لە بارەگا دروستم
کردبوو

**ئەژدیها**

نازانم چاوەکانت شینن یان سەوز
ڕەشاییەک لەناویاندا پەرژین کراوە
تووڕەبوونت بەچکە هەڵۆیە
دەمارە وردیلە سوورەکانی ناو چاوەکانتی دەخوارد
پشتی ڕووتی سپی یولیا
لە خەیاڵمدا پەلکی پرتەقاڵێکی گەورە بوو
کۆمەڵێک گوڵی زەرد و ڕەش
بە فڕین بەرەو لامان هاتن
ڕەشەکان بەدەم ئازارەوە بەربوونەوە
دەتلانەوە
ئاه مەمکەکانت لە سیمای خۆت دەچن
زیاتر بۆنی لیلیای لێدێت
بە زمانە گەورەکەت خۆڵی زەویت
هەڵگرت و خستتە ناو دەممەوە
چونکە زەوی ماسییەکی بریینداری ترساوە
خۆشەویستەکەی خۆمان دا بە ئەژیهایەک
کە ئەو لە هەموو کەسێک سامناکترە

**حەوز**

مانگ لەناو باخەکەدا بوو
لە دەمە ئاڵە بچکۆلانەکەی هاڵاو هەڵدەستا
سەری لەسەر بالیفە وەنەوشەییەکە دانا
دەستە سەوزەکانی شۆڕبوونەوە
ناو حەوزە پرتەقاڵییەکە
سمۆرەی کێوی
ئاوی لێ خواردەوە
ڕۆژەکان نامەی پەیامبەرانن
پارچە پارچە لە کراسە سپییەکەی ئاسمان
بەردەبنەوە
سەرم تێر سێوی خواردووە
کرمێکی بێزارە
لەناو درزی ئەم دیوارە سپییەدا
نینۆکی تۆ و تیشکی خۆر بەجێماوە

**مانەوە لە تۆڕدا**

دەنگت هێندە نزم بوو
سیمات خەمبار و مەمکەکانت سیس
ئەی ماریا
هەموو شتەکانت ئازاریان دەدام
لەناو تەمێکی ئاسکی سپیدا
بێزاری جوان نووستبوو
چەند مردوویەکیش بە دیارییەوە دانیشتبوون
من لە ترسی مردن
لە پشت چڵێکی وشک
خۆم شاردەوە
ئەوکات لە سیمای تۆ ڕادەمام
بە خۆمم وت
تۆ و ئەم درەختەم ماچ دەکرد
هێدی هێدی سەرسامیم
بوو بە دوو گوڵی سووری گەورە
جادەکان لەناومدا گەورەبوون
تۆ لەناو خوێنمدا
یەکێکی تریش دەتوانێت بێتە ناو خوێنتەوە
لەناو ئاوێکدا مەلەت دەکرد
لەولاترەوە ماسییەک لەناو تۆڕدا
بە مردوویی مابووەوە
لەو شوێنەی چاوەڕوانت بووم
گیای ژێرم چەمییەوە
تا لەناو گیای سەوزدا ڕانەکشێیت
کوللە بە گیانتدا هەڵنەگژێت

# لەسەر جەستەی ڕووتت
# لە خاچم دە

ناڵە حەسەن
(کەنەدا)

بە وێنەی هەتاو
پڕم لە نیگا سپییەکانی بەفر
بە وێنەی ئاگر
پڕم لە نیگا گەرمەکانی عەشق
نیگاکانم گوڵبژێر کە
لە چاوانت بمهێڵەوە
لەنێو دڵتا،
ماڵی خۆرم پێ نیشان دە
لەنێو وەرزی سەهۆڵبەندانی غوربەت
دەرم بێنە و
بەنیگاکانت بم شێلە
لەنێو زەردەخەنەی ڕوحت، لەخاچم دە

بەرسێبەری دار سنەوبەرەکانی عیشق
ماڵی هەتا هەتایەی منە
هەموو بەیانیانێک،
ژیان دێت و بە بەردەمما تێدەپەڕێ
بەهار دێت و بە بەردەمما تێدەپەڕێ
مێژوو دێت و بە بەردەما تێدەپەڕێ
تەنیا،
نیگا گەرمەکانی بەفر و
نیگا خۆڵەمێشییەکانی تەنیایی و
نیگا شەرمناوییەکانی تۆیە
لەچاوانم دەمێننەوە
بە پەیژە خەڵووزاوییەکەی نیگاکانت
هەڵدەگەڕێم
دەڕۆم کێڵگەکانی هەور
پڕ دەکەم لە ڕەنگی جوانییەکانی تۆ
بە پەراسووی نیگاکانی بەفر
هەڵدەگەڕێم
دەڕۆم کێڵگەکانی خۆرەتاو
پڕ دەکەم،
لە نەسیمە گڕگڕتووەکانی عیشقی تۆ



لەوێدا،
سەمفۆنیای شەوەکانی مردن
پڕ دەکەم،
لە ڕووناکییە ئاگراوییەکانی جەستەی تۆ
درەختەکانی مانگ
پڕ دەکەم
لە پرشنگە زێرینییەکانی ڕوحی تۆ
نیگاکانم گوڵبژێر کە
لەنێو ڕەشەبای نیگەرانی دەرم بێنە
وەک ملوانکە لەسەر سینگت هەڵم بگرە
لەنێو ڕووباری،
فرمێسکەکانی سەرگۆنات، لە خاچم دە

ببەخشە
ئەگەر لەگەڵ خۆرئاوا ببم
برژێمە نێو هەناسەکانی مردن
ئەگەر سبەش کە خۆر هەڵهات
من و شیعر و نیگاکانم نەبینییەوە
ببەخشە
ئەگەر لەگەڵ باران
برژێمە نێو
بەیانییە برینداڕەکان و
شکۆفە کریستاڵییەکانی زەمەنێکی تر
ئەگەر دووسبەش کە خۆر هەڵهات
من و شیعر و نیگاکانم نەناسییەوە

لەخاچم دە بەرلەوەی
لەنێو باخچەی یادەوەرییەکانت
ببم بەگوڵێکی سپی یاسەمینی
لەخاچم دە بەرلەوەی
ببم بە توحفەیەک لە تۆز و غوبار
ببم بە دوای نیوەڕۆیەکی
پڕ لە ئەفسانەکانی سێبەر
لەچاوەکانم بڕوانە و
نیگاکانم گوڵبژێر کە
لەبەردەرگای خەونەکانت، لە خاچم دە
لەسەر بەرماڵی نوێژەکانت، لەخاچم دە
لەنێو بوخچەی حەزەکانت، لەخاچم دە

نیگاکانم گوڵبژێر کە
لەسەر جەستەی خۆرئاوابوونی ئێوارانت، لەخاچم دە
لەسەر جەستەی زەدەپەڕی بەیانیانت، لەخاچم دە
لەسەر جەستەی وەرزەکانی تەنیاییت، لەخاچم دە
لەسەر جەستەی ڕووتی خودا، لەخاچم دە
لە ئامێزت هەڵم بگرە
لەسەر پەنجەی هەر گەڵایەکی هەڵوەریو، لەخاچم دە
لەسەر گۆنای هەر کڵۆبەفرێکی خۆرنەدیو، لەخاچم دە
لەسەر بەرگی کتێبە ئاسمانییەکانی عیشق، لەخاچم دە
لەسەر تابلۆ وەهمییەکانی دۆزەخ، لەخاچم دە
لەسەر لێوی گوڵەنێرگزێکی ئاوی، لەخاچم دە
لەنێو بازنەکانی بێ دەنگیت بهێڵەوە
بە بڵێسەی نیگاکانت بسووتێنە
لە بەهەشتی مەمکەکانیشت، جێمکەرەوە

لە خاچم دە
ئەو شەوانەی دێم و
لەسەر کانییەکەی کچێنیت
جگەرەیەکی بخووری و
مۆمێک بە پشکۆ سوورەکانی ڕامووسانی
دادەگیرسێنم

لەخاچم دە
ئەو وەرزانەی
لەنێو دوورگە سپییەکانی ئاسوودەیی
دوای موچرکە ئۆخژنئامێزەکانی توانەوە
ئەفسانەی حیکمەتەکانی
ماڵئاوایی و دابڕان دەنووسمەوە

لەخاچم دە بەرلەوەی
لەنێو یادەوەرییە ڕەشۆکییەکانی
با، بەخۆڵەمێشی نیگاکانی بەفر
بنووسێتەوە
بەرلەوەی
شەوگارە بێدارەکانی
نێو کتێبە ئەسمەرییەکانی ونبوون
بنووسنەوە
تۆ لە هەیوانی
غەریزە هەنارییەکان و لەسەر جەستەی ڕووتت، لە
خاچم دە
لەنێو ئاوێنە ئاوریشمییەکەی ڕوحی خۆت
هەڵم بگرە و
لەنێو نیگا گەرمەکانیشت بهێڵەوە.

**کۆتایی ئابی ٢٠٠٨**

# عاشقمی یا دەتەوێ بمکوژی

زانا خەلیل

ئەو مەیموونە کێیە بۆتە سێبەر؟
ئەی ئەو سێبەرە کێیە کە دەیەوێ بێتە ناو ڕوحم؟
- هێی تۆ، عاشقمی یا دەتەوێ بمکوژی؟
دوای کەمێ بیرم کردەوە
جا کوانێ کێشە، عاشقم بێ یا بیەوێ بمکوژێ؟

**باوەڕ**

گرنگ ئەوەیە باوەڕم وا بمێنێ:
کە زەمین لەدەست بدەم و عەشقم هەبێ
لەجیاتی ئەوەی زەمینم هەبێ و عەشق لەدەست بدەم.
باشترە هەموو شتێ لەدەست بدەم و عەشقم هەبێ
لەوەی کە هەموو شتێکم هەبێ و عاشقبوون لەدەست بدەم.
باشترە هەموو شتێکم نەمێنێ و عەشقم بمێنێ
لەوەی کە هەموو شتێکم بمێنێ و عەشق لەدەست بدەم.
گرنگ ئەوەیە باوەڕم وا بمێنێ.

**زەمەن**

لالێک قسەی زۆری پێیە بۆ خواو زەمین
لالێک بێ ئەوەی بدوێ
وەڵامی هەموو شتێک دەداتەوە
لالێک تابووتێکی بەسەر شانەوەیە و
بانگمان دەکا...

**بەرەو ئۆقیانۆس**

شەمەندەفەرێک بە حەماسەتەوە چاوەڕوانە..
شوفێرەکە هاوار دەکا:
کێ دەیەوێ بەرەو ئۆقیانۆس بیگوازینەوە؟
- خۆ کەسێک نییە بیەوێ بەشێکی لەمەرگدا بەرکەوێ.
ئەوە وەڵامی بۆقەکان بوو.



شەمەندەفەرێک خەوی لێکەوتووە
شوفێرەکە بە گریانەوە ورێنە دەکا:
کێ دەیەوێ بەرەو ئۆقیانووس بیگوازینەوە؟

## لەنێو مندا لە دایک بووی

خەونم بە رووتی دارستانەوە دیت
تۆ لە تەنیشت مندا بە پەشۆکاوی لەخەو ڕابووی.
لە تەنیشت مندا دنیایەک سووتا
تۆ لەنێو مندا لەدایک بووی.
ئێستا بۆ کوێ دەڕۆی بەو سەرمایە؟

## چاوەڕوانی

مردوویەک فرمێسک هەڵدەوەرێنێ.
مردوویەک وەکو هەڵلەرزین هەڵدەلەرزێ
– ئەو مردووە چاوەڕوانی چی دەکا؟
تڕامەکە بێت و
خۆشەویستەکەی بگا؟
دیارە هێشتا نازانێ کە
چاوەڕوانی زۆر زۆر لەمردن ساردترە.

## ڕەنگی عیشق

چوونە ژوورەوەش ڕەنگی هەیە، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی.
دەمانچە سپییەکەت لای ئەو پۆلیسە زۆرخۆرە بەجێ
بێڵە
بەهێوریش لەو برادەرە زەردانە بڕوانە
کە لەسەر گیا سوورەکە دانیشتوون..
– ئەرێ بەڕاست
بۆچی ئەو گیایە هێندە سوورە؟
برادەرێکم دەیگوت:
ئەوە ڕەنگی عیشقە
لە تەماشای تۆوە ڕژاوەتە سەرزەمین.

# چیایێن سەرقۆت

بەرکەن بەرەھ
(ستەنبۆل)

«ئەڤ سەنفونیا چیایێن سەرقۆتە کەکۆ ھەر بھار
باژارەک نووژەن دکە!»

ئەم ژ چیایێن بلند و ب ھەیبەت
رەنگێ سپی ئا لووتکەیێن سەرقۆت
شیناھیا بێ دەربەند
کولیلک و ئاخا تێربەر ب خوە رە ئانی
دەنگێ مە ھنێ قەید و لەلەیان نەبوویە
میشەھنگڤ دچێرن سەر سینگا مە،
ژیان
ب خەملا سەرپێھاتییێن مە شیرین
و خەون
ب سەوتا بلوورا مە تێ رەنگینکرن.

زانم دێوێن وە چل سەری
شکەفتێن وە گورخەنێق
شەکرێ وە بێتام و
ئەڤینێن وە چێبووارن.
بێھنا نانێ تەنوورێ نایێ ژ کۆلانان
کەدا دەستان
خوێھدانا دلان
ژ کیلۆک سێڤ ئەرزانترە.

بایێ گەنی
قاژە قاژا ترمبێلان
دەلنگ و لێڤێن تازی
تڤا من د دەڤی من دە زوا کرن.

ئەم ژ گوندێن سەرڤەکری ھاتن!
ژ بەر چەمێن ژیندار.
رۆ، ئێڤار
کەفتەلەفتا شڤانێن ئاوازخوەش



ستێرکێن سەربەردایی
مێش و مۆزێن جرنەخوەش
ب هەزاران
کەوێن گۆزەل دلۆراندن بەرووییێن دلسۆز
کو د شەڤێن لال دە
هەڤالێن دەنگبێژێن دەنگزیز
و لەهەنگێن ڤێ ئاخا پیرۆز بوون.

ئێڤاران
ل بەر دیواران
ریسپییێن رووەژ
ب تزبییان دژمارتن
کەرییێن پێز
و سەرپێهاتییێن لەشکەریێ ل با دکرن،

ئەرێ، ژ دوور هاتبوون
ژ لووتکەییێن چیاییێن سەرقۆت
بێهتر حۆرت
و ریسپییان
مینا گا ماسییان
پێلاندن شانەشینێن وەرزان
باژار ل بارانێ سۆرکرن

روویێ باژێر چلمسی
دەنگ ل زناران وەر بوون
بوون ئاگر و پێت
ب کلامان تەنوور دادان.

نها ژ دەنگێ تەیر و تلووران
بهێنا سۆسن و بەیبوونان
و ب کراسێ خوە یێ چەمچەمی
دبێژن باژارێن نەورۆزینن
دل ل دیرۆکێ دغەورینن


**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شعرا «شاگرتێن ئەڤینێ» رووپەلێن (٧-٩) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن «سی»یە و، چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٣)یێ ل چاپخانەیا «ئەنگین ماتباعە جلیک» ل ستەنبۆلێ هاتبوو چاپکرن.**

**«رامان»**

## شیعری سوریالی

# گەڕیدەیەکی سەیر...!

**فیلیپ سوپۆ**
**لە فەرەنساییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر**



گەڕیدەیەکی سەیر گەڕیدەیەکی بێ جانتا
قەت پاریسم جێ نەهێشتووە
یاداشتم بستێک چییە جێم ناهێڵێ
یاداشتم وەک تووتکە سەگێک بە دوام دەکەوێ
لە بەرخێک گیانەوەرتر بووم
کە لە ئاسمان نیوەشەو دەتریسکێتەوە
زۆر گەرمە
بە ئەسپایی و زۆر بەشێلگیری لە خۆم دەپرسی
زۆر تێنوومە، بەڕاستی زۆر تێنوومە
تەنیا شەپقەکەم هەیە
کلیلی کێڵگەکان کلیلی خەونەکان
باوکی یادەوەرییەکان
ئایا قەت پاریسم جێ هێشتووە
بەڵام ئەم ئێوارەیە من لەم شارەم
لە پشت هەر درەختێکی شەقامەکان
یادەوەرییەک خۆی بۆ دانووساندووم
ئەوە تۆی پاریسی پیرم
بەڵام دواجار ئەم ئێوارەیە لەم شارەم
مۆنیمەنتەکانت (١) گێچی کیلۆمەتری ماندوویێتیمن
هەورەکانت دەناسمەوە
کە خۆیان بە کڵاوڕۆژنەکان هەڵدەواسن
بۆ ئەوەی پێم بڵێن ماڵئاوا یان ڕۆژباش
لە شەودا تۆ دەتریسکێیتەوە
خۆشم دەوێی وەک چۆن فیلێکمان خۆش دەوێ
هەموو هاوارێک بۆ من هاواری سۆز و دڵنەوایین
من وەک عەلائەددینم
کە لەناو باخچە چرا ئەفسووناوییەکەی هەڵدەکا
لە هیچ ناگەڕێم
من لێرەم
لە پێش قاوەخانەیەک دانیشتووم
بە هەموو ددانەکانم پێ دەکەنم


وێڕای بیرکردنەوە لە هەموو سەفەرە ناوازەکانم
دەمویست بچمە نیۆیۆرک یان بوێنس ئایرێس
بەفری مۆسکۆ بناسم
ئێوارەیەک بە سواری پاپۆڕێک بڕۆم
بۆ مادگەسکار یان شەنگەهای
بە میسیسپی هەڵکشێم
چوومە باربیزۆن
سەفەرنامەکەی کاپیتان کۆکم خوێندەوە
لەسەر کەفی پلاستیکی خەوتم
لە تەنیشت گوڵێم کۆمەڵێک شیعرم نووسی
ئەو وشانەم دەچنی کە بە چڵەکانیانەوە شۆڕدەبوونەوە
ڕێگا ئاسنییە گچکەکە دەشتی کەنەدای بیرهێنامەوە
ئەم ئێوارەیەش پێکەنیم، چونکە لێرەم
لە بەرانبەر ئەم پەرداخە هەڵلەرزیوە
کە تێیدا
وێڕای پێکەنین
ئایندە دەبینم.

## فرمێسکەکانی خۆر

ئەوە خۆرە ئاوا دەبێ
یان ئەوە بۆرژانە
یان ئەوە منم
تەنیا پێڵووەکانم دادەخەم
بۆ باشتر بینینی
وڵاتەکەم
شانشینەکەم
هیچ شتێکی تر لە دەوروبەرم نییە
وڵاتی بۆرژانم
کە بە دەست کوتان دەیدۆزمەوە
شاژن چاوەکانی سەوزێکی تایبەتین
تا ڕادەیەک نەرمونیان
هەردەم دارستانی جوان هەیە
بێ دەنگی ڕادەژەنێ
ڕێگای گەورەی زۆر سپی دەبینم
وەک خەتەکانی ناو لەپم
گریان هیچ سوودی نییە
فرمێسکە نەمرەکان پڕیشکە ئاگرن
تریسکەیان دێ و زەوی هەڵدەدڕن
چاوەکانی کەسکێکی تایبەتین
تا ڕادەیەک نەرمونیان
هەموو دووکەڵەکانی ئاسمان و
تەواوی گەردەکانی لم
بە یەکتری دەچن و
منیش لە نزیک خۆم دەخەوم
دەمم لە نزیک ڕووبارێک دەخەوێ
کەمێکی دیکە گۆرانی دەڵێ،
ستایشی ژنەکانی ڕەگەزی منیش
ئەوانەی ئێواران قژە سپییەکانیان لەبیردەکەن و
لێدەگەڕێن دۆستە عاشقەکانیان بمرن
وێڕای خەو لێ کەوتن
پێکەنین وەک پاپۆڕێک
لە شانشین دوور دەکەوێتەوە
کە تێیدا ئەستێرە لە دایک دەبێ
کە تێیدا درەختە لاف لێدەرەکان وێردن
ئەو پێکەنینە ئازار دەرە
کە ئازار دەر
کە دڵ دەداتەوە
پێکەنینی خودا
خەواڵوو لە نزیک پێیەکانم خەوتووە
هەڵدەسێتەوە تا سەیری بکەم
چاوەکانی شاژنێک
کە تەنیا سەوزن
هەروەک دەریا کە لێی لە دایک بوون
شانشینەکەی بە درێژیی زەوی درێژبۆتەوە
بە درێژیی ساڵەکانیش.

**١ - مۆنیمەنت: کارێکی هونەری مەزن و مێژوویی، باڵاخانەیەکی هونەری و مێژوویی، پاشماوەی مێژوویی و هونەری کۆن و بە نرخ.**

**سەرچاوە:**
**- Gabriel BELLOC, Claude D. Tournadre. Les Chemins de La Poesie. Francaise au XX’ siecle. Librarie Delagrave. Paris. 1978.**



# ئەو ڕۆمانە دوور و درێژەی کۆتایی نایە و نایە و... نا

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

دەفەرمێ: «مەندە و شەندە پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە.»

منیش دەڵێم ئەو عەیام ئەم وڵاتە نە زەویوزاری باشی بوو، نە شیاوی جووت و گا و ژیوار و حەسانەوە بوو..

دەفەرمێ: «مەندە و شەندە کە پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە ئامۆزا بوون» هەر ئەمەندە و هیچی دی.

بەڵام من دەڵێم وێڕای ئەمانە، مەندە لە شەندە گەڕاوەتر و بەتەمەنتر بوو، قسەزان و کارنەکەر بوو، خاوەن ژن و منداڵ و کۆشێک نانخۆر و جێگر بوو.

لە دەقێکی پیرۆزدا نووسراوە: «شەندە و مەندە کە پێکەوە گەیشتنە ئەم وڵاتە و پێکەوە ئامۆزا بوون، مەندە لە شەندە گەڕاوەتر و خاوەن ژن و منداڵ بوو، بە وتەی نووسەر قسەزانتر و کارنەکەرتر بوو، پێکەوە مەرجیان بەست و قەرار و بڕیەیان دانا. پێکەوە دەستیان دایە دەستی یەک و شان بەشان دەستیان کرد بەکار و ئاوەدان کردنەوەی ئەم وڵاتە»

بەڵام چۆنیان کارکرد و داهاتیان چۆن بەش کرد؟ دەقە پیرۆزەکان ڕووناکی ناخەنە سەر و ڕوونی ناکەنەوە، بەڵام من زیاتری لەسەر دەدوێم و بگرە هەر زۆربەی سەربردەی خۆیان و تۆرەمەیانتان لە نووکەوە تا ئەمڕۆ بۆ دەگێڕمەوە، بەو مەرجەی تەمەن باقی بێ و کەس نەمێنێ!

کەسێک لەلایەنگرانی ئەو دەقە پیرۆزەیە هەڵدەداتێ: «ئەی ئەگەر کەس نەمێنێ، بۆ کێی دەگێڕییەوە؟»

منیش دەڵێم تکایە هەڵمەدەنێ و قەراخی تێمەکەنەوە، ئێوە ئەوەندەتان لەسەرە هەموو قسەیەک ببیستن و قسەی ڕاست و دروست باشتر هەڵبژێرن!

هەر ئەو زاتە دەفەرمێ: «نووسەر دەبێ دەمی خاوێن کاتەوە، نەک زۆری لەسەر بڕوا و قسەی لە دەمی خۆی زیاتر بکا و ببێتە یاغی و تاغی و باغی و دەست بکا بە هەڵیتە و پەڵیتە و قسەی وا بکا لەسەری زیاد بن...»

بەڵام نا... گوێ بگرن. من تەواوەتی سەرگورشتەی ئەو دوو کەسەتان بۆ دەگێڕمەوە کە ناویان مەندە و شەندە بوو، پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە، ئامۆزا بوون و مەندە لە شەندە گەڕاوەتر بوو، مەندە خاوەن ژن و منداڵ و کۆشێ نانخۆر و جێگر بوو، چارەنووسیان پێکەوە گرێ درابوو، مەندە کارنەکەر بوو، زۆر و زەحمەت و خەرجی زگی خۆی و خێزانی لەسەر کار و زەحمەتی شەندە بوو.

بەڵام قسەزانتر بوو، لێزانتر بوو. من گشت ئەمانە و شتی دیکەشتان بۆ دەگێڕمەوە، ڕووناکی دەخەمە سەر زۆر لایەنی تاریکی ئەم مێژووە و خوای دەکرد ئەو لایەنگرانەی پێیان ناخۆشە و زگیان دێشێ، ملیان دەماسی و چاویان دەبوو بە گوێز و لووتیان دەبوو بە زوڕنا و پەنجەیان دەبوو بە خەیار و...»

لە دەقێکی (عەهدی جەدید)دا نووسراوە: «جا کە وایە ئێمەش زیاترتان بۆ دەگێڕینەوە. ئەو دوو کەسەی پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە... بە حوکمی خوای هەژدە هەزار عالەمیان... یەکەمینیان هەم ژن و ماڵی بوو، هەم کۆشێ منداڵی بوو، هەم قسەزان و لێزان بوو، هەم عەقڵ و کەماڵاتی بوو، هەم کار و کەسبی بوو... خوداش زەوی و زار و جووت و گا و دەغڵ و دانی پێ عەتا کرد! بەڵام هەر بە حوکمی خوای هەژدە هەزار عالەمیان.... ئەوی دووەمیان هەم هەرزەکار بوو، هەم سەڵت و ڕەبەن و بێ ژن و ماڵ بوو، هەم بێ زەوی و زار و جووت و گا و دەغڵ و دان بوو، دەیجا دەبایە شەندە بەقسەی مەندەی کردبایە و مەندە چی دەگوت شەندە وای کردبایە.»

دیسان خۆم دەڵێم: مەندە و شەندە کە پێکەوە ئامۆزا بوون، پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە، لە سەرێکەوە ڕاست وەک یەک وا بوون، یانی هەردووک دەست بەتاڵ بوون، بێ زەویوزار و جووت و گابوون، ڕووت و ڕەجاڵ و برسی و تینوو بوون، ئەوەندەی بوو مەندە بەتەمەنتر بوو، گەڕاوەتر بوو، خاوەن ژن و منداڵ بوو، ڕەش و ڕووت و نانخۆر و جێگری زیاتر بوو، دەسا دەبایە زیاتری کار کردبایە، کەچی کارەکە پێچەوانە بوو، ئەگەر مەندە کارنەکەرتر بوو، شەندە بەکارتر بوو، لەکاردا ئازاتر بوو، شەندە زۆر هەڵدەسووڕا و زگی ئەو عەشیرەتە-عەشیرەتی مەندەشی تێر دەکرد.

دەقی پیرۆزی (عەهدی عەتیق) دەفەرمێ: «ئەوە حیکمەتی خوایە؛ ڕزق و ڕۆزی دەهندە ئەڵڵایە، سەری بێ ڕۆزی لەژێر خاکایە. کەس بەشی کەسی پێناخورێ، شەندە و مەندە هەر دووک کاریان دەکرد و نانیان دەخوارد و برادەرانە ڕایان دەبوارد...»

لە کتێبە کۆنێکدا نووسراوە: کابرای دووەمیان کە نە زەویوزاری بوو، نە جووت و گای بوو، نە ژن و ماڵی بوو، خوازبێنی کیژی کابرای یەکەمیانی کرد کە هەر لە هەوەڵڕا هەم ژن و منداڵی بوو، هەم گەڕاوەتر بوو، هەم کارنەکەرتر بوو، هەم خاوەن عەشیرەتی ڕەشوڕووت و برسی و توونی و نانخۆر و جێگر بوو.

دەقێکی دیکەی (عەهدی جەدید) دەفەرمێ: «کە کابرای دووەمیان (شەندە) هاتە خوازبێنی کیژی کابرای یەکەمیان (مەندە)، مەندە نەیکردە نامەردی و وتی: چارەنووس بەدەست خوایە، ئەوی خوا دەیکا هەر وایە. لە لای خوا فەقیر و دەوڵەمەند و دارا و نەدار و پیر و جوان و کورد و عارەب وەکو یەک وایە... ئەوا من کە مەندەم، خاوەن زەویوزار و جووت و گا و سەروەت و سامانم، خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ و تایەفە و عەشیرەت و دەستو پێوەند و دەسەڵاتم، ئەم کیژەی خۆم، ئەم پارەی دڵ و ئەم جگەرگۆشە خۆشەویستەم دەدەم بە (شەندە) کە ڕووتوڕەجاڵە، سەڵتوقوڵتە، بێ سەروەت و سامانە، بێ ماڵ و حاڵە، بێکەس و کار و تەنیا باڵە، بەڵام مەرجمان بەو مەرجەی لە خۆمی دوور نەکاتەوە، ئاخە ئەم جگەر گۆشەیەمم زۆر خۆش دەوێ، بەبێ ئەم ڕیشەی دڵ و بەندی هەناوەم تاقە چرکە و خولەکێک لەسەر داری دنیا هەڵناکەم. ئەم کیژەم دەدەم بە شەندە، بەڵام دەبێ هەتا مابم لەسەر داری دنیایە، لێم دوور نەکەونەوە تا ڕوحم لەبەردایە. دەستی کیژم بە دەستەوە بێ، چاوم لە چاوی بێ، قەدوباڵای هەر لەبەرچاوم بێ، ئاخە شەندە گیان خۆ تۆشە نە ژن و ماڵێکی دیکەت هەیە، نە کار و کەسب و زەویوزار و جووت و گای وات هەیە، نە بنەماڵە و خزم و کەس و عەشیرەتت هەیە، دەیجا لەگەڵ خۆمدا لە شانی

خۆمدا بمێننەوە. لەبەر خۆشەویستی کیژەکەم و لەبەر دۆست و دیوناسی تۆ، زەویوزار و جووت و گا و دەغڵ و دانی خۆت و نەوە و ئەنجامی لەسەر من و نەوە و ئەنجامی من هەتا دنیا لەسەر شاخی گا بێ و گا لەسەر پشتی ماسی بێ و ماسی لەنێو زەریا بێ...

کەسێک لە لایەنگرانی دەقە پیرۆزەکە دەفەرمێ: سەری بێ رزق و رۆزی لەژێر خاکایە، رزق و رۆزی هەر لە لای خوایە، لە تۆ هیممەت و لە خوا بەرەکەت. ئەم دوو کەسە بەبێ ناوونیشانە، بوون بە شەندە و مەندەی نێو داری ئەم جیهانە. پێکەوە بوونە خەزوور و زاوا، پێکەوە کاریان کرد لەسەر زەوی خوا، ئەوی خوا کردبووی بە قسمەت، پێکەوە دەیانخوارد و پێکەوە دەژیان و شاد و رازی بوون، دنیاش کەوڵەنانێکی گەورەیە، خوا رایخستووە بۆ هەمووان، بەشی هەمووانی تێدایە...»

منیش دەڵێم بەم پێیە، بەم حسێب و کتێبە، ئەم مەرجە بووە نەریت لە نێوان کابرای دووەمدا کە هەر لە هەوەڵڕا نە ژن و ماڵی بوو، نە زەویوزار و جووت و گای بوو، لەگەڵ کابرای یەکەمدا کە ئەویش لەسەرەتادا تاقە هەر منداڵ و ڕەشوڕووت و نانخۆر و جێگری زۆر بوو و دەبایە بەکار و تێکۆشانی لە ڕادەبەدەر زگیانی تێر کردایە، کەچی خۆی تەمەڵ بوو، تەوەزەل بوو، کارنەکەر بوو، بەڵام لێزان بوو، قسەزان بوو، تەڕاح بوو، گورگی دنیادیدە بوو، گەڕاوە بوو، بەتەمەن بوو، دنیای زۆر دیبوو، سارد و گەرمی ڕۆژگاری چەشتبوو، سەرما و گەرمای زۆر دیبوو، وەک دەوڵەت وا بوو کەروێشکی بە عارەبانەی دەگرت، داهاتی ڕەنج و تێکۆشانی دیترانی بە تاڵان دەبرد.

بەم پێیە، شەندەش بووە خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ و نەوە و ئەنجام و تڕوتەوێڵە و تایەفە و عەشیرە، بووە کرێکار و ڕەنجبەر و کاسبکار و نۆکەری ئەو کابرایەی کە پێکەوە هاتنە ئەم وڵاتە و لەسەرەتادا کە هاتنە ئەم وڵاتە، هەر دووک وەکو یەک وا بوون، یانی ڕووتوڕەجاڵ و برسی و توونی بوون، بە بێ زەویوزار و جووت و گابوون، بەبێ سەروەت و سامان بوون، بەبێ دەسەڵات و ئاغا و نۆکەر بوون، وەلحاسڵ وەکو یەک وابوون، کەچی لە ئاکامدا، لە سایەی قسەزانی و لێزانیدا، مەندە و تۆرەمەی بوون بە ماڵی بابە گەورە؛ لە سایەی شان و بازووشدا، شەندە و تۆرەمەی بوون بە چووکە، بوون بە خۆشنشین و کرێکار.

بەڵام ئەم ڕۆمانە دوور و درێژە، سەربردەیەکی ڕاست و دروستە، هەر کەس هەرچی دەڵێ دەبا بیڵێ. لە پاش مەندە و شەندەش کیژ و کوڕانی کابرای دووەم بوون بە کرێکار و نۆکەر و ڕەنجبەری کیژ و کوڕانی کابرای یەکەم کە ئێستا ئیدی زەویوزار و جووت و گا و دەغڵ و دانی باشیان بوو، دارستان و عەشیرەت و دەسەڵاتیان بوو.

دەقە پیرۆزەکەی (عەهدی عەتیق) دەفەرمێ: «سەرەتا وشە بوو، وشە لای خوا بوو، وشە خوا بوو»، پیاو دەبێ لێزان بێ، کارزان بێ، قسەزان بێ، جا با بزانم چۆن نابێ بە مەندە...»

دەقە پیرۆزەکەی (عەهدی جەدید)یش دەڵێ: «ئەگەر مەندە ژنی هەیە و ماڵی هەیە و منداڵی هەیە و کار و کاسبی هەیە، شەندەش ژنی هەیە و ماڵ و منداڵی هەیە و کار و کەسبی هەیە. ئەی بەس شەندە چی کەمترە لە مەندە؟»

منیش دەڵێم ئەمە ڕیوایەیە، مێژووە، نەقڵە، هەرچی هەیە دەبێ لێکدرێتەوە، دەبێ بگوازرێتەوە، بەڵام ئەمە ڕۆمانە و ئەم ڕۆمانە دوور و درێژە، هەر درێژەی هەیە و درێژەی هەیە و کۆتایی نایە و نایە و نا....!!



# زیندان، چیا

ک. د – ئازاد
(بانه)

سەعات پێنجی بەیانی بوو! خەوی لێ نەکەوتبوو.
دەرگاکەیان کردەوە و هاتنە ژوورێ! سێ کەس بوون.
هەستا! کاتی ئیعدام کردنی هاتبوو! ئەم شەو فیکری هەر لەلای چیا بوو!
خۆی لە دەرەوەی زیندان دەدییەوە. دەگەڵ هاوەڵانی!
دەستی بە لێواری کورسییەکە گرت و چاوی لە هەر سێکیان کرد.
یەکیان گوتی: «زود باش»!
پەلەی نەبوو. سۆلەکانی بەسەر پێوەکرد و گوتی: «من آمادەام»!
وەپێش خۆیان دا!
هەڤاڵ «سیروان» گوتی: لێرە دادەمەزرێین. ئەو سێ نەفەرەتان لەو بەر ڕێگا و من و جەماڵ و شێرکۆش لەم بەر!
لە کەمیندا دامەزران!
دەنگی پۆتینی سێ کەسان لە ڕێڕەوی زینداندا دەنگیان دەدایەوە. گەیشتنە لای حەساری زیندان.
شیرکۆ! شێرکۆ! هاتن! ئامادە بە!
دەستیان بەکەلەبچە لەدواوە بەستن. پەڕۆیەکی ڕەشیان هێنا کە وەک توورەکە وابوو، بەسەر سەریاندا کێشا! هیچی

نەدەدی! وتی: «چشمم رانبندید»!
سەربازەکە چاوی لە ئەفسەرەکە کرد و ئەویش گوتی: «مانعی ندارد»!
پەڕۆکەیان لە سەری داماڵی!
بە غەڵبەغەڵب پەیدابوون. چەند چەکداری کوردیان لەپێش بوو. دەنگیان دەهات:
– خۆمان لەو دێهاتییانە کردە پێشمەرگە! ئەو هەموو یارمەتییەمان کۆکردەوە! هاهاها!
دەستەیەک سەرباز بە تفەنگەوە هاتن. تازە وەخەبەر هاتبوون! چەند کەسیان باوێشکیان دەدا!
هێشتا هەر تاریک و ڕوون بوو. سەرما هەتا مۆخی نێو هێسکان دەچوو!
سەربازەکان ڕیز بوون و بە فەرمانی ئەفسەرەکە سێ کەس بەپێوە و سێ کەس لەسەر چۆک دانیشتن!
شەو زرینگابۆوە و زەلامەکان ئاسمان بینی دیار بوون. چەکدارە کوردەکان زۆر ناشییانە و سەیر بە فارسی کەوتبوونە خۆشیرین کردن لەبەرچاوی فارسەکان!
ئەم بەرانبەر تفەنگەکان وەک گراوی، وەک خۆشەویست لەباوەشدا جێیان گرت! قۆنداخەکان بە ئەسپایی بەشانەوە چەسپان! چاوە زیتەکان لەسەر تفەنگەکانرا زەلامەکانیان دەدی! قامکەکان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ بوون و چاوەڕوانی دەستووری ئاگربوون!
چەکدارە کوردەکان هاتنە ناو کەمینەوە. ئەوانی تریش بەشوێنیاندا دەهاتن!
پشتی لە دیوارەکە بوو. چاوی لەسەربازەکان دەکرد، سەرمای بوو! کازبوەی بەیانی دنیای ڕوون کردەوە. ئەفسەرەکە فەرمانی دا: «هدف سینەی مقابل»!
بەسرتە وتی: شێرکۆ، جەماڵ وێکرا دەست ڕێژیان لێ دەکەین!
قامکی سەربازەکان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگ بوو. لەسەر تفەنگەکانرا زیندانیان دەدی! نەیاندەزانی کێیە! ئەوان سەرباز بوون و گوێڕایەڵ! دەیانزانی: «سەرباز حەقی پرسیارکردنی نییە»! هەر یەکە لە شار، یان دێیەکەوە هاتبوون، غەریب و نائاشنا. پێیان گوترابوو ئەوەی ئیعدام دەکرێ قاچاخچی تلیاک و هیرۆئینە و زۆر سەربازی وەک ئێوەی کوشتووە!
ئەوانیش ئەوەی ڕاستی بێ غەریب و بێ پووڵ بوون. پاش هەر ئیعدامێک پارەیەکیان بەناوی «حەقی تیری ئیعدام» دەدانێ!
شێرکۆ گوڕاندی: بژی کورد و کوردستان!
لەیەکەم دەست ڕێژدا ژمارەیەکی زۆر کەوتنە عەرزی!
بزەیەکی هاتێ؛ لە خەیاڵیدا؛ قامکی لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو!
– آتش!
دەنگی چەند تەقە لە حەساری زینداندا، بەو بەیانییە، دەنگی دایەوە!
پێشمەرگەکان لەسەر سنگ ڕاکشان تا دەستڕێژی هێزی یارمەتیدەری دوژمن نەیان پێکێ!
هێشتا بزەی لەسەر لێو بوو! وردە وردە بەرەو دیوارەکە دەکشایەوە. پشتی بە دیوارەوە ناو قاچەکانی لێک کردەوە تا نەکەوێ!
ئەفسەرەکە دووبارە گوڕاندی: آتش!
گوللەکان لە گۆشتی جەستەی ڕەت دەبوون و دەچوونە دیوارەکەوە!
بەپێوە وێستابوو. نەدەکەوت. خەیاڵ دەیبردەوە چیا. بۆ داوێنی ڕەوەزە شاخ و ئاسمانی بێ گەرد و هاوڕێکانی! بۆ لای دوندە بەرزەکانی کوردستان. بۆ لای ئازادی.

**۱۳۷۹/٦/۱۹ هەتاوی (۲۰۰۰ز)**

## ڕۆژە بارانەکە

باران بە خوڕەم دەباری. وەک گۆزەی سەرەو ژێر! هەر خەڵک بوو ڕای دەکرد. تەنانەت ئەوانەی چەتریشیان پێ بوو!
قاچ و قولم تەڕ و تلێس بوو، لە سەروو ڕووم چۆڕ چۆڕ ئاو دەتکا خوار! منیش هەڵاتم. خۆم کوتایە ژێر داڵانی دوکانێک. لەوێ چەند کەس وەک من پەنایان هێنابوو.
کچێک وەڕەس لەدەست باران، تەڕ و تلێس، لە کاتێکا قەڵەمبازی بەسەر وردە گۆلاوەکاندا دەدا، خۆی هاویشتە لای ئێمە!
داڵانێکیان بۆ کردەوە، لەسەر لا هات بڕوا بۆ لای سەرەوە. سنگی تەڕی لەسنگی من خشاند و بەرەو لای سەرەوەی داڵانەکە ڕۆیشت!

تەزوویەکی گەرم و خۆش دایگرتم! چاوم لە کچەکە کرد. جلەکانی تەڕ تەڕ ببوون بەجۆرێک کە بە لەشیەوە چەسپابوون! جێگای زەق و چاڵی لەشی بە تەواوی دیاربوون!

گەرمای هەوەسێک ختوولکەی دەدام!

چاوەکانی وەک چاوی ئاسک سڵ و نائارام بوون! بۆ ماوەیەکی کورت چاوەکانمان تێک ئاڵان!

هەزار باس و قسە و نهێنی لەچاو و دڵەوەم بەرانبەر کران! وەک شەپۆلی کارەبایەکی بەهێز، وەک هێزی موغناتیس!

زانی سەیری لەشولاری دەکەم، چاوەکانی مەیلە و تووڕە کردن. لێوەکانی هەڵقرچاند. کەمێک خۆی کۆکردەوە! بەڵام بێ سوود بوو!

باران ڕکێف کوت بەرەو زەوی هەڵدەڕژا! ئێمەش ئەو پەنایە داڵدەی دابووین تا خۆش کاتەوە و هەر کەس بەرەو کار و ئیش و ڕێگای خۆی بڕوا.

من زۆر نارازی نەبووم! هیچ پەلەم نەبوو!

کەوتمە سەیری ئەو کچە. چاوم بە هەموو لەشیدا گێڕا. خەیاڵ، خەیاڵێکی خۆش دەیبردمەوە!

* * *

ورده ورده ڕووتم کردەوە! لەپێشدا سەر پۆشەکەی. پاشان عەبا ڕەشە تەڕەکەییم داکەند. ژێر کراسە سوورەکەییم داماڵی. زمانە تەڕەکەم بەلەشیدا هێنا! بۆنی لەشی بۆنی مێینەیەکی خۆش بوو.

تێکەڵ بە بەرامەی عەترێکی تایبەت! مەستی کردم!

مەمکە تورت و قوتەکانیم بە لێو و زمان دەلستنەوە. لەشم گرگڕ دایسا!

کچەکە جار جار پشتی تێ دەکردم. ئەمجار دەکەوتمە لستنەوەی پشت مل و بناگوێ و پشت و کەفەڵی. هەناسەبڕکەم بوو. مانوو و هیلاک.

بارانەی جێ گرتووی ناو قژەکانم دەهاتە خوار، تێکەڵ بە ئارەقەی ناو چاوان و چاو و لووتم دەبوو، دەکەوتە سەر زمانم؛ سوێر... خۆش..!

تامی ئارەقەی لەشی ئەو کچەش سوێر و خۆش بوو!

کچەکە زوو زوو وەردەچەرخا. منیش هەر جارەی زمانم بەلایەکیدا دەهێنا؛ ڕان، سمت، کەفەڵ، ژێر مەمک، پشت و...!

لە نکاو وەک ماسی لەدەستم خزی و ڕۆیی. نەمتوانی خۆم ڕابگرم. بەدەمەوە کەوتمە سەر عەرزی.

دوو سێ نەفەر ڕاستیان کردمەوە. «ڕەنگە سەرمای بووبێ.. هەموو گیانی تەڕە..»

گوێم لە غەڵبەغەڵبێکی دوور بوو.

- تاکسی.. تااکسی!

قۆلیان گرتم خستیانمە ناو تاکسی؛ «خەستەخانە...»

کە بە ئاگا هاتمەوە لە تاکسیدابووم. ئارەقەیەکی سارد لەشی داگرتبووم. ورده ورده گەرم دەبوومەوە. دەبووژامەوە!

لەبەر دەرکی خەستەخانە تاکسی ڕاوەستا. منیش وەک ئەوانی تر هاتمە خوارێ. بەهۆش و ئاگا! پیلیان گرتم تا ببەن بۆ لای دکتۆر. خۆم لە دەس ڕاپسکاندن، «... چییە؟ بۆ وادەکەن؟»

«تۆ نەخۆشی! دەتبەین بۆ خەستەخانە!»

«کاکە واز بێنن! نەخۆش نیم...»

شوفێری تاکسی چاوەڕێی کرێ بوو. خۆم هاویشتەوە ناو تاکسییەکە. «شەقامی..»!

هەروا کە تاکسی دەڕۆیشت دیم کچەکە بە شەقامدا دێتە خوارێ!

هەتاو لەژێر هەورانەوە هاتبووە دەرێ و لەشی تەڕی کچەکەی گەرم داهێنابوو. هەڵمێکی غەریب لە لەشی کچە هەڵدەستا! چاوەکانم لەسەر یەک دانا و خۆم دایە دەست خەیاڵ! خەیاڵێکی خۆش! خەیاڵی کچێکی تەڕ.

**١٣٧٩/٥/٥ هەتاوی (٢٠٠٠ز)**



# خۆشەویستی یادگارییەک

**چیمەن سلێمان**
**(هەڵەبجەی شەهید)**

ئەگەر کەمێک باری بژێوی ژیان لەبار بێت، پێم وایە خۆشترین ساتەکانی ژیانی مرۆڤەکان بەسەربردنی تەمەنی منداڵییە، چونکە تەمەنی منداڵی دنیایەکە بێ سنوور، ئەفسانەیی، سەرلێوە لەپاکی، خۆشەویستی، هێمنی، ئاسوودەیی، لەو تەمەنەدا ژیان پڕە لە ڕەنگە جوانەکان، بۆنە خۆشەکان، پەیامە شیرینەکان، خەونە بێ کۆتاییەکان.. ئەو تەمەنە خەم ناناسێت، پێناسەی تاریکی بۆ ناکرێت، وتراوەکان بەڵێنن، بیستراوەکان ڕاستن، دڵنیام کە تا ئێستا پێناسەی پیرۆزی تەمەنی منداڵی نەنووسراوە و ناتوانرێ بنووسرێتەوە، هەر بۆیە هەمیشە ئاوات لە ژیانی تەمەنی منداڵیم خۆزگە دەخوازم جارێکی دی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەفسووس کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە مەگەر بە خەیاڵ، خەیاڵیش...! هەر لە تەمەنی منداڵییەوە پێکەوەبووین! دەژیاین! پێ دەکەنین! دەگریاین! نەخۆش! تەندروست بووین، هاویاری و هاوڕێ بووین! ئازیزی یەکتر و خۆشبەخت دەژیاین. تەمەنە جیاوازەکانمان بەسەر دەبرد؟ خوێنەری بەڕێز ئەگەر داستانی ژیانم دەخوێنیتەوە و لێم دەپرسی کێیە ئەو کەسەی کە شیاوترین وشەکان بۆ ناسین بەکاردەهێنیت؟ منیش دەڵێم ئەوکەسە شایانی شیاوترینی وشە جوانەکانە لەم دنیایەدا، ئەو کوڕی پوورم بوو.. کامەران، ناوی کامەران بوو، کامەران کامەرانی ژیانم بوو. منیش شەیدام. نازانم بۆ ناوی ئەو کامەران و ناوی من شەیدا؟ دەزانم دەستی قەدەر هەر لە ناونانمانەوە بۆ ئایندە چارەنووسی بۆ دەست نیشان کردبووین. ئازیزان داستانی ژیانەکان پڕ لە گۆی داخراو و من گۆی چمکێ لە داستانی ژیانی خۆمتان بۆ دەکەم، یان تۆی خوێنەرم کردووەتە ئاوێنەی خۆم تا

ڕاستییەکانی ژیانم بڵێمەوە.. ئێستا دەزانن من کێم و کامەران کێیە؟ بۆچی ژیانی منداڵیم لا پیرۆزە؟ چونکە چێژێکی بێ سنوور لە خۆشەویستی ئەو تەمەنە لە ناخمدا جێگیر بووە. کە پڕ بوو لە پاکی و تاسەیەکی دەروونی هەمیشەیی، هەربۆیە سۆز و خۆشەویستی من و کامەران بێ سنوور بوو، هەرگیزاو هەرگیز لە یادم ناچێت کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم و کامەران ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، هەر لەو ساڵەدا باوکی کامەران بۆ حەج چوو و لە گەڕانەوەدا حاجییان هەروەک ئێستا دیارییان دەهێنایەوە، باوکی کامەران کامێرایەکی بۆ هێنابووەوە و ئێمەش ئەو شەوە ڕۆیشتین بۆ ماڵیان، زەرفی دیارییەکەی کامەران ئەمووستیلەیەکی تێدابوو، کامەرانیش بەمنی وت چاوت داخە دەمەوێت شتێکی جوانت بدەمێ، ئەوە پیشەی ئێمە بوو کە دەگەیشتینە یەک، بەردەوام بەیەکەوە بووین، تەنانەت لەکاتی پێدانی خواردن بەیەکتر چاومان دەنوقاند و دەستمان دەکردەوە.. کامەران ئەو ئەمووستیلەیەی خستە مشتمەوە، منیش خێرا ویستم بیکەمە دەستم، بەڵام زۆر گەورەبوو، دەستی من زۆر بچووک بوو، وتم باشە کامەران ئەمە بۆ دایکم دەبێت، یان بۆ من؟ زۆر گەورەیە. وتی نانا زۆر داوایان کردووە لێم، بەڵام بۆ تۆم هەڵگرتووە، باوکم دەیوت لەوانەیە زێڕ بێت، دواتر وتی هەڵیگرە تا پەنجەت ئەوەندە گەورە دەبێت. ئەوکات پێم بڵێ باشە؟ دواتر پێکەنی و وتی: دەتوانی تا ئەوکاتە هەڵیگری؟ منیش توند لە مشتم گرت و وتم: باشە تا ئەوکاتە هەڵی دەگرم، نەمدەزانی ئەوکاتە کەی دەبێت.

بەڵێ زەوی بە دەوری خۆی و خۆردا دەسووڕایەوە، تەمەنی ئێمەش دەچووە سەرێ و قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و ژیانمان بەسەر دەبرد. لەڕاستیدا لەماڵەوە کچێکی ئارام و لەقوتابخانە قوتابییەکی زیرەک و بە ئەدەب بووم. بەختەوەر دەژیام و هیچ کەمایەتییەکی مادی و مەعنەوی لە ژیانمدا نەبوو. ڕەنگە جوانەکانی ژیانم لەجێی خۆیاندا دەبینی، هەروەها بۆن و ڕەنگەکانیش. ئاوازی سروشتی ژیانم بێ هاوتا بوو، نائومێدیم نەدەناسی، بێزاریم بۆ پێناسە نەدەکرا، کاتێک لە خۆمم ڕوانی تەمەنم لە هەژدە ساڵییەوە بۆ نۆزدە ساڵی دەچوو. پاش تاقیکردنەوەکانی شەشەمی ئامادەیی بوو، ئەو ڕۆژەی ناوی قوتابییەکان بۆ خوێندن لە پەیمانگە و زانکۆکان دەهاتەوە ئەو ڕۆژە پڕشنگدارترین ڕۆژی ژیانم بوو، چونکە ئەو ڕۆژە ناوم لە زانکۆی سلێمانی کۆلێژی ئەندازیاری (تەلارسازی) هاتەوە خۆم و خانەوادەم نوقمی خۆشحاڵی ببووین، من شادمان بووم و خانەوادەش شانازییان پێوە دەکردم، ئەو ڕۆژە وا هەستم دەکرد کە ئیتر گەورە بووم. خواحافیزیم لە تەمەنی منداڵیم دەکرد، نازانم بۆ ئەو ڕۆژە هەستم بە گەورە بوون دەکرد، چونکە تەمەنێکم هەبوو، بەڵام ئەو هەستەم لەخۆمدا بەدی نەدەکرد، یان نەمدەویست لە تەمەنی شیرینی منداڵیم دوورکەومەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە لە پڕ بڕیارم گۆڕا، نازانم بۆ لە پڕ حەزم بە گەورەبوون کرد؟ هەر بۆیە لە هیچ جێگەیەکدا هێمن نەدەبوومەوە. چوومە ژوورەکەی خۆم. هەموو کتێب و دەفتەر و مەلزەمەکانم دەردەهێنا و سەیرم دەکردن، لە پڕ بەخەیاڵمدا هات سەرێک لەیادگارییەکانی منداڵیم بدەم؟ سندووقێکی تایبەتیم هەبوو زۆر جوان بوو، دایکم بەشێوەیەکی زۆر جوان بەقوماشی قەدیفەی مارۆنی بەرگی گرتبوو، هەموو موتومووروو و خەڵاتە بچووکەکانی قوتابخانە و بووکەڵە بچووکەکانمی تێدا بوو، دەرم دەهێنان و سەیرم دەکردن، هەریەکەیان یادەوەرییەکی شیرینی لام هەبوو، بەڵام لەپڕ گەورەترین یادەوەری ژیانم کەوتە بەر چاو یادگارییەک وەک بورکانێک لەناخمدا پەیدابوو، هەموو گیانمی خستە لەرزە، دواتر وەک نەسیمی بەربەیانی بەهاران هێوری کردمەوە، ئاسوودەیی پێ بەخشیم.. بەڵێ ئەو یادگارییە یادگاری نزیکەی نۆ ساڵ لەوەو پێش بوو، ئەو یادگارییە ئەمووستیلەکەی کامەران بوو کە لەناو یادگارییەکانی ژیانمدا دۆزیمەوە، لەوانی تر زۆر جیاوازتر بوو، بەنرختر بوو. کە هەڵمگرت و گرتمە دەستمەوە هەستێکی زۆر جیاوازم لا دروست بوو، دواتر کردمە پەنجەم پڕ بە پەنجەم بوو، ئەو ڕۆژەم هاتەوە یاد کە کامەران چی پێ وتم؟ کە ئەمووستیلەکەم لە پەنجەمدا دی ئیتر لەگەورەبوونم دڵنیابووم، ئێستاش بەلای خۆمەوە زۆر سەیرە زۆر زۆر. بەلامەوە سەیرە کە چۆن لەماوە و ساتێکی زۆر کەمدا کە ئەو خۆشەویستییەی هەمبوو بۆ کامەران. خۆشەویستییەکی بێ لایەن بوو، وەک هاوڕێیەک، یان تەنانەت وەک خوشک و برا، یان دوو کەسایەتی زۆر نزیک لە دەروونی یەکەوە، هەستم کرد کە ئاراستەی خۆشەویستییەکەم گۆڕا؟ کەم نەبووەوە بە پێچەوانەوە زیاتر و زیاتر بوو، بەڵام ئەم جارەیان خۆشەویستیم

ئامانجی پەیداکرد، کە خۆمم خوێندەوە سەیرم کرد وەک خۆشەویستی ژیان و هاوسەری ئایندەم خۆش دەوێت؟ هەر لەوێدا بڕیارم وەرگرت و بەڵێنم دا کە بۆ هەمیشە خۆشم بوێت، حەزم دەکرد هەر لەوێدا و هەر لەو ژوور و ساتەدا ئەوەی لام دروست بووە بەتەلەفۆن بەکامەرانی بڵێم، چونکە هەرگیز هیچ تێبینییەکمان لەیەک نەدەشاردەوە، بەڵام دانم بە خۆمدا گرت، نازانم بۆ؟ ئەو نهێنییەم لێ شاردەوە، لەوکاتەدا دایکم بانگی کردم وتی تەلەفۆن بانگت دەکات. منیش ژوورەکەم هەر بەو شپرزەییە بەجێ هێشت و تەنیا ئەمووستیلەکەم بە دەستەوە گرتبوو، چووم وەڵامی تەلەفۆنم دایەوە، بۆ یەکەمین جار دوای ئەو گۆڕانکارییە گوێم لە دەنگی کامەران بوو، وەک ئەوەی کە خۆم بڕیارم لەسەر دابوو، یەکەم جار بوو کە جیاوازتر لەجاران گوێی بۆ بگرم و لەگەڵیدا بدوێم. کامەران بوو پیرۆزبایی لێ کردم و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی. چەند جار هاتە سەر زمانم ئەوەی پێمە پێی بڵێم، نەمتوانی، نەمتوانی. دواتریش وتی شەو لەگەڵ ماڵەوەدا دێین و ڕووبەڕوو پیرۆزباییت لێ دەکەم و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و دواتر پاش قسەکردنێکی زۆر خواحافیزیمان لە یەکتر کرد.

خوایەگیان نازانم ڕەنگی ئەو ئومێد و سەفایە چۆن پێناسە بکەم، چ وشەیەکی بۆ دانێم. ناتوانم، ئەو ساتانە بەلامەوە ئەوەندە گەورەن، ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە وەک زەماوەند وابوو، سەرجەم خزم و کەس و کار و ناسراوان لەماڵمان بوون، هەریەکەیان بە شێوازی جۆراوجۆر خۆشحاڵییان دەردەبڕی و من لە هەموویان زیاتر شەو کە ماڵی پوورم هاتن بڕیارم دابوو بە هەر شێوەیەک بێت ئەو بڕیارەی ناو دەروونم بە کامەران بڵێم، هەر بۆیە ئەمووستیلەکەم لە پەنجەم لانەبرد و لەکاتی گێڕانی چکلێت و شەربەت و شیرینی پەنجەم دەخستە پێش چاوی کامەران، تا لەلای ئەویش لەوەی لای من دروست بووە دروست بێت، یان ئەو قسەیەی خۆی بخەمەوە یادی، بەڵام زۆر سەیر بوو زۆرینەی پوورزا و ئامۆزا و خاڵۆزاکانم پرسیاری ئەو ئەمووستیلەیەیان لێ کردم. پێیان سەیر بوو کە من ئەمووستیلەیەکی زەرد لەدەست کەم، چونکە پێشووتر ئەو کارانەم نەدەکرد، بەڵام کامەران هیچی نەدەوت، یان هەر ئەمووستیلەکەی نەدەبینی، بەڵام کاتێک کە بەخۆشەویستییەوە لەگەڵم دەدواو ئیتر منیش زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو کە ئەوەی پێم بوو پێی بڵێم. ئەو شەوەمان لەگەڵ هەمرواندا بەخۆشی بەسەر برد و منیش ئەو شەوە تا بەیان وەک لەدنیای ئەفسانەدا بم وابوو، هەموو دەرگاکانی خۆش بەختییەکانم لێ کرابوونەوە، نەمدەزانی چێژ لەکام خۆشبەختییان زیاتر وەرگرم. خۆشحاڵیم زۆرتریش لەوەدابوو کە لەهەمان زانکۆی کامەران ناوم هاتبووەوە و خۆشحاڵ بووم بەوەی کە زیاتر دەتوانم کاتەکانم لەگەڵیدا بەسەربەرم و زەمینەسازییەک دروست بێت بۆ درکاندنی، یان ئاشکرابوونی خۆشەویستییەکەمان.

بەیانی ئەو ڕۆژە هەستام و لەسەر سفرەی بەیانی و لەکاتی خواردنی بەرچاییدا دایکم دایە قاقای پێکەنین و لێم نزیک بووەوە و دەستی کردە ملم و دەستەکەی کەشی هێناو دەستی ڕاستی بەرزکردمەوە کە ئەمووستیلەکەی تێدا بوو وتی کچم ئەوە چییە لە دەستتدایە تۆو موتومووروووی زەرد، سەیرە بەلامەوە؟ وتم دایە ئەوە یادگارییەکی هاوڕێیەکەمە کە بەلامەوە زۆر شیرینە. دایکم وتی تائێستا بۆ ئەم هاوڕێیەمان نەناسیوە؟ یان تائێستا ئەم ئەمووستیلەیەم بۆ نەدیوە؟ نازانم بۆ لەوێدا ڕاستییەکەم بەدایکم نەوت، چونکە گۆڕینەوەی دیاری لەنێوان من و کامەران-دا بۆ یەکتر لای هەمووان ئاسایی بوو، بەڵام من نەموت کە یادگاری کامەرانە و دایکیشم وتی هیوادارم هەموو هاوڕێیەک و هەموو یادگارییەکت ئا بەو شێوەیە لا پیرۆز و خۆشەویست بێت و هاوڕێکەشت بەم دڵسۆزییەی تۆ بزانیت بەرانبەر بەخۆی، لەوێدا زۆر بەدڵنیاییەوە بەدایکم وت لەسەدا سەد وایە دایە گیان.

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە کامەران لەگەڵمدا بوو بۆ بەڕێوەبردنی کارە یاساییەکان و نیشتەجێ بوونم لە زانکۆ، چونکە ناوم لە سێلمانی هاتبووەوە، کاری وەرگرتنی بەشی ناوخۆییشی بۆ کردم و سەرجەم کارەکانم جێبەجێ بوون. یەکەم ساڵی خوێندم لەزانکۆ بەوپەڕی هیوا و ئومێد و خۆش بینییەوە دەستی پێکرد، لە هەمووی خۆشتر هاوڕێیەکم ناسی کە هەردووکمان لەیەک بەش و لە بەشی ناوخۆییش پێکەوە و لە ژوورێکدا بووین، کە ناوی ژینۆ بوو دوای خۆشەویستیم بۆ کامەران، ژینۆ تاکە هاوڕێم بوو کە وەک خۆم خۆشم دەویست، کچێکی زۆر هێمن و دڵسۆز و بەڕێز بوو، ئەویش خۆشەویستی بۆم زۆر پاک و ڕاست بوو. ئا بەو شێوەیە یەکەم ساڵی قۆناغی خوێندنم لە زانکۆ دەست پێ کرد و بێ هیچ کەموکوڕییەک. من تێر خۆشەویستیی

مەعنەوی و ئاسانکاری مادی بووم، هیچ گرفتێکم نەبوو، کەسایەتی خۆشم لە زانکۆ و دەرەوە هەر بەو نرخ و خۆشەویستی و ڕێزەوە دەپاراست، چالاکیم زۆر هەبوو کە جیابوو لە خوێندنی زانکۆم. حەزم دەکرد لە سەرجەم بوارەکاندا شارەزاییم هەبێت، هەر بۆیە کرام بە نوێنەری قوتابیانی بەشەکەم، نەبوونی پێداویستی و کێشە و گیروگرفتەکانم بۆ ئاسان دەکردن، حەزم دەکرد شەوانەش چالاکیم هەبێت. حەزم دەکرد سوود بە خۆم و کۆمەڵگەکەم بگەیەنم، لەهیچ بەرپرسیارییەک خۆم نەدەدزییەوە. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی بەشیاوی لە زانکۆدا لای قوتابیان و مامۆستایانم کەسێکی ناسراو بم، زۆرینە حەزیان بە هاوڕێیەتیم دەکرد، منیش کەسێکی گۆشەگیر نەبووم و دەمویست ساتەکانی ژیانم بە بەهاوە بەڕێ بکەم. تا کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەمی ئەو ساڵەم لەلایەن چەند قوتابییەکەوە کە لە بەشە جیاوازەکان و قۆناغە جیاوازەکان بوون، داخوازی پرۆسەی هاوسەرگیرییان لێ دەکردم، بەڵام من زووتر بڕیارم دابوو بەڕێزەوە وەڵامی هەموویانم دەدایەوە و پێیم دەگوتن هیوای ژیانێکی سەرکەوتووتان بۆ دەخوازم، بەڵام هەرگیز کەسیان ئەوەیان بەمن نەدەوت.

لەگەڵ بەڕێ کردنی ساڵ و خوێندنی زانکۆ و چالاکییەکانم، باڵاترین خاڵێک کە لەخۆمدا دەمدی لەتەنیاییەکانم خۆشەویستیم بۆ کامەران بوو، ساتەکانم کاتیان بەڕێ دەکرد بۆ قۆستنەوەی هەلێک کە خۆشەویستییەکەم ئاشکرا بکرێت، بەڵام نەدەگونجا، نازانم تاوانی من بوو، یان لاوازیم، یان بوونی لووت بەرزی لە دەروونمدا، یان شەرم، یان؟ بەهەرحاڵ یەکەمین ساڵ تێپەڕی، بەبێ ئاشکراکردنی نهێنی ژیانم، بەڵام هەرگیز لە ڕێز و خۆشەویستی کامەران بێ بەش نەدەبووم، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ نزیک بوونەوە و خۆشەویستیمان بۆ یەک زیاتر دەبوو، کاتێک کە پشووی هاوینیش دەهاتینەوە، ئەوە پتر بەیەکەوەبوونەکانمان ئاسانتر دەبوو، چونکە لەماڵەوە خزمایەتییەکی زۆر نزیکمان هەبوو، هەرچۆنێک بێت پشووی هاوینی ئەو ساڵەش تێپەڕی و دووبارە گەڕاینەوە زانکۆ، دووەمین ساڵی خوێندنمان دەست پێکرد، منیش چالاکتر لە ساڵی پێشوو برەوم بەخوێندن و چالاکییەکانم دەدا و ژینۆی هاوڕێشم هەمیشە هاندەر و یارمەتیدەرم بوو.. زۆر لە یەکەوە نزیک بووین، بەڵام نازانم زۆر سەیر بوو کە نەمدەتوانی خۆشەویستیم بۆ کامەران بەو شێوەیەی کە لە دەروونمدا بوو بۆ ژینۆی باس بکەم؟ زۆرجار دەیوت شەیدا ئەوەندە پوورزاییتان شیرینە کە جار بەجار ئیرەییتان پێ دەبەم، لەخۆشەویستی ئەم خۆشەویستییەی ئێوە و منیش پوورزاکانم لا شیرین بووە، بەڵام هەرگیز وەک ئێوە نابم. ژینۆ مامێکی هەبوو هەر لە زانکۆی سلێمانی، چەند جارێک لە ڕێگەی ژینۆوە داخوازی کردبووم، ژینۆش زۆر پێداگری دەکرد ڕازیم بکات، بەڵام من بەڵێ وتنم زۆر زۆر دوور بوو، ژینۆش زۆرجار دەیوت وازت لێ ناهێنم تا نەتکەمە ئامۆژنم، ئەو قسەیەی ژینۆ زۆر دوور و جیاواز بوو لە بڕیاری منەوە، چونکە هەمیشە ئەو ساتانەی کە کامەرانیشم لانەبوو. لەگەڵ ئەمووستیلەکەیدا دەدوام، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو ئەمووستیلەیە زۆر پرسیارم لێ نەکرێت هەمیشە بە زنجیرێکەوە و لە ژێرەوە لە ملمدا بوو. نەمدەتوانی ساتێ لەخۆمی دوور بخەمەوە، هەرگیز لە یادم ناچێت جارێکیان خەریک بوو ئەو زنجیرە مەرگم پێشتر بخات، چونکە لە پشوویەکدا گەڕابوومەوە بۆ ماڵەوە و نازانم چۆن زنجیرەکەم لەمل داکەندبوو، لەکاتی گەڕانەوەمدا هەستم دەکرد شتێکم لێ بەجێ ماوە، بەڵام نەمدەزانی چییە؟ هەرچۆنێک بێت گەڕامەوە بۆ زانکۆ. بەهەر شێوەیەک بوو گەیشتمە سلێمانی، کاتێک لە بەشی ناوخۆیی جانتاکەم کردەوە و شتەکانم دەردەهێنا، لەپڕ دەستم ئاڵاندە ملم و زانیم زنجیرەکە بووە لە بیرم چووە، زۆر پەست بووم، ڕێگەکەشم دوور بوو کاتیش درەنگ بوو، لێزمە و بارانێکی ڕەهێڵەش بوو، بەخۆم وت تازە چار نییە و هیچ چارەیەک بۆ گەڕانەوە نییە! تاماوەیەک سەیرم کرد ناتوانم وام دەزانی خۆم ون بووم، یان لە خۆم دوورکەوتوومەتەوە. بۆیە بێ هیچ بیرکردنەوەیەک تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کردو بەدایکم وت کتێبێکم بیرچووە، دەبێ ئەم شەو بگەڕێمەوە. دایکم وتی کچم ئەوە چی دەڵێیت: دەزانی لەکوێیت؟ هەرچی هەیە بڵێ لە کوێیە بەیانی باوکت بۆت دەهێنێتەوە؟ وتم دایە ناکرێت ئێوە نازانن، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو بگەڕێمەوە، وتی باوکت لێت عاجز دەبێت، بەم درەنگ وەخت و سەرما و سۆڵەیە نەگەڕێیتەوە.. وتم باشە، بەڵام نەمتوانی، ژینۆ لێی پرسیم چییە بۆ ئەوەندە شڵەژاوی، وتم هیچ نییە؟ تا ماوەیەک لە ژوورەکەمدا هاتوچۆم کرد، بەڵام لەپڕ کەوتمە خۆکۆکردنەوە، دوو سەعات کەمتر ڕۆژی مابوو ژینۆ وتی. خێرە بۆ کوێ؟ وتم ژینۆ دەبێت بۆ

مـالّەوە بگەڕێمـەوە. بە پێکەنینێکەوە وتی ئاسـاییـە، چونکە مـالّتـان بیست دەقـەیەک لێرەوە دوورە، بەڵام من جدی بووم و وتم بە ڕاستیمە! ژینۆ کاتێک زانی دەکەومە ڕێ و بە ڕاستیمە لێم تووڕە بوو، مۆبایلەکەی خۆی هێناو وتی ئێسـتـا تەلەفۆن دەکـەم بۆ مـالّەوەتان دەڵێم بگەنە فریای کچەکەتان شێت بووە. تەلەفۆنەکەم لەدەست گرت و وتم بەماڵەوەم وتووە ژینۆ وتی و من وتم، تا گەیشتمە ئەوەی لێی تووڕە بووم، بەڵام هاوڕێیـەتی من و ژینۆ پتر بوو لەوەی کـە بە تووڕەبوونی من ژینۆ وازم لێ بێنێت، یان بەقسەکانم دڵ گران بێت و ئەویش هەستا خۆی گۆڕی و وتی باشە پێکەوە دەڕۆین! هیچم پێ نەکرا بەرانبەر بە ژینۆ و وتم باشە! ڕۆیشتین و گەیشتینە نەقڵیات لەکاتی سـواربووندا وتم: ژینۆ نـاکـرێت تۆ بگەڕێیـتـەوە بەیانی فریای دەوام ناکەوین، بایەکێکمان لە موحازەرەدا بێت. وتی نەء ناکـــرێت لەمن ســـوورتر بوو کـــە ســـواری ئۆتۆمـبـێلەکـە بێت، بارانیش دەبارێت و کـاتیش بەرەو خۆرئاوابوونە. نەمتوانی ڕازی بکەم بگەڕێتەوە، پێکەوە چووینە ناو ئۆتۆمـۆبێلەکـە و بەرەو مـالّەوە کـەوتینەڕێ، زۆری نەبرد دنیا بە تەواوی تاریک بوو، لەو تاریکییەدا و بەهۆی بارینی باران هەریەکـە و لە جـێی خـۆیدا بێ دەنگ بوو، مـنیش چووبوومــــە دنیــــای ڕابردووم و یادەوەرییەکانم، لە پڕ تەنیا گوێم لەهاوڕێیەکی خۆم بوو کـاتێک بەخـۆمـدا هاتمەوە نەمـدەزانی چی ڕووی داوە؟ چاوەکـانم بۆ بەرز نەدەکرایەوە؟ پاش مـاوەیەکی دیکە بە تەواوی بەهۆشی خـۆمـدا هاتمەوە، خـۆم لەنەخـۆشـخـانە بینیـیـەوە و دایکم و باوکم کـەس و کـار، لە چواردەورم بوون. ئەوەندەم وت ئەوە چی بووە من لە کوێم؟ دایکم کە لەلای سەرمەوە بوو چاوەکانی هۆن هۆن فرمێسکیان پێدا دەهاتە خـوارەوە سـەری بەرز کـردەوە بۆ ئاسـمـان وتی خـوایەگـیـان سـوپاس بۆ تۆ چەندە بە بەزییت و دواتریش وتی کچی خۆم ئۆتۆمۆبێلەکەتان دەعمی کردووە و تۆش بیست و چوار سەعاتە بێهۆشی، دوکتۆر کاتی بۆ داناوی گـەر هۆشت نەکردایەتەوە ئەوە... یەکـەم قـسـە کـە هات بەمــێــشکمــدا بیکەم وتم ژینۆ! ژینۆ چۆنە؟ دایکم وتی.سـوپاس بۆ خـودا ئەویش زۆر باشـە. ئەو باشـتـرە لەتۆ، چونکە من سـەرم لە چەند جـێگایەک بەقـورسی شکابوو. دەسـتی چەپیـشم لە ئانیـشک بەخـوارەوە ئێسکەکانی درزیان بردبوو گیرابووە گەچ. ماوەیەک لەژێر چاودێری دوکـتـۆردا مـامــەوە، بەڵام ژینۆ دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە بوو ئەو گەڕایەوە بۆ زانکۆ. لەو ماوەیەدا لە نەخۆشخانە بووم. زۆر بیرم لەو کارەی خۆم دەکردەوە کە بووم بەهۆی دڵ ناڕەحـەتی چواردەورم، بەتایبـەتی بۆ ژینۆ نیگەران بووم ئەگـەر شـتـێکی لێ بەسـەر بهـاتایە، ئەو ڕۆژەی ژینۆ گـەڕایەوە بۆ زانکۆ هاتە لای سـەرم و وتی: شەیدا سوێندت ئەدەم بەو کەسەی لات خۆشەویستە ئەو شەوە پێداگریت چی بوو بۆ گەڕانەوەت ڕاستم پێی بڵێ؟ سەرەتا ویستم هەموو شتێکی بۆ باس بکەم، بەڵام دواتر هەر کردم بەبیانووی کتێبێک و هیچم نەوت. ڕۆژی دواتر بەکـچـە خـالّێکم وت کـە هاتبـوو بۆ لام بۆ نەخـۆشـخـانە ناوونیشـانی زنجیرەکەم پێ داو وتم بەبێ دەنگ بۆم بێنەو هیـچـیش مـەڵێ؟ وتی باشـە و هەر بەیانی ئەو ڕۆژە بۆی هێنام. کـاتێ دایە دەسـتم لەبەر خـۆیەوە پێ دەکـەنی و سەیری ئەمووستیلەکەی دەکرد و نەشی دەوێرا هیچ بڵێ. لەدەسـتم وەرگـرت و هیـچم نەوت و کـردمـەوە ملم و هەناسـەیەکی قـووڵم هەڵکێـشـاو پێی ئاسـوودە بووم. بەهەرحالّێک بوو تا مـاوەیەک لەنەخـۆشـخـانە و مـالّەوە مــامــەوە و دواتریش گــەڕامــەوە زانکۆ، هەرچەندە لە زۆرینەی مــوحــازەکــان زۆر دواکــەتبــووم، بەڵام هەم هاوڕێکانم و هەم مامۆسـتايانم زۆريان يارمـەتی دەدام و بەهەوڵ وماندووبوونی خۆم و ئەوانیش توانیم تاڕادەیەک جێی ڕەزامەندی مامۆستاکانم بم. لە چالاکییەکانیشمدا بەردەوام بووم و کات و ساتم بەخۆشی بەسەر دەبرد، بەڵام لەمــاوەیەکی زۆر کــورتدا ئاراســتــەی ژیانم بەرەو گـــۆڕانکارییـــەکی چاوەڕوان نەکـــراو هەنگاوی نا. دوو مانگ دوای ئەو کارەساتە ڕۆژێکیان کامەران تەلەفۆنی بۆ کـردم. پاش چاک و چۆنی وتی: شـەیدا لەکـوێیت؟وتم چییـە شلّـەژاویت؟ بۆ نازانی کـاتی دەوامـە و لەزانکۆم. وتی: ئێ باشە دوای دەوام تەلەفۆنێکم بۆ بکە با بتبینم ئیشم پێتە. لەوێدا بەکامەرانم وت باشە و خواحافیزیم لێ کرد، بەڵام کەوتبوومە گومانەوە. هەرچۆنێک بوو کاتم بەڕێ کرد و دوای دەوام یەکدیمان بینی. کە کەوتینە قسە کـردن: زۆر شـیـرینتـر لەجـاران لەگـەڵمـدا دەدوا و وتی: شــەیدا خـــۆ دەزانیت چەندە خـــۆشـــەویست بوویت و خۆشەویستیت لام، تاکە کەسێک بوویت کـە لە خەم و خـۆشـیــمــدا هاوڕاز و هاوڕێم بـوویت، باوەڕ بکەن بەو قسانەی کامەران وا هەستم دەکرد کە قاچەکانم لەزەوی بەرزبوونەتەوە و لەدنیای ئەفسانەدا پەروازم دەکرد. خۆم ئامــادەکــرد بۆ ئەوەی دوو ســالّە چاوەڕێم کــامــەران

ڕووبەڕووم بێتەوە و ئەوەی مەبەستمە پێم بڵێ. نازانم نازانم چۆن ئەو هەستە زیندووەم بخەمە سەر کاغەزێکی مردوو. منیش هەمان هەڵوێستم بۆ کامەران دووبارە کردەوە کە ڕازدار و ئەمینداری ژیانم بووە.. کامەران ڕووی تێکردم و وتی: شەیدا ئێستا داواکارییەکم لێت هەیە؟ تەنیا تۆ دەتوانی بمگەیەنیتە ئەو ڕاستییەی کە دوو ساڵە لای من خەیاڵە؟ بەبێ بڕینی قسەکانی و بێ هیچ پێشەکییەک ئەوەی مەبەستی بوو پێی وتم!؟ بەڵام خۆزگە هەرگیز گوێی بیستنم نەبوایە تا ئەو وشانەم نەبیستایە، وشەیەک وەک پاییز خەزانی کرد بەباخی هیواو ئومێد و خۆشبەختیم. وەک گڕکان بەربووە دەروون و جەستەم! وەک ڕەنگی ڕەش هەموو ڕەنگە جوانەکانی داپۆشی. وەک تەنیایی خۆزگەی بەدی نەهاتووی کردە فەرمانڕەوا. وەک کرێوە غونچەی نەپشکوتووی بۆ مەرگ نواند.. وەک ڕێبواری ناشارەزا ڕێگەی چۆڵی بیابانم گرتەبەر، لێوم باری تەنیاییان گرت! چاوەکانم پڕبوون لەئاو، لەفرمێسکی بێ ناوونیشان، ترپەی دڵم وەک دەهۆڵی شین و شیوەن کەوتە لێدان ئاوازی هەناسەم نۆتەکانی بیرچووبووەوە و هەر دەیشێواند.

کامەران پێی وتم: لەیەکەم ڕۆژی بینینی ژینۆوە ئەسیری بووم. خۆشەویستی لەناو ناخ و دەروونمدا جێگیر بووە. دوو ساڵە دەمەوێت پێت بڵێم کە قسەی لەگەڵدا بکەیت؟ بەڵام نازانم هەر جارە و شتێک ڕێک دەکەوت، یان ڕووی دەدا و ئەو دەرفەتەی لێ دەگرتم، هەمیشە ترسی ئەوەم هەبوو لەدەستم بچێت، بۆیە ئێستا بڕیارم دا کە لە ڕێگەی تۆوە بیگەیەنم. دڵنیام کە ئەوەی من بەختەوەر بکات شەیدای هاوڕێ و خۆشەویست و هاوڕازی ژیانم بەمنی دەگەیەنێت، بۆیە هیچ پێت ناڵێم هەوڵی خۆت بدە کە ئەم پێوەندییە ڕێک بخەیت، چونکە لەدڵسۆزیت دڵنیام، دواتر سەرێکی بەرزکردەوە و چاوەکانمی دی وتی چییە شەیدا فرمێسکی خۆشحاڵی چاوەکانی تۆشی گرتووە؟ خۆشم وا خەریکە دەگریەم.

خوایەگیان چی دەبیستم؟ لەکێی دەبیستم؟ کامەرانی من شەیدای خۆی لە یادکردووە و شەیدای خۆشەویسترین هاوڕێم بووە؟ ئەویش کێ بێت ژینۆ؟ تام لێ هاتبوو. دەلەرزیم. عارەقێکی سارد ساردم کرد، بەڵام خۆ نەدەکرا هیچ بڵێم. نەدەکرا گرێی دڵم بۆ کامەران بکەمەوە، لووت بەرزیم ڕێی نەدەدام ڕازی دڵمی بۆ بکەمەوە، دڵنیابووم لەگەورەیی کامەران! لە لێبوردەیی. لە سۆز و بەزەیی، بەڵام نەمتوانی خۆم بەلاوازی ببینم. تەنانەت لە ئاست کامەرانیشدا. بۆیە دانم بە خۆدا گرت و وەک ئەکتەرێک بڕیارم دا ئەو چەند خولەکە دەوری کەسایەتییەکی دوور لە شەیدا ببینم. هەرچەند سەخت بوو! دژوار، نەگونجاو. نابەرابەر. نەویست. دوور لە ڕاستی. دوور لە...، بەڵام توانیم، وتم کامەران بەسەرچاو و هەرتۆ و ژینۆ وابزانە بەیانی مەراسیمی ئەڵقەگۆڕینەوەتانە. بەس ئەوەندەم توانی بڵێم کامەران چاوی وەک مانگەشەوی چواردە دەدرەوشایەوە و هیواو ئومێدی لێ دەباری، سەدجار خۆزگەم لێ دەخواست. دواتر وتم تازووە و کەس ژینۆی لێ داگیرنەکردووین با بگەڕێمەوە بۆ بەشی ناوخۆیی، بەڵام کامەران تا دوو ڕۆژی کە تەلەفۆنم بۆ نەکەیت، هەروا ئاسان نییە کە من باسی لێوە دەکەم باشە؟ ئەویش وتی ئەوە سێ ڕۆژیش بۆ تۆ بەس ڕێکی بخە. خواحافیزمان لەیەک کردو ویستی تا بەشی ناوخۆم بگەیەنێت، وتم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم مەوعیدێکم هەیە کامەران بەرەو کامەرانی ڕۆیشت و منیش بە دنیایەک حەسرەت و تەنیایی و نا ئومێدی مامەوە. لەتەنیاییمدا وەک دێوانەیەک بەناو شاردا ڕێم دەپێوا، نەمدەزانی بۆ کوێ دەچم، کەسم نەدەبینی؟ نازانم لەو ساتانەدا دەگریام، یان پێ دەکەنیم؟ دەموت خوایە من دەبێ چ گوناهێکم کردبێ کە ئێستا لەم بەرزەخە دام؟ من چۆن بتوانم ئەم کارە بکەم؟ من چۆن بتوانم هیواو ئومێدی ژیانم بەدەستی خۆم لەخاک بنێم؟ چۆن بتوانم قەبووڵی بکەم کە ژینۆ چرای ژیانی کامەرانە؟ کامەرانێک تەمەنێک یاد و یادەوەری و خۆشەویستی لای منە؟ ئێستا و بۆ ماوەی دوو ساڵ ژینۆ ببێتە میراتگری ئەو خۆشەویستییەم؟ سەرەتا ڕقم لە ژینۆ هەستا بوو! وتم گەر بیبینم نەفرینی لێ دەکەم! هەموو ڕاستییەکی بۆ باس دەکەم، بەڵام ژینۆ تاوانی چی بوو؟ خۆ ئەو نەیدەویست. سەرم سوڕما بوو کامەران چۆن ئەوەی لای من دروست بوو لای کامەران خاڵی بوو، کامەران منی خۆش دەویست زۆر پتر لەمن، بەڵام ئاراستەکەی هەر لە منداڵییەوە لانەگۆڕابوو؟ خۆزگە لای منیش نەگۆڕایە و هەر ئەو سۆزە پاکەی منداڵی بوایە خۆزگە، زۆرم لەگەڵ خۆمدا وت؟ هەندێک جار تاوانبارم دەکرد و هەندێک جاریش جێی بەزەیی بوو بۆم! بەڵام ڕاستی ژیان ڕاستەو گوێ لەناڕاستی ناگرێت. ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بەشی ناوخۆ و بەژینۆم وت زۆر نەخۆشم هیچم لەگەڵدا مەڵێ؟ ژینۆ هەرگیز منی بەو شێوەیە نەدیبوو،

بەڵام زۆر ئاقڵ و هێمن و لەسەرخۆ بوو! وتی بەسەرچاو، تا دوو ڕۆژ وەک منداڵێک دەیدواندم و بیانووی دەبڕیم! دەیلاواندم و دەیویست ببێتە شەریکی کێشە و هیلاکیم. ئەو دوو ڕۆژە نەمتوانی بچمەوە زانکۆ. کە ژینۆ دەچوو بۆ دەوام تا دەهاتەوە هەرچی خەمی دڵم بوو بە فرمێسک دەمرشت، ڕۆژی دووەم کە ژینۆ هاتەوە، من هەروەک خۆم بێ دەنگ بووم. وتی شەیدا گیان خۆ هیچ بەمن ناڵێیت ئێستا تەلەفۆنێک بۆ کاک کامەران دەکەم، چونکە تەنیا ئەوە لەزمانی تۆ دەگات و تۆش قسەکانیت لا قەبووڵە. وتم نا نا چی دەڵێیت ئەوە کامەرانی چی؟ هیچم نییە کەمێک نەخۆشم، چاک دەبمەوە و باوەڕ بکە ژینۆ باوەڕ بکە؟ ژینۆم ڕازی کرد هیچ بە کامەران نەڵێت و ئیتر لەوە ترسام کە ئەو بارودۆخەی من بگاتە کامەران و ماڵەوە، بۆیە بەناچاری بڕیام دا کە هەموو خەم و حەسرەت و تەنیاییەکانم بخەمە ناو دەروونم و کەس نەیانبینێت. تا سێیەم ڕۆژ باری دەروونیم ئاسایی بووەوە بەزۆر و پاش چەند ڕۆژێکی تر ئەوەی کە لەلایەن کامەرانەوە پێم سپێردرابوو بەژینۆم وت. هەرچەند لەو ماوەیەدا کامەران زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکردم و منیش هەرجارەو بەبیانوویەک دەم خەڵافاند. تەنانەت خۆشم لە بینینی دەدەزبیەوە و ڕێم نەدەدا لەو چەند ڕۆژەدا بمبینێت. تا هێور بوومەوە و بە ژینۆم وت کە کامەران چاوەڕێیەتی، یەکەم قسەی ژینۆ پێی وتم ئاخر کچی باش پەلەی چیم لێ دەکەیت دوو ساڵە دەمەوێت ببیتە ئامۆژنم و نابێت، ئێستا دەتەوێت بەم ئاسانییە ببمە پوورزا ژنت؟ بزەیەک گرتی و وتی: شەیدا وەرە با ژن بە ژنێک بکەین تۆ ڕازی بە بە مامم، منیش بە کامەران. بەو قسەیەی ژینۆ دڵم بە تەواوی داڕووخاو خەریک بوو نەدەمتوانی خەمە شاراوەکەی ناو دڵم ڕاگرم، چونکە بە قسەکانی ژینۆدا دیار بوو کە بە کامەران ڕەزا دەبێ، ڕازیش بوو. منیش پاش چەند ڕۆژ لەوەو دوا ژینۆ جوابی تەواوی گەڕاندەوە، پێکەوە لەگەڵ کامەران قسەیان کرد و هەردوو لایان هەندێک مەرجیان هەبوو کە پێی ڕازی بوون و بڕیار درا کە پاش کۆتایی ئەو ساڵە زەواج بکەن و پاش بەڕێوەبردنی مەراسیم و هاتوچۆکردنی ماڵەوە بوونە مارەبڕ و دەزگیرانی یەک، ڕۆژانە پێکەوە لە زانکۆ دەگەڕاین و دەگەڕان، منیش وەک خۆرە لەخۆمدا خۆم دەخواردەوە و لەم بارودۆخەدا دەسووتام و دەسازام، کۆتایی ئەو ساڵە و لەسەرەتای پشووی هاویندا ژینۆ و کامەران چوونە کەژاوەی هاوسەرێتییەوە و دەرگای خۆشبەختی ژیانیان لێ کرایەوە و لەنازو سۆز و خۆشەویستیدا دەژیان. منیش ئەوەندە خۆشەویستیم بۆ کامەران بووە و دەبێت کە هەرگیز بیر لە نائاسوودەیی بۆ ژیانیان ناکەمەوە و لەناخی دڵەوە هیوای کامەرانی و خۆشبەختیم بۆ خواستن و خوازیارم، بەڵام چارەنووسیش ژیانی منی بەم شێوەیە هۆنیوەتەوە؟ کە تەنیا و تەنیایی ببێتە خۆشەویستیم دوای خۆشەویستی کامەران. کامەرانی ژیانم تەنیا لە تەنیاییدایە. پاش ساڵێک کامەران و ژینۆ بوونە خاوەنی کۆرپەڵەیەکی جوان. کیژۆڵەیەک، دەزانن ناویان ناوە چی؟ هەردووکیان لەخۆشەویستییان بۆ من ناوی کۆرپەکەیان نا شەیدا. بەڵێ شەیدا، ئیتر من چۆن بتوانم خۆشەویستیم بۆیان بێ ڕەنگ بکەم، بەڵام هیوادارم شەیدای ئەوان وەک من لەژیندا شەیدای تەنیایی نەبێت، یان شەیدای خۆشەویستی یەک لایەنە. هاوڕێیان، خوێنەران، لاوان، هیوادارم هەرگیز لە ژیاندا بێ ناوونیشان خۆشەویستی نەکەن با زۆر پاک و ڕاستیش بێت، چونکە ڕێتان لێ ون دەبێت، نامۆیی ژینتان دەگرێت. خۆتان بەخاوەن بڕیار مەزانن تا بڕیاری بەرانبەرتان دەخوێننەوە، چونکە من لەخۆم پتر کامەران خۆشی دەویستم، بەڵام بڕیاری تێدا نەبوو هیچ بڕیارێک، بۆیە پێم باشە کە سروشتی ناسکی خۆت هەر لە دەروونەوە تا جەستەی دەرەوەت وەک خانمێک پێناسە بکەیت بۆ خۆت و کۆمەڵگەش مەکە قوربانی ویستێکی گوم بوو. هەوڵ بدە هاوڕێیەکت هەبێت لە ژیاندا کە وەک ئاوێنەی خۆت ڕاستییەکانی ژیانتی لا باس بکەیت، بڕیارەکانی ژیانتی لەگەڵدا تاووتوو بکەیت.. هاوکاری بەڵێن و هزریت بکات.. تا لەو کاتانەی تۆ خاڵەکانی ژیانت لا تار دەبێت، هاوڕێکەت بەرچاو فراوان بێت و ڕینماییت بکات و بەو هیوای داستانی ژیانی من ڕێنماییەک و پەندێک بێت بۆ تۆی هاوڕێم کە بەڕێی مندا نەڕۆیت و ئەوەش لەمنەوە فێر بە کە تەنانەت لەدەستدانی خۆشەویسترین خۆشەویستی ژیانم نەیتوانی تۆوی نەفرەت و کینە و بەدرەوشتی لەناو ناخ و دەروونمدا بچێنێت. خۆشەویستیم بەو بێ گەردی و ناسیکییەی منداڵییەوە تا کۆتایی ساتەکانی ژیانم پاراستووە.



# وان سالان

**سەلاحاتتن بولوت**
**(ستەنبۆل)**

فتن، گوندەکی دێرکا چیایێ مازی بوو. پشت ل چیێ و پێشی ڤەکری بوو. د وان شەڤێن بهارێ دە ژ پۆزێ زناران د سەر گوند رە، جارنان هێن ژ ژۆرتر، ژ بلنداهیا سەر پۆزێ زناران د سەر گوند رە، جارنان هێن ژ ژۆرتر، ژ بلنداهیا سەر پۆزێ هۆلێ، مە ل رۆناهیا گوند و باژارێن بنێ خەتێ دنێڕی و کەسەر رادنیشت.

گاڤا مرۆڤ ب پشت مالێن فتنێ دکەت و قیامەیی تەختێ گەور دبوو، دناڤ دارێن تەهەو، بەهیڤ و مێوێن تری دە گوندکەکی کو چەند مالەک، خویا دکر، ناڤێ وی گوندکی ئەربەلووش بوو. هەر سال دنەورۆزێ دە ل سەر زنارێن دەردۆرا ئەربەلووش و فتنێ، ل سەرێ تمکێن هەری بلند، ل سەر توومکێ، پۆزێ هووتۆ، پۆزێ هۆلێ، پۆزێ شێن و ل سەر تەختێ گەور مە چەند ئاگرێن خورت دادان و بەرێ خوە ددا بنێ خەتێ، چیایێ کورمێنج. گاڤا رۆناهیا ئاگرێن مە خوە دگهاند کوردێن بنخەتێ، وێ وەختێ وان ژی ئاگرێن خوە خوەشتر دکرن و بەرسڤ ددان کوردێن سەرخەتێ.

ئاگرێن وەلاتێ پارچەکری گوڕ دبوون، سۆر دبوون، شێن دبوون، دکرن قرچەقرچ قرچە قرچ، قرەقڕ و د سەر قەرەقۆلێن تخووبان رە دەرباس دبوون، سلاڤ ددان هەڤ، ب هەڤ رە دمزمزین و دناڤ مژ و عەورێن ئەسمانێ تاری دە ژ هەڤ رە دەستێن کل دکرن.

د وان سالان دە ل فتنێ کالەک روودنشت. ناڤێ وی رەشۆ بوو.

هەر کەسی ژێ رە دگۆت ئاپێ رەشۆ. د دەما عیسمەت پاشا دە چار سالان عەسکەری کربوو. ژ بەر کو ب ترکی نزانیبوو، گەلەک عەزیەت کشاندبوو و لێدان خواربوو. ژ عەسکەران پڕ دترسیا. ڕیتۆلەکی کنجێن وان ل سەر

سەرگۆیەکی بدیتا، ریا خوە ژ سەر دادگوهەراند. قەت نەدخواست ئەو و عەسکەر راستی هەڤ بێن. کال بوو، لێ وی زانیبوو تو خاترێ عەمرێ وی تونەیە. ژ بەر ڤێ یەکێ، گاڤا عەسکەران دگرت سەر گوند، گەر فرسەندا رەڤێ بدیتا، هەما ل بایێ بەزێ، تزبیا خوە یا درێژ کو سەد ویەک لبێن وێ هەبوون، دو سێ جاران ل هەڤ دگەڕاند دکر وەکە کلۆرەکێ و د سەر پشتا دەستێ خوە رە دشەمتاند سەر زەندێ خوە و پێ رە چاقماقێ خوە ل ناڤ قوتیا توتنێ یا کو تم ل بەر وی بوو، دخست و رادهشتێ، خشینیەک ژ تزبیێ، تەقینیەک ژ چەقمێق و قوتیێ دئانی، دەنگەک ب سەر خوە دخست، هۆل دبوو سەر خوە و دهولمی. وەختێ ئەم «تەلەبە» دچوون گوند قدوومێ وی دشکەست. «عەسکەرێ تەلەبەیان ب وان ره نە، گاڤا ئەو تێن عەسکەر ژی تێن!» دگۆت. ولۆ دگۆت لێ پڕ ژ مە حەز دکر. دوان شەڤێن تاری و درێژ دە ئەم ل دۆرا وی کۆم دبوون، مە ل سەرپێهاتیێن وی یێن لەشکەریێ گوهداری دکر و ئەم فێری زلما دەولەتێ دبوون.

گەلەک جاران گاڤا شەڤ قار دبوو ئان ژی ب سەرێ سبەهێ ره، بەری کو دنیا زەلال ببە لەشکەران دگرت سەر گوند. گاڤا دو سێ ماکینە ل دوو هەڤ ژ ریا گوندێ بخورێ بێوەخت دادگەڕیان ریا فتنێ، مە فام دکر کو لەشکەرن. ژخوە رۆناهیا فار و دەنگێ ئەگزۆزێن ماکینەیێن وان گەلەکی کفش بوو. وێ دەمێ خورتێن گوند و ئەم (تەلەبەیێن) ژ دەرڤە هاتبوون، ب هەڤ رە مە بەرێ خوە ددا بەرقەفک و شکەفتێن نێزی ئەربەلووشێ و مە باز ددا. لێ مە ئاپێ رەشۆ د وان خاچەرێکێن دەردۆرا گوند دە تم ل پێشیا خوە ددیت. ژبەر کو نێرەڤانێ مە هەبوو، مە دگۆت قەی کەسەک بەری مە ب سەرگرتنا لەشکەران ناحسە و ژ گوند بەری مە دەرناکەڤە. لێ گاڤا مە ئەو ل پێشیا خوە ددیت، ئەم دمان عەجێبمایی.

هەڤالان ژێ رە دگۆت:
«ئاپێ رەشۆ، تو کالی، ما تو ژ بۆ چ دڕەڤی؟ ژ لەشکەران رە ببێژە، ئەز پیرم، من های ژ تو تشتی تونەیە!..»

وێ چاخێ ئاپێ رەشۆ دەستێن خوە بەر ب ئەسمانان ڤە دکرن و ب ئاوڕێن وەکی کو کەتبە حەیران کا وێ چاوان ب مە فامکرن بدە ل مە دنێڕی و سەرێ خوە د هەژاند:
«لاوۆ وە نەدیتیە، هوون نزانن، ما قەی ئەز نکارم ببێژم، ئەز کالم؟ لێ بەلێ پەرە ناکە!..»
گاڤا هەڤالان فام دکر کو ژ ئاپێ رەشۆ رە چ ژی ببێژن ڤەگەڕا وی تونەیە، د فەتلین سەر و ژێ رە دگۆتن:

«ئێ دە تو ب کێفا خوەیی، وێ چاخێ تو هەی تاعەبیی و هاتی هەتا ڤر، بالۆکا ب مە رە وەرە...»
هەڤال ل هێڤیا بەرسڤا وی نەدسەکنین، دکەتن ملێن وی و ئەو دکشاندن:
«دە کا ئەم هەرن جەم مە...»
وێ چاخێ ئەنیشکا خوە ل مە ددا، ریا خوە ژ یا مە دقەتاند، دبەر خوە دە دپەیڤی و دچوو:
«ئەها! ئەزێ ب وان رە هەرم ها! ژ بەر وان دڕەڤم!..»
پشتی دەربەیا عەسکەری یا سێیەمین ب چەند سالەکێ عەسکەران ئەولی ئەربەلووش ڤالاکر و دوو رە ژی خەرا کر. نها ژ وێ دەردۆرێ رە دبێژن شوونا ئەربەلووش. حافزێ رۆژنامەڤان رۆژەکێ د هەرە شوونا ئەربەلووش و ل ڤەگەڕێ و ب ناڤێ (رەقسا کووچکێ گوندێ ڤالاکری) نڤیسەکێ ددە رۆژنامەیێ:
«... وەختا ئەم کەتن ناڤا گوند کووچکەکە گرس ل پێشبەری مە خویا بوو؛ ل مە نێڕی، رابوو سەر هەر دو لنگێن خوە یێن داویێ و ب کێف رەقسی... هەڤالێ منی رێبەر، گۆت: «ژ بەر کو زوو دە یە ئینسان نەدیتیە لەورا ولۆ دکە!..»
نها فتن ڤالا یە و ئەربەلووش خەرابەیە. بەندێن خەرزکان و بەخچەیان تەڤ هلشیانە. مێوێن تری، دارێن گووزان، بەهیڤان، هەنار و هەژیران تەڤ بێ خوەدی مانە. کووچکێن شڤانان گوهێن وان میچ، چاڤێن وان ل ریانە.
ئاپێ رەشۆ ل ناڤ مەزەلێ فتنێ ژ ترسا عەسکەران ب دوور، د بنێ ئاخێ دەیە. و «تەلەبەیێن» وان سالان ل باژارێن کو تێ رە دەرکەتنە، هەر یەک ژ وان بوونە «دۆدۆیەکی گولنگڤان» و نها بیرئانینێن خوە دنڤیسن.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «بهوشتا لال» رووپەلێن (٥٩-٦٢) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا ٢٠٠٥ێ ژ ئالیێ وەشانخانا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن.**

**«ڕامان»**

# ڕێزگرتن له‌ ڕێزنه‌گرتن، ڕێزگرتنه‌

**بیرتۆلت بریخت**
**له‌ ئه‌ڵمانییه‌وه‌: باهۆز مسته‌فا**
**(ئه‌ڵمانیا)**



(١)

پرۆفیسۆرێكی فه‌لسه‌فه‌ هاته‌ لای به‌ڕێز (كۆبنه‌ر) و په‌نده‌كانی خۆی بۆ گێڕایه‌وه‌.

دوای ئه‌وه‌ی پرۆفیسۆر ته‌واوبوو، به‌ڕێز كۆبنه‌ر پێ وت: تۆ به‌ڕه‌حه‌تی دانه‌نیشتووی، تۆ به‌ڕه‌حه‌تی قسه‌ ناكه‌یت، تۆ به‌ڕه‌حه‌تی بیرناكه‌یته‌وه‌. پرۆفیسۆری فه‌لسه‌فه‌ زۆر تووڕه‌ بوو و گوتی: من نامه‌وێت هیچ ده‌رباره‌ی خۆم بزانم، به‌ڵكو ده‌مه‌وێ ده‌رباره‌ی ئه‌م ناوه‌رۆكه‌ی من گوتم بزانم.

به‌ڕێز كۆبنه‌ر گوتی: ئه‌مه‌ هیچ ناوه‌رۆكی نییه‌، من ده‌بینم تۆ وه‌كو گێل ده‌ڕۆیت، ئه‌و ئامانجه‌ی تۆ به‌ده‌ستی ده‌هێنیت له‌و كاته‌ی من له‌ ڕۆیشتنا ده‌تبینم هیچ نییه‌. تۆ به‌تاریكی ده‌دوێیت، ئه‌وه‌ش ڕووناكی نییه‌ كه‌ تۆ له‌ نێو قسه‌كردندا ده‌یخوڵقێنیت. سه‌یری هه‌ڵوێست و ستایلی خۆت بكه‌، ئامانجت بۆ من هیچ گرینگ نییه‌.

(٢)

**ئۆرگانیزاتسیۆن**

جارێكیان به‌ڕێز (كۆبنه‌ر) گوتی: بیرمه‌ند نه‌ ڕووناكی زۆر و نه‌ پارچه‌ نانێك زیاتر و نه‌ بیركردنه‌وه‌ی زۆر به‌كارده‌هێنێت.

(٣)

**خزمه‌تكاری ئامانج**

به‌ڕێز كۆبنه‌ر ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ پرسیاره‌ ده‌خاته‌ ڕوو: هه‌موو به‌یانییه‌ك جیرانه‌كه‌م مۆسیقا لێده‌دات.

بۆچی ئەو مۆسیقا لێدەدات؟ من گوێ دەگرم، چونکە ئەو گومناستیک دەکات. بۆچی ئەو گومناستیک دەکات؟ چونکە ئەو پێویستی بەهێزە، من گوێ دەگرم. بۆچی ئەو هێزی پێویستە؟ چونکە ئەو دەبێت لە شار بەسەر دوژمنەکانی سەرکەوێت. بۆچی ئەو دەبێت بەسەر دوژمنەکانی سەرکەوێت؟

چونکە ئەو دەیەوێت نان بخوات، من گوێ دەگرم. پاش ئەوەی بەڕێز کۆینەر گوێی لەمەبوو، کە جیرانەکەی مۆسیقا لێدەدات بۆ ئەوەی گومناستیک بکات، گومناستیک دەکات بۆ ئەوەی بەهێزبێت، هێز کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لە دوژمنەکانی بدات، لە دوژمنەکانی دەدات بۆ ئەوەی نان بخوات، ئینجا پرسیاریکرد: بۆچی ئەو نان دەخوات؟.

(٤)

**لە یەکچوو باشترە لە جیاوازی**

ئەو مرۆڤانەی لە یەکتر جیاوازن باشتر نییە، بەڵکو ئەوانەی لە یەکتر دەچن، چونکە ئەوانەی لە یەکتر دەچن ڕازین لە یەکتری، بەڵام ئەوانەی جیاوازن لە یەکتری، بێزارن لە یەکتری.

(٥)

**کۆینەر و پزیشک**

پزیشک بە لووت بەرزییەوە بە کۆینەری گوت: من دەربارەی زۆر شت قسەم کرد، کە نەزانراو بوون، هەروەها من جگە لە قسەکردن لەو شتانە، چارەسەری تۆشم کرد.

کۆینەر گوتی: ئەوە ئێستا زانراوە، کە تۆ چارەسەرت کرد؟

پزیشک گوتی: نەخێر

کۆینەر گوتی: ئەمە باشترە، کە نەزانراو بە نەزانراوی بمێنێتەوە، لە جیاتی ئەوەی نهێنی زیاتر بڵاوبێتەوە.

(٦)

**پرسیار، ئایا خوا هەیە**

کەسێک پرسیاری لە کۆینەر کرد ئایا خوایەک هەیە؟ کۆینەر گوتی: من ئامۆژگاریت دەکەم، کە تۆ بیر بکەیتەوە، ئایا هەڵسوکەوتت دەگۆڕێت دوای وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە! ئەگەر هیچ گۆڕانێک ڕووی نەدا، ئەوکاتە دەتوانین گرینگی بە پرسیارەکە نەدەین، ئەگەر گۆڕان ڕووی دا، ئەوە من بەلایەنی کەمەوە دەتوانم ئەوەندە یارمەتیدەر بم کە بڵێم، تۆ بڕیاری خۆتت داوە، کە تۆ پێویستیت بە خوایەک هەیە.

**سەرچاوە:**

**Bertolt Brecht, Geschichten vom, Herrn Keuner, Suhrkamp taschenbuch 16. Erste Auflage 1971.**



## ڕەووف مەحموودپوور:
## ئەگەر کاری لەسەر بکریٚ زوانی هەورامی بۆ شیعری نویٚ لە سۆرانی نەرمتر و دەستەمۆترە، دەبیٚ دەقەکانیش ڕچەشکێن بن و خوێنەر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن

دوابەدوای گۆڕانکاری ئەدەبی– ڕۆشنبیرییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی کۆچی– هەتاویەوە سەریان هەڵدا، لە پانتایی ئەدەبی هاوچەرخدا بە هەوڵێکی ماندوو نەناسانەوە چەند هەناسەی تازە لە شیعری ئاوانگارد و هاوچەرخانەدا سەریان هەڵدا.

ڕەووف مەحموود پوور یەک لەو کەسانە بوو کە لەو بوارەدا و بەتایبەت لە بواری شیعری هاوچەرخی هەورامیدا، شیعری مودێرنی خستە ڕۆژەڤی ئەدەبی کوردییەوە. بە خولّقاندنی چەپکیٚ بەرهەمی نویٚ، ڕەوتێکی جیاوازی لە شیعری هەورامیدا دەست پێکردو بوو بەهۆی خزمەت بەو ڕەهەندە. بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە ئەو ڕەوتە پاش مەولەوی دووچاری شلّەژان هاتبوو. «زەڕنەو ئاسۆی» و «هورپڕای گەچ و تەختەی» لەو دەفتەرە شیعرانەی ناوبراون کە خراونەتە بەردەستی خوێنەر و چەپکیٚ ڕەخنە و باس و بابەتیان بە شوێن خۆیاندا هێناوە. ئەمەش وێڕای ئەو وتار و بەرهەمانەی دیکەی ناوبراون کە شان بەشانی شیعر، لە بواری ئەدەبی، کولتووری و کۆمەڵایەتیدا کەوتوونەتە بەردەستی خوێنەر. با لە زاری خۆیانەوە زیاتر لەگەڵ هەولّەکانی ئاشنا ببین.

**هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەد پوور**
**(مەریوان)**

## سەرەتاکانی شیعری کوردی بۆ بەر لە سەرەتاکانی شیعری فارسی دەگەڕێتەوە

* ئەگـــەر پێت خـــۆش بێ باسی هەندێ لە «ئەتو بیۆگرافی» چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانت بکەین؛ لە کــەیەوە و چۆن دەســـتت بە شــیـــعـــر نووسین کردووە؟

– سڵاوم هەیە بۆ ستافی گۆڤارە بە پێزەکەی ڕامان کە بووەتە یەک لە سەرچاوە بەرچاوەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

چالاکییە فەرهەنگییەکانم بۆ سەردەمی دەبیرستان دەگـەڕێنەوە. هەر لەو سـەردەمـەوە کـەڵکەڵەی ئەدەب و کـولتـوور مـێـشکی دەهەژاندم. جـاروبار دەسـتم دەدایە نووسـینی وتارێک، یان شـیـعـرێکم بۆ دەهات. ئەو دەم بەهۆی شـەڕی نێوان (ئێـراق – ئێران) شاری مـەریوان و زۆربەی گـوندەکـانی دەوروبەر چۆڵ و خەڵکەکـانی ئاوارە بوون. ئەو کـەسانەش کـە هۆگـری ئەدەب و ڕۆشنبـیـریی بوون پەرتەوازە بوون. ئێـمـە کە چەند کـەسێـک بووین و یەکترمان دەناسی جاروبار لە گوندەکان دەبووینە میوانی یەکـتـر و شـەوانە لە دۆخـێکی تایبـەتدا بەرهەمـەکـانمان دەخوێندەوە و باسمان لەسەر بابەتە ئەدەبی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد. بەتایبەت لە گوندەکانی (نێ، قەڵاجێ، سەوڵئاوا و دەربەن دزڵی کە ئێمە وەک ئاوارە خـزابووینە ئەو دەربەنە و پەنامـان گـرتبـوو). ئەو دەم چاپەمـەنی کوردی دەرنەدەچوو. تەنیـا گۆڤـاری سروە بوو کـە ئەویش بەهۆی دۆخی تایبــەتەوە زۆر کـەم بەدەســتی ئێمە دەگـەیشت. دواتر کە شەڕ تەواو بوو، کەسـانێکی زیاتر کـــۆبووینەوە و پاش هەوڵێکی زۆر توانیـــمـــان مۆڵەتنامە بۆ ئەنجوومەن وەربگرین و ئەنجـوومەنی ئەدەبی مەریوان دامـەزرێنین، کە ئێوەش یەک لەو کەسانە بوون و ئاگـادارن کـە بیـرەوەری لەو پێـوەندەدا زۆرە کـە پێم وایە دەرفـەت نەبێت یەک لە دەسـتـەی دامـەزرێنەر و ئەندامی چالاکی ئەنجـوومەنی ئەدەبی بووم. هاوکـاری ئێوە بووم و لە ڕێخستنی گۆڤارە خنجیلەکەی زرێبارو بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ دۆستـان، وەک دەستـەی نووسەران لەگەڵتان بووم کە بە باوەڕی من، گـۆڤـاری زرێبـار خـولێکی نوێ بوو لە ڕۆژنامـــەگـــەری کـــوردی لە ڕۆژهـەڵاتدا، وەک لە وتـارێکیـــشـــدا باسم لێکردووە. هاوکــاریمان لەگــەڵ چاپەمـەنییەکانی ڕۆژهەڵات خۆبەخشانە و بەبێ بەرانبەر بووە.

بەرهەمەکانیشم لە زۆر چاپەمەنیدا بڵاوبـوونەتـەوە. بۆ وێـنە لـە ئاویـەر، زرێبـــار، ســـروە، ئاســـۆ، ســـیـــروان، تیـشک، کـاروان و بەتایبـەت ڕامـانی خـــۆشـــەویست. چوار بەرهەمم وەک کـتـێب چاپ و بڵاو بوونەتەوە. زەڕنەو ئاسۆی، هۆرپڕای گـەچ و تەختـەی، کاڵەبەی، خێزگـەی سەیدی و خەرمانەی ئەدەب. هەندێ بەرهەمیشم ئامادەی چاپن.

لە بابەت شیـعـرەوە من بەشێـوەی جیـدی لەسـەرەتای شـەسـتـەکـانی کـۆچی هەتاوییـەوە دەستم دایە شیـعـر. هەڵبەت ئەزموونی سەردەمی پێشـووتریشم هەبوو کە وازم لێ هێنان. شیـعـرم دای دەگرتم. زۆری بـۆ دەهێنام. منیش بێ سیـفـەت نەبووم، هەوڵـم داوە لە بواری تیـۆرییەوە خۆم ماندوو بکەم و بجووڵێمەوە و ئەزمـوونێک بم لە شیعری کوردی لقی گۆراندا، چونکە بەرهەمـەکانی نالی و مەحوی و گۆران و دواتر بەرهەمەکانی ڕوانگە و کفری و هەولێر و لەم دواییـانەشدا داکـار... هەستم بەوە کـرد ئەدەب لە لقی گۆراندا پاش مـەولەوی بێ بەرهەمـە و ڕەوتەکە وەک لقە سۆرانییـەکەی بەردەوام نییـە. کە ئەوجـاخی جیـهـان ئاراو مـەولەوی و بێـسـارانی و سـەیدی و فـەقێ قـادر و ڕەنجووری و... خەریکە ببێتە بەشێک لە مێژوو. هەستم کرد دەکرێ ئەو زاراوەیەش نوێ بکرێتەوە. ئەوەمان لەگەڵ دۆسـتـان بەتایبـەت جـەنابتـان و کـاک جەلیل عـەباسی بە جـاران باس دەکرد. خـۆت دەزانی سـەرەتاکـانی شـیـعـری کوردی بۆ بەر لەسـەرەتاکانی شیعری فارسی دەگەڕێتەوە. ئەو ڕەوتـەش بە زاراوەی گـــۆرانەوەیە و ئەو زاراوەیە بۆ سـەدان سـاڵ، خـاوەن ڕەوت بووگـە و خـزمـەتی زۆری بە ئەدەب و ڕۆشـنبـیـری کـوردی کـردووە. خـاوەن زۆر دەقی بەرچاو و خـــاوەن بەهرەیە. بەداخــەوە زۆر لە توێژەرانی کــورد، بەســـەردەمی بابا تاهیـــر قــەناعــەت دەکــەن و بەوڵاترەوە نارۆن، یان نایبینن.

ئەوەبوو پاش ئەزمـــوونکاری زۆر و بڵاوکـــردنەوەی بەرهەمەکان لە چاپەمەنییەکاندا، «زەڕنەو ئاسۆی» کەوتە بازاڕ. وەک یەکـەم کتـێبی شیـعری نوێ لە هەورامیـدا. ئەڵبــەت «زەڕنەو ئاســۆی» نەک هەر لە ئاست زمــانی بێسـارانی و مەولەوی، بەڵکو لە ئاست شیـعـری نوێ و سـەردەمی کـوردی لقی سۆرانیش، خـودان تایبـەتی خۆی

بوو، چونکە من وەک وتم ڕەوتی شـیـعـری سـۆرانیم بەوردی خوێندووەتەوە. ئاگاداری زمانی نالی و مەحوی و گۆران و شاعیرانی ڕوانگە و کفری و هەولێر بووم. لە ڕۆژهەلاتیش بەرهەمەکانی هێمن و هەژار و سوارە و سوزەنی و دۆستانی... دەناسی. لە ڕەوتی شیعری فارسیش تا ڕادەیەک ئاگادار بووم، زیاد لەوەش لە زاراوەی گۆرانیشدا خۆم ماندوو کردبوو. هەر لە هورمزگانەوە تا بێسارانی و مەولەویم خوێندبووەوە. تەنانەت ئاگاداری بەرهەمەکانی یارسییەکان بووم و سەرجەمیانم دەناسی. لە زمان و کولتوورەکەش تێگەیشتبووم. بۆ کەوتنە سەر ڕەوتی خۆم ئەزموونکاری زۆرم دەکرد، چونکە وەک وتم لەو زاراوەیەدا پاش مەولەوی ئیدی کتێبێک نییە کە خاوەن جیاوازی بێت و توانیبێتی لە بێسارانی و سەیدی و مەولەوی بترازێت. ئەوە بوو بە هاتنە بازاڕی (زەڕنەو ئاسۆی) بوو بە هومێد بۆ لاوەکان و دواتر «هورپڕای گەچ و تەختەی» ڕەوتەکەی پتەوتر کرد. ئاگادارن کە (هورپڕای گەچ و تەختەی) وەک یەک لە چوار بەرهەمە هەڵبژاردەکەی فیستیڤاڵی کتێبی دەیەی شیعری کوردی ڕۆژهەلات هاتە هەڵبژاردن. ئەوەش پێم وایە ساڵی ١٣٨٣ کۆچی هەتاوی بەڕێوە چوو. زۆر ڕەخنەش لەسەر ئەو دوو کتێبە نووسراون، وتەو باسی زۆریان لێکەوتەوە. ڕەخنەکان ئەوانەی بە دەستی من گەیشتوون و لێیان ئاگادارم، لەلایەن جەنابتانەوە، برایان نامیق هەورامی، کەیهان عەزیزی، فەرشید شەریفی، فەرزاد میر ئەحمەدی، کامل سەفەریان و... نووسراون و بلاوبوونەتەوە. بەهەورامی و سۆرانی و فارسی.

ڕەوتەکەش بەردەوامە و بەشێکی تر لە شیعرەکان ئامادەن تاوەک دەفتەری سێیەم بکەونە بەردەست هۆگران. زۆر وتاریشم لە بابەتی کولتووری و ئەدەبی و کۆمەلایەتی، لە چاپەمەنییەکاندا هاتوونەتە ڤەشان، یان لە کۆنگرە و فیستیڤاڵەکاندا پێشکەش کراون.

* ڕەنگە ئەمە پرسیارێکی کۆن و سواو بێتە بەرچاو، بەلام دەمەوێ ڕای ئێوە بزانم: شیعر کەڵکی چییە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە، لەوا کە دنیا ناسراوە بە دنیای مەجازی و تەقینەوەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی و چیتر دیاردە پێوەندییەکان...

- شیعر بەرهەمی هزر و هەستی مرۆڤە. زانایەک دەڵێت: شیعر ناتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ، بەلام لە دەروونی مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕێک پێک دەهێنێ. هەروەها ئاندرێ ژید دەڵێت:

ئیمپراتۆرانی رووسیا بەزەبری هێز، تەنیا توانیان خاکی ولاتی رووسیا بپارێزن، بەلام دوستۆیڤسکی، توانی دڵی خەڵکانی ئەو ولاتە پێکەوە ببەستێتەوە. یان شاعیری گەورەی ئێرانی «فیردەوسی» ڕاشکاوانە دەڵێت:

**بسی رنج بردم بدین سال سی**
**عجم زنده کردم بدین پارسی**

واتە لەو سی ساڵەی تەمەنمدا هەوڵی زۆرم دا و کۆششی زۆرم کرد تا توانیم کولتووری پارسی زیندوو بکەمەوە. ئاخۆ هێزی ئەرکەکەی فیردەوسی قورسترە، یان کورۆش و داریوش و ڕەزاشا و... کە تەنیا پشتیان بە هێزی داپڵۆسێنەر بەستووە. باشە هێزو دەسەلاتی فیردەوسی کامەیە؟! دیارە (وشەو شیعر)ە.

بە باوەڕی من شیعر و ئەدەب کاکڵەو ڕوحی مرۆڤن کە بە داخەوە دەبینین لە باشوور لە لایەن ڕایەڵەکانەوە نرخی ئەوتۆی نییە. شیعر دنیاکان دەگۆڕێ، حەزەکان دەخەملێنێ، سەرەڕای ئەوەش شیعر تاموچێژی تایبەت بە مرۆڤ و بە ژیان دەدات. کەواتە شیعر خودان پێگەی خۆبەسی و پێویستە نرخ و بایەخی بپارێزرێت و لێگەڕێین لە قازانج و خەسارەکانی کە دەبێ پۆلێن بکرێن و بێنە شرۆڤە.

* دەباشە شیعر بە ئاوا نیازگەلێکەوە هەبوونی حاشا هەڵنەگرە؛ «ئێستا پێناسەی شیعر» زۆر مەبەستە، بە کامە دەڵێن شیعر وچ پێوەرگەلێک هەیە بۆ هەلاواردنی لە ناشیعر و شاعیری باشیش بەکام پێودانگی زوانی- هونەری پێوانە دەکرێ؟

- شیعر زمانە. هەستە و خەیاڵ. شیعر ژیانە و ژیانەوە. شیعر هورزانەوەیە لە وشەکاندا و هورزانەوەی وشەکانە لە ژیان و لە دەقەکاندا. بە باوەڕی من دەبێ ڕەخنەگری کورد ڕاشکاوانە شیعر لە ناشیعر هەلاوێرێ. دەبێ پێوەرەکان دەسنیشان بکرێن. هەڵبەت پێوەرەکان نەتاقانەو نەنەگۆڕن. دەبێ ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین. من قەناعەتم بە ئەزموونکارییە لە شیعردا.

شیعر دەنگدانەوەی ئەزموونی شاعیرانەی شاعیرە. شاعیرێک کە بەس بە ئیلهام و ئیستعداد قەناعەت نەکات، (٢) بەڵکو مێشک و زەینی پەروەردە کراوە،

ئاگاداری ئەزموونە مێژووییەکانە، لە کولتووری خۆی ڕۆچووگەو خوێندنەوەی بەرفراوانە.

* حەز دەکەم وردتر بڕۆینە سەر شیعری کوردی؛

سەر هەڵدانی چرۆی شیعری کوردی، بەدەست نیشان کردنی دۆکیومێنت و تێکست وەک بنەمای شیعری کوردی ئەگەر هەمانە، چەندە جێگای باوەڕن لە بواری دەقناسییەوە چ تایبەتمەندی گەلێکیان هەیە؟

– زۆر کەس سەرەتاکانی شیعری کوردی بە گاتاکانەوە دەبەستێتەوە. من حاشا لەوە ناکەم، بەڵام پێم وایە گاتاکان میراتبەریان زۆرە. زۆر نەتەوە خۆی بە میراتبەریان دەزانێت و هەر کامەشیان بەڵگەو فاکتی خۆی دەهێنێتەوە. ئێمە دەبێ وێڕای گەڕانی بەردەوام، بۆ ئەو دەقانەش بگەڕێینەوە کە موڵکی خۆمانن. بۆ وێنە دەقی شیعری «هورمزگان». بەرهەمەکانی سەردەمی حەینەوییە، دەقەکانی یارسی و... بابا تاهیر بە چەند سەد ساڵ دوای هەندێ لەو دەقانە دێت. دەقی هورموزگان خودان زۆر تایبەتییە دەبێ وەک یەکەم دەقی شیعری کوردی بێتە شرۆڤە کردن. ئەڵبەت تا هەنووکە کە دەقی لەوە پێشترمان دەست نەکەوتووە. وەک ئاگادارن حەوتەنامەی سیروان پەنجەرەیەکی بەڕووی ئەو شیعرەدا کردەوە و لە چەند ژمارەدا باسی لەسەر کرا کە حەتم خوێنەری چالاک ئاگاداریانە و پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات. دەقەکانی جەنابت و منیش لەسەر ئەرێنی بوون و ڕاست هەبوونی ئەو دەقە، لەو پێوەندەدا و لە هەمان ڕەوتی سیرواندا بلاوبوونەوە.

به داخەوە تا هەنووکە پۆلێنکارییەکی پتەو و زانستی لەسەر ڕەوتی شیعری کوردی نەکراوە. زۆرتر هەوڵ دریاگە شیعری کوردی بەپێی پۆلێن بەندییەکانی «قوتابخانە ئەدەبییەکانی» ڕۆژئاوا بێتە کردار، بەڵام شیعری کوردی خاوەن تایبەتی خۆیەتی کە ڕەخنەگری کورد پێویستە لەبەر چاویان بگرێت.

* ڕۆڵی ژانری «شیعر» بە نیسبەت نەبوونی ژانرەکانی تر لە فراژوێ بوون و ڕسکانی باری ڕۆشنبیری گەلی کورد، ئاماژە بەدەقە کاریگەرەکان لە جوولانەوەی هەستی نەتەوایەتی و فەرهەنگی و... شیعری کوردی بەو لێکدانەوەی کە کردت بۆ سەرهەڵدانەوەی؛ بازگەکانی چۆن پۆلێن بەندی دەکەیت، لە ڕووگەی مێژوویی- زوانەوانی و هەمیش لە ڕووگەی جوگرافیای سەرهەڵدان و تەشەنە کردنیان بە تەواوی تایبەتمەندییەکانیانەوە.. بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی شێوازی سۆرانی و هەورامی... ئەمە پۆلێن بەندی تەشکی مێژوویی- زوانەوانی و جوگرافیایی بوو، ئەی لە بواری بابەتییەوە (موضوعی) پەیلوات کامەیە و چەشنی دابەشکردنیان بە نموونەی نقیسارییەوە (وەک دەق)... و بەراوردکاری ئەم دەقانە لەگەڵ فارسی و عەرەبیدا؛ تیشک خستنە سەردەقە مەوزووعییەکانی کوردی سۆرانی و هەورامی و جیاوازییەکانیان...

– شیعر بۆ ساڵانێکی درێژ ژانری نقیساری کورد بووە. زۆر بابەتی ڕۆشنبیریشی هرووژاندووەو تەنانەت بەگژ نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا چووەتەوە و تەکانی بە کۆمەڵگەی کوردی داوە. شیعری هورموزگان هاوارێکی کۆمەڵایەتییە. یارسانەکان بۆ عیبادەت و پڕۆپاگەندەی دینی شیعریان بەکار هێناوە. فەقێ قادری هەمەوەند ژانری شیعری کردووەتە زمانی ڕەخنە و هاوار و هاندان. پیرەمێرد و گۆران و قانیع و هێمن و دەیان دەنگی زاڵی تر تەنانەت جیهان ئاراش زۆر نەریتی داوەتە بەر نەشتەری ڕەخنە.

**شیعر ناتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ، بەڵام لە دەروونی مرۆڤەکاندا ئاڵوگۆڕێک پێک دێنێ**

زۆر دەنگ لایان وایە کە بۆ نموونە شیعری هەورامی بەس شیعری دڵداری و وەسف و عیرفانە، بەڵام لە وتارێکدا کە لە دوو بەشدا بلاوکرایەوە «ڕەهەندەکانی هزری نەتەوەیی لە ئەدەبی گۆراندا». باسم لەو هەوڵە ڕۆشنبیری و نەتەوەییانە کردووە کە لەو زاراوەیەشدا هاتوونەتە بزاڤ. دەتوانم بێژم شیعری کوردی دنیایەکی زۆر ڕەهەندییە وێڕای ئەدەب، زۆر بواری کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئایینیشی گرتووەتەوە.

* بەچاو کردن لە هەوێنی زمان و چییەتی توخمە زوانییەکان؛ ئاستی جوانیناسانەی شیعری کوردی و فارسی- بە هەڵاوردنی توخم و جەوهەر- چۆن لێک دەدرێتەوە؟ ئەو فاکتانەی کە شیعری کوردی بە تێکڕا لە فارسی جیادەکاتەوە هەم لە فۆرمدا و هەمیش لە ناوەرۆکدا؟

– جەنابت زۆر شارەزای ئەدەب، بە تایبەت شیعری فارسیت. شیعری فارسی دنیایەکی زۆربەرفراوان و قووڵ و خاوەن زل دەنگی وەک حافیز و سەعدی و مەولانا و نیزامی و شاملووە. ئەو دنیایە سەرچاوەی سەرەکی خوێندنەوەی شاعیرانی ئەوسای کورد بووە. بە بێسارانی و مەولەوی و نالی و مەحویشەوە. ئەوەیە کە ئێمە جێ پەنجەی شیعری فارسی لە شیعری کوردیدا زۆر دەبینین. یان با بڵێیم لە ئەدەبی بەراوردکاریدا خاوەن زۆر نزیکایەتین، بەڵام جیاوازیشن. دنیای شاعیرەکان جیاواز بووگە. ئەزموونی شیعری کوردی فۆرمی کەمتری ئەزموون کردووە. بۆ وێنە با سەیری شێوازەکانی فێردەوسی- سەعدی- حافیز و بەهار بکەین. لە شیعری نوێشدا فرووغ- سپێهری- ساڵحی -شاملوو- رۆئیایی و... هەڵبەت لە کوردیشدا جیاوازییەکان بەرچاون، بەڵام نەک بەزەبەندی دنیا فارسییەکە. لە بواری شیعرایەتی و چۆنایەتییەوە بە لەبەرچاوگرتنی دەرفەتەکان، دەبێ بێژین کە شیعری کوردیش خاوەن بەها و پێگەی خۆیەتی و لە زۆر بواردا خاوەن برەوە.

* ئاستی نوێخوازی شیعری کوردی؛ (لە رۆژهەڵاتی کوردستان) سەرهەڵدان و پێش زەمینەکانی، دەنگەکان، دەقەکان، جووڵانەوەی تاکو ئێستا چۆن بەراوردکاری دەکەیت؟

– لە رۆژهەڵاتدا بارودۆخ بووەتە هۆی وەستاوی ئەدەبی. منداڵی کورد بە فارسی دەخوێنێ. دەرفەتیش بۆ پەروەردە بوونی شیعر زۆر کەم بووە. بە تایبەت لەسەردەمی پێش شۆڕشی (١٣٥٧) هەتاوی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەسانێک وەک هێمن و هەژار، یان مەلا هەسەنی دزڵی درەوشاوەن. سوارە دەبێتە رچەشکێنی جددی بەرەو نوێخوازی. پاشتر تا رادەیەک دەرفەتەکان دەکرێنەوە، وێڕای بەردەوامی ترس و لەرزەکان، بەڵام زۆر دەنگ دێنە گۆ و زۆر دەق پێشکەش دەکرێن. بەسوود وەرگرتن لە کتێبخانەی دەوڵەمەندی فارسی، شاعیرانی جددی و ماندووی رۆژهەڵات دەکەونە تەقەللا و کۆشش. دەق دەخەنە بەردەست. لە نێو چینی هاوچەرخدا، شیعری ترومپای ساڵح سووزەنی دەرسکێ. پاشتر رەخنەگران هەر کامەو لەلایەن خۆیان تیشک دەخەنە سەر رەوتەکە. باسی شیعری شێت دەکرێت. شیعری جیاواز دەکەوێتە بەرباس. سووزەنی، یونس رەزایی، بێهزاد کوردستانی و دەقەکانی منیش وەک دەقی جیاواز دێنە پۆلێن کردن. لەسەر ئەو بابەتەش زۆر وتار و رەخنە بڵاو دەبنەوە و سیمینار بەرێوە دەچێت. جەنابیشت باسی نەغمە لە شیعری کوردیدا دەکەیت و هەر لە گاتاکانەوە شوناسی هەڵدەگری. نەغمەش دەکرێ وەک یەک لە توخمەکانی شیعری کوردی بێتە بەر باس. هەنووکە هەوڵەکان زۆر جددی و بەردەوام هەن. داهاتوو بڕیاری خۆی دەدات.

* شیعری هاوچەرخی هەورامی: ئایا ئەم رەوتە وەک واقیع هەبوونی هەیە؟ دەمەوێ باس لەسەر دەنگەکان، دەقەکان و هەڵسەنگاندنی بەرانبەر بە رەوتی شیعری هاوچەرخی سۆرانی بکەیت...

– بەڵێ هەبوونی هەیە. پاش مەولەوی و سەیدی و بێسارانی بەتایبەت مەولەوی بۆ ماوەیەکی زەبەند رەوتەکە دەوەستێ، بەڵام کاک عوسمان موحەمەد هەورامی چەند دەق پێشکەش دەکات هەندێ تایبەتی خۆی هەیە. من لەو شیعرانە تەنیا دوو شیعرم بینیوە. نازانم هیتریش هەیە یان نەء.

ئەو کارەش تەنیا تروسکەیەکە، بەردەوام نییەو نابێتە خاوەن کاردانەوەی زۆر. دواتر من و هاوڕێی خۆشەویستم جەلیل عەباسی کەوتینە هەوڵ و ئەزموونکاری. تا هەنووکە ناوبراو بەرهەمەکانی خۆی وەک کتێب بڵاونەکردووەتەوە. یان لانی کەم من ئاگادار نیم.. (ئەڵبەت کەسانی تریش هەبوون و هەن. دواتر کولسووم عوسمانپوور لە کتێبی گرێدا چەند شیعری هەورامیش چاپ دەکات و...) وێڕای تەنگژەی ماڵی و..... بە هەوڵی زۆر توانیم (زەرنەو ئاسۆی) و دواتر (هورپڕای گەچ و تەختەی) بخەمە بەردەست خوێنەر. ئەو دووبەرهەمە بوونە جێی سەرنجی رەخنەگران وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد. ترسی لاوانی ئەو زاراوەیە شکا و هاتنە مەیدان. من هیوام بە چەند دەنگێکی لاو زۆرە. دڵنیام هەنووکە لە ئاست چۆنایەتی شیعری نوێی هەورامی هاوشانی لەگەڵ سۆرانی دەکات و قسەی بۆ کردن هەیە. هیوادارم بەرهەمەکانی کاک جەلیل-یش بکەونە بەردەست. باقی دۆستانیش زۆر جددیتر بن. بۆ نموونە من چەند شیعرێکی نامیق هەورامیم خوێندووەتەوە کە سەرکەوتوو بووگن. لە «گرێ»ی کولسوومیشدا چەند شیعری هەورامی تێدا بوو کە دواتر هاتە بازاڕ. هەنووکە

من ئاگـاداری هەوڵی پۆلێک لاوم، کـە لە مـەریوان و پاوەو نودشە خەریکی هەوڵن. بەداخەوە هەندێ شاعیری هەورامی کە هەڵایەکی زۆریش دەنێنەوە و جاروبار لاوان دڵسارد دەکەنەوە و بەپێشکەشکردنی نەزمی گوێلاوێن، بەلای خۆیانەوە بەگژ دەقە جددیەکاندا دەچنەوە، هێشتا بەرهەمـەکـانیـان چ لە ڕووی زمـان و چ لە ڕووی فـۆرم و تەکنیک و ناوەرۆک، لە ئاست سـەردەمی سـەیدی دان. بگرە بەرهەمەکانیان نەگەیشتبێتە ئاستی بەرهەمەکانی ئەو شـاعیرەش، بەڵام لاوان دەبێ خۆیان مـاندوو بکەن. پەلەیان نەبێت. زۆر بخـوێننەوە. من باوەڕم بەڕەوتەکـە هەیە.

* یەکـێک لەو دەنگانە لە چالاکی نۆژەنی شـیـعـری هەورامـیـدا، جەنابتـە، بزانم چۆن هەستت بەم بۆشاییـە کـرد، کـارەکـانت هەم لە ئاسـتی چەندایەتیـدا و هەم لە چۆنایەتیـدا خـۆت چۆنی دەبینیت، تا چەند لە نێـو بەردەنگی هەورامـیدا جێ پەنجەی خۆت دەبینیت؟ ئاخۆ «زەڕنەو ئاسـۆی و هورپڕای گەچ و تەختـەی) بوونە هۆی ژیانەوەی شـیعری سەردەمانەی هەورامی؟! داهاتوو چۆن دەبینی بەم گوزارە گەلەوە کە هەن هەم وەک کۆسپ و هەم وەک ئامانج؟

– پێشـتریش ئاماژەم پێکرد من ئەزموونەکانی شیعری کـوردیم بەوردی خـوێندووەتەوە. هەر لە هۆرمـوزگـانەوە شـوێن ڕەوتەکە کـەوتووم. بەو قـەناعـەتە گەیشـتم کـە لە زاراوەی هەورامــیــدا وزەیەکی پەنگاوە هەیە کـە دەبێ کـەشف بکرێت و بتـەقـێـتـەوە. ئەوەشم بەهۆکـارێکی دەوڵەمـەندی ئەدەبی کـوردی زانیـوە. لەو پێناوەشـدا زۆر مـاندوو بووگم، چونکە وەک ئاگـادارن لە هەورامـیـدا چ کـتـێبـێک کـە وەک شـیـعـری نوێ نووسرابێ لەبەردەست نەبوو. دەبووا زۆر زەحـمـەت و کـۆشش و ئەزمـوونکاری بکرایە ڕەوتەکە پێچرابوو. هەورامی پاش مەولەوی، نە پیــرەمــێـردی هەبوو، نە شـێـخ نووری و نە گـۆران. نە قوتابخانەکانی کفری و ڕوانگەی هەبوو نە ئەزموونەکانی هەولێـرو... بۆیە کـارەکـە هێندەش سـانا نەبوو. ترسناک بوو، بەڵام من بڕیاری خـۆمم دابوو. بە واتایەکی تر ئەو بڕیارە بەسەرمدا ڕژابوو. پێم وایە تا هەنووکەش توانیومە سـەرکەوتن بەدەست بهـێنم. لە ئاست چەندایەتی، ئێـمـە دەبێ لەسـەر ئەو بەرهەمـانە قـسـە بکەین کـە لە بازاڕن و لەبەر دەستن. تـا هەنووکــە زۆر تـامــەزرۆ بووگم کــە کـتێبـێکی جددیتر کـە خاوەن ئەزموونی تایبـەت بێت بە (زەڕنەو ئاسـۆی و هورپڕای گـەچ و تەختـەی) زیاد بکرێت و منیـش بتـوانم سـوودی لێـبـەرم. لە ئاست چەندایەتیش وتم. هەموو ئەو ڕەخنانە بۆ خۆیان باشترین زمانن و نابێ من هیـچ بڵـێم. (هورپڕای گـەچ و تەختـەی) وەک وتم لە فـیـسـتـیـڤـاڵی کـتـێبی دەهەدا، وەک یەک لە چوار بەرهەم هەڵبـژاردە بوو. کـە دەڵێم یەک لە چوار، مەبەسـتم ئەوەیە کـە دەسـتـەی هەڵسـەنگاندن، چوار بەرهەمـیـان پێکەوە هەڵبـژاردبوو کـە خـەڵات و نووسـراوی تایبـەتیـان پێ بەخـشــرا. من باوەڕم وایە هۆرزانەوەی کـولتـووری لە ئارادایە. کوردی گەشەی زۆر دەکات. هەورامیش بەشێکە لە کـوردی. هەنوکـە زۆر لاو هەن کـە خـەریکن. منیش شانازییان پێوە دەکەم.

* بە پەیلوای تۆ، زوانی هەورامی بۆ وتنەوەی شیعری ئاوانگارد تا چەندە کـۆکـە، هەسـتت بەوە نەکـردووە کـە توخـمـەکـانی ئەم زوانە بۆ داهێنانی ئاوا شـیـعـرێک لە مـۆسـیـقـاو دابەزاندندا قـەڵس بێـتـە بەرچاو، من بۆ خـۆم بەخوێندنەوەی شیعرەکانی تۆ هەست بەم ناکۆکییە دەکەم، ڕەنگە نوقسانیش لە لایەن ئێمەوە بێ کە تا ئێستا زوانی هەورامی لە بازنەی تەکنیکی ئەوسای قـەتیس مابێتـەوە و مشتوماڵ نەکرابێ و بۆ بیسەر ئاوا بێتە هەست پێکرن: لەوا کە شیعری سەردەم زۆرتر ڕووکردی گوتاری بەخۆیەوە گرتووە و لە عەینی ساکاری دەبێ وزەی تێدا بێ. نازانم خۆت لەم بارەوە چی دەڵێت؟

– بەڕێزم، جەنابت وەک یەکێک لە ڕەخنەگرانی خاوەن قـەڵەم، باش بۆی دەچیت. با منیش ئەوەی پێ زیاد کـەم کە مێـشکی بەردەنگی هەورامی وا ڕاهاتووە. خووی بە کـێش و مـۆسـیـقـا و سـەروای شـیـعـرەکـانی مـەولەوی و سـەیدی و بێـســارانی-یەوە گـرتووە. تۆ ناتوانی بە تەکـانێک ئەو دنیـایە بگۆڕی. ئەمـەش بـۆ نوقـسـانی زوانەکە ناگـەڕێتـەوە. من کـەمـوکـوڕییـەک لە زوانەکەدا نابینم. بۆ خـۆم توانیـومـە کـەشـفی زمـانی و ئەزمـوونە شیـعرییـەکانم بەو زوانە دابڕێژم. ئەڵبـەت لە سۆرانیشـدا خـاوەن ئەزمـوونم. پێم وایە هەورامی بۆ شـیـعـری نوێ لە سـۆرانی نەرمـتـر و دەسـتـەمـۆترە، بەڵام دەبێ مومـارەسـە بکرێت. دەبێ کـاری لەسـەر بکرێت. من پێم وایە دنیـای بەردەنگی هەورامیم شڵـەژاندووە. ڕەخنەکـان زمانحـاڵی ئەوەن لاوەکـان، بەتایبەت خـوێندکـارانی زانکۆ هەنووکە

خۆیان به شیعری نوێوه خەریک کردووه، ڕاستە هەر شڵەژاندن و جیاوازبوونێک، هەر نوێکردنەوەیەک و جۆرێ تر بوونێک خاوەن گیروگرفتی خۆیەتی. ئێمە ئەو هێرشانەمان لەبیر ناچێ کە دەکرانە سەر نیمایۆشیج. یان تەنانەت مامۆستا گۆران. ئەویش وێڕای ئەو دۆخەی کە شێخ نووری و چەند کەسی تر بۆیان سازاندبوو. لە هەورامیشدا هەروەهایە، بەڵام ڕەوتەکە دەستی پێکردووە، دڵنیام ناوەستێ. ئیمانم بە لاوان زۆرە.

با ئەوەش بڵێم کە ئەو دەقانە ئەزموونی شیعری منن. کۆمەڵگە، بەتایبەت خوێنەری چالاک بڕیاریان لەسەر دەدات، چونکە من پێم خۆشە لەگەڵ خوێنەری چالاکدا هەبم، پێم وایە شیعریش وەک باقی دەسکەوتەکان دەبێ تایبەتی بکرێتەوە. واتە جددیتر بێت. دەقەکان دەبێ خوێنەر بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. واتە ڕچەشکێن بن. مەرج نییە دەقی جددی خۆی تا ئاستی بەردەنگ دابەزێنێ. ئەگەر وابێ ڕەوتی ئەدەبی دەوەستێ. چیدیکە جیاوازی و ئەزموونی تایبەت مانای نامێنێت.

* هەر لەم فەزایەدا حەزدەکەم ئاماژە بە بابەتێک بدەم کە بەڕاستی کێشەیەکە بۆ شیعری گەلانی تر بەتایبەتی شیعری فارسی کە ئەویش خستنەگەڕی باسی «قەیران»ە: قەیرانی شیعر، قەیران لە شیعردا، قەیرانی بەردەنگ (مخاطب)، قەیرانی کۆمەڵگەو... ئایا لە شیعری کوردیدا بەتایبەت لە شیعری هاوچەرخی هەورامیدا ئەم کۆسپانە دەبینرێن تۆ چۆنی بۆ دەڕۆیت...

– ئەو قەیرانانە لای ئێمە هەن و نیشن. شیعری فارسی لە تێریدا دووچاری قەیرانە، بەڵام لای ئێمە لە برسیەتیدا. ئەگەر ئێمە بە نیسبەت دەرفەتەکان، دۆخەکە هەڵسەنگێنین، دەبێ شانازی بە خۆمانەوە بکەین وەک گەلی کورد. بۆ وێنە بۆ ئەدەبی فارسی بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و بە دەیان کەناڵی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی خەریکی ڤەشان و هەوڵن. ساڵانە دەیان فیستیڤاڵ و خەڵاتی جۆراوجۆریان هەیە، بەڵام لای خۆمان چی (مەبەستم کوردستانی ئێرانە). شاعیران و ئەدیبان لەوپەڕی تەنیایی و بێ کەسیدا خەریکی هەوڵن. بەردەنگیش دۆخێکی باشتری نییە. ئەو بەزمانەکەی خۆی نەیخوێندووە. زۆربەی هەرە زۆری ناتوانێ بە زمانەکەی خۆی بخوێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کار دەکرێ و هەوڵەکان بەردەوامن. با خاڵێکی بەرچاوت بیر بهێنمەوە. هەنووکە تیراژی ئەو بەرهەمە شیعریانە کە بە فارسی دەنووسرێن لە هەزار تێپەڕ ناکات، واتە تیراژی هەزار بۆ ٧٠ ملیۆن کەس. هێشتا گلەییش دەکەن کە نافرۆشرێت، بەڵام لێرە، بۆ نموونە حەشیمەتی هەورامی ئەوپەڕی یەک ملیۆن کەسە. تیراژی (زەڕنەو ئاسۆی) ١٠٠٠ دانە بووە تەواو بووە. (هورپڕای گەچ و تەختەی)ش هەروا. ڕەخنەکارانیش لێی وەدەنگ هاتوون و زۆر بابەتی بە پێزیان لەسەر نووسیون. مەرج نییە من لەگەڵ هەموو بۆچوون و ڕەخنەکان بم، بەڵام ڕێزیان بۆ دادەنێم. بەوردی دەیانخوێنمەوە و سوودیان لێ وەردەگرم. کەواتە قەیرانەکە هەیە، بەڵام لای ئێمە لە ئاست دۆخەکە کەمترە.

* بە بەراوردکاری نێوان دەقە کوردییەکان لە هەمبەر دەقە فارسی و عەرەبییەکاندا، من پێم وایە کە بە تێکڕا زوانی کوردی و بەتایبەت زوانی کوردی هەورامی نەبووەتە پێخوستی ژێر پێی دەسەڵاتچیانی سیاسی و تۆتالیتەی زوانی زاڵ؛ هەر بەم هۆیەوە توخمە زوانییەکەمان لە خود ئاگادا بە ساغی ماونەتەوە و لە فرە ڕەهەنددا دەوڵەمەندن، بەڵام ئەم وێنە شیعریانە لە زمانی گەلانی فارس و عەرەبدا ئەگەر هەن تەشکی عیرفانی و ئیستیعاریان پێدراوە، واتە بوونەتە پێڕەوی هەمان یاسای زوانی دەسەڵات، بەڵام کاتێک شاعیری کورد دەست بۆ چێکردنی هەندێ چەمکی باوو ناباو دەبات؛ باشترو ڕەهاتر دەتوانێ لەگەڵ دیاردە ناوەکییەکاندا مامەڵە بکات تا ڕادەیەکیش بازنە قۆرخکراوەکانی مۆراڵی و بڤەدار دەبەزێنێ و دەچێتە نێو ئێروتیکیای زوان و شکاندنی هەندێ یاسای پاوانکراو بە ڕووتی و نیوە ڕووتی بەکاریان دەبات. کە ئەمە لە هەمبەر بارە ئەخلاقی و مۆراڵییەکانی گلێرگە پارادۆکس یان بە زمانی ساکارتر کێشە دروست دەکا. لەوا کە زۆربەی شاعیرانیشمان ئایینی و دەروەستی ئاکار بوون؛ بەڕای من لە ناخودئاگای شاعیردا ئەم چەمکە داسەپا.. چێ نەکراوەو داسەپاوە، بۆیە ئێمە ئەم هەڵوێستە ڕۆحییە لە شاعیرانمان شک دەبەین و ئەو وێنە ئیرۆتیکیانە کە لە دەقەکانی بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و... هەن بەڵگەی سەلماندنی ئەم بۆچوونەن، بزانم پەیلوای ئێوە لەم کایە زوانییەدا چییە؟

– بۆچوونەکەی جەنابت بە ڕاست دەزانم و لەگەڵتام.

شاعیری کورد و شیعری کوردی له خزمەت دەسەڵاتدا نەبووە. شیعری کورد له خەڵات و بەراتی دەسەڵاتداران بێ بەش بووە. با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە، له پاڵ دەسەڵاتی دیوەخانەکانی دزڵیدا، مەلا هەسەن ژیاوە. لەوپەڕی ڕووتەڵەیی و کزی و دەستکورتیدا. باوکی ڕەحمەتیم بەلایەوە خوێندوویەتی. دەیوت دەرسی پێ دەوتین، دەیوت بەس تلّفە چایی وشکەوە کراوم!! بۆم بهێنن، یان چەند کولێرە زەڕات!! له ژێر خانێکدا ژیاوە کە باوکم کاتێ وەسفی دەکرد ئاو دەڕژایە چاوی، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەڵێت:

**من هەڵۆی بەرزی لووتکەی داڵانیم**
**هەرگیز وەک قەڵاو ناکەومە چینە**

کەواتە دەسەڵاتدارانی کورد خاوەنداریەتیان له ئەدیبان و شاعیرانی بە بەهرەی خۆیان نەکردووە. چ بگات بە دەسەڵاتی ناخۆیی؟! قانیع هەر ڕۆژ له گوندێک بووە. هەژار و هێمن خۆت باشتر دەزانی، بەڵام شیعرەکە پاراو و سەربەست ماوەتەوە و توخمە ڕەسەنەکانی پاراستووە. بۆ نموونە کێش. یان کرکە کە جەنابت باست کردووە.

* هەروەها کە ئاماژەت دا؛ من له نووسینەکانمدا له بارەی جەوهەری جوانیناسانەی شیعری کوردی هەورامی توخمێکم پێناسە کردووە و بڵاو کراونەتەوە: ئەو توخمە بە ناو «کرکە» بۆ میتافیزیکی زوانی هەورامی، پێشنیارکردووە و پێم وایە کە هەر له دەقە ئەدەبییەکانی پێش ئیسلام له گاتاکانەوە تا درەختی ئاسووریک و دواتر ئیسلام هۆرمزگان و ئورامنەکان «باباتایەر» و یارسانەکان و بێسارانی و مەولەوی و سەیدی تا شیعری سەردەم و تا شیعرەکانی جەنابت و هەروەها له... زوانی هەورامیدا ئەم توخمە له ناخ و دووتوێی هەندەسەی زمانەکەدا دەبینرێ و نەگۆڕە. ئەم توخمە، ئاوەها ساغ ماوەتەوە. ئەوها ماوە دەنگانە کە لەسەر «خێرایی دەنگ و تەکیە» له زوان و له شیعردا ڕەنگی داوەتەوە کە توخمێکی جوانیناسانەیە و له کۆی ئەو زمانەدا ئەم توخمە هەیە، بووەتە هۆی سڵۆکی و راونەکردنی ئەم زوانە له قاڵب و قاوغی تایبەتیدا، ئەم پرەنسیپەیشە بووەتە هۆی جیاکردنەوەی شیعری هەورامی و سۆرانی و تەنانەت فارسی و عەرەبی و تەنانەت ئاوازی سیاچەمانەش لەسەر ئەم جەوهەرە زوانییە چێ کراوەو دەکرێ. مۆسیقازانەکان، بۆ ئەم کارە نۆترێژی بکەن و ئاوازی هەورامی و تەنانەت کوردی وەک مۆسیقاو هونەری گەلانی تر، بکرێتە قاعیدەمەند و ڕێسای هونەری بۆ دابنرێ حەز دەکەم تۆش لەم بارەیەوە ڕوانگەی خۆت بەیان بکەیت.

– من ئەو کەشف و بۆچوونانەی جەنابتم بەوردی خوێندووەتەوە. کەشفێکی زۆر بەپێزە. کاری ڕەخنەگر هەر ئەوەیە. کەشفی تایبەتییەکان له دەقەکاندا. جەنابت توخمی کرکەت باش کەشف و پۆلێن کردووە. بە باوەڕی منیش پێویستە وەک توخمێکی ئێرەیی و خۆیی کە موڵکی تایبەتی دەقە کوردییەکانە بێتە باسکردن و پەرەپێدان، هەروەها پێویستە مۆسیقازانەکانیش ڕاوەستەی لەسەر بکەن و بیکەنە بنەماو پێوەر بۆ کارەکانیان. چ دەبێ ئەگەر لەبری «گا» ئێمە توخمی کرکە بقۆزینەوەو جێگای خۆی پێ بدەین و ڕەسەنایەتی میللی و... کوردی پێ دیاری بکەین و...

**١– هورزانەوە: ڕەستاخێز (ئەم وشەیە له لایەن کاک ڕەووفەوە بۆ هاوتایی واژەی «ڕەستاخێز» پێشنیار کراوە).**
**٢– نیەکات: نەکات. وشەیەکی کەلهوڕییە.**



**پرۆفیسۆر عەباس وەلی:**
**ئەگەر دەمانەوێ مۆدێرنیزم هەبێ، دەبێ هاوکات ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری بکرێ.. سستمی باوکسالاریش لەکوردستان لە تەواوی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیاندا دەبینرێت.**

**ئا: خەبات ڕەسوولی**

ئامانجی هەموو کۆمەڵگایەک گەیشتنە بە ئاسایش و ئاشتی و ئازادی و بەختەوەری و مسۆگەرکردنی باشترین و نوێترین بەرهەمە هەمەچەشنەکانە. دەست پێڕانەگەیشتن، یان دوورکەوتنەوە لەو ئامانجانە کۆمەڵێک گرفتی ڕوحی و دەروونی بۆ هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگا چێ دەکات و لەنەبوونی عەقڵیەتێکی زانستی و بیرکردنەوەیەکی میتۆدی، پاساوی کەموکوورییەکان بە فڕێدانی حەڵقەی تاوان لەملی خۆ و بەزۆر لەملی ئەم و ئەو کردن کۆتایی دێ و ئەمەش لەو کاتەدایە کە ڕۆڵی بێگانە و نەیاران زیاتر لە ئاستی خۆی نیشان دەدرێ و هەمووان بڕوای پێدەکەن.

ئەگەر لەو دەلاقەیەوە بمانەوێ سەیری خۆمان بکەین و خۆمان نەهاوێژینە دەرەوەی بازنەی کێشەکان و گرفتی کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی هەرەمی بیبینین و خەڵک بە بناغەی ئەو هەرەمە دابنێین، لەوانەیە تووشی ڕابوونێکی مەعریفی ببین و لەو قۆناغە بێینە دەرێ و ڕاچڵەکین.

چ شتێک دەتوانێ ئەو ڕاچڵەکینە دروست بکات؟ کۆمەڵگای کوردی دەبێ خۆی بگۆڕێ، یان دەبێ دەستێکی غەیبی لە ئاسمانەوە شۆڕبێتەوە و براوەی ئەو یاری شەترەنجە بێ؟

پ. د. عەباس وەلی باس لەو چەمکانە دەکات و هەوڵی ورووژاندنی بابەتیانەی گرفتەکان دەدات.

**گرفتی ئابووری دەتوانێ تەنگژەی گەورەی سیاسی دروست بکات**

✱ گرفتی سەرەکی گۆڕان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چییە؟ بەچی دەڵێی گۆڕان و چ پێناسەیەکتان بۆ گۆڕان هەیە؟

– بە باوەڕی من، ئەگەر مەبەست گۆڕانی کۆمەڵایەتی بێ، یان مەبەست گۆڕانی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کورد بێ، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو بنەمایانە کە لە پێشدا هەبوون، ئەوانە وردە وردە هێز و توانایی خۆیان لەدەست دەدەن و لە جێگەی ئەوان شتی نوێ و تازە بێ و جێگەی ئەوان بگرێتەوە. دیارە ئەوە بەشێوەیەکی گشتییە. ئایا مەبەستمان گۆڕینی ستراکتۆری کۆمەڵگایە؟ ئایا گۆڕانەکە بە ئامانج و بە قازانجی کۆمەڵگایە؟ ئایا کاتێک بنەما نەریتییەکانی کۆمەڵگا پاشەکشە دەکەن، کۆمەڵگا بەرەو مۆدێرن بوون و پێشکەوتن هەنگاو دەنێ، یان نا؟

چەندین بۆچوون و ڕوانگە لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەیە، یەکێک لەوانە کە بە بڕوای من لەڕاستییەوە نزیکە ئەوەیە کە ئێمە هەموو کات دەبێ بەرەو ئەوە بچین کە دەڵێ بیناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە لەسەرخۆ دەتوێتەوە و لە جێگەی ئەو سیستمی جێگرەوە کە لەسەرەخۆ سەردەکەوێ و گەشە دەکات. هەرچی ئەو زۆرتر دەتوێتەوە و لاواز دەبێ، ئەو زۆرتر سەردەکەوێ و بەهێز دەبێ، بەڵام ئەو بۆچوونە گرینگی و بایەخی خۆی هەیە کە دەتوانێ لەناوچوونی سیستمی نەریتی و لەدایک بوونی سیستمی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە پرۆسەیەکی هاوکاتدا ببینێ، ئەو پرۆسەیە کە پێی دەڵێن پرۆسەی (دایاکرۆنیک)یانی هەردووکیان یەک پرۆسەن، دوو پرۆسەی لەیەکتر جیاواز نین، جیاوازی ئەو سیستمە لەگەڵ سیستمەکانی دیکە ئەوەیە کە سیستمەکانی دیکە دوو پرۆسەن و لەدوو کاتی جیاواز دان، بەڵام لەو سیستمەدا هەردوو پرۆسەکە لە یەک پرۆسە و لەکاتێکدا دێنە ئاراوە، ئەوەیان لاواز دەبێ و دەتوێتەوە و ئەوە بەهێز دەبێ و دەسەڵات پەیدا دەکات. بایەخی ئەو سیستمە لەوەدایە کە دەریدەخات و بۆمانی ڕوون دەکاتەوە کە قەت بەتەواوی سیستمێک لەناو ناچێ، یان هەموو شوێن و کەلەبەرێک ناگرێتەوە. ئەوانە بەشێوەی دوو جووڵە لە پرۆسەیەکی لەباری کات و مێژووەوە یەکگرتوون، دەزانین کە نەریت لەگەڵ مۆدێرن لەچوارچێوەیەکدا دەمێنێتەوە، تێکەڵ دەبن، ئەوە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا وایە، بەڵام ئایا لە تێکەڵ بوونی ئەو دوو پرۆسەیەدا چ سیستمێک دروست دەبێ؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە چ ستراکتۆرێکی فەرهەنگی و سیاسیدا ئەو دوو پرۆسەیەک تێکەڵ دەبن و بە یەکتر دەگەن. لە کوردستاندا ئەو جۆرەی کە من دەیبینم، بەشی زۆری گۆڕانکارییەکان لەچوارچێوەیەکی ئابووریدا فۆرم دەگرێ. حکوومەت و ئەندامانی حکوومەت سوورن لەسەر ئەوەی کە کوردستان دەبێ لە باری ئابوورییەوە بچێتە پێشەوە. دیارە ئەوان مانا و تێگەیشتنێکی تایبەتیان لەگۆڕان هەیە و زۆر پێداگر نین لەسەر ئاڵوگۆڕی سیاسی و فەرهەنگی، چونکە حکوومەت گرینگی بەلایەنی ئابووری دەدا و کەمتر بایەخ بەلایەنی گۆڕانی سیاسی و فەرهەنگی دەدات. من وای بۆ دەچم کە لەکوردستاندا تا ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ پرۆسەی مۆدێرن لەژێر کاریگەری سونەت و نەریتدا دەمێنێتەوە، بۆیە من ئەو جۆرەی دەبینم کە ئاڵوگۆڕی کوردستان پێداگری لەسەر لایەک هەیە و لایەکەی دیکەی زۆر بە هێند وەرنەگرتووە و ئاڵوگۆڕێکی تاک ڕەهەندانەیە و ڕەهەندەکانی دیکە تا ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری نەریتدا دەمێنێتەوە.

✱ ڕۆڵی تاک لەو گۆڕانانەدا تا چەندەیە؟ کاتێک دەڵێین لەو پرۆسەیەدا نەریت و مۆدێرن هاوکات پێکەوە جێگۆڕکێ دەکەن، تاک لەو جێگۆڕکێیەدا لەکوێ خۆی دەبینێتەوە؟

– بە باوەری من تاک کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر گۆڕان هەیە، بەڵام ئیمکانات بۆ گەشە و کامڵ بوونی تاک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چ بەستێن و هەلومەرجێک بۆ تاک ئامادەکراوە. بە باوەری من تاک لێرەدا دەبێ لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی بنەڕەتی لەنێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستمی سیاسیدا تێبگات، ئەو پێوەندییانە لە ڕوانگەی تیۆرییەوە لەسەر مافەکان و شتە بنەڕەتییەکان و تایبەتمەندێتییەکانی هاووڵاتی دروست دەبێ. بە بڕوای من لێرە داکۆکییەکی زیاتر لەسەر ڕەهەندەکانی دیموکراتیکی هاووڵاتێتی هەیە. ئەوەندەی کە دەبێ

داکـۆکی لەسـەر لایەنەکـان و ڕەهەندەکـانی لیـبـراڵی هاووڵاتیـتی هەبێ کە لێرە نابینرێت. بەباوەڕی من ئەوە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لێرە فیکری ڕیفۆرمی سیاسی لاوازە، فیکری ڕیفۆرم زۆرتر پێداگری لەسەر کۆمەڵگا و کێشە ئابوورییەکان دەکات. دیارە ئەمە زۆر زۆر باشە، بەڵام دەبێ هاوکات پێداگری لەسەر ڕیفۆرمی سیاسی و فەرهەنگیش بکرێ. ئەو ڕیفۆرمی سیاسی و فەرهەنگییە کە من پێداگری لەسەر دەکەم دەتوانێ ئیمکانیاتێکی زیاتر بۆ گەشەکردنی ڕەهەندەکانی لیبراڵی هاووڵاتیێتی دروست بکات.

ئێمە دەڵێین مافی مرۆڤ لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی سیاسی و ئازادییەکانی هەلومەرجی ئەو مافە و ئیمکانیاتی ئەوەی ئەو مافە چۆن دەستەبەر دەکرێ و بپارێزرێ و ئەوانە، لەو پێوەندییەدا بە بڕوای من لەکوردستاندا ئیشێکی زۆر نەکراوە. ئێستا لەکوردستاندا ماف وەکو (سابجێکتێک) یانی سوژەی بنەڕەتی سیاسەتێکی گۆڕانکاری و مەدەنی و فەرهەنگی و سیاسی هێشتا جێگەی خۆی نەگرتووە. ئەو مافانە کە دەبێ بەتاک بدرێ، نەدراوە. ئێستاش دەبینین بەشێکی زۆر لەو قسانەی کە دەکرێ لەچوارچێوەی حزبەکان و پارتە سیاسییەکاندا خۆیان دەبینەوە.

* بە بۆچوونی ئێوە تاکی کورد وەکو پێویست ئەو هۆشیارییەی بۆ گۆڕان هەیە؟ ئێمە دەبینین لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو هەلومەرجەی کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە گەلێک تاریک و ئەستەمە، بەڵام کەسانێکی وەکو ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر و کەسانێکی دیکە هەوڵ دەدەن بۆ گۆڕانی کۆمەڵگای خۆیان، ئایا لە قۆناغی ئێستاماندا ویستی گۆڕان لەلای تاکی کورد دەبینی، یان ئەم ویستە پرۆسەیەکە بەدەست دەسەڵاتەوە؟

– دیارە تاکی کورد پەروەردەی دەستی ئەو هەلومەرجەیە کە تێیدا دەژی و تێیدا فیکر دەکاتەوە و تێیدا کار دەکات. ئەگەر ئەو هەلومەرجە نەگۆڕێ، ئەگەر ئەو تاکە ویستی گۆڕانیشی هەبێ زەحمەتە ئەو کارە بکات. بەبڕوای من دەبێ بایەخێکی زۆر بەپێوەندییەکان بدرێ، ئەمەش بەئاڵوگۆڕی و گۆڕانکاری لەپێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە چوارچێوەی فیکری تاک لە کۆمەڵگادا دیاری دەکات. کاتێک باسی سیاسەت و ماف دەکەین، دەبێ لەکوردستان باس لە یاسا بکەین ئێستاش بەشێکی زۆر لە یاساکان هی سەردەمی بەعسە، ئەو یاسایانە دەبێ بگۆڕرێ. یاسا چوارچێوەی فیکری و کاری تاک دەست نیشان دەکات. ئەوە خاڵێک، خاڵی دووەم ئەوەیە کە دەبێ لەچوارچێوە کۆمەڵگا گرینگییەکی زۆر بدرێ بەوەی جێگەیەکی نوێ بەتاک بدەین لەبەر ئەوە ئەو پێوەندییەی تاک لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی لەچوارچێوەیەکی یاسایی نوێدا فۆرمولە بکرێت. بەو مانایەی کە دەسەڵاتی سیاسی هەندێک لەمافەکانی تاک بەڕەسمی بناسێ کە تا ئێستا نەناسراوە، هەندێکی دیکەش ئەوەیە ئیمکاناتێک بۆ ڕیفۆرم بێتە پێشێ تا تاک بتوانێ بە مانای خۆی بێ و ئەوەی تووشی لێپرسینەوە ببێ، چارەنووسی خۆی دیاری بکات. لەبەر ئەوە من پێم وایە لە کوردستان ئاڵوگۆڕێکی یاسایی پێویستە. ئەو یاسایانەی سەردەمی بەعس دەبێ بگۆڕرێ. یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ڕیفۆرمی سیاسی کە من باسی دەکەم ئەوەیە کە سستمی سیاسی کوردستان لە ڕادەبەدەر (سێنترەلایز) کراوە. لەو سستمە (سێنترەلایز)دا تاک زۆر جێگای نییە. مافەکانی تاک زۆر جێگایان نییە، کە مافەکانی لیبراڵییە، دیموکراتییە، یان (ئیندیویدوالیزم)، یان (تاک گەرایی) دیار نییە. جا لەبەر ئەوە پێویستە سستمی سیاسی ئێرە تاڕادەیەکی زۆر لەو (ناوەندێتی)یە بێتە دەرێ.

* بە دەر لە پێویستی و پێداویستی ڕۆژانەی ژیان وەکو (ئاو و کارەبا و نەوت و ...تاد) ویستی تاکی کورد لەوڕۆکەدا چییە؟

– ئەوەندەی من ئاگاداربم تاک متمانەی بەخۆی نییە، لەبەر ئەوەی متمانەی بە یەکسانی سستمەکە نییە. باوەڕی بەوە نییە کە ڕژێمەکە ئەو یەکسانییەی تاک پێویستی پێیەتی بۆ دابین کردنی داخوازییەکانی لەبەرچاوی دەگرێ. تاکی کوردی چاودێرە بەسەر بارودۆخی کۆمەڵگا و دەبینێ جیاوازی هەیە و ناڕەحەتە، ئەو ئامانجانەی کە پێی ناگات ناڕەحەتی دەکات، بۆیە کە تاکی کوردی لە دڵەوە دەدوێ، بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەی هەیە و دڵی پڕە لە گلەیی. ئەو بۆچوونە ڕەخنەگرانەیە کە دەبیستی و پێی دەڵێی باشە تۆ بۆ ئەو بۆچوونانەت نانووسی و بڵاوی ناکەیەوە، دەبینی ئەو متمانەیەی کە دەبێ بەخۆی و بە سستمی هەبێ نییەتی. بۆچی نییەتی؟ بە باوەڕی من ئەو شتانەی کە دیوێتی و هەستی

پێکردووە و ئەو شتانەی کە زانیویەتی و بیستوویەتی بوونەتە هۆی ئەوەی باوەڕی بە یەکسانی و دادپەروەری نیزامەکە نەمێنێ. کاتێک تاک ئاوای لێ دێ ئەو مەترسییە دروست دەبێ کە بەکۆبوونەوەی ئەو هەستە، لە درێژخایەندا شەرعییەتی ئەو سستمە سیاسییە بێتە ژێر پرسیار، بۆیە من پێداگری دەکەم کە ئەو گۆڕانە لەبەرژەوەندی دەسەڵات دایە. ئیمکانیاتێک فەراهەم دەکات کە تاکی کوردی متمانە بەخۆی پەیدابکات تا بتوانێ لەو ئازادیانەی لەو کۆمەڵگایەدا هەیە سوود وەرگرێ. ئەگەر لە سستمی کۆمەڵایەتیدا ریفۆرم بکرێ، ئەوکات زۆر زیاتر پێویستیی ریفۆرمی سیاسی و فەرهەنگی هەست پێدەکرێت. دەبێ تا ئەو جێگایەی دەکرێ لەلایەنە ئیداری و سیاسییەکاندا لە ناوەندایەتی کەم بکرێتەوە، نەبوونی ئەو ناوەندایەتییە پێوەندییەکانی سیاسی و فەرهەنگی دێنێتە ئارا کە دەتوانێ ببێتە هۆی گەشەکردنی تاک و هەستی تاکایەتی. ئەمن ئەو رێفۆرمە سیاسییەم پێ بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەی ئەو مافە دیموکراتیک و لیبراڵییەی کە لە کوردستان بەرێوە دەبرێ، دەبێ لەو ئاستەدا متمانەی بە دەسەڵات هەبێ کە خەڵک متمانە بەوە بکات ئەوان دەتوانن ببنە ئامرازێک بۆ باشترکردنی ژیانی خۆیان.

* هەنووکە لە باشووری کوردستان تاک دەتوانێ تارادەیەکی زۆر دەنگی بەجیهان بگەیەنێ، بە ئاوڕدانەوە بۆ رابردووی کۆمەڵگاش دەگەین بە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی دیکتاتۆری سەدام حوسێن و حیزبی بەعس کە هەموان دەزانین چی بەسەر کورد هێناوە، بەڵام ئێستا دیاردەیەکی سەیر سەری هەڵداوە ئەویش ئاوات بۆ رابردوو خواستنە، ئەو پارادۆکسە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

– ئەوە جێگەی گومان نییە کە دەسەڵاتی ئێستا لە کوردستان لەگەڵ رژێمی پێشوو لە هیچ بارێکەوە بەراورد ناکرێت. ئەوە حاشا هەڵنەگرە لە کوردستان ئازادی رادەربڕین و ئازادی لیبرالیک، بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگا هەیە. کە لەسەردەمی بەعسدا شتی وا نەبوو، بەڵام ئەو ئاوات خواستنە بۆ رابردووئەوە شتێکی تایبەتییە، بەڵام شتێکی گشتیشە لە زۆر کاتدا کە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دێتە پێشێ.

* لەنێو کورد دا پەندێکی کۆن هەیە دەڵێ «ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار»

– بەڵێ لەبەر ئەوەیە لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا هێندێک پێوەندی و هێندێک سستم و بناغە و ستراکتۆر هەن ئەگەر لە ناویش نەچن، هەڵدەتەکێن و گۆڕانەکەش بەخێراییە، ئەگەر ئەوانە لەنێو بچن، یان گۆڕانێکی قووڵیان بەسەردا بێ، ئەوە ئەو ستراکتۆر و ئەو پێوەندییانە کە دەبێ بێنە جێگەی ئەوان هێشتا دروست نەکراون ئەو بۆشاییە دێتە پێشێ، کە زۆرتر بە شێوەی بێ نەزمی و بێ یاسایی خۆی نیشان دەدات. کاتێک ئەو حاڵەتە دێتە پێشێ لەوانەیە کۆمەڵێک کەس بەقەولی ئێوە بڵێن «خۆزگەم بەپار»، بەڵام ئەوە دەبێ پێشی پێ بگیرێ، بەو حاڵەتە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ تاک تێبگەیەنێ کە ئەوە شتێکی کاتییە و ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین. دەبێ لە هەلومەرجی ئاوادا کە ئێستا بەکۆمەڵگای کوردی دەڵێن کۆمەڵگەی «ترانزیشنال» یان «ترازیتۆری» یانی ئەوەی کە لە حاڵەتی گواستنەوەدایە. لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا سستەمی دەسەڵات دەبێ خەڵک سیاسی پەروەردە بکات. کە هەستی سیاسی و ئاستی تێگەیشتنی بچێتە سەرێ و دەرک بەکاتی تێپەڕینی کۆمەڵگا بکەن و لە گۆڕانکارییەکاندا بەشداربن. جێگۆڕکێی دوو سستمی سیاسی کاتی دەوێ و تاکی کوردی دەبێ هێندە ئاستی هۆشیاری سیاسی بەرز بێ کە مەشروعییەتی دەسکەوتی چەند ساڵەی خۆی نەهێنێتە ژێر پرسیارەوە.

### لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیکدا، بە بێ گۆڕانی سستمی پەروەردە هیچ شتێک سەرناگرێ

* سەرەڕای بوونی بنەماکانی گۆڕان، کەچی دەبینین گۆڕانەکان زۆرتر رواڵەتین و گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی زۆر بە شێنەیی و لەسەرخۆ بەرێوە دەچن، هۆی ئەو لەسەرەخۆ بەرێوەچوونە چییە؟ بۆچی گۆڕانەکان زۆرتر لە رواڵەتدا گیریان خواردووە؟

– ئەوە راستە و باشی بۆچووی، پێشتریش لەچاوپێکەوتنێکی دیکەدا گوتم یەکێک لە کەموکورییەکانی گۆڕانکارییەکان لە کوردستاندا ئەوەیە

که لێره گۆڕانکارییەکان بەدوای مەنتیقێکی سیاسیدا دەڕۆن. ئەو مەنتیقە سیاسییەی کە زۆرکاتییە و درێژخایەن بیر ناکەنەوە. ئەگەر پلانیش هەیە ئەو پلانە له پێشدا دابین نەکراوە، یان ئامانجەکانی درێژخایەن نییە. دەبینی سامانێکی زۆر دەچێتە خزمەت دروست کردنی بینایەک، بەڵام دەبێ لەپاڵ ئەوەشدا سامان و پارەیەکی زۆرتر بچێتە خزمەت وەگەڕخستنەوە و پێش خستنی بواری کشتوکاڵەوە، یان دەبێ پارەیەکی زۆر بچێتە خزمەت دابین کردن و دروست کردنی کارو ئیش بۆ گەنجان و لاوانەوە. دەبێ پارەیەکی زۆر بچێتە خزمەت ئاڵوگۆڕی سستمی خوێندن و فێربوونەوە. ئەوانە و زۆر شتی دیکە پێویستیان بەریفۆرمێکی زۆر بنەڕەتی هەیە. ئەمڕۆ دەبێ زۆرتر گرینگی و بایەخ بە ژیانی لاوان بدرێ، دەبێ سامان و پارەیەک بۆ هێندێک پیشەسازی سووکەکەڵە دابنرێت، ستراکتۆری ئێره پیشەسازی قورس هەڵناگرێ و لەوانەیە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە قازانجیشمان نەبێ، ئەو شتانە لێره بە پیشەسازی قورس دروستی بکەین لەوانەیە بە هەرزانتر لەدەرەوە بیانکڕین، بەڵام پیشەسازی سووکەکەڵە لێرە زۆر پێویستە، ماست و پەنیر و زۆر شتی وردی دیکە نابێ لە وڵاتە دراوسێکانەوە بۆمان بن. کەچی دەبینی خاوەن پارەکانمان دەچن هۆتێل دروست دەکەن، یان ڕێستوران دروست دەکەن، سوپەرمارکێت دروست دەکەن، ئەوانە باشن ناڵێم خراپن، بەڵام تۆ دەبێ پارە لەشتێک سەرف بکەی کە لەدرێژ خایەندا پشتیوانی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی تۆ بێ، بۆیە سەرمایەیەکی زۆر دەبێ لە پیشەسازی سووکەکەڵە و نیوە قورسدا بەکاربهێنرێت. ئابووری ئێره دەستی بە گەرم داهاتن کردووە، چونکە سستمی ئابووری ئێره توانایی تواندنەوەی ئەو هەموو پارەیەی نییە. زۆرجار دیوتە لە هەوای گەرمدا ئۆتۆمبێل گەرمدا دێ، سستمی ئابووری ئێرەش ئەوەی بەسەرهاتووە، بۆیە گرفت بۆ سستمەکە دروست دەبێ و گرانی دروست دەبێ. سەیری بارودۆخی ژیانی خەڵکی هەولێر بکە، چاو لەنرخی خانوو لە هەولێر بکە، یان نرخی پێڵاو و جلوبەرگ و هەر هەموو شتێک، ئەوانە بەراورد بکە لەگەڵ داهاتی خەڵکی. بیرکردنەوەی بەڕێوەبەرانی ئابووری کوردستان بیرکردنەوەیەکی بە (باڵانس)، یان بڵێین هاوسەنگ نییە، کە بیر لەوە بکاتەوە باڵانسێک بێنێتە پێشێ کە لەتەنگەژەیەکی سیاسیدا بەهانای خەڵکەوە بێ و گرفتی ئابووری گەورە نەیەتە پێشێ، چونکە گرفتی ئابووری دەتوانێ تەنگەژەی گەورەی سیاسی دروست بکات.

*** ئایا ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای کوردی لەنێوەوە بۆ دەرەوەیە، یان بەپێچەوانەوەیە، ڕۆڵی دەسەڵات لە گۆڕانەکاندا تا چەندەیە؟**

- بە باوەڕی من دەسەڵات لە هیچ کوێی دنیادا یەکگرتوو نییە. بەشێکی مۆدێرنە و مۆدێرنانە بیردەکاتەوە. ئەو بەشە دەیەوێ پرۆژەی مۆدێرن لەکوردستان بنیاد بنێ، بەڵام بەشێکی دیکەی دەسەڵاتی سیاسی ئاوا بیرناکاتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە چۆن لەو هەلومەرج و ئیمکانیاتەی ئێستا هاتۆتە پێشێ سوود وەرگرێ بۆ دامەزراندنی هەژموونی خۆی، من باسی ئەو لایەنە ناکەم، باسی ئەو لایەنە دەکەم کە بیرکردنەوەیەکی مۆدێرنی هەیە و دەبێ سستمێکی مۆدێرن دامەزرێنێ. بە باوەڕی من ویستی گۆڕان لەلای دەسەڵات هەیە، بەڵام ئەو زانستە چ زانستی کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی، یان زانستی سیاسی، یان تەکنۆلۆژیای ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بۆ بەرنامە داڕشتنێکی مۆدێرن پێویستە لە زەمەنێکی درێژ خایەندا، بە بڕوای من ئەمە لێرە زۆر کەمە. بە بڕوای من گەورەترین گرفتی ئێستا نەبوونی کادیری زانایە.

ئینجا ئەمە زانایی تەکنۆلۆژیایی، یان ئیداری، یان کۆمەڵایەتی، یان.. تاد، بۆیە سەرنج دەدەین و دەبینین کۆمپانیاکانی تورکی و ئێرانی کە دێنە ئێرە ئەوانە تەنانەت کرێکارەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیان دێنن. واتە ئەوان کەلوپەل دێنن، کەرەستەی ئیش کردن دێنن، کرێکار و تەکنیسەن دێنن، کەوایە ئەوەی لەو وڵاتە دەیبەنە دەرێ پارەیەکی خالس و تەواوە و هیچ لێرە مەسرەف ناکەن. بۆیە پرۆژەی ئاوا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئابووری ئێرە نابێ، چونکە سەدی نەوەدی پارەکە دەبەنە دەرێ. سستمەکە وانییە ئەوانە ناچار بکات لانی کەمی سەدی چلی پارەکە لێرە خەرج بکەنەوە. بۆیە دەبێ حکوومەت کارێک بکات ئەو حاڵەتە بگۆڕدرێ. دیسان کەچاولێدەکەین بەشێکی زۆری پرۆژەکان پرۆژەی پرستیژییە، یان زۆربەی پرۆژەکان کاریگەری دوو، سێ مانگەی هەیە و درێژخایەن نین. ویستی گۆڕان لێرە

هەیە، بیرکردنەوەیەکی مۆدێرنیش لە بەشێک لە حکوومەتدا دەبینرێ نەک لە هەموویدا، بەڵام شتە لوجستیکەکان کە کادیری زانا و شارەزا و پسپۆڕ بێ بوونی نییە.

بەباوەڕی من بازاڕی ئێرە، بازاڕێکە لەسەر بنەمایەکی زانستی و یاسایی دانەمەزراوە. لەلایەکی دیکەوە سستمی ماڵیات (باج- زەریبە) بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بوونی نییە، بۆیە ئەو کۆمپانیایانەی دێنە ئێرە زۆر سوود وەربگرن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕوو بکەنە ئێرە، بەڵام دێنە ئێرە چونکە ئێمە ستراکتۆرێکی زانستی و باج و ماڵی باشمان نییە کە بتوانین وایان لێ بکەین کە ئەوانە بەشێک لە پارەکەیان لێرە خەرج بکەن و گۆڕانکاری لە بازاڕەکانماندا دروست بکات، بۆیە هەمووی بۆ ئەوان قازانجە. بازاڕی ئێرە پێویستی بەچوار چێوەیەکی یاسایی نوێ هەیە کە لەسەر بنەمای مۆدێرن بۆی دابنرێت. دیارە پێویست ناکات یاساکە بەربەستی بەردەمی بازرگانەکان بێ، بەڵکو پێویستە یاساکە دابنرێ بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی ئوسووڵی و ئەقڵانی بە بازاڕەکەمان بدرێت. ئەو ئوسووڵە لە ئیشی ئابووریدا دەبێ هەبێ و دەبێ بەسەرکارەکاندا چاودێر بێ. بازاڕی ئێرە دەتوانێ پاڵنەرێکی گەورەبێ بۆ کۆمپانیا گەورەکان، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا هیچ کاریگەرییەکی باشی لەسەر کوردستان نابێ و بنەڕەتی نییە.

***** خاڵە لاواز و بەهێزەکانی گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ ڕوحییەتی گۆڕان لە شوناسی کورددا چ پێگەیەکی هەیە؟

- بە باوەڕی من زۆر کەم، ئەوەی کە لە ئەقڵانیەتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کورد دا دەبینرێ، زۆر کەمە. فەرهەنگی سیاسی و فەرهەنگی ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی کوردستان زۆر پارێزکارە. حەز کردن لە گۆڕان کەمە، بەردەوام بۆچوونێکی یەکجار نالەباری هەیە. ئێستا ئەو هەڵوێستانەی کە لەسەر دامەزراندنی زانکۆی کوردستان دەکرێ، زانکۆیەک کە دەیەوێ سستمێکی مۆدێرن دامەزرێنێ بەردەوام دژایەتی لەگەڵ دەکرێ.. بۆ؟ چونکە زانکۆیەکی نوێ و مۆدێرنە و نازانن چۆن لەبەرامبەریدا بجووڵێنەوە. ئەقڵانیەتی کوردی پارێزکارییەکی زۆر قووڵی بەرانبەر بەگۆڕان بەگشتی هەیە. کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ هەڵوێستێکی دروست لەسەر ڕیفۆرم و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بگرێ، تا ئەو هەڵوێستە بەخۆی ببێتە ئامرازێک بۆ گەشەپێدان بەو جووڵەیە. لەبەر ئەوە بە بڕوای من یەکێک لە کار بنەڕەتییەکان کە دەبێ لەکوردستاندا بکرێ، دەبێ لاوان سەرمایەیان بۆ تەرخان بکرێ، دەبێ سستمی خوێندن و فێرکردن گۆڕانی بەسەردابێ، دەبێ سستمی خوێندنی باڵا ئاڵوگۆڕییەکی قووڵی بەسەردابێ، تاکو بە یارمەتی لاوان ئەو هێزە پارێزکارە هێدی هێدی لاواز بکرێ و بگەینە ئاستێک کە لە شتی نوێ و لە گۆڕان نەسڵەمێینەوە.

***** دەمەوێ بەراوردێکی ڕۆحییەتی کوردی لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا بکەی؟

- دیارە ڕوحییەتەکە لەچاو ڕابردوو گۆڕاوە و فەرقی کردووە، بەڵام هێشتا کەمە، ڕژێمی بەعس بۆ ماوەی سی- چل ساڵ لەباشووری کوردستان هەژموونی هەبووە و کاریگەریی خراپی لەسەر شوناسی تاکی کورد داناوە و ئێستاش کاریگەرییەکە هەر دیارە و دەبینرێ. بەشێکی زۆر لەخەڵک لێرە هەڵاتن چوونە دەرێ، شەڕی دوور و درێژ هەبووە و زۆرکەس کوژراوە، کاریگەریی ئەو شەڕانە ئەوە بووە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەنێو بردووە و ئەوانە هەموو لەسەر ڕوحییەتی کورد دەوری هەبووە. ئەوانەی خۆیان گەیاندە دەرەوە، لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا بوون، نەیانتوانییە ببنە بنچینەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و ئەوانە لە نیویۆرک و پاریس و لەندەن دانیشتوون، بەڵام مێتالیزەکەیان هەر منێتالیزەی کورد ماوەتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەوان ناتوانن لێرە بەتەواوی دابڕێن ئەوەیە کە سەتەلایەتە کوردییەکان کولتووری ئێرەیان بۆ ڕادەگوازن و ئەوان بەتەواوی تێکەڵ بەخەڵک و کولتووری ئەوێ نابن، بۆیە تاکی کوردی قەت نەیتوانییوە پێوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ کۆمەڵگای ئەورووپایی دامەزرێنێ و بەگەڕانەوەی ئەو تاکانە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوان ناتوانن ببنە هۆکاری گۆڕانکاری. بۆ وێنە ئێستا لە لەندەن، یان ستۆکهۆڵم هەروەکو هەولێر و سلێمانی کوشتنی نامووس باوی هەیە. زۆر تاکی کورد هەیە چل ساڵە لە ئەورووپایە، بەڵام تێڕوانینی بۆ باسە کولتووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان هەروەک تاکێکی ئاسایی کوردستانە و نەگۆڕاوە، بۆیە تەنانەت ئەو کوردانەی کە لەدەرەوەشن ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ،

ئەگەر ئێمە لێرە بتوانین کۆمەڵگاکەمان بگۆڕین.

* ناشیرین دیتنی نوێخوازان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا لە هەمـوو بوارەکـاندا دەبینرێ، بە بڕوای ئێـوە ئەوە بۆ ئینتیما بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، یان ترسە لە داهاتوو؟

– بە باوەڕی من هەردووکیانە. ڕابردوو هەموو کات ئیمتیحانی خۆی داوە، ئەوکەسانە بە فیکری خۆیان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن. داهاتووش ڕوون نییە، هەموو کاتیش مرۆڤ لەنادیاری دەترسێ، بەڵام لێرە دەبێ ئاماژە بە دۆخی کۆمەڵگای کوردی بکەین. ئەوەی کە دەڵێی ئینتیمایان بۆ ڕابردوو هەیە و لە داهاتوو دەترسن، ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چینی ناوەندییە کە سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەگرتووە، چونکە جێگیر نییە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە لە شوێنی خۆی سەقامگیر بێ، بەڵام لەشتی نوێ و مۆدێرن دەترسێ، ئەو شتانەی کە دەسەڵاتی ئەو تێک بدا و بیرووخێنێ نایەوێ. ئەگەر بتەوێ لەو مەنتیقە بگەی کە بۆچی لە داهاتوو دەترسن و خۆزگە بۆ ڕابردوو دەخوازن دەبێ تایبەتمەندی چینی ناوەندی کوردستان بزانی، بەتایبەتی من ئەوە لەمەڕ (ئەنتلیجنسیای) کورددا دەبینم (ئەنتلیجنسیای) کورد تا بیەوێ پێناسەی مۆدێرنیتە بکات ئەو کۆنسێرواتیزمەی تێدایە، تەنانەت ئەوکاتەی بەسەر مۆدێرنەدا هەڵدەڵێ ئەو کۆنسێرواتیزمە دەبینرێ.

* کۆمەڵناسان بۆچی تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو دەورەی کە دەبێ لەکۆمەڵگای کوردیدا بگێڕن، ببینن؟

– کۆمەڵناسی، یان سیاسەت و ئابووری لێرە ئەو پێناسە زانستییەی کە دەبێ هەیبێ پەیدای نەکردووە، لەبەر ئەوەی هێشتا ئامانجی خۆیان پەیدا نەکردووە و هێشتا سەرلێشێواون و دەیانەوێ خۆیان دابمەزرێنن. ئەوکاتەی خۆی دامەزراند چاو لە دەرەوە دەکات بزانێ دەرەوە چۆنە و دەبێ چی بکرێت؟ کۆمەڵناسی لێرە وەک سستمێکی فیکری و زانستی هێشتا بناغەی بۆ دانەمەزراوە، دەبێ دابمەزرێ و هەرکات دامەزرا ئەوکات دەتوانێ ببێتە هۆکاری گۆڕان. ئەوەی کە بۆچی کۆمەڵناسی بەتایبەت ئەوەی پێی دەڵێین (زانستی کۆمەڵناسی) بۆچی لێرە جێگیر نییە و ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێ بە بڕوای من دیسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لێرە واتە لە کوردستان کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر لاواز بووە و زاڵبوونی سیاسی دژە کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر بەهێز بوو. بەشی کۆمەڵناسی، یان سیاسەت، یان زۆربەی بەشەکانی دیکە کە لەژێر چاودێری بەعس دامەزراون بەپێی هەلومەرجی دامەزرانییان نەیانتوانیوە دەوریان هەبێ. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە زانستانە ئەوەیە کە دەبێ ئازادی هەبێ، دەبێ ئازادی فیکری و نووسین و لێکۆڵینەوە هەبێ. جا ئەوە لەکوردستان نەبووە. بۆیە ناتوانین بڵێین هەموو کەم کارییەکە بۆ کۆمەڵناسان دەگەڕێتەوە، ڕاستە کەم کار کراوە، بەڵام هەلومەرجیش دەوردەبینێ. لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیکتاتۆری سیاسی زۆر بەسەر ئەو زانستانەدا بالادەست بوون. دیارە ئێستا ڕژێمی بەعس نەماوە و ئەو بەشانەش لێرە هەن، بەڵام کاریگەری و کولتووری بەعس بەسەر زانکۆکانەوە هێشتا ماوە. کاریگەری بەعس لە سستمی یاساییدا زۆر ماوە، هەروەها ئیمکانیاتی گۆڕان لەبەردەستی کۆمەڵناساندا نییە بۆ ئەوەی مرۆڤی ڕەخنەگر بخولقێنن، ئەوەندی من بزانم (سابجێکتێک) بەناوی کۆمەڵناسی نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە تایبەتییەی خۆی بگێڕێ. هەروەها زانستی سیاسەتیش هەر بەو شێوەیە بووە. کەم کارییەکە لەجێگەی خۆیەتی و من ئەوە قبووڵ دەکەم، بەڵام مێژووی ئەو (سابجێکتانە)ش ئەگەر تەماشا بکەی و بزانی لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا چییان بەسەر هاتووە، ئەوسا دەزانی کە ئەوە هۆکاری سەرەکییە بۆ دواکەوتنمان، ئێستاکە ئەو سستمە نەماوە، بەڵام ئەگەر هەروا درێژە بدرێ تاوانەکە لەخۆمانە. لە کەشوهەوایەکی دیموکراتیکدا بەبێ گۆڕانی سستمی پەروەردە هیچ شتێک سەرناگرێ.

* باس لە تێپەڕینی کۆمەڵگای کوردی دەکەی، گەشەی ئابووریش لێرە دەبینرێت، لەپاڵ ئەوەشدا سستمێکی باوکسالارانە لە کوردستاندا حاکمە، بە بڕوای ئێوە ئەو گۆڕانکارییانەی کوردستاندا دەگرێتەوە چۆن لەگەڵ ئەو فاکتەرانە هەڵسووکەوت دەکات؟

– باشتر وایە بڵێین کوردستان بەرەو مۆدێرنیزم دەڕوات، ئەو مۆدێرنیزمە دەیانەوێ ژێرخانێکی ئابووری نوێ بۆ ئێرە دروست بکەن و ئەو ژێرخانە گەشە بکات و هاوکات مۆدێرنیزم ئایدۆلۆژیاش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام مۆدێرنیتە لەگەڵ ئەوە جیاوازی هەیە. مۆدێرنیتە هەم فیکرێکە و هەم ئەو جۆرەی فوکو دەڵێ بۆچوونێکە ئەو بۆچوونە دەبێ مۆدێرن بێ. بۆچوونی مۆدێرن لەکوردستاندا

کــەمــە، بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەمـــان هەبێ ئەگـــەر ئاڵوگۆڕییەکی بنەڕەتی لەژێرخانی بنەڕەتی ئێرەدا بکرێ و لەباری کـۆمــەڵایەتیــشــەوە ئیــشی بۆ بکرێ و بـگۆڕێ. ســـســـتــمی (پاتریاکی)، یان باوکـــســـالاری هەروا دەمێنێتەوە. لەوانەیە شل ببێتەوە، بەڵام هەر دەمێنێتەوە و لەناو ناچێ، چونکە ئەو ســـســتــمــە وا دانەمــەزراوە بەگۆڕانێکی دە ساڵە بگۆڕێ. ئەوە سستمێکە کە ڕیشەی لە خێزانی کوردەواریدا هەیە و ڕیشە لەکولتووری کوردیدا هەیە و بۆ گۆڕان لەو بەشەدا زۆری کات دەوێ. سستمی باوکـسـالاری تاڕادەیەکی زۆر بێ زەمــەنە. لەکـۆمـەڵـگا نەریـتـیـیـەکـاندا جـێگیـرەو زۆر کـەس دەڵێن ئەوە بەر لەکاپیـتالیـزمە، کۆمەڵێک دەڵێن ئەوە پێوەندی لەگەڵ ئاییندا هەیە، کـەسـانێک دەڵێن ئەوە پێـوەندی لەگـەڵ عـەشیـرەتگەری هەیە. هەرچی بێ بەو جۆرە ئاڵـوگـۆڕانە ئەو ســـســتــمــە وا بە ئاسـانی لاناچێ، ئەو پەڕەکـەی چوارچێوە دەگـۆڕێ و فـۆرمێکی نوێ دەگـرێت. بۆ وێنە لەکـوردســتــاندا ئەو ئاڵوگـۆڕە ســیــاســیــیــەی دەکـرێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر سستمی خێزانی دانەناوە. بۆ وێنە ژن هەرچەندە لە کارەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێ لەوانەیە سەد پیاوی لەبەردەست دابێ، بەڵام هەر ئەو ژنە مافی ئەوەی نییە بەخۆی بچێ داوای ڤیـزا و پاسپۆرت بکات. ڕاستە مـافـمـان بەژن داوە کـە کار بکات و سـەد پیـاوی لەبەردەست بێ، بەڵام مـادام مـافی ئەوەمـان پێ نەداوە بەخـــۆی لەســـەر ژیانی خـــۆی بڕیار بدات، ئەوە گۆڕانەکە هەر ڕواڵەتییە. لەوانەیە باوکی، یان برای، یان مێردی کە لە بواری فیـکری و زانیـنیـشەوە لەو لەخوارتر بێ دەبێ، ئەو بێـتـە ئیـدارە و بۆی ئیـمـزا بکات کـە ئەو ڤیـزاو پاسپۆرت وەرگرێت، یانی مۆدێرنیـزمی ئێرە وایە ناتوانێ دەست لەو بناغـانە بدات. ئێـسـتـا ناتوانێ هیچ بـکات، لەوانەیە لەدرێژخـــایەندا بتـــوانێ بیـگۆڕێ. هەرچەندە دەبێ تـازووتربێ بیگۆڕی. ئەگـــەر ئێـــمـــە دەمـانەوێ مـۆدێرنیـزم هەبێ، دەبێ هاوکـات ئاڵوگـۆڕی ســـیـــاسی و فـــەرهەنگی و ئابووری بکرێ، هاوکـــات ئاڵوگۆڕی فیکری خەڵکیش بچێتە پێشێ. ئەو سستمە (پاتریاکییە) لە تەواوی هەڵسووکەوتی ڕۆژانەی ژیان لە کوردستاندا دەبینرێت. لە قـاوەخانە و چاخانەکاندا، لە ڕیستۆرانەکاندا، لە کتێبخانەکاندا، لە زانکۆکاندا، لە ئیـدارە و دایرەکـاندا، لە هەمـوو جێگەیەک بوونی هەیە.

لێـرە ئیـزن بەژن دەدەن بـچـێـتـە سـەر، بەڵام سـەربەخـۆیی پێنادەن.

***** وەک دواپرسیـار دەستـەبژێر لەو کۆمەڵگایەدا دەوری چەندەیە و مـارتین لۆتەری کـۆمـەڵگای ئێـمـە کێـیـە؟ یان نوخبەی کۆمـەڵگای ئێـمـە کە بیـەوێ و ویستی گـۆڕانی هەبێ کێیە؟

– من نازانم مارتین لۆتەری ئێمە کێیە، بەڵام دەتوانم بڵێم دەستەبژێری سیاسی و فەرهەنگی دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر گەورە لەو ئاڵوگۆڕەدا دابگێڕێ، بەڵام ئەو دەستەبژێرە دەبێ تایبەتمەندی خۆی هەبێ، یەکەم دەبێ لەو کۆمەڵگایە هاتبێتە دەرێ و پێوەندییە سونتەتییەکانی کۆمەڵگا بە باشی بناسێ و بۆچوونێکی ڕەخنەگـرانەی بۆیان هەبێ و لە مۆدێرنیزم و مـۆدێرنیـتە تێبگات و پێـویستی گۆڕانی ڕیشـەیی لە کـوردسـتـان دەرک بکات. توێژی سـیـاسی گەورەترین ئەرکی وە ئەستۆیە. ئەمن دەتوانم بڵێم توێژی سیاسی ئێمە ئەو بۆچوونەی نییە و نەیانتوانیوە لە نەریت جیابـبێتەوە و ڕەخنە لە کۆمەڵگا بگرێ و پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتە بگرێ. دەستەبژێر دەوری زۆر گرینگە، بەڵام بە مەرجێک لە دەوری خۆی تێبگات و ئامرازی گۆڕانیـشی لەبەردەست بێ کە بتـوانێ فیـکرەکانی پراکـتیـزە بکات. ئەوەی مـن لە کـــوردســـتـــان دەیبـــینم و دیارە ئەوەیە کـــە بەشـێـک لە دەسـەڵات خـۆی لە کـێـشـە نەریـتـیـیـەکـان دەپارێزێ و ڕوانگەیەکی مۆدێرنی هەیە، بەڵام پشـتـیـوانە سـیـاسـیـیـەکـەی هێـشـتـا لـە سـونەتدا ڕاوەسـتـاوە، بۆیە ناتوانێ کاریگەری زۆری هەبێ.

# ڕاوچیی چرکە
# «پاساوەکانی بەخۆداچوونەوە»

**عەبدوڵڵا قەرەداغی**
**(کەرکووک)**

پەشیمان بوونی هەڵبەست «پارچە شیعرێک»، کە لەجەوهەردا پەشیمان بوونی ئەو کەسەیە کە دایناوە (شاعیرەکەی)، تەنیا پاشگەزبوونەوە لە «ڕەنجاو» بوون ناگەیەنێ، چونکە ئەگەر وابا، دەکرا بە ئاسانی ددان بە هەڵەکردندا بنرێت و تەنانەت دەتوانرا چاو لە ڕاگەیاندنی ئەو هەڵوێستەش بپۆشرێ. ئەم مەسەلەیە لە قووڵایی ناخدا کاردانەوەی ئەوتۆ بەخۆوە دەبینێ کە دوور نییە بەدرێژایی ژیان کارایی خۆی بپارێزێت و شێوەی پاشگەز بوونەوەش تێیدا لەگەڵی هاوشانە، پشت کردنی تەواو لەو کردەوەیەی بۆتە مایەی پەشیمان بوونەوە لەچوارچێوەی پاشگەزبوونەوەیەکی وریا و ڕاستگۆدا. ئەوەی لە «هەڵبەستی پەشیمان»دا کراوەتە بناغە، شتە نەگۆڕەکانی ناخە:

**کفرە لای من لە یار ڕەنجان**
**پێی لێ ئەنێم ئەی زوهرەی جوان**
هەڵبەستی پەشیمانی ل٣٩

بە پێچەوانەی ئەوەی لە «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا بەدی کراو جگە لە هێڵە سەرەکییەکانی، جۆرە تەمومژی و پەشۆکاوی و هەناسەبڕکێیەکی بەسەرەوە دیار بوو، لە «هەڵبەستی پەشیمان»دا هەموو شتێک ڕوون و لەسەرخۆ و دڵنیایە و پەیامی ئاشکرای خۆی بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕادەگەیەنێ. نەگۆڕ (ثابت)ی سەرەکی ئەم هەڵبەستە، کە لە هەمان کاتدا پەیامی گەورەی ناخیشە، هەمان ئەو یەکەمین بەشەی بەیتەکەیە: «کفرە لای من لەیار ڕەنجان». ئەم پەیامە ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە «ڕەنجاو» بوونی هەڵبەست و شاعیرەکەش گۆشەگیر و نەفرەت لێکراو دەکات. هەر ئەمەش لەکات «زەمەن»ی ڕەهاکراوی خۆشەویستیدا هەمیشە پاساوی گێڕانەوەی «ڕێ ون کردوو»ە بۆ سەر ڕێی خۆی و هەر کۆچ و ڕوو لە نامۆیی کردنێکیش دەکاتە سۆزی بەتینی گەڕانەوە بۆ نیشتمان، واتە هەر ئەو نەگۆڕە: «کفربوونی لە یار ڕەنجان» پاساوی نەگۆڕ و بەردەوامی ڕێگانەدانە بەوەی چرکەی نامۆ «هەڵچوونی ناخ بە ئاراستەی پێچەوانەی سروشتی خۆی». ببێتە مایەی چەواشەکردنی ناخ و بەمەش «بەخۆداچوونەوە» لە نزیکترین کاتدا و بەباشترین شێوە دەبێتە دروشمی هەمیشە ئامادەی «ناخ» بەو مەبەستەی ڕەسەنایەتی و پاراوی پارێزراوبن.

دووەمین بەشی ئەو بەیتە دەروازەی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی کاراکردنی ئەو پرۆسەیەیە: (بەخۆداچوونەوە) بەهۆی بەردەوامی ئەو گیانەوە، لە هەموو بەیتەکانی ئەو پارچە شیعرەدا، دەتوانرێ پەی بەو ڕاستییە ببرێ کە ئەو پرۆسەیە بەلای شاعیرەوە دەبێتە میکانیزمی پاراستنی

ڕەسەنایەتی و پاراوی «ناخ» و لە هەر جمکێکی کاریگەری ڕەوت (مێژوو)ی گۆڕانکارییەکانی ناخدا دەکرێتە ئەو «چرکە»یەی بە وریایی و وردی ڕاودەکرێت لە خزمەتی بەخۆداچوونەوەکەدا دادەنرێت. «پێی لێ ئەنێم» ڕوونە لە ئاراستە و ئامانجیدا و ڕێک مەعنای «ددانی پێدا دەنێم» دەبەخشێ. «زوهرەی جوان»یش هەمان زوهرەی «هەڵبەستی ڕەنجاو» نییە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی لەو پارچە شیعرەدا دووجار بەم شێوە ناوبراوە: «زوهرەی جوانی و عەیادی» و «زوهرەی جوانی» و نەک لەبەر ئەوەش کە لە هەردوو ئاماژەی پەنجە بۆ ڕاکێشراودا نەفرەت (لەعنەت) لە زوهرە کراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە لەوێدا، بەناوی داکۆکی کردن لە «ناخ»ەوە خیانەت لە ناخ کراوە.. خیانەت بەوەی پشت لەو بنەمایانە کراوە کە دەتوانرێ بە ڕێسا بناغەییەکانی ناخ دابنرێن و بەوەش «هەڵچوون»ی کاتی کراوەتە بناغە نەک تەنیا بۆ نکوڵی کردن لە پایەداری خۆشەویستی «یار»، بەڵکو بۆ نکوڵی کردن لە چوارچێوەی گشتی عیشق و جوانی-ش، کە زوهرەیە.

جیاوازیی نێوان (جوان) و (جوانی)ش هەرگیز، بۆ ئەوەی بدرێنە پاڵ (زوهرە)وە، ناتوانرێ حیسابێکی گەورەی بۆ بکرێ، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ناتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە کەسێکی بێزراو، لەلایەن ئەوەی ڕقی لێیەتی، بە (جوان) باس بکرێ، بەڵام خۆ دانانی بە نموونەی (جوانی) گەورەترە لەوەی پێشوو، کەچی سەرەڕای ئەو ددان پێدانانەش، لە (هەڵبەستی ڕەنجاو) دا لەعنەتی لێ کراوە، جگە لەمەش، لەم پارچە شیعرەشدا هەر دووجار بە «زوهرەی جوانی» ناوبراوە.

ناوەڕۆکی ددان پێدانانەکەی شاعیر کە بە «پێی لێ ئەنێم» دەری بڕیوە، ئەمەیە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەم دوو بەیتەدا چڕی کردۆتەوە و بەشێوەیەکی گشتیش هەموو شیعرەکەی پێ ڕەنگرێژ کردووە:

**هەرزە گۆییم کرد هەرچیم وت**
**وا ئەو چڵکەم بە فرمێسک شت**

**بە فرمێسکی پەشیمانی**
**ئەی زوهرەی ناز، زوهرەی جوان** ل٣٩

وردەکارییەکی جوان لە دارشتنی دووەمین بەیتی «هەڵبەستی پەشیمانی»دا بەدی دەکرێ. پێوەندی نێوان کردار (سلوک، فعل) و گوفتار (قول) بەتوندی سەرهەڵدەداتەوە. «هەرزەگۆییم کرد- کردار» و «هەرچیم گوت- گوفتار» ددان نانە بەوەی «هەڵبەستی دەروون» تەنیا قسە نەبووە، بەڵکو پێش ئەوەش هەڵوێستێک بووە، لەناوەوە- لەناخەوە- هەڵقوڵاوە و بۆتە مایەی ئەوەی هێزێکی- تەوژمێکی- گەورەتر لەتوانای ئەو ناخە پێک بێنێ و ناچاربێت بە (گوفتار- دەربڕین) بەرەو دەرەوەی ببات. ئەو خاڵەی زیاتر ناچارمان دەکات دڵنیابین لەوەی ئەو دارشتنە مەبەستدار بووە، لێکدانەوەی وشەی هەرزەگۆیی-یە، لەلایەن خودی شاعیرەوە لە پەراوێزدا، کە بەم شێوەیەیە: «هەرزەگۆیی: ناماقووڵ وتن، ناماقووڵی کردن».

دەکرێ بە ئاسانی سەرنجی ئەوە بدەین کە دوانەی «کردار- گوفتار»، هەر لە دووتوێی ئەو بەشەدا «هەرزەگۆییم کرد هەرچیم وت» هەمەلایەنەیە، چونکە کردار، هەر لە بناغەدا، لە گوفتاردا ڕەنگ دەداتەوە و ئەو گوفتارەش، هەموو گوفتارەکەی «هەڵبەستی ڕەنجاو»: «هەرچیم وت»، بە ددان پێدانانی خودی شاعیر «هەرزەگۆیی کردن» بووە. کەواتە بەخۆداچوونەوەکەش هەمەلایەنەیە، ئەمەش تەنیا لەکاتێکدا ڕوودەدات کە مرۆڤ دڵنیابێت لەوەی گەیشتۆتە بنبەست و بە پینەکاری لە چەند شوێنێکدا ناتوانێ لەو بنبەستە ڕزگار ببێت.

دووەمین بەشی هەمان بەیت: «وا ئەو چڵکەم بە فرمێسک شت» بەڵگەیەکی دیکەی ترسناکی ئەو بنبەستەیە. «چڵک» تەنیا شتێکی پیس نییە، بەڵکو پێش ئەوەش نەخۆشییە، یان نیشانەیەکی بەرچاوی بوونی نەخۆشییە، ڕەنگە «گۆران» ئاگای لەوە نەبووبێ کە «چڵک» لە جەستەدا میکانیزمێکی داکۆکی کردنە و بەڵگە و نیشانەیەکی ئەوتۆیە کە ناکرێ پشتگوێ بخرێ، سەبارەت بەوەی مەترسییەکی گەورە ڕووی لەو جەستەیە کردووە و تەندروستی خاوەنەکەی خستۆتە مەترسییەوە، بەڵام ئەگەر هەر هێندەشی لەبارەی «چڵک»ەوە زانیبێ کە لە کوردەواریدا باوە، ئەوە دانانی «هەرچیم وت» بە «چڵک»ێک کە بە تەنیا بە «فرمێسک» بشۆردرێتەوە، ددان پێدانانێکی نائاساییە و شایانی ئەوەیە بە «بەخۆداچوونەوە» ناو ببرێ، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئەم فرمێسکە هی «پەشیمانی» و خودی وشەی «پەشیمان»، لێرەدا، پڕ بە پێستی وشە، وەسفێکی بەجێ و

هەمـەلایەنە و دەقـاودەقی ناخی شـاعـیـرەو لەم پارچە شیـعـرەشـدا بەشێـوەیەکی سـەرنجڕاکـێش، تەنانەت لە ناوونیشانەکەشدا، جێگیر بووە، بەڵام پێش ئەوەی، لەمە بەولاوە، هەنگاو هەڵبـێنین، جـێی خـۆیەتی لە ئاسـتی نەگـۆڕی سـەرەکی: «کـفـرە لای من لەیار ڕەنجـان» هەڵوەسـتـەیەکی خـێـرا بکەین و هەوڵ بدەین بەدوای سـەرچاوەی تایبـەتمەندی و هێـز و کـارایی ئەو نەگـۆڕەدا بگەڕێین.

ڕەنگە بتوانرێ چوارەمین و پێنجەمین بەیتی ئەم پارچە شیعرە بکرێنە دەروازەی دۆزینەوەی ئەو سەرچاوەیە:

**من ژیانم، گیانم، هەستیم**
**هیوام، تاسەم، شادیم، مەستیم**

**بیرم، هۆشم، هەرچیم هەیە**
**بەهرەی جیلوەی ئەو زوهرەیە** ل٣٩

بە ڕواڵەت، ئەگـەر لە یەکـەمین بەشی پێنجـەمین بەیتـەوە، واتە لە «هەرچیم هەیە»وە دەست پێ بکەین، دەتوانین پەی بەو سەرچاوەیە ببەین، چونکە لەو حاڵەتەدا تێگەیشـتنەکـە ئاوەهای لێ دێتـەوە: «هەرچیم هەیە بەهرەی جیلوەی ئەو زوهرەیە»، بەڵام با شتـەکان بخـەینە تەرازووی هەڵسەنگاندنەوە.

«هەرچیم هەیە» ڕێک مـەعنای (هەمـوو مـوڵک، یان سـامـان)ێکم دەبەخـشێ، (مـوڵک- سـامـان)یش چ گواستراوە (منقول) و چ نەگواستراوە (غیر منقول) بێت، هەر ئەو شـتـە مادديیە دیاریکراوانەمان دێننە پێش چاو کە فـەوتانیـان کـاری گـەورە دەکـەنە سـەر مـرۆڤ، بەڵام ناشـبنە مـایەی لەناوچوونی مـرۆڤ خـۆی، یان گـۆڕانی خـاڵێکی ئێـجگار جـەوهەری ژیانی بەو ئاقـارەی لەڕوانگەی هەڵسەنگاندنی دەروونییـەوە بوون و نەبوون لەتەرازووی ژیاندا هاوتابن.

لەو دوو بەیتەدا، بەگشتی، دەکرێ وشـەکـان بخـەینە دوو خانەی سەرەکی و خانەیەکی لاوەکییەوە، وشەکانی (ژیان، گـیـان، هەسـتی) لە خـانەیەک و (هیـوا، تاسـە، شـادی، بیـر و هۆش) لەدووەمین خـانە و (مـەسـتی)ش، بەتەنێ، لە خانە لاوەکییەکەدا. لەنێوچوونی هەر یەکێک لە (ژیان- حیـاة) و (گـیـان- ڕوح) و (هەسـتی- وجود) ڕاستەوخۆ مەعنای لەناوچوون و نەمانی مرۆڤ دەبەخشن

و پێـویسـتـیـان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر نیـیـە. هێندەی پێوەندی بەدووەمین خانەشەوە هەیە، با بیر لەوە بکەینەوە کە کەسێک هەر یەکێک لە «هیوا»، «تاسە»، «شادی»، «بیـر» و «هەست- شـعـور- احسـاس»ی لەدەست بدات چی بەسـەر دێ؟، «هیـوا- أمل» پێچەوانەی «پێـوەری- نائومـێـدی- یأس»ە، ئایا مـرۆڤ دەتوانێ لە سـایەی تاریکیـیـەکـانی نائومـێـدی و بێـوەریدا درێژە بە ژیان بدات؟. «تاسـە- شـوق»، یەکـێـکە لە بنەمـا هەرە گـرنگەکـانی جـیـهـانی سـۆز- عـاطفـة» و لەکـاتی دوورکەوتنەوە، یان دابڕان لە هەر «خۆشەویست»ێک ئەو تاسـەیە ئۆقـرە لە مـرۆڤ دەبڕێت و دەبێـتـە مـایەی هەمـوو جـۆشـوخـرۆش و دڵەڕاوکێ و خـەونێکی مـرۆڤ.. ئایا دەتوانرێ بیر لەوە بکرێتەوە کە «مرۆڤ»ێک هەیە لەسەر گـۆی زەویدا بتـوانێ بەبێ (تاسـە) بژی؟ ئایا نەبوونی «تاسـە» نیـشـانەی نەبوونی «خـۆشـەویست» و «خۆشـەویسـتی» نیـیـە؟ ئەگـەر ئەو دوو شتـە لە ژیانی مرۆڤدا نەبێ، ئایا بە کردەوە دەکرێ باس لە بوونی ژیانی ئاسـایی بکرێتـەوە.. واتە ئایا ژیان تێکڕا نابێـتـە گـۆڕەپانێکی وشک و بێ بەری ڕق و کـینە و نەیاری و نەتەبایی نییە؟ ئایا ئەو شتانەش سەرچاوە بناغەییەکانی جەنگ و وێرانی و کاولکاری و خوێن ڕشتن نییە؟

ئەگـەر «شـادی» نەبێت خـەم و ڕەشـبـینی تەواو باڵ بەسـەر ژیاندا دەکـێـشێ و قـوڵ بوونەوەی ئەمـەش کارەساتبارە، ئایا «خەمۆکی» ڕێگای ڕاستەوخۆ و کورتی بەرەو «خـۆکـوژی» نیـیـە؟ با بۆ مـاوەیەکی کـورتیش مێشکمان بخەینە داوی ئەوەوە کە کەسێکی دیاریکراو، لەپڕ، «بیـر» و «هۆش»ی لەدەست دەدات، یان تەنیا هەر یەکێکیان لەدەست دەدات، چی، ڕوودەدا؟ وشەی «بیر» یەکێک لە دوو مەعنا دەبەخشێ:

١- دەزگـای بەرپرس لە بیـرکـردنەوە، کـە جگە لەو پرۆسەیە، پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و وێنەکان و پێکەوە گرێدان و پاراستن و شیکردنەوە و ئەنجامگیـری کـردن دەگـرێتـەوە، تەنانەت ئەگەر لەکـاتی بەکارهێنانی وشـەکـەشدا ئەو شـتـانە لە خـەیاڵی مرۆڤدا نەبن، بەڵام ناتوانین لە خوێندنەوەیەکی ئاوەهادا بەهەندی وەرنەگرین.

٢- چوارچێـوەی گـشـتی بیـروبۆچوون (فکر) کـە جیهانبینی مرۆڤیش، واتە جۆری تێگەیشتنی لەگەردوون و سـروشت و مـرۆڤ و دەوروبەری، بەخـۆوە دەگـرێ،

ئەمەش دەبێتە چوارچێوەی گشتی تێگەشتن لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و جوانیگەری و دەروونی و تێکڕای بوارەکانی دیکەدا.

ئایا دەکرێ بیر لە بوونی مرۆڤێک بکرێتەوە بەبێ ئەوەی «بیر»ی هەبێ، بەهەر یەکێک لەو دوو مەعنایە، چ شێوەیەکی سادە و ساکار بەخۆوە بگرێت، یان شێوەیەکی لێکدراوە و ئاڵۆز؟

وشەی «هۆش»یش هەر دەکرێ بە مەعنای «شعور»ی عەرەبی بەکاربهێنرێ، یان بەمەعنای «وعی» وەکو لە وشەی لێکدراوی «هۆشیاری»دا دەردەکەوێ، یان بە مەعنای «عەقڵ». بەهەر یەکێک لەو مەعنایانە بێت، ناتوانرێ بیر لەبوونی مرۆڤێکی داماڵراو لە «هۆش» بکرێتەوە.

وشەی «مەستی» تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر بە مەعنا ئاساییەکەی وەربگیرێ، کە سەرخۆشییە، ئەوە ناتوانرێ بە شتێکی ئێجگار پێویست بەکاربهێنرێ، بەڵام ئەم وشەیە، لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا، بەکارهێنانی تایبەتی خۆی هەیە و ناتوانرێ لە ئەزموونی سۆفیگەریدا باس لە بوونی ئەزموون بکرێ بەبێ بوونی ئەو جۆرە (مەستی)یە، هەڵبەتە ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی پێمان وابێ کە «گۆران» بەو مەبەستە بەکاری هێناوە، بەڵکو بەو مەعنایەیە کە جۆرە مەستییەکی جیاوازە لەوەی ئاساییە و دەکرێ دەستی لێ هەڵبگیرێ. بۆ بەهێزکردنەوەی ئەم لایەنەش، گۆران وشەی «جیلوە- دەرکەوتن»ی بەکارهێناوە کە یەکێکە لە زاراوە بەرچاوە گرنگەکانی بواری سۆفیگەری و سەرچاوەی ڕاستەوخۆ و ئێجگار بەهێزی سەرهەڵدانی «مەستی»یە لەو بوارەدا.

لەلایەکی دیکەوە، با سەرە دەزووە لێک دوورەکان بەیەک بگەیەنینەوە، با یەکەمین بەشی چوارەمین بەیت، ڕاستەوخۆ، بە دووەمین بەشی پێنجەمین بەیتەوە بەستینەوە، کە ئاوەهای لێ دێتەوە: «من ژیانم، گیانم، هەستیم.. بەهرەی جیلوەی ئەو زوهرەیە»، بیر لەوە بکەینەوە: ئایا، بە کردەوە، ژیان و گیان و بوونی شاعیر بەهرەی جیلوەی زوهرەیە؟

تەنیا لەگۆشەنیگای ئەزموونی سۆفیگەرییەوە، واتە لە بواری عیشقی حەقیقیدا، دەکرێ ئەو سێ ڕاستییە (ژیان، گیان، هەستی- بوون-) بە بەهرەی جیلوەی یار دابنرێ، بەڵام گۆران هەرگیز سۆفی نەبووە و قەناعەتیشی پێ نەبووە، کەواتە دەبێ چ مەعنایەک ببەخشێ؟

دەکرێ بەیەکێک لەدوو شێوە ئەو پێکهاتە تازەیە لێک بدەینەوە:

١- ژیان و گیان و بوونی شاعیر بە جیلوەی زوهرەوە بەندن، بەو مەعنایەی دووریی لەجیلوەی زوهرەوە ئەو سێ ڕاستییە- کە ڕەنگدانەوەی هەمان ڕاستین- کرچوکاڵ دەبنەوە و مەعنا و تام و گەرمی خۆیان بە تەواوی لەدەست دەدەن، ئەگەرچی بەڕواڵەت پایەدارن.

٢- ژیان و گیان و بوونی شاعیر، لەوەتەی زوهرە هاتۆتە ئاراوە، ئەو ژیان و گیان و بوونەی جاران نییە، بەڵکو تازە بۆتەوە و مەعنایەکی دیکەی پێ بەخشیون. لە سایەی ئەمەشدا، گەڕانەوە بۆ ژیان و گیان و بوونی دوور لە زوهرە، یان بەبێ زوهرە، مەحاڵە و تەنیا گەڕانەوە نییە بۆ قۆناغی پێش دەرکەوتنی ئەو، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ژیان و گیان و بوونێک کە پاساو و مەعنای ئاساییان لەدەست داوە.

هەردوو بۆچوونەکە، لە هەستی شاعیردا هێندە بەهێز و جێگیرن کە چیدی ناکرێ لە بۆچوونی پشت بەستوو بە زەمینەی واقیعی جوێ بکرێنەوە و بەجۆرێک لەخەون و خەیاڵ و تارمایی لە قەڵەم بدرێن.

ئەم پێوەندییە ئاڵۆز و تێکڕژاوانە پاساوی ڕاوکردنی دەسبەجێی چرکەی گونجاوی پاشگەزبوونەوەیە. پاشگەزبوونەوە لە هەڵچوونێکی هەڵنەسەنگێندراو و چاوەڕوان نەکراو و کورتبین. ئەو هەڵچوونەی ناخی شاعیر و دەرەنجامی هەستیارترین ڕەگی ئەو ناخە، واتە شیعرەکەشی، ڕووبەڕووی هۆکاری هەرە کاریگەری تێکدان و شێواندن دەکاتەوە: کەڕوو، ئەم دەرەنجامەش نەک تەنیا لە مەرگ تاڵترە، بەڵکو لە سایەیدا ئاوات بە مردن دەخوازرێ:

**کەڕووی لێ نیشت گەردی شیعرم**
**هەی جوانەمەرگ خۆم، هەی بمرم**

لەم شەشەمین بەیتە بەولاوە، بۆ ئەم خوێندنەوەیە، هیچ بەیتێک ناتوانێ شتێکی تازە بێنێتە ئاراوە، جگە لەوەی ناوێکی تازە، لەلایەن خودی شاعیرەوە، لە جڵەو شل کردن بۆ هەڵچوونی هەڵنەسەنگێندراوی ناخ دەنرێ: «شێتی». لە ئاوڕدانەوەیەکی جیاوازدا، چونکە هەموو «هەڵبەستی پەشیمان» هەر ئاوڕدانەوەیە، گۆران

«ڕەنجان»ی خۆی، بەوردی بە دوو قۆناغی جیاواز، هەم بە مەحاڵ دەزانێ و هەم بەکارێکی شێتانە:

**چۆن ئەتوانم برەنجم لێت!؟**
**هەی خاک بەسەر ئینسانی شێت**

لە کاتێکدا کە دەشێت ئەو بە مەحاڵ زانینە، بمانخاتە خەیاڵی ئەوەوە کە شاعیر، لە «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا خۆی، بە درۆ دەخاتەوە: «چۆن ئەتوانم برەنجم لێت؟»، لە دووەمین بەشدا ددانی پێدا دەنێ، بەڵام ددان بەوەشدا دەنێ کە زادەی ون بوونی ئاوەز (عەقڵ)ە.

تاقە خاڵی دیکەی شایانی هەڵوەستەکردن لە ئاستیدا، لە بەیتەکانی دیکەی ئەم پارچە شیعرە ڕاگەیاندنی ئەو شکستەیە، کە لە پەناوە و لە بواری خوێندنەوەی سێیەمین بەیتی «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا(*)، بەدیمان کرد و ڕاشکاوانە گوتمان «شکستی هەرە گەورەی ئەو کەسایەتییە لە پێکرانی «پیاوەتی»یدایە، پیاوەتییەک کە هەر بزەیەکی دلبەرانەی بەرچاو کەوت، ئیدی لە چینە هەرە قووڵەکانی نائاگاییدا، تاپۆی موڵکداری بۆ خۆی قۆرخ دەکات». ئەگەرچی ئەو شکستە، لە «هەڵبەستی ڕەنجاو»دا، زۆر وریایانە، لەژێر پەردەی تکایەکی پەردەپۆش کراودا، بەم شێوەیە شاردراوەتەوە:

**بەس تەفرەم بە، بەس بە ئەفسوون گێلم کە،**
**بەس کوێرم کە، ئەمجا دوشمن شێلم کە**

لە «هەڵبەستی پەشیمان»دا ئەو شوێنانەی جەستەی «زوهرە»، کە ڕاستەوخۆ دەبنە ئامانجی ڕووتێکردنی شاعیر، لە ڕوانگەی پیاوەتی-یەوە، لەلایەن خودی شاعیرەوە هێندە بە پیرۆز دەزانرێ کە «زوهرە»ی پێ سوێند دەدات:

**تۆ بی زەردەخەنەی چاوت**
**لێوی بە عاستەم تۆراوت**

**تۆ بی سپیەتیی شان و مل**
**لە عاستی ڕووتی و یەخەی جل**

**تۆ بی بەستەی ڕۆیشتنت،**
**لەوحەی ڕەسمی دانیشتنت**

**تۆ بی بە بینترین نەغمە:**
**شڵپەی ماچی ئەو ناو دەمە** ل٤٠

ئەم زنجیرە سوێند دانە لە شوێنێکدا کۆتایی دێت کە ترۆپکی هێزی، یان ڕاستتر دەسەڵاتی «مێینەیی- ئنوثە»ی زوهرەیە و لە هەمان کاتیشدا خاڵی هەرە گەورەی لاوازی شاعیرە:

**تۆ بی هەموو جیلوەی جوانیت**

خاڵی لاوازی شاعیرە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانێ دەست لە خۆ تەرخان کردن بۆ چێژ وەرگرتن وەربگرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی «جوانی خوازی» یەکێکە لە نەگۆڕەکانی ژیانی:

**سڵ مەکە لە مەیلی بە گەرمی ڕوانینم**
**پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم**
بۆ جوانی سەرەڕێ ل٢٦

ئەمەش پاساوێکی دیکەی بەهێزی پاشگەزبوونەوە و بەخۆداچوونەوەیە. لێرەوە و لە ئاستی ئەو سوێند دانە قورسەدا، بە پێوەری شاعیر، سەیر نییە ئەمە بابەتی پارانەوەکەی بێت:

**لێم خۆش بە دڵم ڕەنجانیت**

**پەراوێز:**

*** عەبدوڵڵا قەرەداغی: ڕاوچی چرکە «پاساوەکانی ڕاوچی بوون» کە تا ئامادەکردنی ئەم خوێندنەوەیە بڵاو نەکراوەتەوە.**

# پەروەردەی کریستیانەکان لەسەرهەڵدانییەوە تا سەردەمی چارلەمان و ڕۆڵی کورد لە پەرەپێدانیدا

حەمەکەریم هەورامی

## پێشەکی

لەو سەردەمەی کە ئایینی کریستی سەری هەڵدا، دەوڵەتی ڕۆمانی لەوپەڕی دەسەڵاتیدا بوو، ئەو شارستانیەتە کە دەوڵەتەکەی لەسەر بنیاد نرابوو، پێکهاتەیەکی دوو لایەنەی دوو شارستانیەتی جیاواز بوو، بۆیە توانی بە ئاسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەریای سپی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

بەڵێ شارستانییەتەکەیان دوو لایەنە بوو، شارستانییەتی یۆنانی و شارستانییە ڕۆمانییەکەی خۆیان، ئەگەرچی ئەو دوو شارستانیەتە لە وردەکارییەکانیاندا گەلێک جیاوازییان هەبوو، بەڵام ڕۆمانەکان توانییان هەردووکیان بەیەکەوە گرێ بدەن و یەکانگیری لەنێوانیاندا دروست بکەن.

شارستانیەتی یۆنانییەکان ڕووی لە ڕۆچوون بەناو ناخی مرۆڤ و گەردووندا بوو، لەناو تاریکستانی بووندا بە چرای ئەقڵ و هزر بەشوێن ڕاستییەکاندا دەگەڕا، فەلسەفە و هونەر و زانست هۆکاری گەیشتن بوون بەڕاستییەکان، کەچی شارستانیەتی ڕۆمانەکان ڕووی لە شتی دەرەکی و ماتریالی بوو، بەکارهێنانی هێز و توانایی و زەبروزەنگ نواندن تاکە هۆکاری زاڵ بوونیان بوو بەسەر سروشت و کۆمەڵاندا، بەڵام بەرژەوەندی ڕۆمانەکان وای خواستبوو کە هەردوو شارستانیەتەکە تێکەڵاو بکەن و بیانخەنە کار و جۆرە تەباییەک لەنێوانیاندا فەراهەم بێنن.

بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیاندا زمانی یۆنانییان بەکاردەهێنا، کەچی لە ڕۆژئاوایدا زمانی ڕۆمانی کە زمانی خۆیان بوو، زمانی فەرمی و کارگێرییان بوو، بەڵام هەردوو شارستانیەتەکە لەبواری ئاییندا لە بتپەرستییەوە دوور نەبوون، ئەوەی سەرپێچی ئەو بیروباوەڕەیانی بکردایە، تووشی قورسترین سزا دەبوو. ئایینی جوولەکەش لەو سەرو بەندەدا لەناو گێژەلووکە و تەمتوومانی ئەو بتپەرستییەدا سەری لێ شێوابوو، ئایینی ڕۆمانەکانیش لەهەر چوارلاوە تەموورەی دابوو. (١)

لەو سەردەمەدا (پەروەردە) ئاوەژووکردنەوەی ڕووی دەرەوەی ئەو دوو شارستانیەتە بوو، مەبەستی سەرەکی تێیدا: (دەسکەوتی ماددی بوو) (٢)، بەڵام کە ئایینی کریستی هات گیانێکی دیکەی بە بەر (پەروەردە)دا کرد، لە پێشڕەوی کردنی ئادەمیزادا کۆمەڵانی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە برد، ڕووی مرۆڤی بەرەو ڕەوشت باشی وەرچەرخاند، ڕەوشتی ڕاستی هێناو لەجێی فەلسەفەی ڕەوشتیی دادینا، لەوەوە پەروەردەی کردە

پردێک لەمـوو باریکتـر بوو بۆ پەڕینەوە و گـەیشتن بە ئایندەیەکی نادیار، گەیشتن بەو ئایندەیە کارێکی سەخت و ئامـانجـێکی ئەسـتـەم بوو، بە وازهێنان و خـۆ دوورخستنەوە لە هێنانە دی هەمـوو ئارەزووە دەروونی و جەستـەییەکـان و پشت کردن لە تامـو چێژەکانی دنیـاو جوانییەکانی سروشت دەهاتە دی. لەوەوە کە پەروەردەی کریستانەکان هات ڕاستەوخۆ دژ بە بیروڕاکانی یۆنان و ڕۆمان بوو.

بەکورتی مەبەستی پەروەردە لە ئایینی کریستیدا ئامادەکردنی تاکی ناو کۆمەڵ بوو بۆ ژیانی ئایندەیەکی پەنهان و نادیار، بەڵام بە ڕێگەی کوشتنی حەز و ئارەزووە جەستەیی و دەروونییەکان و کوژاندنەوەی ژیری و ڕک بوونەوە لەهونەر! لەبەر ئەوە، ئەو پەروەردەیە کە هات دژ بە پەروەردەی یۆنان و ڕۆمانەکان ڕاوەستا، پەروەردەی خستە ناو بازنەیەکی تەسکی ڕەوشتەوە و نەفەس بڕی کرد، لەمەشەوە پەروەردەی بە چەندین هەنگاو بەرەو دواوە گێڕایەوە.

## پەروەردەی کریستیان لە سەرەتادا

پەروەردەی یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان لەبیروڕاکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە وەرگیرابوو، تایبەت بوو بە چینی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران، چینی هەژاران و کاسبکاران و پیشەوەرانی نەدەگرتەوە، پەروەردەیەکی ئۆرستۆکراتییانە بوو، کەچی پەروەردە لەسەرەتای پەیدابوونی ئایینی کریستدا ڕەگوریشەی لەسەر ڕاسترەوی و ڕەوشت باشی و مۆراڵی پاکژ دامەزرا، کە پێی وابوو چارەسەری گیروگرفتەکانی ئادەمیزاد بەڕەوشت باشییەوە بەندە، دڵسۆزی بەختەوەری هەمیشەیی و یەکجاری بۆ مرۆڤ ساز دەکات، نەک بەختەوەرییەکی هەنووکەیی ڕووکەشانە، توانایی دڵسۆزی و لەخۆبوردن لە هەموو کەسێدا هەیە، دەکرێت لە هەموو کەسدا پەروەردە بکرێت و گەشەی پێ بدرێت.

ئایینی کریستی کە هات بۆ ڕزگارکردنی هەژاران و چەوساوان بوو، لایەنگری ئەو چینانە بوو کە لەلایەن یۆنان و ڕۆمانەوە پشتگوێ خرابوون، بەشیان تەنیا سوخرەکێشان بوو، لە وەرگرتنی زانیاری و فەلسەفە و هۆشکاری بێ بەری کرابوون، لەوەوە دوژمنکاری و ڕکەبەری لەنێوان ئەو دوو چینەدا، چینی هەژاران و کاسبکاران و چینی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران، ڕەگی لەناو یاسا و بووچوونەکانیدا داکوتابوو. (٣)

هەر یەکەشیان دەستەبەر و بەڵگەی خۆی لەو دوژمنکارییەدا دژ بەوی تر هەبوو «ئایین گیانی هەژارانی تاو دەدا و فەلسەفە و هۆشکاری لای دەسەڵاتدارانی دەگرت، ڕەوشتی باش و دڵسۆزی بەندەی خاوەن باوەڕی بەخواوە دەبەستەوە و هەژارانی پەنا دەدا. فەلسەفە و هونەر و هۆشکاریش چەکی دەستی دەسەڵاتداران بوون، لەوەوە ئەدەب و هونەر و فەلسەفە لەناو شوورەی بتپەرستەکاندا تاپۆ کرابوو و نەدەبوو هەژاران توخنی بکەون، بۆیە لەنێوان ئایین و زانستدا دیوارێکی قایم ڕاست کرابووەوە، ڕەوشتیش لای کریستیانەکان وەکو چەکێکی برشتی لێ هاتبوو بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی زانست و زانیاری بەکاریان دەهێنا و بەرەی ئایینیان پێ تەخت دەکرد، چونکە چینە دەسەڵاتدارەکان، بەزانست دەیانخوری و ڕەوشت باشییان لا مەبەست نەبوو.

بەلای یۆنان و ڕۆمانەکانەوە ئایین بەهۆکارێکی سیاسی دەزانرا، ڕەوشتیشیان بەئایینەوە نەدەبەستەوە، بەلایانەوە زانستی مۆراڵ بەشێکە لە فەلسەفە، کەچی لای کریستیانەکان ئایین لە سیاسەت جیاکرایەوە، ڕەوشت و باشی و دڵسۆزی پێکەوە گرێ دران و کران بە بەشێک لەئایین و لێرەوە پەتی پێوەندی نێوان ئایین لەگەڵ زانست و ئێستێتیک و ئەدەب و هونەر و فەلسەفە بە تەواوی پسا.

ئیدی پەروەردەی کریستیانەکان لە سەرەتادا بە یەکجاری تا ماوەی چەند سەدەیەک وازی لە زانست هێناو ڕووی کردە ئایینداری پاکژ و بێ خەوش و گرتنە بەری ڕەوشت باشی و مراندنی حەزوو و ئارەزووەکانی ناو جەستە و پشت کردن لە خۆشی و سامانی دنیا و گۆشەگیری بۆ خۆی هەڵبژارد. (٤)

لەمەوە مەبەستی سەرەکی پەروەردەی کریستیانەکان چووە ناو قاڵبی ئامادەکردن و ڕاهێنانی کەسانی ئایینیدا بۆ ژیانی ئایندەی نادیار و خەیاڵاوی و دوور لە ژیانی ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژیان.

کە کڵێساش دامەزرا، ڕەهبانییەت و ڕەبەنی و لەژیان دوورکەوتنەوە، کران بە تاقە ڕێگەی پاکژ بوونەوەی جەستە و هێنانەدی ئەو مەبەستە کە گوایە ڕێگەی چوونە ناو مەلەکوتی ئایندەی پڕ بەختەوەری تەخت و ئاسان

دەکات و دژ بە بۆچوونە تاکییەکانی یۆنان و بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆمانەکانیش ڕادەوەستێت و شەوکەوت و شکۆی دەشکێنێت.

کەواتە پەروەردەی کریستیانەکان لەسەرەتادا کە هات شۆڕشێکی کپ بوو دژ بە کۆمەڵێک هات، کە لەسەر گەندەڵی بناغەی داکوتابوو، بۆیە لەسەرەتادا پێویستی بەشتی عەقڵکاری نەبوو، بەڵکو مەبەست لێی چاکسازی کردنی ڕەوشت و ڕەفتاری کۆمەڵێکی گەندەڵ بوو، کە بەکۆمەڵە یاسا و ڕەوییەکی زاڵمانەوە شەکەت درابوو.

* * *

ڕەوشت یاسایەک لەناخی دەروونیدا دروست دەکات، دەکرێت مرۆڤ بەو یاسایە چاکە و خراپە لەیەک جیا بکاتەوە، هەروەها ئەو یاسا دەروونییە هەموو ئارەزوو و خولیاکانی دەروونی ڕێک دەخات و ئاراستەی ڕێگەی ڕاستیان دەکات، خۆ ئەگەر ئەو یاسایە لە دەروونیدا دروست نەبوو، ئەوکات هەر کەس بۆ خۆی دەبێت و شیرازەی پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵ دەپچڕێت و ئیدی میللەتانی دیکە چاوی تێدەبڕن و بە ئاسانی بەسەریدا سەردەکەون. ( ٥ )

* * *

کە ئایینی کریستی دەرکەوت و حەزرەتی عیسا لەلایەن ڕۆمانەکانەوە لەخاچ درا، پاش مردنی عیسا هەڤاڵەکانی لە ترسی کوشتن بڵاوەیان لێ کرد، هەندێکیان بەرەو ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە پایتەختی لەڕۆما بوو هەڵهاتن و مژدەی هاتنی ئایینی کریستییان بەخەڵک ڕاگەیاند، هەندێکی تریان بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیشتن، کە ئەوکات ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی، جگە لە سووریا و فەلەستین لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکاندا بوو. هەڵهاتووەکان لەدوو قۆڵەوە بەنهێنی مژدەی هاتنی کریستیان لەناو خەڵکی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا ڕاگەیاند.

بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناو قەڵەمڕەوی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا جیهانی کریستیانەکانی کرد بەدوو بەشەوە:

١- بەشی ڕۆژئاوا.

٢- بەشی ڕۆژهەڵات.

لەبەر ئاسانکاری و لەیەک ئاڵۆز نەبوون، وا پەسەند بوو کە بە جیا باس لەجۆری پەروەردەی هەریەک لەو دوو بەشە بکەین.

**یەکەم: جۆری پەروەردە لە ڕۆژئاوای دەوڵەتی ڕۆماندا**

چەند هۆیەک ڕەخسابوون کە کاریگەری خۆیان لەجۆری پەروەردەی کڵێسای ڕۆژئاوای دەوڵەتی ڕۆماندا نواند:

١- لەو سەردەمەدا ڕۆژئاوا لەناو ژیانی ماتریاڵی و زەبر و زۆری دەسەڵاتداراندا دەژیا، بەر لە هەموو شتێک خەڵک لەچاوەڕوانی ڕووداوێکدا، یان کەسێکدا بوون، بێت و لەو یاسا و ڕێسا بەدانە ڕزگاریان بکات و بارە قورسەکەی سەر شانیان سووک بکات و هەقپەرستی بخاتەوە ناو چێوەی یەکسانییەوە، لەوکات و بارودۆخەدا هیچ شتێک وەکو ڕەوشت باشی و دڵسۆزی بۆ خوا نەبوو، کە بیێت بە فریادکەوتەی ئێش و ئێشی ئەو بارە قورسە و سەنگی مەحەکی مرۆیانە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لەو ستەمەی تێی کەوتبوو، تەنیا ڕەوشت باشی و دڵسۆزی بوو، کە بتوانن تەرازووی ناجیاوازی لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا ڕابگرن.

٢- بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەنێوان چینی هەژاراندا، ئەوەبوو ئەو ئایینە کە هات و پێوەری گەورە و بچووکی لەسەر بناغەی ڕەوشت باشی و دڵسۆزی دامەزراند، نەک بەسەر بناغەی سایە و پایەی کۆمەڵایەتی و زانست و زانیاری، لەبەر ئەوە لەناو هەژاراندا پەرەی سەند و بەئاسانی بڵاوبووەوە.

٣- ئەوانەی کە سەر بەکڵێسا بوون، هەموویان لە چینی هەژاران بوون، ئیدی لەسەرەتاوە کڵێسا وا هاتە ئاراوە، هەژارانیش بۆ پشت و پەنای خۆیان پاڵیان پێوەدا، بەو و لەوەوە هێز و توانای خۆیان وەردەگرت، تۆوی پاکژی (العفة) و گەدایی و بەندەگی بۆ خوا لەناو دەروونی خەڵکدا دەچاند، بۆ خۆ چەسپاندنی لەناو خەڵکدا لایەنی سۆز و عاتیفەی مرۆڤی دەهێنایە تاوو زەوتی دەکرد، ئاوڕی بەلای زانست و زانیاریدا نەدەدایەوە و هۆشکاری بە تەفرەدەر دەزانی، جیهانێکی یوتۆپیا ئاسای خەیاڵاوی لە ئایندەدا بۆ حەواندنەوە و پاداشدانەوەی مرۆڤ فەراهەم دەهێنا، ئیدی چینە چەوساوەکانی ناو کۆمەڵ بەگەرمی پێشوازییان لێ دەکرد و دڵی خۆیان بۆی دەکردەوە. بۆ ئەوەی لەو ناز و نیعمەتەی ئایندە بێ بەش نەبن و بەختەوەر بن، ئیدی ژیانی هەنووکەیی خۆیان دەخستە پشتگوێ، ڕوویان لە

دنیــای فــانی دەکــرد و بەتەمــای دنیــای هەتا هەتایی ئایندەی پاش مردن دەبوون.
پەروەردەش لە کلێسادا کە سەری هەڵدا بریتی بوو لە ئاوژووکــردنەوەی ئەو بیــروباوەڕە، لەناو خــوێندنەوە و نووسین و سرووت و ڕۆژژمێری کلێسادا خۆی دەردەبڕی.

### گونجاندن

لەپێشــەوە ئەوەمــان زانی کــە هەڵوێســتی کــلێــســا لەڕۆژئاوای دەوڵەتی ڕۆمانیادا سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگــەڵ زانست و فــەلســەفــە و ئەدەبی یۆنانیــــدا هەڵوێستێکی نێگەتیڤانە هەبوو، کە کلێسا دامەزراو لە ناویدا قـوتابخـانەش سـووچێکی پڕ کـردەوە، مـەبەسـتی سـەرەکی ئەو قـوتابخـانەیە بۆ پێـراگـەیاندنی ڕاهیب و ڕەبەن و قەشە بوو کە پارێزگاری لە کلێسا بکەن و بین بە ڕابەری ئایینەکە و ڕێی گەیشتن بە مەلەکوتی ئـاسمان بە خەڵک پیشان بدەن.
خوێندن لەو قوتابخانەیەدا لەوەی کە لە پێشەوە گوتمان تێپەڕی نەدەکرد. ئەوانەی کە چاودێری کلێسایان دەکرد زۆربەیان ئەو مامۆستا و فەلسەفە دۆستانە بوون کە بە ڕەچەڵەک یۆنانی بـوون، ئەوانیش لەســەرەتادا لەســەر هەمـان هەڵوێسـتی کـلێـسـا بوون و خـۆیان لە زانست و فـەلسـەفـەی یۆنانی دوور دەخسـتـەوە، بەڵام لە سـەدەی سێیـەمـەوە کە مشـتومڕ لەناو کـلێـسـادا سـەبارەت بە خوێندنی زانست و زانیاری و ئەدەب و فەلسەفەی یۆنان هاتە ئاراوە، دەرکەوت مشـتـومڕەکە ئەو قـەشـانە دەیان هێنایە ناوەوە کە لە ئەسڵدا یۆنانی بوون و شارەزاییان لە ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانیدا هەبوو.
یەکـێکی وەکـو قـەشـە (کلیمـانتی ئەسکەندەرانی- ١٦٠-٢١٥) دەیگوت: (فەلسەفەی یۆنانی دەسپێکێکە بۆ چوونە ناو ئایینی کریستی).(٦) یەکێک لەو تیۆرانە کە بانگەشەی بۆ ناوبژێوی لەنێوان ئایین و هۆشکاریدا، یان بۆ لەنێوان گونجاندنی ئایینی کریستی و فەلسەفەی یۆناندا دەکرد، ئەم تیۆرە بوو:
(لەنێــوان خــوا و مــرۆڤــدا سێ پایە هەیە: یاســا، ئینجیل، فەلسـەفـە). واتە ئاییندار بە مـەلەکووتی خوا ناگـات، ئەگـەر ئەو سێ پلەیە نەبڕێت! خـوێندنی یاسـا، خوێندنی ئینجیل خوێندنی فەلسەفە.
هەر لەو سـەردەمـەدا دەنگی ئەو بگرە و بەردەیە لەسـەر خوێندنی ئەدەب و فـەلسـەفـەی یۆنانی لەناو کلێسـادا تا دەهات بەرزتر دەبووەوە.
کـە مـەسـەلەی ڕەهبـانیـیـەت لەناو کـلـێـسـادا وەکـو (کـەهەنووت) چەسپا، بۆ خـەڵکانێک بوو ژیانی خۆیان کــردە قــوربـانی لەپێناو ژیـانی ئەو دنیــادا، خــۆیان بۆ خواپەرستی تەرخان دەکرد و پشـتیـان لەدنیا دەکرد و بە مـەمـرەو مـەژی بەتەمـای ئەوەی لە ئاییندەدا پاداشـتیـان بدرێتـــەوە وازیان لە ژیان دەهێناو لەکـــۆمـــەڵ دوور دەکـەوتنەوە و لەناو ئەشکەوت و خـەڵوەتخـانەکـانیـاندا خەڵوەتیان دەکرد.
ئەوەی شـــایەنی تێــبـــینی بێت، ئەو ڕەهبـــانانە لەڕۆژهەڵاتدا بەتاک خـەڵوەتیـان دەکـرد و لە ڕۆژئاوادا بەکۆمەڵ. گۆشـەگیری و ڕێسا سەختەکانی ڕەهبانیەت کـارێکی نێگەتیـڤـانەی گـەورەی کـردە سـەر پەروەردە و فێربوون و فێرکردن، چونکە:
**یەکەم**: تەنیا بایەخی بە ئایین دەدا و هەناوی قـوتابی لەفاقە دەناو ئارەزووەکانی تێدا دەمراند.
**دووەم**: قـــوتابخـــانەی لە ئامـــێـــزی خـــۆی نابوو، نەیدەهێشت بچێتە ناو کۆمەڵەوە، بەڵکو لە گۆشەیەکی تەسک و تاریکی دێرەکاندا بە دۆش داماوی لەکونجەکەی خۆیدا هەر خەریکی جوینەوەی بەرنامە هەراسانکارەکانی خۆی دەبوو.

### یاساکانی بەندێکت و کاریگەرییان لەسەر پەروەردە

قەشە بەندێکتۆس (٤٨٠-٥٤٣) زانایەکی بیرکراوە و ڕاهیـــبـــێکی دانا بووە، لە ســاڵی (٥٢٩)ی زاییندا یاسایەکی بۆ ئەو ڕەهبانانە دانا کە خۆیان لە دێرەکاندا بۆ خواپەرستی تەرخان کردبوو.
یاسـاکـان ژمـارەیان (٧٣) یاسـا بوو، بەتێکڕا لەمـەڕ ڕێکخسـتنی ژیان و جۆری خوا پەرستی ڕەهبانەکان بوو، هەروەها بـۆ چارەسـەری پێـداویسـتـیـیـە ئـابووریـیـەکـانی کـلـێـسـا بوو کـە ژیانی ئەو ڕهبـانانەی دابین دەکـرد و چاودێریانی دەکردن.
هەروەها یاسـاکـان بۆ ئەوەش بـوون تا دۆخی تەمـبـەڵی باڵ بەسـەر ڕوحی ڕەهبانەکـاندا نەکـێشـێت و کـرمـۆڵ و ژەنگاوی نەکـات، بێ گـومـان کارکـردنی ڕۆژانەیان دەبێتـە مایەی نوێ بوونەوەی ژیان و هۆش و جەستەیان.
لەو یاسایانەدا هاتووە کە ڕەهبانەکان دەبێت:

١- ڕۆژی حەوت کاتژمێر خۆیان بەکار و بەرهەمدانەوە خەریک بکەن.
٢- ڕۆژی دوو کـاتژمـێـر بۆ خـوێندن و خـوێندنەوەی ئینجیل تەرخان بکەن.
هەروەها لەکـاتی نان خـواردنیـشـدا دەبوو ئینجـیل بخوێنرێت. دیارە بەو یاسایە، کارکردن گیانی تەمبەڵی و بێـــزاربوون نەمـــاو ڕۆژانەی ژیانی ڕەهبـــانەکــــان لەتازەبونەوەدا بوو.
بەڕاستی خستنەکاری ڕەهبانەکان هەنگاوێکی گەورە و بە هێـز بوو بەرەو گـۆڕان لە پەروەردەی قـوتابخـانەی کریستـیـانەکاندا، لەوەوە ڕەهبانەکـانیش فـێری کـاری پیـشـەوایی و پیـشـەسازی هەمـەجـۆرە و جـووتیـاری و کشتوکاڵ بوون.
پاش قـبـووڵ کـردنی یاسـاکـانی بەندێکت حـەوش و دەوروبەری کـڵـێـسـاکـان بوو بە باخـچـە و گـوڵی ڕەنگاوڕەنگیـــان تێـــدا دەچاند، هەروەها دەوروبەری دێرەکان کران بە کێڵگە و باخ و بێستان، لەو کارکردنەوە چەندین لایەنی پیـــشـــەســـازی وا هاتنە ئاراوە کـــە دەرامەتێکی پڕ بەهایان بە کلێسا و دێرەکان دەبەخشی و بژێوی ڕەهبانەکانی نە هەر مسۆگەر کرد، بەڵکو ژیانیان کەوتە خۆشی و زێدە لە پێویستییەکانی خۆیان بۆ کلێسا و هەژاران و بێ مـاوایان خـەرج دەکـرد، لەمـەشـەوە دێرو کلێساکان بوون بەپەنا و ئاسانە و کاروانسەرای ڕێبواران و لێقەوماوان.
خەڵکی سەر بەکلێسـا و جووتیـاران و خاوەن پیشە فۆلکلۆرییەکـانیش لە ڕەهبـان و قەشـەکانەوە فـێـری ئەو جـۆرە پیـشـە و پیـشـەسازییـانە بوون کـە ئەوان دایان هێنابوون.
ڕاهێنانی یاســاکــانی (بەندێکت) و هێنانە ســەر کـارکـردنی ڕەهبـانەکـان لە سێ ڕووەوە کـاری کـردە سـەر ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی خەڵک:
١- جـــۆرە بووژاندنەوەیەک بوو کـــە بەســـەر باری کشـتوکاڵ و پیشـەسازی ئاسایی خەڵکدا هات، بوو بە مایەی خێروخۆشی و باری ئابووری.
٢- گـۆڕانی ژیانی ڕاهێـبـەکـان و پشت بەستن بژێویان بەو درامەتانەی کە خۆیان بەرهەمیان دەهێنان، نەک چاو لەدەسـتی خـەیرەومـەندان، هەروەها کـلـێـسـاش بە بەرهەمەکانی خۆیان جۆرە سەربەخۆییەکی ئابوورییان بۆ ڕەخسا.
٣- پەروەردەی کـلـێـسـای بەرەو قـۆناغـێکی نوێـتـر گواسـتەوە و خـوێندنی کلێسای ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی ڕووناک و بەرفراوان ڕاگرت.

## گۆڕانکارییەکانی دیکەی پەروەردە

ئەو وردە گـــۆڕانکـاریـیـــانە کـــە بەســـەر پەروەردەی کـریسـتـیـانـدا هات، ناکـرێت لەم کـورتە باسـەدا بەپێی ڕەوتی مـێـژوو باسی یەک لەدوا یەکـیـان بکەین، چونکە باسکردنی هەموویان ڕامان دەکێشێتە سەر شتی لاوەکی وەها کـە ئەسـڵی بابـەتەکـە لەناویاندا بزر دەبێت، بەڵام لێرەدا کـورتەی ئەو گۆڕانکـارییـانە دەخەینە ڕوو، وەنەبێ ئەو گـۆڕانکـارییـانە لەشـێـوەی ڕاچەنیندا ڕوویان دابێت، بەڵکو بەشێوەیەکی هێورانە و ئاستەم خۆیان سەپاندووە، گۆڕانکارییـەک کە دەهات ڕێی بۆ گۆڕانکارییەکی دیکە خـۆش کـردووە، سـەرەتا پەروەردەکـە لە خـوێندنێکی سـاکـاری ناو کـلـێـسـاکـاندا ڕەچاو بوو لە ئەنجـامی ئەو گۆڕانکارییانەدا کە لەسەدەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا ڕوویان دا وردە وردە پەروەردەیان لەکلێسا دابڕان و وازی لە بەرنامەکانی خۆی هێنا و بۆ کلێسای بەجێ هێشتن.
ئەوەی کـە جـاران بەلایەوە خـوێندنی حـەرام بوو هێنای و حـەلاڵی کـردو کـردی بەدەســتــەبەری ڕەوڕەوەی کـارو چالاکـیـیـەکـانی. وردە گـۆڕانکارییـەکـانی ناو ئاقـاری کلێساش بەم جۆرەی خوارەوە پەروەردەیان لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر برد:
١- پەروەردە لەسـەرەتاییـدا: لەم قـۆناغـەدا لەتەک دروستبوونی کلێسادا پەیدا بوو، بۆ فێرکردنی منداڵانی کـەسـانی ئایینـدار بوو، فـێـری خـوێندنەوەی ئینجـیل و سرووتەکان دەکران، تاکە بایەخی پەروەردە لەو قۆناغەدا دڵسـۆزی و ڕەوشت باشی بوو، نەک کـردنەوەی هۆش و مێشک و گەشەدان بە ئارەزووەکان.
٢- پەروەردە بۆ فـــێـــربوونی دیالـۆگـــــازی و بەرەنگاربوونەی بێ باوەڕان بوو، کـریسـتـیـانەکـان کـە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی دەوڵـەتی ڕۆمــــادا بـڵاوبـوونەوە، تێکەڵاو بەگەلانی خاوەن شارستانیەتی پێشکەوتوو بوون و تووشـیـان بە تووشی گـەلێک زاناو گـرووپی ئایینداری ترەوە بوو لە بارەی ئایین و لاهوت و شتی ئایدیالییەوە دایەلۆگـیـان لەگـەڵ دەکـردن، بەتایبـەتی ئەوانەی کـە

شارەزاییان لە هزر و کولتووری یۆنانییەکاندا هەبوو، بۆ ئەوەی ئەمـــانیش بە چەشنی ئەوان، بە ئاقـــلانە و لۆژیکیانە ئاخاوتنیان لەگەڵدا بکەن و لە ئاستیاندا ڕانەمێنن و بتوانن بەرپەرچییان بدەنەوە، یان بەرانبەریان دەستەپاچە نەبن و بەرگری لە ئایینەکەیان بکەن، ئیدی پێویستی بەرگری کردن وای لێکردن کە ئەوەی غەیری ئەوان دەیانزانی فێری ببن و بیخوێنن.

ئەو باروزرووفە وای کرد فەیلەسووفێکی ڕەواقی (٧) کە ناوی (پانتۆنیۆس-Pantoenus) بوو لە ساڵی (١٧٩)دا بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە فەلسەفە و زانیارییەکانی یۆنانی هێناو تێکەڵاو بە بنەماکانی ئایینی کریستی و بەرنامە کۆنەکانی خوێندنی کرد، لەوەوە زانستی لاهووتی کریستی هێنایە ئاراوە و کردی بە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی ناو کڵێسا بۆ ئەوەی قەشە و دەرچووانی ئەو قوتابخانەیە بتوانن بەشێوەیەکی ئاقڵانە بەرگری لە بیروباوەڕەکانیان بکەن.

ناواخن کردنی بەرنامەی قوتابخانە کریستیەکان بە بیـــروڕای لاهووتی جــۆرە گــۆڕانێکی دیکە بوو کــە پەروەردەی بەرەو قوناخێکی نوێ برد.

٣- لەسەدەکانی ناوەڕاستــدا (٨) قــوتابخــانە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا بەسەر دەستی ئیمپراتۆر (چارلەمـــان- Charlemane-٧١٤-٧٤٢) کـــە پاشای فەرەنسا بوو، بە تەواوی خۆی لە کـڵـێـسا جیاکردەوە و وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی سەربەخۆ هاتە ئاراوە. لەو سەردەمەدا سەرجەمی بیروبۆچوونە فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری و کسمۆلۆژییەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ کران بە سەرچاوەی پەی بردن بە ڕاستییەکان و زانیاری. ئەفلاتوون و ئەرستۆش خۆیان وەکو پێشڕەوانی زانیاری دەدرانە قەڵەم.

چارلەمان خۆی بۆ هێنانە دی کۆمەڵێکی هاوچەرخ گەلێک یاسای کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دانان و بوون بەهۆی بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ و پاکسازی و چاکســازی لەبواری پەروەردەدا. ئەو یاســایانە کــە پێـــوەندییـــان بە پەروەردەوە هەبوو، هەندێک لە پەروەردیارانی ئەم سەردەمە ئەو یاسایانە بە هاتنە ئارای پەروەردەی نوێی دەزانن.

یەکێک لەو یاسایانە کە پێوەندی بە پەروەردەوە هەبوو دەڵێت: (هەمـوو دێر و ئەبرێشییەکان لەسەریانە کە قوتابخانە بۆ فێربوونی منداڵان دامەزرێنن، بۆ ئەوەی نۆتەی مۆسیقا و سرووده ئایینییەکان و بیرکاری و ژماردن تێیاندا فێر ببن، ئەو کتێبانەش کە دەخرێنە بەردەست قوتابیان دەبێت هەڵەیان تێدا نەبێت نەبادا لەوەختی خوێندنەوە و نووسینەوەیاندا بکەونە ناو هەڵەوە).

بۆ ئەوەی بە دروستی یاساکان جێبەجێ بکرێن، کۆمەڵێک فەرمانبەری بۆ بەدواداچوون و چاودێری کردن دامەزراند کە بەسەر قوتابخانەکانی دێرەکاندا دەگەڕان و سەرپەرشتیاریان دەکردن.

چارلەمان چاکسازی قوتابخانەکانی خستە ئەستۆی ئەم دوو قەشە زانایە:

أ- ئەلکوین- Alcuin- ٧٣٥-٨٠٤).

ئەم پیاوە لەبەر ئەوەی لەتافی لاویەتیدا ڕۆشنبیری گشتی یۆنانی کاری تێکردبوو، بۆیە چاوی لەخوێندن و وەرگرتنی ڕۆشنبیری یۆنانی دەپۆشی، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت زانیاری بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێشخزمەتی کڵێسا بێت.

بیروباوەڕەکانی ئەو پیاوە لەمەڕ پەروەردە وەکو بۆچوونەکانی چارلەمان بوون کە دەڵێت: (ئایین و ڕەوشت چەند بۆ کامەرانی گەل پێویستن ئەوەندەش زانست و زانیاری پێویستن)(٩).

ئەو پیاوە خوێندنی ئەم زانستانەی خوارەوەی خستە ناو بەرنامەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی ئەوساوە کە بە حەوت هونەرەکە ناسرابوون کە ئەمانەن: (ڕێزمان، لۆژیک، ڕەوانبێژی، ئەندازیاری، ماتماتیک، ئەستێرەناسی، مۆسیقا).

ب- حەننا ئەسکۆتلەندی (٨١٠- ٨٧٥)

چارلەمان حەننا ئەسکۆتلەندی کە قەشەیەکی بیرکراوە بوو، کردی بە جێگری ئەلکوین کە گەلێک لەو بیر فراوان و کراوەتر بوو. ئەم قەشەیە کڵێسا و دێرەکانی بە ڕۆشنبیری یۆنان ئاشنا کرد و فێربوونی زمانی یۆنانی و زانستی لۆژیکی خستە ناو فێرکردنی قوتابخانەکانەوە و جەختی لەسەر بەکارهێنانی شێوەی زیادە دیالێکتیکی ئەفلاتوونی لە ئاخاوتن و توژینەوەدا دەکردەوە.

* * *

ئا بەو جۆرە گۆڕانکارییەکان هاتن و لەگەڵ ئەو جۆرە

بارودۆخ و ژینگەیەدا زەمینەی وەهای خولقاند کە بینە سەرچاوەی پەروەردە و ڕەخسان بۆ سەرهەڵدانی زانیاری و هێنانەئارای تیۆری جۆراوجۆری پەروەردە و زانیاری، لەوێشەوە فیکر و هزری ئادەمیزاد کرایەوە، بۆ کۆمکردنی ئەو هەموو زانیارییانە و گەشەکردنیان چەندین زانکۆ و مەڵبەندی فرەکردنی زانست و زانیاری سەریان هەڵدا.

کەوابوو ئەو زانکۆ و ئەنستیتوتانە کە لەسەدەی یازدەمدا لە ئەورووپا دامەزران، لە ئەنجامی ڕەوتی مێژوویی و گۆڕانکارییەکانی ناو قوتابخانە کریستییەکانەوە بوو کە لەسەرەتادا بەخوێندنی ئینجیلەکان و جۆرە سرووتێکی ئایینییەوە خەریک بوون.

* * *

**دووەم: جۆری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ڕۆماندا**

واباوە: لەو شەوەدا کە حەزرەتی عیسا لەدایک دەبێت گوایە چەند شوانێکی مەجووسی(١٠) ئەستێرەناس، ئەستێرەی لە دایکبوونی مەسیح لە ئاسمانی (ئۆرشەلیم)دا دەبینن، بەودا دەزانن هەڵهاتنی ئەو ئەستێرەیە مژدەی لەدایکبوون و ناردنی کەسێکی ڕزگارکەری خواوەندییە و دێت و ئادەمیزاد لە ئازارو کلۆڵی ڕزگار دەکات.

ئەوکات (هێرۆدۆسی ڕۆمانی) پاشا و حوکمڕانی فەلەستین دەبێت، شوانەکان دەچنە لای و پێی دەڵێن کە منداڵێک لە (بەیت لەحم) لەدایک دەبێت و ئادەمیزاد لە ئێش و ئازار ڕزگار دەکات(١١) هەواڵدەرانی ئەو مژدە دانە بەهاتنی کریست کە لە ئینجیلی (مەتی)دا هاتووە(١٢) ئەو مژدەدەرانە سێ کەسی مەجووس بوونە و ئایینی زەردەشتیان پەرستووە.

ئەو مژدەدانە لەلایەن ئەو کەسانەوە بووەتە هاندەر و ڕێ خۆشکەر بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی و دەوڵەتی ڕۆماندا، هەر لەو کاتەوە ئەو مژدەیە بیری هاوڕێ و یارەکانی کریستی بەلای ئەوەدا بردووە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ڕۆما بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە نوێیە وڵاتی لەبارن و خەڵکەکەی زووتر لە ئایین تێدەگەن و تامەزرۆی دەرکەوتنی کەسێکن کە لە ستەم ڕزگاریان بکات.

**سەرەتای پەروەردەی کریستی**

حەزرەتی عیسا بەر لە کوشتن و لەخاچدانی لەلایەن ڕۆمانەکانەوە، ئەوەی بە قوتابی و شوێنکەوتەکانی خۆی ڕاگەیاندبوو کە پاش مردنی، ڕێبازەکەی بەر نەدەن و ببنە جێگری و قوربانی بدەن، خەڵک بۆ سەر ئەو ڕێگەیەی کەلەسەری ڕۆیشت بانگ بکەن. بەر لەوەی حوکمی هەڵواسینی بدرێ و نەمێنێت، لەشاری ئۆرشەلیم و جەلیل کۆمەڵێک لایەنگری بۆ خۆی پێکەوە نابوون، هەروەها چەندین کەسیش بروایان پێ هێنابوو، هەندێک لەو کەسانە هاخامی جوو بوون. ئەو هاخامانە بوون مەشخەڵی ئایینەکەیان هەڵگیرساند و کڵێسای کریستیان دامەزراند.

جێگرەکانی عیسا لە ئاست ستەم و ملهوڕی ڕۆمانەکان نەترسان و خۆیان نەشاردەوە، بەڵکو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەو دەوڵەتەدا بۆ گەیاندن و چەسپاندنی ئەو ئایینە نوێیە بڵاوبوونەوە، مژدەی کۆتایی هاتنی ستەمکارانیان بەخەڵک دەگەیاند، داوایان لە خەڵک دەکرد کە تەنیا دڵسۆزی بۆ خوا بنوێن و ڕەوشتی باش بگرنە بەر. ئەو دەمە ڕۆمەکان لەناو فیز و خۆ بەزل زانین و گومڕایی و چێژی بەدەنی خۆیاندا تا بن گوێیان نقوم ببوون، هەر خەریکی تەسەل کردنی ئارەزووە چڵێسەکانی خۆیان بوون، جگە لە خۆیان کەسی تریان نەدەدی.

جوولەکەکانیش لەنێوان چێڵسی ڕۆمانەکان و تەسک و تروسکی ئایینە نەتەوەییەکەی خۆیاندا پەنگ درابوونەوە و سەریان لێ شێوا بوو. لەوکاتەدا کریستیانەکان خۆیان بۆ دەروون پاکژکردنەوە و ڕۆحانیات تەرخان کردبوو لە قوربانیدان نەدەسڵەمینەوە، ڕۆمانەکان لەناو زەلکاوی خراپەکاریدا چەقیبوون، کەچی کریستیانەکان هەوڵیان دەدا خەڵک لە چەپەڵی و خراپەکاری ڕزگار بکەن، ئەوان بەشیر و تیر و ئەشکەنجەدان ڕووبەڕووی ئەمان دەبوونەوە، ئەمانیش بە پەند و ئامۆژگاری پڕ لە دڵسۆزی و بەزەیی.

هەر لەوکاتەدا کریستیانەکان بە بروایەکی پتەوەوە هەوڵیان دەدا خەڵک بەرەو ژیانێکی خاوێن و پاکژ ببەن وەکو ڕۆمانەکان چاویان لە سامان و دەسەڵات و سایە و پایە نەبوو.

کە کڵێسا کرایەوە، لەو ڕۆژەوە پەروەردەی ڕاستەوخۆ

له کڵێسـادا سەری هەڵدا. لەسەرەتادا ئەو پەروەردە بۆ (گەشەدانی بارەی ڕەوشت بوو).

### شێوازی ئینجیلەکان

لێکۆڵینەوەکانی سەر بابەتی پەروەردەی کریستیانەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو پەروەردەیە لە سەرەتادا لەگەڵ بنیادنانی کڵێسادا بناغەی دامەزراوە و بریتی بووە لە فێربوونی سرووتە ئایینییەکان و کەمێک خوێندن و نووسین و بایەخدان بە ڕەوشت باشی. بەر لە دروستبوونی کڵێسا، هەر کەسێکی ئایینداری لە خۆیدا مامۆستای فێرکردنی ئینجیلەکان بووە.

ئەو بنەما و پرەنسیپانەی بیوونە ناوەخنی ئینجیلەکان پەروەردەی هۆش و هزریان وەلا نابوو تەنیا بایەخیان بە لایەنی مۆراڵ و دڵسۆزی و ویژدان دەدا.

(ویل دیۆرانت) دەڵێت: (ئەوەی سەرنجێکی سەرپێی ئینجیلەکان بدات بۆی دەردەکەوێت بنەما سەرەکییەکان کە ئینجیلەکانی لەسەر داڕێژراون جودا نین بۆ خوێنەر زوو ئاشکرا دەبن، ئەو بنەمایانەش لە قالبی بەند و نموونەی سفت و بێ گریدان، لە ڕوخساریشدا لەناو کۆمەڵە ئالیات و میکانیزمێکی ڕەوانبێژیدا داڕێژراون و دەربڕینیان لەشێوەی کورتە چیرۆکی هێماداردان، ئەم جۆرە شێوازە وای کردووە لە چێژی ئەدەبی و هونەری خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵات نزیک ببنەوە و بە ئاسانی قبووڵ بکرێن.

وادیارە حەزرەتی عیسا کە ئەو شێوە گونجاوەی بەکارهێناوە بۆ ئەوە بووە زوو مەبەستەکانی بەدەستەوە بدات. بەکارهێنانی ئەوجۆرە شێوازە لە ناو ئینجیلەکاندا کاریگەری شێوازی هاخامە جووەکانی ئەوسای پێوە دیارە، کە لە وتاربێژییەکانیاندا بەکاریان هێناوە). (١٣)

هەر ئەو شێوە وتارە یارمەتی هەڤاڵەکانی پاش خۆی داوە کە بە ئاسانی بتوانن بانگەشەی بڵاوبوونەوەی ئایینەکەی پێ بکەن.

بەکارهێنانی شێوازی وەعز و ئامۆژگاری لە سەردەمی حەزرەتی عیسادا باو بووە.

### پەرەسەندنی ئایینی کریستی لەناو کورداندا

لە پێشەوە ئەوەمان وت: هەر میللەتێک ویستبێتی کولتووری خۆی بپارێزێت بۆ نەوەکانی خۆی بیگوێزێتەوە پەنای بردووەتە بەر پەرستگەکان، ئەوانیش کە کاروباری ئەو پەرستگەیانەیان بەدەست بووە، ئەو منداڵانەش کە فێری ئەو کولتوورە کراون پردی گواستنەوەی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بوون، بەسەر ئەواندا کولتوورەکە گوێزراوەتەوە.

ئەوانەی کە ئەو کارەیان کردووە چ بە فێرکردنی و چ بەفێربوونی، بەردی بناغەی دامەزراندنی قوتابخانە بوون. لە جیهانی کریستیاندا هەروەکو لای میللەتانی پێشووتر گەیاندن و فێرکردنی ئینجیلەکان هەوێنی دامەزرێنەری قوتابخانەی خۆیان بوون، کە بەدرێژایی ڕۆژگار لە کڵێسا جیا بووەتەوە، ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەو جیابوونەوەیە ئەوە بووبێت کە ئەو خوێندن و فێرکردنە لەوێدا ئەوەندە پەرەی سەندبێت لەناو کڵێسادا جێی نەبووەتەوە.

*  *  *

کە ئایینی کریست لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی زاییندا لە ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمادا بە تەواوی پەرەی سەند کڵێساش دامەزراو قوتابخانەی لە ئامێز گرت بۆ فێربوون و فێرکردن هەمان ئەزموونی گواستنەوەی ئایین و زانینی میللەتانی پێش خۆی گرتەبەر و کونجێکی کڵێسای کردە شوێنی ئەو گواستنەوەیە و بەرێگەی فێرکردنی منداڵانەوە بنەماکانی ئایینەکەی خستە ناو دڵیانەوە.

لەو سەردەمەدا کە ئەو ئایینە لەڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە. هەر لەو سەروبەندەدا ئایینە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی ئاریان زەمین بەتایبەتی ئایینی زەردەشت. بافتی خۆیان هەبوو، لە ئەزموونی فێرکردن و گواستنەوەی زانیاریدا قاڵ ببوون. ئیدی هەر لە زووەوە قوتابخانە بوونی خۆی وەکو بەشێک لە دامودەزگای کۆمەڵی پێشکەوتوودا سەلماند بوو، کاری فێربوون و فێرکردنی ئایین و کولتووری ئەو کۆمەڵە خرابووە سەرشانی.

یەکەم پاشا کە ئایینی کریستی پەسەند کرد، پاشای شاری (ڕەها- ئۆدیسا) بوو کە ناوی (ئەپجار) بووە و لەناوەڕاستی سەدەی دووەمدا ژیاوە و کورد بووە.

هەر لە زووەوە شاری ڕەها و ئۆدیسا و هەڕان و نەسیبین کە دەکەوتنە ناوەڕاستی کوردستانی باشوورەوە، بنکەی زانست و زانیاری بوون(١٤) ئەو شارانە بە تایبەت شاری (ئۆدیسا) بۆ یەکەم جار کڵێسای تێدا

کــراوەتەوە و بووە بە مــەڵبــەندی بڵاوبوونەوەی ئاییـنی کـریسـتی و لەوێشـەوە پەلوپۆی بۆ هەولێـر و حـەدیاب و ناوەڕاستی میـزۆپۆتامیا کێشاوە. بەوە دەردەکەوێت کە کڵێسـای ڕۆژهەڵات بۆ یەکـەم جار لەناو کورداندا بـنیاد نراوە.(١٥)

یەکەم کەسیش کە مژدەی هاتنی کریستی بە ڕۆژهەڵات گـەیاند کـەشـیـشـێکی کـورد بوو ناوی (مـاری) بووە، نیـشـتـەجـێی شـاری نەسـیـبین، بوو قـوتابی زۆری پێگەیاندن، دووان لەوانە (فـێلیـپـۆس و تۆمـاس) بوون، یەکـەمـیـان بەرەو کـوردسـتـانی خـواروو و ڕۆژهەڵات بۆ بـڵاوبـوونـەوەی ئـایـین نـارد ئـەوی دیـکـەیـان بـەرەو ئەرمەنسـتـان بۆ هەمـان مەبەست ڕەوانە کرد. بەهۆی ئەو دوو کەسەوە مژدەی هاتنی کریست بەدانیشتوانی سەروو و خوارووی کـوردسـتـان گەیشت، لەسـەدەکانی دووایـیدا لایەنگرانی ئەو ئایینە نوێیـە پەرەیان سەند. بەوا بۆمـان دەردەکـەوێت مـژدەدەری هاتنی کـریست چەند شـوانێکی کورد بوونە، هەروەها بەسەر دەستی ئەمیر و پاشـاکانی کوردستاندا ئەو ئایینە لەڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەتەوە.

## پەرەسەندنی خوێندنی ناو کڵێساکان

بەرنامـەی خـوێندن لە قـوتابخانە نەسرانیـیەکـاندا کـە سەرەتا لەناو کڵێسـادا پەیدا بوو سادە و سانا بوو تەنیا بۆ تەلقیندانی زارەکی و فێرکردنی بنەما سەرەکییەکانی و ڕەوشت بـوو، لەگـەڵ کـەمـی فـێـربوونی خـوێندنەوە و نووسین.

لەبەر ئەوەی پاشا سـاسـانیـیـەکـان کـراوە بوون، ئەوەی دژیان ڕانەوەستـابێت و چاکەی مرۆڤی ویسـتـبـایە ڕێیـان لێ نەگـرتووە، کـردنەوەی کـڵـێـسـا و ڕابەری کـردن بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی کریسـتیـانیـان قەدەغـە نەکردووە، بۆیە ئایینەکە لە تیسـەفۆنی پایتەختـدا پتر بڵاوبووەوە، ئەو کـڵـێـسـانـەش کـە بنیـادنران ئەزمـوونی خـوێندن و چۆنیەتی فێرکردنی منداڵان لەو کڵێسانەدا لە ئەزموونی فێرکردنی ئاتەشگەکانەوە سوودمەند ببوون، خوێندنیـان تێـدا ئەڵـقـەیەکی نـوێی بەسـتـنەوەی پەروەردە بوو بە پەروەردەی گشتی میللەتانی دیکەوە.

هەر لەوێوە قــوتابخــانەی ســەرەتایی لە خــوێندنە سادەکەی ناو کڵێساوە سەری هەڵداو قوتابییەکانی خۆی بۆ ئەو مەبەستانە ئامادە دەکرد کە دەرچوانی وەکو قەشە لەناو کــۆمــەڵدا دەناســران. ئەوانەی خــوێندنی ئەو قـوتابخـانەیان تەواو دەکـرد، بۆ زێدە زانیـاری و خوێندن دەیتـوانی سـەر لە کڵێسا و دێرەکـانی دیکە بدات و لای مامۆستا قـەشەکانی دیکە زانیاری وەربگرێ و خۆی و ئاسـتـی خــوێندنەکــەی خــۆی لەگــەڵ قــوتابیــانی قـوتابخـانەکانی تردا بەراورد بکات و شـتی دیکە فـێـر ببێت.

هەروەها ئەو قـوتابیــەی کـە خـوێندنی تەواو دەکـرد دەیتـوانی سـەفەری ڕۆژئاوای وڵاتی ڕۆم بکات، خـۆی بۆ بەشـێکی باڵای خـوێندن تەرخـان بکات و پسـپـۆڕی تێدا وەربگرێت.(١٦)

## ئەوکەسانەی کە قوتابخانەی کریستیانیان دامەزراند

ئەم کـەسـانەی خـوارەوە نـاوی هەندێک لەو قـەشـە زاناو دیندارانەن کـە قـوتابخـانەی سـەرەتایی ناو کـڵـێـسـایان دامەزراند.

١- ئیـبـراهیم گـەسککەری، کـە لە سـاڵی (١٢٠ز)دا مردووە.

٢- سلحۆڤا، کە لە ساڵی (٢٤٤ز)دا مردووە.

٣- ئیسحاق، کە لە ساڵی (٢٠٣ز)دا مردووە.(١٧)

خـوێندن لە قـوتابخـانەکـاندا تا دەهات لە زیادبووندا بوو، تا وای لێــهــات، ببــوو بە چەند بەشــێکەوە بـۆ پەروەردەی منداڵی بێ دایک و باوک تەرخـان کـرابوو، بەشێکی تری بۆ پێڕاگەیاندنی منداڵە هەژار و نەدارەکان بوو، بەو پێیە قوتابخانە ببوو بە دوو بەشەوە.

لەسەدەی چوارەمدا پیاوێکی دینداری خاوەن سامان کە ناوی (مــارمــیــخــا بانۆدەری) بوو(١٨) گـشت مـاڵ و سـامـانەکـەی خـۆی بۆ بژێوی قـوتابیـانی قـوتابخـانەکـان وەقف کرد.

لەو پیـاوەوە خـەڵکی دیکە فـێـر بوون، زەوی و بـاخی بەرهەمداری خۆیان لەسەر قوتابخانەکان وەقف بکەن.

پیـاوێکی تر کـە نـاوی: (ئیـبـراهیم نۆ تەغـاری) بوو لەسـەدەی شـەشـەمی زاییـنیـدا چەند قـوتابخـانەیەکی سـەرەتایی لەدەوروبەری هەولێـر بنیـادنان، ئەم پیـاوەش پیاوێکی ئاییـنداری کورد بووە.

ئەو قــوتابخــانانە چەندین زاناو پیــاوی ئایینداری ناوداریان پێ گەیاندبوو، وەکو لەمەودوا باسی دەکەین کە کاریگەری زۆریان لەسەر بزووتنەوەی ڕۆشنبیری عەرەبیدا

هەبووە، هەر ئەوانە بوون یاسای خوێندن و بەڕێوەبردنیان بۆ قوتابخانەکانی ناو کڵێسا دانا و قوتابخانەیان خستە ناو وەرەرخانێکی نوێوە، بەو وەرچەرخاندنە قوتابخانە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی دیکە بووەوە وەکو لەپێشەوە وتمان.

یاساکانی پتر کاریان کردە سەر باری چۆنیەتی و چەندایەتی پێڕەوەکان، چەند قۆناغێکی نوێی خوێندنی لەبەردەم قوتابخانەدا داناو کردی بەسێ قۆناغەوە: سەرەتایی، ناوەندی، خوێندنی بالا. شتێکی بەڵگە نەویستە کە لەگەڵ دابەشبوونی خوێندن بۆ چەند قۆناغێک گۆڕاندنێکی تریش هاتووەتە ئاراوە، ئەویش چۆنیەتی وتنەوەی دەرسەکان و بەڕێوەبردنی قوتابخانە و دابەشکردنی قورس و سووکی زانستەکان بەپێی توانای مامۆستا و تەمەن و توانایی قوتابی، ئەگەرچی سوودی ئەم قوتابخانەیە دوور بووە لە خزمەتکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵ و تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی ئایین بووە، بەڵام کە دەرگای بۆ خوێندنی کەلتوورەکانی تر کردەوە بەرفراوانییەکی دیکەی لەبەردەمدا ڕسکا، ئیدی بە ئاستەم بەرەو ناو کۆمەڵ هەنگاوی نا.

### فراوانکردنی خوێندن

ڕاستە قوتابخانەی نەسرانییەکان لەڕۆژهەڵاتدا هەر لەناو کڵێساکاندا بە قەتیسماوی نەمایەوە، خوێندنەکەشی لەناو کونجە تەسک و تاریکەکانیدا بە گۆشەگیری و بە خەفەکراوی نەمایەوە، بەڵکو ئەو زانیارییەی کە هەیبوو لەم دواییەدا بۆ بیرکردنەوە و ڕێکخستنی ڕاسترەوی ڕەوشت کۆمەڵی خستەکار، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو هاتنە ناو کۆمەڵەوە خوێندنەکانی شێوەی قۆناغ دوا قۆناغی ڕەخساند و دەرگای بەرفراوان کردنی لەسەر خوێندنی هەموو جۆرە زانستێک کە لەگەڵ ئایینیدا بگونجێت کردەوە و بوو بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و فێربوونی هەموو زانستەکان، بە تایبەتی زانستە یۆنانییەکان.

دوای فراوان کردنی خوێندن، فێرکردن لە کڵێسادا شێوەی خوێندنی بازنەیی وەرگرت، هەر زانایەک کە بۆ دەرس وتنەوە دادەنیشت قوتابییەکانی لەسەر شێوەی بازنە تەمەوورەیان دەدا، هەر زانایەک بەپێی پسپۆڕی خۆی بازنەی خۆی هەبووە و بەشێوەی خوێندنی بەکۆمەڵ وانەکانی بەقوتابییەکانی وتووەتەوە، هەر بازنەیەک تایبەت بووە بە بابەت و زاناکەی خۆیەوە. بازنەی وتنەوەی لۆژیک و لاهووت و فەلسەفە و ئەدەب هەبووە، هەشبووە بۆ وەرگرتنی مزگانییەکانی کریست بووە، لەو قوتابخانانەوە گەلێک زانا و دانا دەرچوون وەکو وتمان کۆمەڵێک لە زانستی میللەتانیان وەرگێڕایە سەر زمانی سریانی و ئارامی و عیبری و فارسی و عەرەبی.

بۆ نموونە یەکێکی وەکو (حونەینی کوڕی ئیسحاق ٨١٠-٨٧٣)(١٩) ئەو زانایە یەکێک بوو لەو زانا نەسرانیانە کە زۆربەی دانراوەکانی (جالینۆس ١٣١-٢٠١.پ.ز) و (هیپۆکرات ٤٦٠- پ.ز)ی وەرگێڕایە سەر زمانی سریانی و لەدواییشدا وەریشی گێڕانە سەر زمانی عەرەبی.

ئەو جۆرە وەرگێڕانە بوو بەهۆی پاراستنی کولتووری ڕۆشنبیری یۆنان کە لەو سەردەمەوە ببوو بە کەلتوورێکی فیکری بۆ هەموو ئادەمیزاد.

* * *

### بۆچی قوتابخانەی کریستیان پنای بردە بە زانیاری میللەتان

پەروەردەی ناو قوتابخانە کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن توێژەرانەوە بە قوتابخانەی نەسرانییەکان ناو براوە. ئەو قوتابخانەیە وەکو قوتابخانەی کریستیانەکانی ڕۆژئاوا لەماوەی چەند سەدەیەکدا تا هاتنی قوتابخانەی ئیسلام گۆڕانێکی زۆر بەسەر بەرنامە و جۆری خوێندنەکانیدا نەهاتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک زاناو دانای ناوداری پێگەیاندبوون.

ئەوەبوو زانیمان ئەو قوتابخانەیە لەسەدەی پێنجەمدا دەرگای بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانستە هەمەجۆرەکانی خستە سەرپشت و بەرنامەکانی فراوان کرد و بەسەر چەند قۆناغێکیشدا دابەشی کردن.

جا لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانەیە لەناو کۆمەڵە نەتەوەیەکی خاوەن شارستانیەتدا بنیاد نرابوو، ئەوان کولتووری فیکری و ئایینی خۆیان هەبوو، تاڕادەیەک شتێکیان لە فەلسەفەی یۆنان و ئەدەب و میتۆلۆژیای هیندی و میللەتانی ئاریان زەمین دەزانی.

بەو فیکر و کولتوورەیان ڕووبەڕووی ئەو کریستییانە ڕادەوەستان، بۆیە ئەوانیش ناچاربوون ئەو فەلسەفە و

بیــروبۆچوونانه وەربگرن و بیــانخــەنه ناو بەرنامــەی قـوتابخـانەکـانیـانەوە بۆ ئەوەی فـێـری ببن و بە هەمـان چەشن بەرگری لە ئایینەکەیان بکەن و دژ بە ناحەزانیـان ڕاوەسن، هەروەها تا دەرچوانی قوتابخانەکـانیـشیـان لە ئاست ناحەزانی ئایینەکەدا پەکیان نەکەوێت و دانەمێنن.

لەمەوە گەلێک زانستی ئایدیالی و ماتریالی هاتنە ناو بەرنامــەکــانی ئەو قــوتابخــانانەوە و ڕەوتیــان بەرەو ئاقــارێکی دیکەی بەرفـراوان ئاراسـتـە کـرد. هەر لەو ئاقارەدا قۆناغەکانی خوێندنیان لەسەر بناغەیەکی پتەوتر دامەزراندەوە.

ئیـدی لەو سـەدەیەدا قـوتابخـانە گـەیشـتـە ڕادەیەکی بڵندی وا کـە بە ناخی لاهووت و زانسـتـە هزرییـەکـان و هونەری زمـانەوانی زمـانەکـان و ئەدەب و هونەردا شـۆڕ ببێـتـەوە، خوێندنی زمانی یۆنانی و عیـبـری و هیندی و فارسی بوونە بەشێکی ناو خوێندنی بالای بەرنامەکانی، وێڕای ئەوانەش خـوێندنی مـێـژووی کۆن و نوێی پیـاوە بەرگــوزیدەکــانی کــریســتــیش خــرانە نـاو زنجــیــرەی فێرکردنییەوە.

هەر قوتابخانەیەک کتێبخانەی خۆی هەبووە، پڕ بووە لەسەرچاوەی ئەو زانستانەی کە دەخوێنران و لەوانەش کە لەزمـانی یۆنانیـیـەوە وەرگـێـڕدرابوونە سـەر زمـانەکـانی دیکە، بەتایبـەتی کـتـێـبـە وەرگـێـڕدراوەکـانی ئەرسـتـۆ و جالینۆس و هێپۆکرات و هی دیکە.

ئەو وەرگـێـڕانە بەرپاکـردنی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبـیـری بوو، بەهۆی چالاکی قوتابخانە نەسرانییـەکانەوە هات و کــەوتە نـاو ڕۆشنبــیــری ڕۆژهەڵاتەوە و لەوێشــەوە بۆ خەلافەتی عەبباسییەکان گوێزرایەوە.(٢١)

### زانیارییە هەمەجۆرەکانی ناو قوتابخانە

ئەو بزووتنەوە ڕۆشنبــیــرییــە کــە لەناو قــوتابخــانە کـریسـتـیـانەکـانـدا ڕووی دا ئەم لایەنە زانسـتـیـانەی خوارەوەی گرتەوە:

١- زانستە ئایینیەکان: وەکو شرۆڤەکردنی کتێبەکانی مـزگـانی و زانسـتی لاهووت و فـیـقـهی کـڵـێـسـایی و سرووتەکان.

٢- زانسـتـە هزرییـەکـان: وەکـو فـەلسـەفـە و لۆژیک و زانســتی ناســووت و پزیشـکی و کــیــمــیــازانی و کسمۆلۆژیات.

٣- زانسـتـە ئەدەبییـەکـان: وەکـو فـێـربوونی زمـانی ئارامی و یۆنانی و کلدانی و عیبری و سریانی و فـارسی و عــەرەبی، لەگـەڵ ڕێزمــانەکــانیــان و زانینی عــیلمی عەرووز.

٤- زانسـتـە بیـرکـارییـەکـان: وەکـو گـەردوونناسی و ئەندازیاری و ژمارەکاری و جەبر و مۆسیقاو پزیشکی.

٥- زانستە کۆمەڵایەتییەکان: مێژووناسی، جوگرافیا، زانستی بازرگانی و یاساناسی(٢٢)

**پەراوێزەکان:**

**(١) (موسوعة عالم الأديان) بەشی هەشتەم. ل(١١).**

**(٢) (تاريخ التربية: تأليف مصطفى امين) ل(١٢١).**

**(٣) ئەفلاتوون پێی وابووە، هەر تاکە کەسێکی ناو کۆمەڵ لە سێ هێز پێک هاتووە:**

**١- هێـزی هزرداری (القـوة الفكرية) لەناو مـێـشکدا بنکەی داکوتاوە.**

**٢- هێـزی تووڕەیی و ڕک (القـوة الغـضـبـيـة) بنکەی لەناو دڵدایە.**

**٣- هێـزی چێـژ و ئالـووش (القـوة الشـهـوانيـة) بنکەی لەناو گەدەدایە. بەپێی بوونی ئەو سێ هێزەی تاکە کەس، کۆمەڵیشی بەسەر سێ چیندا دابەش کردبوو:**

**١- چینی فەیلەسـوفەکـان: تەمـسیلی هزر دەکەن و کـاریان گەڕانە بە شوێن ڕاستییەکاندا، هۆشمەندی تەنیا بەوانەوە تایبەتە و خوا بەوانی داوە.**

**٢- چینی سەرباز و جەنگاوەر: تەمسیلی هێزی تووڕەیی و ڕک دەکەن: کاری ئەم چینە تەنیا بەرگری کردنە لە وڵات.**

**٣- چینی پیشـەوەران و کـاسبکاران: تەمـسیلی هێزی چێژ و ئالۆش دەکەن، کاریان تەنیا بەرهەمهێنانی بەرووبووم هێنانە.**

**لەو تیۆرەی. ئەفلاتوونەوە بوو کە یۆنانییەکـان کەوتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە زانست و زانیاری تەنیا دەبارێتە ناو مێشکی چینی**

فـەیلەسـووفـەکـان و دەسـەڵاتدارانەوە، بەشی چینەکـانی تری لێ نەدراوە!

(٤) (التربیة- قدیمها وحدیثها) الدکتور فاخر عاقل. دارالعلم للملایین- بیروت) ل(٩-١٠).

(٥) (قصة الحضارة- ویل دیورانت- الجزء الخامس- اعشره الاقصی) ل(٢٠١).

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل(١١)

(٧) ڕەواقـیـیـەت: ڕێبـازێکی فـەلسـەفـیـیـە لەلایەن فەیلەسووفێکەوە لە ساڵی (٣٤٢پ.ز)دا لە قوبروس دامەزراوە کە ناوی (زینۆ)یە و بە (زینۆی ڕەواقی- th.Stioc) دەناسرێت و لەسەدەی چوارەمی پێش زاییندا ژیاوە.

ڕەواق بەکوردی بە داڵان دەوترێت، ئەو فەیلەسووفە لەداڵانێکی درێژی ڕازاوەدا خەریکی فەلسەفەسازی بووە، بۆیە بە (فەلسەفەی ستۆێک- داڵان) ناسراوە.. فەلسەفەکەیان جیاوازی لەنێوان شتە میتافیزیکی و ماتریالیستیدا ناخات.

(٨) مـێژوونووسـان سـەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بۆ سـاڵی (٥٢٩) دەگەڕێننەوە کە لەو ساڵەدا ئیمپراتۆری ڕۆمان جوستنیان ئەکـادیمیەکـانی ئەسینای یۆنانی داخست، کـۆتاییـان بەدۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا ساڵی (١٤٩٢)دا ناوە.

هەندێک مـێژووناس کـۆتایی ئەو سـەدانەیان بە داگـیـرکـردنی شـاری قـوسـتـەنتـینیـە لەساڵی (١٤٥٣)دا لەلایەن تورکـەکـانەوە داناوە.

(٩) التربیـة قدیمهـا وحدیثـهـا، الدکـتـور فاخر عـاقل (ل٢٣-٢٤).

(١٠) زاراوەی (مەجووس) لەمـانای ئەسڵی خۆیدا بەپێشـەوای ئایینی وتراوە (مــەگ، مــوغ، مـەغ)یش لەهەمـان سـەرچاوەوە هاتوون، لەوەختی خـۆیدا بەزانایان و پێـشـینانیـان وتووە، بەڵام عـەرەب پاش هاتنی ئیـسـلام مـانایەکی ناشـیـرینیـان داوەتێ و لەبەرچاوی خەڵکیان خستووە و مانای (گومڕاو ئاگر پەرستیـان) بۆ ساز داوە.

(١١) بڕوانە (الکتـاب المقدس، العهـد الجدید، إنجـیل متي) ل(٤)، الطبعة الرابعة (١٩٩٢) بیروت- لبنان.

(١٢) چوار ئینجیل هەن (مەتی، لۆقا، مەرقس، یۆحننا) هەر چواریان مژدە، ئەوە دەدەن کـە (مـەسیح لە مەلەکوتی ئاسـمـانەوە هاتووە).

هەروەها بڕوانە (مراسم مذهبی وآداب زرتشتیان: نوشته: موبد اردشیر آذرگشب) سازمان انتشار فروهر- چاپ سوم. (ل٤٦٩).

کۆنترین ئینجیلیان، ئینجیلی (متی)یە، کە بەزمانی عیبری بڵاوبووەتەوە.

(ئینجیل) مانای (مژدە)یان (مزگانی)یە.

لە ساڵی (١٩٢٦)دا هەر چوار مزگانییەکە لە لەندەن بەکوردی چاپ کراون.

(١٣) (قصة الحضارة) (ویل دیورانت. الجزء الثالث من المجلد الثالث. بیروت- لبنان). ل(٢٢٤).

(١٤) (ضحی الاسلام) أحمد امین ١٩٩١.

(١٥) (الأشوریون في التـأریخ- ترجمة واشراف سلیم واکیم، ل(٦٢-٦٣)، ١٩٦٢- بیروت- لبنان.

(١٦) (المدارس العراقیة قبل الاسلام) ل(٤٦-٤٧).

(١٧) (المدارس العـراقیـة قـبل الاسـلام) رفـائیل بابو اسـحق. ل(٤٧)

(١٨) (بانۆدەر) ناوچەیەک بووە سەر بە زاخۆ و دهۆک.

(١٩) (تراث الاسـلام، تألیف جـمـهـرة من المسـتـشـرقین- تعـریب- جـرجیس فـتح الله) وزارة التـربیـة: اقلیم کـوردسـتـان العراق- اربیل) ل(٤٤٩-٤٥٠)

ضحی الاسلام) أحـمـد امین، ل(٢١٨) دارالکتب العلمـیـة- بیروت- لبنان.

(٢٠) (ضحی الأسلام) ل(٢٥٢).

(٢١) مدارس العراق قبل الاسلام) ل(٤٥).

# ئەدەبیاتی ئیتاڵیا
# لە سەدەی هەڤدەوە تا سەدەی بیستەم

**لە فارسییەوە: حەمە کەریم عارف**
**(سلێمانی)**

### سەرەتایەکی مێژوویی

بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم- لەڕووی سیاسییەوە- میللەتێک بە ناوی ئیتاڵیاوە نەبووە. ئەم نیمچە دوورگەیە ببوو بە شەرگەو مەیدانی شەڕی ئیسپانیا و نەمساو فەرەنسا و پاپ و زۆربەی خاکی ئەم مەرز و بوومە لەسەرانسەری سەدەی هەڤدە و هەژدەمدا لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی بێگانەدا بوو. ڕابوونی دژ ڕیفۆرمی کاتۆلیکی«١» و یاوەرانی یەسووع، نەیارانی سەرسەختی ئازاد ئەندێشی بوون و هزری نوێ توانای گەشەکردنی نەبوو. لە سەدەی نۆزدەمدا نیشتمانپەروەرانی وەکو ماتسینی«٢»، کافوور«٣» و گاریباڵدی«٤»، دەستیان دایە خەباتی دلێرانەی (ریسور جیمنتۆ«٥») تا ناوچە جیاوازەکانی وڵات و گرووپە سیاسییەکان یەک بخەن و نیری بێگانە بپچڕن، ئیمپراتۆری ئیتاڵیا لە ساڵی ١٨٦١دا ڕەسمیەتی خۆی ڕاگەیاند و ئەنجام لە ساڵی ١٨٧٠دا کە فەرەنسا و پرووسیا گیرۆدەی شەڕ بوون، ڤیکتۆر ئەمانۆئیل بەرەو ڕۆم دەستی بە پێشرەوی کرد، هێزە فەرەنسەوییەکانی (پاپ)ی شکاند و بەناوی پاشای ئیتاڵیای یەکگرتوو جڵەوی کاروباری گرتە دەست. لەو زەمانە بەدواوە و تا ساڵی ١٩٣٩ ئیتاڵیا بەرە بەرە بوو بەهێز و دەسەڵاتێکی جیهانی. ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩١٦دا لەگەڵ هاوپەیمانانددا چووە جەنگی جیهانی یەکەمەوە. لەساڵی ١٩٢٠دا بنیتو مۆسۆلینی و حزبەکەی (حزی فاشیست) ئیتاڵیای کۆنترۆڵ کرد، قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتەکەی فراوان کرد و هێزی سوپایی وڵاتی زیاد کرد، ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩٤٠دا گیرۆدەی جەنگی جیهانی دووەم بوو، ئەم جارەیان لە بەرەی دژی فەرەنسا و بەریتانیادا.

### نۆڕینێکی گشتی

ئەدەبیاتی ئیتاڵیای سەدەی هەڤدەم ئەوەندە شایستەی باس و لێکۆڵینەوە نییە. شیعری ئەم قۆناغە بە زۆری شیعری دەستکرد و بێ گیان و سست و خاو بە تەنتەنە و سەنسەنەیە- شاعیران یەکجار زۆر پەنا وەبەر توانج پۆشی و پیشەی جوانکاری دەبەن. بەناوبانگترین نوێنەری شاعیران جوڤانی باتیستامارینۆ«٦»یە، کە وشەبازی و درێژدادڕییەکانی بوونە بە پێوەر و پێوانەی هونەری سەدەی هەڤدەم و پەیڕەوانێکی زۆریشی هەیە. لە مەیدانی شانۆنامەنووسیدا، کۆمیدیای دل ئارتەئا وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕووی ئەدەبییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، کۆمیدیای شوانکارەیی دەبێ بەکارێکی تەقلیدی و قەراردادی مردوویی بێ ناوەڕۆک و

تراجیدیا-ش دەرفەتی گەشەکردنی نابێ، تەنیا جۆڤانی باتیستا ئاندرئینی«٧»، تراژیدیایەکی هەندێک بایەخدار بەناوی (ئادامۆ) دەنووسێت کە کار لە «میلتن» دەکات.

سەدەی هەژدەم کۆمەڵێک پێشکەوتن لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەدیبانی بێزار و بێ تاقەت لەبەرهەمی پڕ ئاوتاوی قۆناغی پێشوو، دەکەونە گەڕان بەدووی سەرچاوەیێن ئیلهام و سەرمەشق و نموونەییێن تازەدا، ڕوو دەکەنە بەرهەمی کلاسیک و نووسەرانی فەرانساوی. گۆڵدوونی«٨» دەبێ بە پێشەنگای نەو کلاسیسزم و ئالفیری گەلەک ریفۆرمی گرنگ لە مەیدانی شانۆنامەدا ئەنجام دەدات.

ڕۆمانتسیسزم، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠دا بە کزی دەردەکەوێ، لەبەردەم کاردانەوەی موحافەزەکارانەی زادەی شەڕەکانی ناپلیۆندا، بەشێوەیەکی کاتی لە گەشەکردن دەوەستێ، بەڵام لە ئەنجامدا گەشە دەکات و گەورە دەبێ، گەشبینی، نیشتمانپەروەری و میللەت پەروەری کە لە خەباتی خۆبیوونی نەتەوەیی و یەکێتییەوە سەرچاوە دەگرێ تین و تاو بە بزاڤی ڕۆمانتیک دەبەخشن، لە دوادوایی سەدەی نۆزدەمدا میلی ڕۆژگار بەرەو واقیعگەرایی و تەبیعەتگەرایی دەگەڕێ، گرووپێکی توندڕەوی پەیڕەوی فۆتۆریزم«٩»، بە توندی بەرانبەر بە ڕۆمانتیکەکان دەوەستنەوە و بەرانبەر دەزگە و یاسا و ڕێسا و هونەر و ئەدەبیاتی کۆن ڕادەپەڕن، فۆتۆریستەکان لەژێر کاریگەری نیتشە و تارادەیەک وڵت وایتمەندا، سەروەت و سامان، ئامێرو تەکنولۆژیای بەرهەمهێن، (وەکو سەرچاوەی وزە) هەراو هەنگامە، تەپوتۆز و جەنگیان بەسەرچاوەی ئیستێتیکا و ئیلهام دەزانی.

## گۆڵدۆنی

### کارلۆ گۆڵدۆنی (١٧٠٧-١٧٩٣)

بە (مولیری ئیتاڵیا) ناسراوە و لە ڤینیسیا لەدایک بووە. ماوەیەک بە خوێندنی (ماف)ەوە خەریک بووە و سەردەمێکیش وەکو دیپلۆمات خزمەتی کرد، بەڵام دڵی هەر لەلای شانۆ بووە و لە هەشت ساڵیشدا شانۆنامەیەکی نووسیبوو. لەساڵی ١٧٤٨دا دەستی لە هەموو کارێک هەڵگرت تا شانۆنامە بۆ شانۆی ڤینیسیا بنووسێت. باشترین بەرهەمی خۆی لە ساڵانی ١٧٤٨-١٧٦٢دا بەزمانی ئیتاڵیایی نووسیوە، ئەوجا چوو بۆ پاریس و تاکۆتایی تەمەن هەر بەزمانی فەرەنسی شانۆنامانی نووسی.

گەورەیی گۆڵدۆنی لەوەدا بوو کە شانۆنامەی ماسکی، واتە «کۆمیدیای دل ئارتەئا»ی بە کۆن و لەباوکەوتوو و نەزۆک دەزانی. گۆڵدۆنی بۆ کلاسیسزم گەڕایەوە و لە ژێر کاریگەری مولیردا ڕەواجی بەکۆمیدیای ڕەفتاران بەخشییەوە، گۆڵدۆنی پەیگیری دوو ئامانجی دەکرد: (١) کاراکتەرەکان لە شێوەی بوونەوەرانی مرۆڤانیدا بەرجەستە بکرێن و (٢) بوویەر و ڕووداوەکان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی بن. گەلێک لە شانۆنامەکانی گۆڵدۆنی ئیلهام و زادەی دیتن و خوێندنەوەی ئەون بۆ چینی بورژوای ڤینیسیا، گۆڵدۆنی ئەگەرچی لە ڕووی تەنز، توانا، قووڵبینی فەلسەفی، یان سایکۆلۆژییەوە بەپێی مولیر-ی مامۆستایدا ناگات، لێ لە ڕووی داهێنانی دیالۆگ، پوختەیی پلۆت و بەهرەی پێکەناندنەوە، بەهاوتای شانۆنامەنووسانی فەرەنسەوی دەژمێردرێ.

گۆڵدۆنی لەچاکسازی کۆمیدیای ئیتاڵیادا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێ، کەسێک جێی ناگرێتەوە، چاکسازییەکانی وی ڕووبەڕووی هێرشی توندی پییترۆکیاری«١٠»، کارلۆگۆتیزی«١١» و جۆزپیەپارتی«١٢» دەبێتەوە.

گۆڵدۆنی، نزیکەی سەد و بیست کۆمیدیا و هەشتا دەقی ئۆپێرای داهێناوە. بەناوبانگترین کۆمیدیاکانی: قاوەخانە، میوانخانەدار و ماڵی نوێیان ناوە.

### ڤیتۆریۆ ئالفیری (١٧٤٩- ١٨٠٣)

شانۆنامەنووس، شاعیر، تەنز پەروەر و پەیامبەری کلاسیسزمی نوێیە، لە ئاستی نزیکی تۆرینۆ«١٣»، لە خێزانێکی خانەدانی دەوڵەمەند هاتووەتە دنیاوە، لە لاویدا زۆربەی کات و توانا و پارە و پوولی خۆی لە ئەسپ سواری و گەڕان و مێبازیدا سەرف کردووە، ئەلفیری لە ساڵی ١٧٧٧دا لویز«١٤» ستۆلبرگ-ی هاوسەری (چارلز ئەدوارد ستیوارت)ی (١٧٢٠- ١٧٨٨) دادوەری لاوی تەخت و تاجی ئینگلیستان، دەبینێ، لویز زۆر زوو بوو بە ماشوقەی ئالفیری. ئەم جووتە لە ساڵی ١٧٨٥ەوە تا ١٧٩٢ لە پاریس مانەوە و لەگەڵ هەڵکشانی شۆڕشی فەرەنسادا پەنایان بۆ فلورەنسا برد و

تاوەکو مردنی ئالفیری لە ساڵی ١٨٠٣دا لەوێ مانەوە.
ئالفیری پاش نووسینی شانۆنامەی مەیلە و سەرکەوتووی «کیلۆپاترا» لە ساڵی ١٧٧٤دا، کەڵکەڵەیەکی توندی شانۆی کەوتەسەر و لە پڕ هەستی بەوە کرد کە بۆ سەرکەوتن پێویستی بە خوێندن و خوێندنەوەی زۆرتر هەیە و بە گەرمی کەوتە فێربوونی ئیتاڵیایی و لاتینی و یۆنانی.
ئالفیری لە ساڵانی ١٧٧٧- ١٧٨٩دا نۆزدە تراژیدیای نووسی. زۆربەی بابەتی شانۆنامەکانی لە ئەفسانانی کلاسیک و لە کتێبی پیرۆز و لە بوویەرە مێژووییەکانەوە وەردەگرت. هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی دەگەڵ ئەم بابەتانەدا زیاتر زەینی بوو. ئالفیری زۆر لە خەمی سەرگەرمی بەخشیندا بوو. بەڵکو زیاتر پەرۆشی بڵاوکردنەوەی بنەما و پرەنسیپەکانی ئازادی بیروهزرین بوو کە ئیلهامبەخشی ژیانی خۆی بوو. ڕق لە شاهان لە هەموو شانۆنامەکانیدا بەزەقی دیارە... ئالفیری یەکەمین شانۆنامەنووسە کە باسی زاگەی باوانی، ئیتاڵیای یەکگرتووی کردووە و بە کردەوە قوتابخانەی ئەدەبیاتی نیشتمانپەروەری دامەزراند.
لە تراژیدیاییەکانی ئالفیریدا، بە وازوازییەوە پرەنسیپی سێ یەکێتییەکە ڕەچاو دەکرێ. شانۆنامەکانی کاتێک دەست پێ دەکەن کە ماوەیەک بەسەر پێشڤەچوونی پلۆتی چیرۆکەکەدا تێ پەڕیوە و لەدوا ئەنجامدا ئەم نەخشە و پلۆتانە یەکجار سادەن، لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا کەمی جووڵە و کردار هەیە، زۆربەی شانۆنامەکانی کورتن. تەنیا یەکێکیان لە هەزار و پێنج سەد دێرێک زیاترە. ژمارەی کارەکتەری شانۆنامەکانی زۆر کەمە و بە درێژایی نمایشەکە هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نایەت. تۆن و ئاوازی شانۆنامەکانی تەواوی خەمینە و ئەم تۆنە- مەخابن لە هەموو بەرهەمەکانیدا- هیچ کاتێک ئەو هەستی هاوسۆزییە ناسکەی کە لە شانۆنامەکانی شەکسپیردا باری تراژیدی خاو دەکاتەوە پەیدا ناکات... شێوازی ئالفیری کورت و گرژ و ڕەقە.
باشترین تراژیدیای ئالفیری ئەمانەن:
«سائول»: شەڕی ڕوحانی یەکێک لە شاهانی کتێبی پیرۆز کە زادەی بەغیلی بردنی ئەوە بەداود، وێنە دەگرێت.
«فیلیپۆ»: کە باسی زەماوەندی فیلیپی دووەمی ئەسپانیا لەگەڵ ماشوقەی کوڕەکەی خۆی و پاشان مردنی هەردوو ئاشق دەکات. «برۆتۆسکۆندۆ»: کە چیرۆکی کوژرانی ژول تزار دەگێڕێتەوە. «ئاگامەمنوونە و ئۆرست»: کە بەشێک لەسەربوردەی ئۆرستیا-ی نووسینی ئاسخیلۆس دەگێڕێتەوە. «میرا»: ئەمە حیکایەتی کیژێکە کە حەز لە بابی دەکات.
ئالفیری، جگە لە تراژیدیایەکانی، ئۆتوبیۆگرافییەکی زۆر جوان، و چوار کۆمیدیای (کەم بایەخ) و چەند تەنزێک و چەند شیعرێکی لیریکیشی هەیە.
ئالفیری وەکو گۆڵدۆنی لەواری ئەدەبیدا کەس جێی نەگرتەوە. پاش مردنی وی، کۆمیدیای سانتیمانتال-ی فەرەنساوی (کۆمیدیای گریانئاوەر«١٥») لە ئیتاڵیادا جێی تراژیدیای گرتەوە.

## مانزۆنی

## ئالیساندرۆ مانزۆنی (١٧٨٥- ١٨٧٣)

شاعیری لیریکی، شانۆنامەنووس و چیرۆکبێژە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لە میلان هاتووەتە دنیاوە. لە ساڵی ١٨٠٥دا دەگەڵ دایکیدا بۆ پاریس چوو و لەوێ پێوەندی بە ئەنجوومەنە ئەدەبییە بەناوبانگەکەی مەدام (دوکۆندۆرسەوە«١٦») کرد. لە دەوروبەری ساڵی ١٨١١دا پێوەندی بە مەزهەبی کاتۆلیکی ڕۆمییەوە کرد و پەرەی بە هزر و بیری یانسنی دا کە پاشان کاریگەرییان لەبەرهەمەکانیدا ئاشکرا بوو. مانزۆنی دوای ماوەیەک بۆ میلان گەڕایەوە و تا کۆتایی تەمەنی دوور و درێژی خۆی لە نزیکی ئەو شارەدا ژیا. هەمیشە پشتیوانی میانەڕەو، بەڵام ئەمەکداری مەسەلەی خۆبوونی ئیتاڵیا بوو.

## هۆزانە لیریکییەکانی

یەکەمین هەڵبەستێن ئەدەبی مانزۆنی هۆزانی لیریکییە. لە ساڵی ١٨٠٦دا هەندێک شیعری بێ سەرەوای دەربارەی بەرەڤانی لە دایکی و ئاشقە مردووەکەی دایکی نووسی. ئەم شیعرانە لە ڕووی دەربڕینی قووڵی ئارمانجەکانی خودی مانزۆنییەوە یەکجار بەهادارن. لە ماوەدای ساڵانی ١٨١٢-١٨٢٢دا پێنج سروودی ئاییینی بە بۆنەی جەژنەکانی کڵێساوە نووسی: جەژنی مژدە«١٧»، ئادڤینت«١٨»، پاسیۆن«١٩»، ڕابوونی پاش مەرگی کریست«٢٠»، جەژنی پنجامینە«٢١»، ئەم سروودانە کە بەزمانێکی سادە، بەڵام بەهێز دەربڕدراون، جلوەیەکە لە هەست و نەستی

توندو بێ ڕیای شاعیر. بەناوبانگترین شیعری مانزۆنی، هۆزانی پێنجەمی مایسە، کە لاوانەوەیەکی دڵگیرە و لەساڵی ١٨٢١دا بە بۆنەی مردنی ناپلیۆنەوە گوتراوە.

### شانۆنامەکانی

مانزۆنی دوو تراژیدیای لەسەر بنەمای بابەتی مێژوویی نووسیوە کە زیاتر لەبەر ناواخنی تیۆری شانۆیی ماونەتەوە تا لەبەر توانای خودی و هونەری. شانۆنامەی: (کۆنت کارمانیۆلا- ١٨٢٠)، چیرۆک و سەرگورشتەی فرانچسکۆ بۆسۆنە-ی سەربازی بەنێوبانگی ڤینیسی لەسەدەی پازدەمدا کە بەتۆمەتی خیانەت لە سێدارە درا دەگێڕێتەوە. شانۆنامەیەکی دیکە لەژێر سەر ناوی (ئادلکی- ١٨٢٢)یە، ئەمە خەباتی لۆمباردەکان دژی شارلمانی دەگێڕێتەوە. مانزۆنی، یەکجار دڵبەندی شەکسپیرە و کەسێکی ڕۆمانتیکی تەواو عەیارە و چاوپۆشی لە یەکێتییەکانی کات و شوێن دەکات، بەڵام بە پێچەوانەی شەکسپیرەوە، ڕاستییە مێژووییەکان، ئەگەر واقیعی نمایشنامەکەش بخوازێ، ناگۆڕێ و دەستکارییان ناکات. جا لەم بارەیەوە تراژیدیایەکانی لەباری سەرنجی شانۆییەوە سەرکەوتوو نین، زیاتر بۆ خوێندنەوە دەست دەدەن، لەگەڵ ئەمەشدا شانۆنامەکانی مانزۆنی لایەنی پۆزەتیڤیشیان هەیە: شێوازێکی یەکدەست، سادە، پتەو و سفت و دڵگیریان هەیە. پڕن لە دیمەنی جوان و هزر ئەنگێز و هەندێک لە گۆرانی کۆراڵەکان، شیعری لیریکی جوانن ڕەنگدانەوەی هەستی نیشتمانپەروەرانەی خودی (مانزۆنی)ن.

### ڕۆمان

#### «دەزگیرانەکان» (قەولی زەوجین بە یەکدی دەدەن)

بە «تاقە ڕۆمانی گەورەی ئیتالیایی» ناودەبرێ. لە ساڵی ١٨٢٣دا تەواو کراوە، بەڵام لە ساڵی١٨٢٧دا بڵاوبووەوە، پاشان مانزۆنی پێیدا چووەتەوە و زمانەکەی لە میلانی لەهجەدارەوە بۆ زمانی توسکانی پەتی باو گۆڕیوە و دەقە دەستکاری کراوەکە بە زنجیرە لە ساڵانی ١٨٤٠- ١٨٤٢دا بڵاوبووەوە.

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە لە گوندی لیکۆ-ی نزیکی میلان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەڤدەمدا، لەو ساڵانەدا کە دەڤەرەکە لەژێر ڕکێفی داگیرکەرانی ئیسپانیاییدا بوو، دەست پێدەکات. «دون ڕۆدریگۆ» خەیاڵی خراپ دەرهەق بە «لۆچیا»ی کیژە گوندیی دەزگیرانی «لۆرنزۆ»ی کوڕە دێهاتی لەخەیاڵدانی خۆدا پەروەردە دەکات. پلۆت و تیمەی ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی سەرەکی بە دەوری تەوەری هەڵاتن و ڕەڤینی ئەم جووتەیە لەدەستی ڕۆدریگۆ.

ئەم ڕۆمانە چەند کێماسییەکی ئاشکرای هەیە. مانزۆنی کە حەز دەکات چیرۆکەکە لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکاندا جووت بێ، قەواڵە و بەڵگەنامانی مێژوویی لەگەڵ زنجیرەی بوویەرەکانی چیرۆکەکەدا ئاوێتە دەکات. هەندێ لە وەسفەکان لە ڕادەبەدەر درێژن و ژمارەیەک لە ڕەخنەگران قارەمانانی پیاو و ژنی چیرۆکەیان بە وشک و بێ پرشنگ زانیوە، بەڵام لایەنی پۆزەتیڤی ڕۆمانەکە زۆر لەلایەنی نیگەتیڤی زیاترە، پلۆتی چیرۆکەکە هاوڕوژێنەرە، کاراکتەرسازی، بە تایبەتی بەرجەستەکردنی گوندییانی لۆمبارد، مایەی سەرسامییە. ناوەڕۆکی کتێبەکەش دڵگیرە: ململانێی نێوان هەق و ناهەق و خوداش لایەنگری هەقە، زۆر ساتی چیرۆکەکە بە شۆخیبازی و حەنەک-ی جوان پڕ بووەتەوە، شێوازی ڕۆمانەکە یەکهاوی ڕازاوەیە و ئەمەش بەرزییەکی لە ئاستی بەرهەم و کارە کلاسیکییەکانی پێ بەخشیوە، لەکۆتاییدا ڕۆمانی دەزگیرانان، هاتووە ماهییەت و جەوهەری مرۆڤی وێنە گرتووە و بەمەش لەهێرش و خواستی ڕەخنەگران دوور کەوتووەتەوە، سکۆت، گوتە و شاتۆبریان بەستایشکاری ئەم ڕۆمانە دەزانرێن.

### لیۆپاردی

#### جاکۆمۆ لیۆپاردی (١٧٩٨- ١٨٣٧)

شاعیر، فەیلەسووف، ڕەخنەگر و باسکارە و بێ چەندوچوون لە دوای «تاسۆ»وە تاوەکو ئەمڕۆ گەورەترین شاعیری ئیتالیایە، جاکۆمۆ لە باژێرۆکی «ڕکاناتی»ی نزیکی پۆلۆنیا لەدایک بووە. سەرەتای ساڵانی تەمەنی بەوپەڕی ناخۆشی و لەشبەباری لە سایەی بابە مۆن و دەست نوقاوەکەی و دایکە ڕژد و پیسکەکەیدا بەسەر برد، جاکۆمۆ شەیداو ڕموودەی خوێنەواری بوو، لە ڕادەبەدەر ئاشقی خوێندنەوە و موتاڵا بوو، هەر ئەمەش کردییە کارێک کە بەر لە تەمەنی بیست ساڵی، لە یۆنانی و لاتینیدا ببێ بە ئەدیبێکی تەواو، هەروەها زمانانی فەرەنسی، ئەڵمانی و عیبریش بە تەواوەتی فێر بوو، ئەم سوور بوونە زۆرەی لەسەر خوێندنەوە و خوێندەواری کردییە کارێک کە هێندەی دیکە بێ هێز و

لەش بەبار بێ، نەخۆشی و لەشبەباریش بەرەو ڕەشبینیان برد. لیـۆپاردی لە سـاڵی ١٨٢٢ وە تا سـاڵی ١٨٣٣ شارە جۆراوجۆرەکانی ئیتاڵیای دایە ژێر پێیان و بێهوودە بە دووی ئەشق و بەختـەوەری و سـەلامـەتیـدا دەگـەڕا. سـەرەنجـام هەژار و دامـاو لە سـاڵی ١٨٣٧دا لەناپولی کۆچی دوایی کرد.

لیـۆپاردی گەلێک نامەی دڵگیری لەمەڕ حاڵی خۆی، شـرۆڤـەیەک لەسـەر پـترارک ١٨٢٦، سـاڵی (١٨٢٤-١٨٢٨) چەنـدین وتـاری دەربـارەی ڕەخنـەی ئـەدەبی و کـۆمـەڵێک باسی دەربارەی بەرەڤـانی لە ڕەشـبـینی وەکـو تاقە فەلسەفەی قابیلی ڕوونکردنەوە نووسی.

نـاوو ناوبانگی لیـۆپاردی بەدیوانێکی چکۆلەی چل چامـەییـەوەیە (کنزۆنە) کـە بە گـوێرەی یاسـا و پێـوەرە شـیـعـرییـەکـان، پێـوەندی چەمک و خـەیاڵ، فـۆرم و نـاوەرۆک و هەندێ جـار وەرگــرتن لە بابەتێن یۆنانی کــۆنەوە، شـیـعـری تەواو کـلاسـیکن، بەڵام لە باری گوزارشتی ڕەشبینانە و تاکگەرایی خودی شاعیرەوە دەبێ بە ڕۆمـانـتیک حەساو بکرێن. ژمـارەیەک لەم چامـانە لە نیشتمانپەروەرییەوە سەرچاوە دەگرن وەکو «بۆ ئیتاڵیا» و «لەبەر بارەگـای دانتی»دا و چەند دانەیەکی دیکەیان دەربارەی ئەڤـینن وەکـو: «یەکـەمین ئەڤین» و هەندێکی دیکەشـیـان فـەلسـەفی و هزرین وەکـو: «دوا گـۆرانی سـاپفـۆ». زۆربەی ئەم شـیـعـرانە- تەنانەت شـیـعـرە دڵدارییـەکـانیش- کـە ئاوێـتەی ڕەشـبـینین، هەڵقـوڵاوی کانگای دڵ و وەستایانەن. لەگۆشەنیگای لیۆپاردییەوە بەختـەوەری خێـری باڵایە، بەڵام بەدەگـمەن و ئەویش بۆ هەندێ سـاتی کـورت خـایەن، دەکـرێ بەدەست بێت. نەگـبـەتی و ڕۆژە ڕەشی نەک هەر لەم ڕۆژگـارەدا، بەڵـکو هەمـیـشـە فـەرمـانڕەوای جیـهـان بووە و قـەدەرە کـە هەتا هەتایە هەروا بێ.

بێ تاقـەتی، ئازادیخـوازی، نەفـرەت لە دکـتـاتۆریەت، ڕەشـبـینی لیـۆپاردی، یادی بایرۆن و شـیللی لەدڵاندا زیندوو دەکـاتەوە، جـوانی پەرسـتی ئەوو دڵبـەندی بە بەرهەمێن کلاسیکی یۆنانەوە و مێبـازییەکـەی، کیـتس وەبیر دێنێتەوە.

سـانت بۆڤ، لیـۆپاردی بە نەجیب ترین، هێـمن ترین و عەبووسـترین شاعیری دنیا دەزانی، مـاتیـۆ ئارنۆڵدیشی بەهاوتای مــیلتن و دانتــیی دەژمــارد و ڕاوبـۆچوونی هەمـووان بەشـێـوەیەکی گـشـتی ئەمـەیە کـە لیـۆپاردی گەورەترین شاعیری ئیتاڵیای چەرخی تازەیە.

## کاردۆچی

### جوزویە کاردۆچی (١٨٣٥- ١٩٠٧)

شاعـیر و ڕەخنەگر و وتاربێژ، لە ڤال دی کاسـتلۆ، لە تۆسکانی لەدایک بوو، قـۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە فلۆرانس تەواو کرد، پاشان چووە زانکۆی پیزا، لە ساڵی ١٨٥٦دا خوێندنی تەواو کرد، ماوەیەک بەکاری چاپ و بڵاوکـردنەوە و دەرس دانەوە لە قـوتابخـانەی ئامـادەییـدا خەریک بوو، پاشان بوو بە مامۆستای زانکۆی پۆڵۆنیا، لە سـاڵی ١٨٦٠ەوە تا ١٩٠٤ لەم زانکۆیەدا وانەبێـژی کرد.

کردۆچی هەرچەندە هیچ کـاتێک خۆی بە سـستـمێکی فـەلسـەفی هاوئاهەنـگ و گونجـاوەوە خـەریک نەکـردووە، بەڵام لـە واری پرس و دۆزی ســیــــــاسی، ئایینی و جوانیناسیدا، ڕاوبۆچوونی ئاشکراو بنجبڕی هەبوو.

لە سیاسەتدا لە سەرەتاوە لایەنگری ڕژێمی پاشایەتی و لایەنگیری ڤیکتۆر ئیمانۆئیل«٢٢» بوو، کە لەماڵباتی شاڤۆ بوو. ماوەیەکیش بەو بیانووەی کە پاشا دەرهەق بە میللەت کەمتەرخەمە، بوو بە کۆماریخواز، بەڵام دووبارە گـەڕاوەتەوە سـەر سـەڵتـەنەتخـوازی و لەدوا سـاڵەکـانی تەمـەنیـدا لە دۆسـتـانی نزیکی شابانۆ مـارگـریتـا«٢٣» بووە.

کـاردۆچی لە ڕووی ئایینەوە خوانەناس بوو، کـڵێسـای بە ڕەمز و هێمای دەسەڵاتی داگیرکاری«٢٤» نەمسا و فـیـۆدالیـزم و کـولتـووری سـەدەکـانی ناڤین و کـۆیلایەتی دەزانی، زێدەباری ئەمــەش وەکــو سـوین برن، باوەڕی تەواوی بەوە بوو کە کریستی ئایینی زوهد و ڕیازەتە. جا لەبەر ئەمە ڕووی کردە ئەفسـانانی خـواوەندانی(یۆنان و ڕۆم)ی کـۆن، خـواوەندانێک کـە بەزیندوو و واقـیـعی دەزانین، نـەک بە زادەی خـەیاڵاتی شـاعـیـرانەی ڕووت. کـاردۆچی خـوانەنـاسـانە هەم چێـژی لە ژیان دەبینی، ژیانێکی سـادە، دادوەرانە، سـەلامـەت، پڕ خـەبەتین لە جـیـهـانی جـوانیـیـەکـاندا. هەرچەندە کـاردۆچی هیچ باوەڕێکی بە ئاکاری کریستی نەبوو، بەڵام کاریگەری ئەم ئاکـارانە بەسـەر ئەوەوە لەوە پتر بوون کـە خـۆی هەسـتی پێدەکرد.

کـاردۆچی لەواری جوانیناسیدا شاعیرێکی کلاسیک بوو. لە ڕۆمـانتـیـزم بێـزار بوو، بەهاوتای کـریسـتی و

کولتووری سەدەکانی ناڤین و دەسەڵاتی بێگانەی دەزانی.
کاردۆچی ئیلهام سەرۆی لە ڤیرجیل، هۆراس، پترارک و بۆکاچۆوە وەردەگرت. لە ستایشکارانی دانتی بوو و ئەوی بە قارەمانی ئازادیی ئیتاڵیا دەزانی، لێ دەربارەی پرسە مەزهەبییەکان دانووی دەگەڵ شاعیرانی پێش دانتیدا نەدەکولا، کلاسیسزمی گەرموگوڕ و پڕ جۆشوخرۆش تا ئەندازەیەک زادەی نیشتمانپەروەری کاردۆچی بوو. کاردۆچی لەو ڕووەوە کە ڕۆڵەی ڕومیانی کۆن بوو و نەک هەر میراتگری کەلەپووری ئەدەبی وان بوو، بەڵکو زادەی گوندە پڕشکۆدارەکانی ئیتاڵیاش بوو- ئەو گوندانەی کە ئیلهام بەخشی شاعیرانی وەک ڤیرجیل و هۆراس بوون- شانازی بەخۆوە دەکرد.
شیرک، مرۆڤگەرایی، کلاسیسزم و نیشتمانپەروەری، بابەت و ناوەرۆکی هەمیشەیی شیعرەکانی کاردۆچییە، کاردۆچی کە لەبنەڕەتدا شاعیرێکی لیریکی باڵا دەست بوو، زیاتر مامەڵەیەکی سۆزداری لەگەڵ ئەو ناوەرۆک و بابەتانەدا هەبووە تا مامەڵەی فەلسەفی و فێرکاری، هەرچەندە شیعرە لیریکییەکانی تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانتیکیان هەیە، توندو بەهێز، تاک گەرایانە و گەشبینانەن، بەڵام لە قاڵب و فۆرمی کلاسیکدان، کاردۆچی بۆ زۆر کێش و وەزنی یۆنانی و ڕۆمی دەگەڕێتەوە و گوزارشت و دەربڕینێکی ناباوو چڕ دەدۆزێتەوە، ئەم چڕی و پڕییە هەندێ جار دەکاتە کارێک کە تێگەیشتنی ئەندێشە و هزرەکانی ئەستەم و زەحمەت بێ، بەتایبەتی کاتێ کە دێتە سەر تیل نیشانی فەزلفرۆشانە و خۆنواندن، لەبەر ئەمە شیعری کاردۆچی هیچ کاتێک مایەی پەسندی عەوامی خەڵک نەبووە.
گرنگترین دیوانی شیعری کاردۆچی: (شاعیری ١٨٧١)، (قافیەی نوێ ١٨٧٣)، (چامەییێن هۆڤی- سێ کۆمەڵە شیعرە: ١٨٧٧، ١٨٨٢، ١٨٨٩) و (کێش و سەروا ١٨٩٩)یان ناوە.
کاردۆچی نەک تەنیا لە مەیدانی شاعیریدا، بەڵکو لەمەیدانی پەخشان نووسیشدا- بە تایبەتی لە هونەری وتاربێژیدا- زیندووە، ڕەنگە گەورەترین وتاری وی دەربارەی گاریباڵدی بێ ١٨٨٢.

## دانونتسیۆ

### گابریلە دانۆنتسیۆ (١٨٦٣- ١٩٣٨)

شاعیر و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووس و ئاسمانەوان بوو، خەڵکی پسکارایە«٢٥»، لە پراتۆ«٢٦» خوێندوویەتی، لە تەمەنی هەرزەکاریدا ماوەیەکی کورت لە دامودەزگایانی پەخش و وەشاندندا کاری کرد و ئەوسا لێبڕاو نووسەری بکات بە پیشە. خوێ تایبەتمەندی بەشی هەرە زۆری ژیانی دوور و درێژی وی بریتی بوو لەسەرکێشی، بەڕەڵلایی، سۆزداری و بێ سەروبەری.
لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا، هەرچەندە بە تەمەن بوو، لە هێزی ئاسمانیدا بەشداری شەڕی کرد و چاوێکی خۆی لەدەستدا، لەساڵی ١٩١٩دا، بە پێچەوانەی پەیمانی ڤیرسای، لەشکری کردە سەر فیوم«٢٧» و گرتی.
دانۆنتسیۆ یەکەم جار وەکو شاعیر ناوبانگی پەیدا کرد، کاریگەری هەموو ئەم نووسەرانە بەسەر شیعری ئەوەوە دیارە، ئەو شیعرانەی کە بەتێکەڵەیەک لە بەدەوییەت و داڕووخان ناویان دەرکردووە کاردۆچی، فلۆبیر، مۆپاسان، ڕامبۆ، وایڵد، سوین برن، ڤارلین، نیتشە، بۆدلێر، ڕۆمانتیکەکانی ئینگلیز و ڕۆماننووسە ڕووسەکانی هاوچەرخی خۆی، ڕەقی و توندی ئەم شیعرانە کردوویانەتە کارێک کە کۆن و بەدەوی بێنە بەرچاو، تەسلیم بوون بە لەزەتی نەفسانی، بێزاری، هەوەسکاری لە هونەردا، یاخی بوون لە کۆت و زنجیری ئەخلاقی و شیرک ئەم شیعرانە دەخاتە خانەی داڕووخانەوە. دانۆنتسیۆ ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی سروشت و تەبیعەت نییە، مەبەستی سەرەکی ئەو تەنیا جوانی پەروەرییە، مەیلی وی زیاتر بەلای بەرجەستە کردن و نیشاندانی جوانیدایە، تا بەلای وەسفی ژیاندا، جوانی لە ڕوانگەی دانۆنتسیۆوە جوانییەکی دەروونی و سایکۆلۆژییە و ڕێیەک نییە بچێتەوە سەر قووڵایی هەست، یان هزر و ئەندێشە. وەسفەکانی تەڕ و پاراو و بە ئاووتاون، لە ڕادەبەدەر بە شکۆ و بەسام و سەنگن، بەڵام ئەو شکۆیە هەمیشە تا ڕادەی تێر بوون تاقەتبەرە.
دانونتسیۆ هەندێ جار بەلای دزێوی، هەرزەکاری و شەڕەنگێزی، نادروستی و نزمیدا دای دەشکێنێ، ئەم لاوازییانە بە تایبەتی لە شیعرەکانی سەرەتایدا دیارن، بەناوبانگترینی ئەم شیعرانە لە کۆمەڵە شیعرانەدا بڵاوبوونەتەوە: (بەڕاستی یەکەمین ١٨٧٩)، (گۆرانیانی نوێ ١٨٨١)، (لۆلۆ ١٨٨٨) و لەگەڵ زنجیرە دیوانێکی دیکەدا بەناوانی: (لە ستایشی ئاسماندا، دەریا، زەمین، قارەمانان لەساڵانی ١٩٠٣- ١٩٠٤).
هەندێ لەو شیعرانەی کە دانۆنتسیۆ لە ساڵی ١٩١٤

بەدواوە نووسیونی دەربارەی نیشتمانپەروەرییە.

خەوشەکانی شیعری دانۆنتسیۆ لە پەخشانەکانیشیدا بەدی دەکرێن، گەلێک لە ڕۆمانەکانی ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی نیتشەن و قارەمانێکی وەکو خودی دانۆنتسیۆ وێنە دەگرن- مرۆڤێکی لەزەت خواز، بەهەستێکی توندی جوانی پەروەرییەوە، سەرکێش و قارەمان ئاسا. بەناوبانگترین ڕۆمانی وی بریتییە لە: (مندالّی لەزەت ١٨٨٩)، (بێگوناه ١٨٩٢)، (سەرکەوتنی مەرگ ١٨٩٤)، (پاکیزانی تاوێران ١٨٩٥) و (ئاگر ١٩٠٠) کە بێ گومان باسی پێوەندی نەفەرمی خودی نووسەر لەگەلّ خانمێکی ئەکتەری ئیتالّیاییدا بەناوی ئیلیۆنۆرا دووره دەکات«٢٨».

دانۆنتسیۆ لە واری شانۆنامەنووسیدا هیچ جۆرە سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنێ، زێدەباری ئەو خەوش و کەموکورییە ئاساییانەی کە لە شیعر و ڕۆمانەکانیدا هەن، شانۆنامەکانیشی زۆر بێ جوولّەن و لە ئەندازە بەدەر زەینین. باشترین شانۆنامەی وی بریتیین لە: (فرانچسکادا ڕیمینی ١٩٠٢ و فیدرا ١٩٠٩).

شۆرەت و ناوبانگی دانۆنتسیۆ ئەمڕۆ تەواو کالّ بووەتەوە. تەنیا وەکو نموونەیەکی شاعیرانی سەردەمی خەملّینی میللەتی ئیتالّیای نوێ یاد دەکرێتەوە. میللەتێک کە دانۆنتسیۆ بە میتاهۆمانیزم و نەفسپەرستی خۆی، بە زەبری جۆشوخرۆش، یان لێشاوی شێوازی خۆی، پەنای بۆ دەبرد.

## پیراندللۆ

## لوێچی پیراندللۆ (١٨٦٧- ١٩٣٦)

لە ئاگریجنتۆ، لە سیسیل چاوی هەلّهێناوە و سالآنی مندالّیەتی لەوێ بەسەر بردووە. بابی کابرایەکی دەولّەمەند و خاوەن و بەڕێوەبەری کانگەیەکی گۆگرد بوو. لوێچی بۆ ماوەیەکی کەم خۆی بەکاروباری بازرگانییەوە خەریک کرد، لە سالّی ١٨٨٧دا بۆ خوێندن چوو بۆ زانکۆی ڕۆم، دواتر چووە زانکۆی بۆن، دکتۆرای لە زمانەوانیدا وەرگرت. لە سالّی ١٨٩٤دا ژنی هێنا، لەسالآنی ١٨٩٧- ١٩٢١ لە پەیمانگەی ژنانی ڕۆمدا خەریکی گوتنەوەی وانەو دەرسی ئەدەبیاتی ئیتالّیایی بوو. لە سالّی ١٩٢٥دا دامەزراندنی شانۆی نەتەوەیی لە ئەستۆ گرت، مۆسۆلینی بەخۆی پەیگیری بەڕێوەچوونی ئەم کارەی دەکرد، پیراندیللۆ لە سالّی ١٩٣٤دا لەسەر شانۆنامەکانی خەلآتی نۆبلّی ئەدەبیاتی وەرگرت، دوا سالآنی تەمەنی بەنووسین و سەفەر بۆ ئەمەریکای باشوور، فەرەنساو ولآتە یەکگرتووەکان گوزەراند.

پیراندیللۆ لەسالّی ١٨٨٣دا دەستی بە شیعر گوتن کرد، لە سەرەتاکانی ژیانی خێزانداریدا هەندێ وتاری دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی بلآوکردەوە، تاوەکو پێش سالّی ١٩١٤ زۆر ڕۆمان و کورتە چیرۆکی نووسی، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا حەزی چووە سەر شانۆ، ئەو شانۆنامانەی کە لەسالّی ١٩١٥ بەدواوە نووسینی، ناوو ناوبانگێکی جیهانی گەورەیان بۆ دروست کرد.

### فەلسەفەی پیراندیللۆ

شانۆنامەکانی پیراندیللۆ ڕەنگدانەوەی بۆچوونە تالّەکانی خودی نووسەرن، نائومێدی و ڕەشبینی و بەدگومانی پیراندیللۆ زادەی ژیانی بەزەیی ئەنگێزی خانەوادەکەین، چونکە لە سالّی ١٩٠٤دا لافاو کانگەکەی بابی و بەشی هاوسەرەکەی وی، لە ناوبرد و دووچاری ڕۆژی مەینەتی کردن. هاوسەرەکەی لە هەمان سالّدا تێک چوو و تا مردنی لە سالّی ١٩١٨دا ئەو نەخۆشییەی هەر لەگەلّدا بوو.کیژەکەی کە توانای بەرگەگرتنی شێتییەکەی دایکی نەبوو، ویستی خۆی بکوژێت، بەلآم گیربوونی گوللەکە لە لوولەی دەمانچەکەیدا ڕزگاری کرد، پیراندیللۆ کە زۆر لەم مەینەتییانە وەڕس و بێزار بوو، لەو پێوانگەوە کە ویراسەت و ژینگە تا ڕادەیەکی زۆر ژیانی مرۆڤ کۆنترۆلّ دەکەن و مرۆڤ هیچ دەسەلآتێکی بەرانبەریان نییە، گەیشتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە چارەنووسی مرۆڤ لەهی گیانلەبەرانی تریش خراپتر و بە ئازارترە، گیانلەبەران هیچ نەبێ بە حوکمی مەیل و غەریزەی زگماک حالّەتێکی خۆشی پەیدا دەکەن، واتە گیانلەبەران وەکو چۆن هەن و وەکو خۆیان مل بۆ ژیان دەدەن و دەژین، بەلآم مرۆڤ هەرکە خۆی بەدەستی غەریزەوە دا، یەکسەر هێزی ئەقلّ و ئاوەز وەگەڕ دەخات تا پاساو و ئەنگیزەیەکی ئایدیالی بۆ کرداره غەریزییەکانی بدۆزێتەوە. مرۆڤ ئەگەرچی لەم ئارمانجە ئایدیالییە حالّی دەبێ، بەلآم هەرگیز پێی ناگات، چونکە ڕێنوێنی ئەو لە واقیعدا غەریزە و مەیلی ئەوە. تواناو هێزی ئەقلّ و ئاوەز و حالّی بوون مرۆڤ بە جۆرێ فریو دەدات کە وا مەزەندە بکات ئەنگیزەکانی نموونەیی و ئایدیالین، بەلآم لە ئەنجامدا

دەردەکەوێ کە ئەم ئارمانج و ئایدیالپەروەرییە جگە لە خەیاڵ پڵاو چ شتێکی دیکە نەبووە. ململانێی لە سازان نەهاتووی نێوان جوانی نموونەیی و دزێوی ژیان، وەکو چۆن هەیە، بناغە و هێمی بەدگومانی پیراندیللۆیە.

## شێوەی شانۆییەکانی

ڕەنگە حاڵی نەبوون لە شەیدایی پیراندیللۆ سەبارەت بە ململانێی نێوان واقیع و ئایدیال، ئەم خەیاڵەی چێ کردبێ کە شانۆنامەکانی (ناواقیعی)ن و کەمتر سەرو ساختیان لەگەڵ مرۆڤانی (واقیعی)دا هەیە. ڕات شپارد فلپس دەڵێت کە: «شانۆنامەکانی پیراندیللۆ چەمکێکی سەرڤەسەرڤە لەمەڕ واقیعگەرایی نیشان دەدەن، بەڵام ئەنجامی شانۆنامەکە لۆژیکەوە هەڵدەقوڵێ، هیچ جۆرە واقیعگەراییەکی لەخۆ نەگرتووە، دیارە ئەم ئەنجامە لە ڕادەبەدەر ئایدیالییە و بەهیچ جۆرێ ناشوبهێتە سەر ژیان. شانۆنامەکانی پیراندیللۆ بەهیچ جۆرێ باسی سۆز و گەودازی مرۆڤانی، یان کار و کاریگەری کەسایەتییەکان لەسەر یەکدی ناکەن. تەواو خوازراو و مەجازین». ویتۆردینی ئەم تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی وایە کە «یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی هزر و ئەندێشەی پیراندیللۆ ئەوەیە کە پێوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ژیاندا هەیە. ژیانی واقیعی و خەیاڵی بەشێوەیەکی خەماوی لە بوونی پیراندیللۆدا ئاوێتە و تێکەڵ دەبێ».

شانۆنامەکانی پیراندیللۆ هەرچەندە خەمناک بن، هێشتا هەر ئاوێتەی پێکەنین و شۆخیبازی و حەنەکن، بەڵام پێکەنین لەم شانۆنامانەدا پێکەنینێکی گرژ، کۆمیدی و تەنزئامێزە، «لندرمک کلینتاک» دەڵێت کە پیراندیللۆ کۆمیدێنەکە کە مرۆڤ دەخاتە پێکەنین تا لە گریان، لەدەستی ڕەنجان لەژیان و سەختییەکانی بوون، دووری بخاتەوە. پیراندیللۆ بەخۆیشی باوەڕی وایە کە کۆمیدیانووس دەبێ دروشمەکەی «جۆردانۆ برۆنۆ» بەکاربێنێ: «شاد لەکاتی خەم، خەمین لەکاتی شادی».

پیراندیللۆ کە هیچ چارەسەرێک بۆ گیروگرفتەکانی ژیان نادۆزێتەوە، گەلێک لە شانۆنامەکانی خۆی لە شوێنێکدا کۆتایی پێ دێنێ، کە هەندێ جار وا دێتە بەرچاو تازە لەناوەڕاستی چیرۆکەکەدایە- بەڵام هەر ئەم بێ ئەنجامییەی شانۆنامەکان- نەبوونی کۆتاییەکی خۆش، یان ئەنجامێکی ناخۆش- ڕوحی فەلسەفەکەی ئەوە، کە چ شتێک بۆ کۆتایی هێنان نییە، چونکە ژیان بەو جۆرەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا کۆتاییەکە.

## شانۆنامەکانی

ویتۆرینی سی و هەشت شانۆنامەی پیراندیللۆ بەسەر پێنج گرووپدا دابەش دەکات:

١- ئەو شانۆنامانەی بە گوێرەی ڕێبازی ناتۆرالیزم نووسراون.

٢- گرووپی بوون و نواندن.

٣- شانۆنامەی کۆمەڵایەتی.

٤- شانۆنامانی ژنانە.

٥- شانۆنامانی هونەر و ژیان.

ئەمانە لەجوملەی گرنگترین شانۆنامەکانی ئەون: هەقی خۆتە گەر وا بیربکەیتەوە ١٩١٨، شەش کەس بە دووی نووسەرێکدا دەگەڕێن ١٩٢١، هنری چوارەم ١٩٢٢، ئەم شەو موفاجەئە دروست دەکەین ١٩٣٢، هەمووان بۆ باشترین ١٩٣٧ و بەم جۆرەی کە دەتەوێم.

«شەش کەسایەتی لە نووسەرێک دەگەڕێن»، بەیەکێک لە باشترین شانۆنامەکانی پیراندیللۆ دەزانرێ. ئەم شانۆنامەیە نموونەیەکی شایستەی هزرین و جۆری کارکردنی خودی نووسەر نیشان دەدات، چونکە مامەڵە دەگەڵ خەمە سەیر و سەمەرەو کۆمیدییەکانی تیرەی ئادەمیزاد و پێوەندی خەیاڵ (لەزەینی نووسەردا) لەگەڵ واقیعدا (لەژیانی کاراکتەرەکاندا) دەکات، ئەم شەش کەسە (باوک، دایک و چوار منداڵ) لە دیمەنێکی سادە و بێ ئارایشتدا، بە ئامادەیی تاقمێک ئەکتەر دەردەکەون و دەری دەخەن کە کۆمەڵێک خەڵقەندەی نوقستان و زادەی خەیاڵی نووسەرن و داوا لە ئەکتەرەکان دەکەن کە بەنواندنی ژیانی ئەوان (شەش کەسەکە) واقیعیەتیان پێ ببەخشن. ئەکتەرەکان قایل دەبن و کەسایەتییەکان ئامادە دەبن تا سەرلەنوێ ژیانی ڕابردووی خۆیان نمایش بکەن، لە یەکەمین دیمەنی ئەم ژیان دووبارە کردنەوەیەدا باوکەکە دەست لە ژنەکەی، کە کوڕێکی لێی هەیە، هەڵدەگرێ و هانی دەدات کە پێوەندی لەگەڵ سکرتێرەکەی ویدا بگرێ، ژنە سێ منداڵ لە کابرای سکرتێر دێنێ، ئەم خانەوادەیە دوای مەرگی کابرای سکرتێر ون دەبێ و باوکەکە خەمبار و دڵتەنگ دەبێ. دیمەنی دووەم باوکەکە لە ماڵی ژنێکی سۆزانیدا نیشان دەدات کە بووە بە مشتەری زڕ کیژەکەی (کە نایناسێتەوە) خۆی، بوویەرەکە

هەندە حەیا بەرەیە کە کەسایەتییەکان لە بیریان دەچێتەوە کە تەنیا ئەکتەرن و ڕابردووی خۆیان دەنوێنن و نمایش دەکەن، لە هەنبەر ئەکتەرەکاندا، کە بە بێهوودە هەوڵ دەدەن ژیانی ئەوان نمایش بکەنەوە، یاخی دەبن، لە دیمەنی کۆتاییدا، کەسایەتییەکان لەماڵی بابەکەدا، کە ژیانی خۆی بە ناڕەحەت و خەمناک و بێهوودە دەزانێ، نیشان دەدرێن، کوڕەکە دەرهەق بە دایکی گرژ و مۆن و خەمسارده و دەیخاتە سەر ساجی عەلی، زڕ کچەکە، وێڕای شەرمنییەکەی لووتبەرز و شەڕانییە، کیژە بچووکەکە لە رووبارێکدا دەخنکێت و کیژە لاوەکە بە دەمانچە خۆی دەکوژێ.

ئەنجامی جوانیناسی و فەلسەفەی پیراندیللۆ (ئەگەر بکرێ وای ناو بنەین) لەمە دایە کە هونەر هەرگیز ناتوانێ جگە لە نمایشێکی تاریک و نوقستانی واقیع زیاتر بێ و ژیان بەجۆرێکی نائومێدانە خەمناکە.

**پەراوێز و ژێدەران:**

**١- ریفۆرمی کاتۆلیکی: بزووتنەوەی ریفۆرمی کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆم بوو کە دوا بەدوای ریفۆرمی ئایینی سەری هەڵدا.**

**٢- ماتسینی (١٨٠٥- ١٨٧٢): نیشتمانپەروەرێکی ئیتاڵیاییە.**

**٣- کاڤور (١٨١٠- ١٨٦١): سیاسەتوانێکی ئیتاڵیایی و لە دامەزرێنەرانی سەرەکی یەکێتیی ئیتاڵیایە.**

**٤- گاریباڵدی (١٨٠٧- ١٨٨٢): نیشتمانپەروەرێکی ئیتاڵیایی و قارەمانێکی نەتەوەیی ئەو وڵاتە بوو.**

**٥- ریسۆر جیمینتۆ: لە مێژووی ئیتاڵیادا، دەکاتە قۆناغی ساڵانی ١٨١٥- ١٨٧٠ کە لەو سەردەمەدا ئیتاڵیا یەکی گرتەوە.**

**٦- جوڤانی باتیستا مارینۆ (١٥٦٩- ١٦٢٥).**

**٧- باتیستا ئاندرئینی (١٥٧٨- ١٦٥٠):**

**لە ئەندامانی بەناوبانگی خانەدانی ئاندرئینییە، لەماڵباتی ئەکتەرانی ئیتاڵیایی سەدەکانی ١٦ و ١٧یە.**

**٨- گۆلدۆنی (١٧٠٧- ١٧٩٣): شانۆنامەنووس و شاعیرێکی ئیتاڵیاییە.**

**٩- فۆتۆریزم: ناوی قوتابخانەیەکی ئیتاڵیاییە لەواری هونەر و مۆسیقاو ئەدەبیاتدا، کە لەساڵانی ١٩٠٥- ١٩١٥دا لە برەودا بووە و خەسڵەتی بنچینەیی ئەم قوتابخانەیە رەتکردنەوەی دابونەریت و یاساو رێسا باوو تەقلیدییەکان بووە، پەیرەوانی ئەم قوتابخانەیە ستایشی خەتەر و جەنگ و سەردەمی تەکنۆلۆژیایان دەکرد.**

**١٠- پییترۆ کیاری (١٧١١- ١٧٨٥): درامانووسێکی ئیتاڵیایی بوو.**

**١١- کارلۆ گوتزی (١٧٢٠- ١٨٠٤): درامانووسێکی ئیتاڵیایی بوو.**

**١٢- جوزپیە بارتی (١٧١٩- ١٧٨٩): رەخنەگرێکی ئیتاڵیایی بوو.**

**١٣- تۆرینۆ: دەڤەرێکە لە باکووری رۆژئاوای ئیتاڵیا.**

**١٤- لویز ستۆلبرگ (١٧٥٢- ١٨٢٤): لە ساڵی ١٧٢٢دا شووی بە چارلز کرد و پاش هەشت ساڵان مێردەکەی بەجێهێشت. ماوەیەک بوو بە قەپاتمەی ئالفیری و پاش مەرگی شاعیر بوو بە ماشوقەی هونەرمەندێکی فەرەنساوی.**

**١٥- کۆمیدیا گریانئاوەر: ئەم شێوەیە لە کۆتایی سەدەی هەڤدەمدا لە ئینگلیستان هاتە ئاراوە و لەم کۆمیدیایەدا هەوڵ دەدرا تەماشاڤانان بهێنرێنە گریان، ئەم شێوەیە لە فەرەنساشدا برەوی پەیدا کرد و پێیان دەگوت کۆمیدیای گریانئاوەر.**

**١٦- دۆکۆندۆرسە (١٧٤٣- ١٧٩٤): ژنێکی بیرکاریزان و فەیلەسووف و شۆڕشگێڕی فەرەنساوی بوو.**

**١٧- جەژنی مژدە: جەژنێکە کە هەموو ساڵێک کریستیانان لە ٢٥ی مارسدا دەیگێڕن. بە باوەڕی وان رێک لەم کاتانەدا جبرائیلی فریشتە مژدەی بەمریەمی دایکی عیسا دا کە عیسای لێ دەبێ.**

**١٨- ئادڤێنت: بەگوێرەی رۆژژمێری کریستی، قۆناغی چوار هەفتەی پێش لە دایک بوونی کریستە، کە وەرزی تۆبەو تۆبەکارییە.**

**١٩- پاسیۆن: خەم و عەزابی عیسایە لەکاتی دوا شامییەوە تا کاتی مردنی.**

**٢٠- ڕابوونی پاش مەرگی عیسا: بە باوەڕی کاتۆلیکەکان، عیسا پاش ئەوەی کە بەخاک سپێردرا، لەگۆڕەکەی هەستایەوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشا.**

**٢١- بەپێی رۆژژمێری ئایینی کریستیان جەژنی پەنجامینە بەرانبەر بە حەوتەمین یەکشەمەی دوای جەژنی پاکە، کریستیانەکان لەم رۆژەدا بەیادی هاتنە خوارەوەی روح القدس، هەروەها بەیادی دامەزرێنەری کڵێسای (کریست)ەوە جەژن دەگێڕن.**

**٢٢- ڤیکتۆر ئیمانوئیل (١٨٦٩- ١٩٤٧): شای ئیتاڵیا بوو لە ساڵانی (١٩٠٠- ١٩٤٦)دا.**

**٢٣- شابانۆ مارگریتا (١٨٥١- ١٩٢٥): شابانۆی ئیتاڵیا بوو، لە خانەدانی ساڤۆی بوو.**

**٢٤- داگیرکاری نەمسا: پاپا، ساڵانێکی زۆر لە دژی ئەو کەسانەی کە هەوڵیان دەدا ئیتاڵیا یەک بخەن و ئازاد بکەن وەستاو لایەنگری نەمسای کردبوو.**

**٢٥- پسکارا: بەندەری ئیتاڵیای ناوەندی بوو لە دەریای ئادریاتیک.**

**٢٦- پراتۆ: ویلایەتێکی ئیتاڵیا ناوەندی بوو لە تۆسکانی.**

**٢٧- فیوم: گەورەترین بەندەری یوگسلاڤیا بوو لە کەناری دەریای ئادریاتیک.**

**٢٨- ئیلیۆنۆرا دۆزە (١٨٥٩- ١٩٢٤): ژنێکی ئیتاڵیایی ئەکتەر بوو، کە بە یەکێک لە هونەرمەند و ئەکتەرە هەرە گەورەکانی دنیا دەژمێردرا.**

**سەرچاوە:**

**تاریخ ادبیات جهان (جلد اول)، باکنرب- تراویک/ عربعلی رضائی، ویراستار: سعید حمیدیان، چاپ اول ١٣٧٣.**

# خواندنەکا کورت بۆ چیرۆکەکا کورت!

عەبدولڕەحمان بامەرنی
(دهۆک)

نهێنییێن قەلەمەکی ناڤ و نیشانێن وێ چیرۆکا ب هەڤڕکییێ دەستپێکری و شیایی ب رویدانێن خۆییێن چڕ و بلەز کارتێکرنێ ل هەست و دەروونێ مرۆڤی بکەت. هەڤڕکیا دناڤبەرا دوو تشتان دا یەک ژ وان تشتان کو مرۆڤە و هەر د ئەزەل دا خودێ یێ دای بۆ تاقیکرنێ و یێ کریە دناڤبەرا دوو تشتێن ژێک جۆدا دا و، بێ حەمدی وی هەمی تشتەک ل رەخێن وی د هەڤڕکییێ دا نەو، خودیکا ل بەرامبەری وی دوو رەنگە و دوو لایەنە و بوون و مرن و پیچبوونا وی ژی دێ ل سەر وێ هەڤڕکییێ بیت. تشتێ دوویێ دڤێ چیرۆکێدا هاتی قەلەمە، کو ئەو ژی ژ چننەیێ نە هاتیە و ئەوا قەلەم دشێت بکەت هەر ژ یەکەمین ئایەتا قورئانێ و هەر تشتەکێ ب قەلەمی دهێتە نڤیسین و پەیرەوکرن و چیرۆکنڤیسی لڤێرە دوو ئالاڤ ب بەرێخودانەکا سەرپێ کرینە دهەڤکێشێ دا و ڤیایە کەزەبەکێ ژ دلێ خوە سەراڤ بکەت. چەندێ خوەدان شیان بوویە و چەندێ سەرکەفتی بوویە ئەڤە ژی نهێنیەکا دی یە دناڤبەرا وی و خواندەڤایی دا کو لبەراهییێ وی کەزەبا خوە داڕیتی یە ناڤا چیرۆکێ و یا دوویێ بۆ خاندەڤای و سەقایێ خواندنا وی بۆ وێ کورتە چیرۆکێ دمینیت.

ب ڤی ناڤونیشانێ چیرۆک پێ هاتیە هەفسارکرن، رویدانێن چیرۆکێ بەرەڤ ملەکا دی دچن و د تەکنیکا چیرۆکێ دا کو ئەڤێ ژی گرێدان ب نهێنیا نڤیسەری ڤە هەیە، قەلەم بوویە هەڤڕکێ سەرەکی دکێشەیێ دا و خواندەڤان هەست ب دویراتییەکێ دکەت. لێ ب گیان ئیخستنا تشتەکێ مری کو ڕکمانێ دگەل دەوروبەرێ خواندەڤای بکەت دەربرینەکا وێرەکە چیرۆکنڤیسی خوە

لێدای بۆ سەرنج راکێشانا تەخەکا زۆرا خواندەڤای کو دەهەڤرکی و ململانا ژیانێ دا تەخا نزم هەست بفیریانا دەربرینێ بکەت و یا دووێ ژی رک و رک یێ د دەرحەق هەڤــرکێ دوویێ یێ چیــرۆکێ دا دبێــژیت «تو نە یێ شایستەی بۆ وی جهی و ئیمزا سۆر نە ژ ملێن تەیە».

دگـەل ڤێ چیـرۆکێ نڤیـسـەری ل سـەر زارێ قـەلەمی چەندین نهـێنی دیارکـرینە، لایەنێ یەکێ د هەڤکێـشـا چیـرۆکـێدا کـو ئەو ژی مـرۆڤـە باوەری ب وێ پایێ نینە ئەوا ئەو لێ بســەردکــەڤــیت و ژ وێ نەباوەرییێ و ئەو یۆتوبیا خوە تێدا حەشاردای دزانیت ئەڤ یۆتوبیاییە دێ بیتە جرێ لسەر کاغەزێ! ڤێجا هەر زوی کریە داردەستێ خوە و زوی لایەنێ لاواز ب نک خوە ڤە دکێشیت کو بۆ بیــتــە شــاهدحــال یان دیرۆک و چەند قــەلەمــان بۆ بنەخشینیت، دیارە ئەڤە ژی گرفتاری نە و نهێنیەکا دی یە نڤیـسـەری کـریە تەکتـیـک کـو دیرۆک ئایندێ مـرۆڤی دەست نیشان دکەت خۆ ئەو مێژووا مرۆڤ تێدا بۆری یا ب چ رەنگ ژی بیت. بەلێ ڤێجارێ نهێنیا نڤیسەری یە کو پێ بۆ خواندەڤای دنڤیسیت.

رویدانێن چیـرۆکێ بلەز دهێن، هەر زوی کـارتێکرنێ ل دەروونێ خواندەڤانی دکەن و پێنەڤێت ئەو خواندەڤان ژی نڤیسەری بۆ خوە نەهەلبژارتییە، ژبەرکو خواندەڤانەک یێ هەی و هەرێیێ دکەڤیتە بەرامبەر چیرۆکێن بڤی رەنگی و ڤــان هەڤرکـیــان. یان کـو دشـێم بێـژم چیـرۆک بخـوە یا بەردەوامــیێ دکــەت و بتنێ ئالاڤــێن چیــرۆکنڤــیــسی تەکنیک و هونەرێ چیرۆک پێ ل سەر ئاڤاکری دا بشێت پێ گلیزانکێن خواندەڤانی ڤەکەت.

ئالاڤــێن ســەرەکی د چیــرۆکـێدا (مـرۆڤ، کـامـیـرە و قـەلەم)ن، مـرۆڤ ئەو هەبوونە یا بخـورتی چوویە جـێـهێ بەرپســیــاریێ و دزانیت نە جـهێ وی یە و کــامــیــرە داردەسـتێ وێ هەبوونێ یە و ئالاڤـەکە ژبـۆ بلند راگـرتنا وی و ئەرشیفکرنا وی، چ ئەو ئەرشیفکرنە ب فلاش بیت یان بێ فلاش. قەلەم سەرێ دی یێ هەڤرکییێ و کێشێ و رکمانێ یە، کو هەست دکەت ئەوا ئەڤرۆ بوی چێدبیت و دهێتە کرن، سوبە دێ کەڤیتە بەر پرسیاران! و هەر ژبەر هندێ نەیێ هاریـکـارە دگـــــەل وێ هەبـوونـێ و هەرێ دململانێدا و بتنێ قـارەمـانێ دڤێ چیـرۆکـێدا دبەرپیـا دچیت، کـامـیـرە یە و ئەو بتنێ باجا هەردووکـان ددەت، بەلێ پشتی شکەستنا وێ هەر پرتەکا وێ بۆ خوە دچیت و ئەڤە ژی بابەتەکێ دی یە کو خواندنەکا دی بۆ دڤێت.

ل دومـاهیێ (روبرت لـویس سـتـیـفنسـون) کـو یەک ژ سـەرکـێـشـێن چیـرۆکێ ل رۆژئاڤـایە، نڤـیـسـینا کـورتە چیــرۆکێ ب سێ رەنگان دیار دکـەت «نڤــیــســەر دێ دیاردەکێ هەلبــژێریت و ژنوی دێ کـەسـێن گـونجـای بۆ وێنەکـەت یان دێ کـەسـەکی دەسـتنیـشـان کـەت و دێ رویدانـان بـۆ هەلبــــژێریت و لدویڤ وێ هەبوونێ دێ بنەمـایان بۆ دانێت یان دێ دیاردەکێ یان بوشـاییـەکێ هەلبـژێریت و کەسان و کرداران هەلبـژێریت دا دانێ بوێ هەبوونێ بکەن».

**کورتە چیرۆک**

## نهێنیێن قەلەمەکی

**حەمدی رەمەزان**

کـامـیـرا خـوە هەلگرت دا وێنەکی بۆ قـەلەمێ خـوە یێ سۆر بگریت.. قـەلەمی رەنگێ خـوە گۆهارت، کـامـیـرە نێزیکی قـەلەمی کر! هند کرو نەکر نەشیـا ئەو وێنێ وی دڤیا بۆ قەلەمی بگریت.

ژ نەچاری ڤە کـامیرە بلندکر و ژوردا ل عەردی دا! هەر پرتەکا کامیرێ بۆ خوە چوو و قەلەم هێدی ژ کامیرێ کەتە بەرپێن وی، خوە چەماندە قـەلەمی و ل سەر پێلاڤا خوە نڤیسی (STOP). قەلەم ب رەخ پێلاڤا خوە ڤە چوکلاند و قەلەمی ب نهێنی ڤە پێلاڤ برکر.

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(٦)

# گەڕانەوە بۆ هەولێر و لەگەڵ عەبدولخالیق مەعرووف-دا

مارف خەزنەدار

-١-

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە گەرمایەکی بێ ئامان بوو. لە بەغدا هەمـوو جـۆرە گـەرمـایەک ڕووداوێکی ئاسـاییـە، بەڵام گەرمای ئەو ڕۆژە دەگمەن بوو، چونکە ساڵ درەنگ بوو، لە سـەرەتای ئەیلوولدا بووین (٩ی ئەیلوولی ١٩٨٢) لەبەر ئەوە، ئێوارە فێنکی کرد و شنەبایەکی نەرم هەڵی کرد، کەس نەیدەزانی سەر چاوەکەی لە کوێوەیە! ڕەنگە نوقلانە بووبێ و لەو جێیـەوە هاتبێ کە ئێمە ڕوومان تێدەکرد.

دوو لۆری گـەورە لەبەر دەرگـامـان ڕاوەسـتـابوون، یەکێکیـان بۆ کەلوپەلی ناوماڵ، ئەوی تریان بۆ کتێب و چاپەمەنی و ئەرشیڤ. کۆڵهەڵگرە کوردە فەیلییەکانی بەغدا بە دڵسۆزییەوە باریان دەکرد.

لەبن دالانە فراوانەکەمان سەماوەر گیزەی دەهات. خەڵکی زۆر بوون، ئەگەر زوو بە زوو لەگەڵ ماڵئاوایی کردن نەڕۆیشتنایە، لە دوای ماوەیەک ماڵمان یەکێکی تری نەدەگرت.

هاوسـێکانمان، دوور و نزیک، هی وایان تێـدا بـوو چاویان بە ماڵی ئێمە نەکەوتبوو، کەچی بۆ ماڵئاوایی هاتبوون. سامی سەعید ئەلئەحمەد گوتی: باوەڕ بکە ئەگەر پێش ڕۆیشتنتان نەهاتمایە لاتان، تووشی گرێیەکی کوشندە دەبووم. عەبدولئیلاه ئەحمەدی دۆستم خۆی و کەرامە خانی خێزانی بە خۆیان و چێشتخانەیەکی تەواو هاتنە ژوورەوە. خواردەمەنی لە ڕیسـتـۆرانی تایبـەتی دروست کرابوو. ئەم خێزانە سوور بوون لەسەر ئەوەی پێویستە دوا نانی ئێوارەی ژیانی ڕۆژگاری بەغدامان لەسەر خوانی ئەوان لە ماڵی ئێمەدا بخۆین. کە سەعات دوازدەی نیوەشەوی پیشان داو ڕۆژێکی دیکە لە دایک

بوو، دوو لۆرییەکە کەوتنە جووڵە بەرەو هەولێر.

بە کـوڵ ئارەزووی ئەوەم دەکـرد لە تەک شـوفـێـری ئەو لۆرییە دانیـشـتمایە کە کـتـێب و چاپەمەنییەکانی تێدا بوو. دڵم ئۆقرەی نەدەگرت کتێبەکان بەتەنیابن! دەمگوت خوا نەخواستە کارەساتێک ڕووی دا، سووتانێک، لۆری وەرگـەڕانێک، تامـپـۆنێک! هەر خـۆشم بیـرم لەوە دەکردەوە، جا ئەگەر شتێک ڕوو بدا چی بە من دەکرێ! خێزانی بەڕێزیشم دەیگوت:

باشە تۆ لەگەڵ لۆرییەکان بڕۆی، کێ ئۆتۆمۆبێلی ئێمە لێ دەخوڕێ؟ ئەم قسەیەی ڕاستبوو.

شەو لە ماڵی ئێمە، درەنگ دیار نەبوو، وات هەست دەکرد لەسەرەتادایە. چراخان و ئاهەنگ بوو، لەلایەک گیزەی سەماوەر، لەولاوە گۆرانی، لەلایەکی تر زرینگەی بادەی کریستاڵی یارانی مەینۆشی پاش نیوەشەو. خانمان و شۆڕە ژنانیش ئاخوداخی ئەوەیان بوو چۆن بە ژیانی دوور لە یەکتری ڕادێن! دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکرد ماوەی نێوان ئێمە و ئەوان، بەغداو هەولێر بە ئۆتۆمۆبێل لە چوارسەعات کەمترە.

ئێمە هەتا هەتایە لە یەکتری دانابڕێین، پیاو چۆن بەبێ بەغدا هەڵدەکا! ئەوان چۆن بەبێ هاوینە هەوار و گوێز و هەنگوین دەژین!.

پاش نیوەشەوێکی درەنگ بوو ئەوچەند ماڵە نزیکەی لەگەڵماندا بوون ماڵئاواییان کرد، بەلامانەوە دیمەنی جیابوونەوە زۆر سەیر بوو، وەکو بڵێی دەست لێک بەردانێکی هەمیشەی بێ، ئەمە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی بوو لە بیرکردنەوەیەکی ڕووکەشی دیار و ئاشکراوە دروست ببوو، کە بیرمان لەوە دەکردەوە لەمەوپاش لەوانەیە لە جاران زیاتر چاومان بەیەکتری بکەوێ، ئا لێرەدا گرژی دەموچاو بە گەشانەوەو بزەو پێکەنین وەردەگەڕا.

-٢-

هێشتا تاریک بوو، بەیانی نەدابوو کە کلیلی ماڵمان دایە ماڵە هاوسێکەمان و کەوتینەڕێ. وەکو هەموو جارێک من و خێزانە بچووکەکەم لە ناو ئۆتۆمۆبێل بووین. من شوفێر و خێزانی بەڕێزم لە تەکمەوە بوو، لە ڕیزی پشتەوەش هەردوو جگەرگۆشەکەمان میدیا دەرچووی کۆلێژی پزیشکی و بنیادی دەرچووی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی بۆ پۆلی دووەم بەرەو



محەمەد مەولوود مەم

هەواری تازە دەچووین. هەریەکەمان خەونی تایبەتی خۆی هەبوو. کە لە بەغدا چووینە دەرەوە تازە سپێدەی بەیانی شەفەقی دەدا، تارماییەکانی سروشت هەر یەکەی دیمەنێکی ئەفسانەیی دێو و درنجی دەنواند، خەریک بوو بەرەبەرە ڕوون دەبووەوەو دیمەنی ڕاستی خۆیان لە دارو دەوەن دەکەوتە ڕوو. لەوکاتەدا بیرکردنەوەم نوقمی ناو خەیاڵ ببوو و هێندەی تۆزقاڵێک پێوەندی بەڕاستییەوە نەمابوو.

من وام بیر دەکردەوە وەکو ئەمە دوا ماڵئاوایی بەغدا بێ هەتا هەتایە، نەمدەزانی ئەم خەیاڵە لە چییەوە هەڵقوڵابوو، کە هۆشیار دەبوومەوە خۆشی دەکەوتە ناو دڵمەوە و لەناوەوەی خۆمدا دەمگوت، دەبێ گەلێ جارانی تر بێمەوە بەغدا، ڕاستە ماڵم گواستۆتەوە، بەڵام جێی ژیانم نەگواستۆتەوە، هێشتا تۆماری نیشتەجێی ژیانمان لە جەدید حەسەن پاشای ئەعزەمییەی بەغدایە، خۆ ئەگەر سەفەری دەرەوەی نیشتمان بکەم، پێویستە بێمەوە بەغداو لەوێ پاسپۆرت وەربگرم. ئەدی بیرەوەرییەکانی تر: ماڵی دووبراو خوشکێکم لەبەغدا، هاوڕێ و دۆست و برادەرم لە بەغدا زۆرن، بەشێکی زۆری داهێنانی زانستی

و ئەدەبییم لە بەغــــدا لە دایک بوون، هەر لەوێش ڕووناکـیـیــان دی و بەخـوێنەری کـوردی خـۆشـەویست شـادبوون، خـۆ خـوێنەری عـەرەبیـشم وەنەبێ کـەم بووبن. لەگـــەڵ ئەوەشـــدا هەســـتم بە دابڕان وترازان و لێک جیابوونەوەیەک دەکرد، هەرچەندە ئەم دیاردەیە مەتریالی بوو، خـۆم و خـێـزانم بە لەش لە بەغـدا جـیـا بووینەوە و مەڵبەندی ڕووناکی هەولێرمان کرد بەجێی ژیانمان، بەڵام هەستم بە ترازانی گـیـانیش دەکـرد، هەر ئەمـەش ببووە هۆی ئەم تەنگوچەڵەمە سایکۆلۆژییە.

پێش نیـوەڕۆ بنەمـاڵەی بچووکی چوار کـەسـیـمـان بە مـاڵی تازەمـان مـەڵبـەندی ڕووناکی شـادبوو. تا پاش نیوەڕۆ خەیاڵ و هەست و نەستم لای دوو لۆرییەکە بوون. هەزاران دیمەنی ترسێنەر لەسەر شانۆی مێشکمدا خۆیان دەنواند. دەســتم لەســەر دڵم بوو، لە دەرگــای دەرەوەی باغـچەی مـاڵ دوور نەدەکـەوتمـەوە، زۆرتر تەمـاشـای لای چەپم دەکـرد، چونکە دەبوو لۆرییـەکـان لەوێوە بێنە پێش دەرگـــا. دەرودراوسێ لە دەورمـــان کـــۆ ببـــوونەوە، مـێـردمنداڵیـان تێـدا بوو، ژمـارەیان ئەوەندە زۆر بوو پێویستیمان بە کۆڵهەڵگر نەبوو.

لە چاوە نۆڕی بێـزار بووم، ڕووم کـردە مـاڵە بەتاڵەکـە، پیـاسـەیەکم بەناو باغ و باغـچـە تازەکـەدا کـرد، لەم مـاوەیەدا گـوێم لە دەنگ و هاوار و چەپڵـەو فـیـکەی منداڵان بـوو، دەیانگوت: ئەرێ وەڵڵا گـەیشت! منیـش پێش ئەوەی چاوم بە لۆرییـەکـان بکەوێ هەناسـەیەکی شادیم هەڵکێشاو خۆم بە بەختەوەرترین ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی هاتە پێش چاو. بەم جـۆرە لە مـاوەی سی و پێنج سـاڵدا بۆ یەکـەمین جـار دیمەنی هەمـوو کـتـێب و چاپکراوەکـانم بەرچاوی ڕووناک کـردمەوە. لەم مـاوەیەدا لەسەفـەردا بووم، ئەگەرچی سەفـەرم هێشـتا کـۆتایی پێ نەهاتبوو، بەڵام سەفـەری کتێبەکانم تەواو بوو و ئەنجامی دواییـــان ئەوەبوو لە مـــەڵبـــەندی ڕووناکی لە هەولێـــر ئۆقرەیان گرت.

-٣-

هەولێری سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە ڕووی خوێندەواری و هەوای ڕۆشنبیرییەوە، ئەوەندە وشک بوو هەندێ لایەنی کـۆمـەڵ چاویان بەرایی نەدەدا یەکـێکی قەڵەم بەدەست و کتێب دۆست و وتارنووسی وەکو من لە ناویاندا بژی. بەڕاسـتـیش ئەوان قـاڵبی دیاری خـۆیان هەبوو، من باڵندەیەکی ئاوارە بووم و لەوانم نەدەکـرد.

لەسـەرەتای هەشتـاکـاندا ئەم جارەیان شـار ئەو وشکیـیە بیرییەی پێشووی نەمابوو. کەسێکی وەکو عەبدولخالیق مەعـرووف بەتەنیا بۆی هەبوو ئەم شارە بکاتە مەڵبەندی جموجۆڵی بیرکردنەوەو جەربەزەیی گفتوگۆی پڕ لە چەند و چوون و گیروگرفت.

بێـجگە لە عـەبدولخـالیق مـەعـرووف، شـوێنەواری شارستانی و خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە هەولێر دیار و ئاشکرا بوو. شاعیر و نووسەر دەبینران بە تایبەتی لاوی خـوێن گـەرم، ئەمـانە وا بزانم پێشـەنگی ئەو بزووتنەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییـە بوون کە لە کوردسـتانی عیـراقدا دروست بوو لە پاش نسکۆ پشت شکێنەکـەی سـاڵی ١٩٧٥. ئـەم دیاردەیـە بۆ مـن دڵخـــــۆشکەرەوە بـوو. بەشـێـوەیەکی ناڕاسـتـەوخـۆ دیمەن و ئەدگـارێکی تایبـەتی دەدایە هەولێـر و زیاتر دەچووە ناو دڵمـەوە. ڕاسـتـە بە ڕووکـەش من گـۆشـەگـیـر بـووم، بەڵام کـەسـانێکی وەکـو عەبدولخالیق مەعرووف و محەمەد مەولوود مەم و کاکە مـەم بۆتانی و نـووری نانەکـەلی و من قـوتابخـانەیەکـمـان پێک هێنا بوو، هەمـوومـان قوتابی و مـامۆستـای یەکتری بووین لە عالەمێکی تایبەتیدا دەژیاین.

لە مێژ نەبوو ناسیاویم لەگەڵ عەبدولخالیق مەعرووف پەیداکردبوو، لەو ساڵانەی دواییەدا عەبدولخالیق لە پشت قـەڵاو لە نزیک بەنزینخـانە کـۆنەکـەی شـار دوکـانی فرۆشتنی کەرەستەو کەلوپەلی کارەبایی دانابوو.

هەمـوو جـۆرە ئامـێـر و کـەرەسـتـەیەکی وردو درشـتی کارەبایی تێیدا دەست دەکەوت، خۆیشی لە ڕووی تیۆری و پراکـتـیکەوە مـامـۆسـتـاو پسـپـۆڕێکی باشی کـارەباو کۆمپیوتەر و کاروباری ئەلیکترۆنی بوو. دوکانەکەی لە حەوت هەشت مەتری چوارگۆشەیی تێپەڕی نەدەکرد. لەو ڕۆژەوە ئەم ڕۆشنبیرە بلیمەتەم ناسی، ناوی دوکانەکەیم نا «ئەکادیمییەی عەبدولخالیق مەعرووف».

لە هەمـوو سـەفـەرێکی شـاری هەولێـرم لەوکـاتەی لە بەغـدا دەژیام بەبێ سـەردانی ئەکـادیمیـیـە شـارم بەجێ نەدەهێشت.

ئەم جارەیان کە لە هەولێر نیشتەجێ بووم، وام دەزانی بە لەش و بەگیـان جارێکی تر لەم خاکەدا هەڵناکەندرێم. دوکـانەکـەی عـەبدولخـالیق مـەعـرووف زادەی مـێـشـک و ئیلهامی خەیاڵم بوو، عەبدولخالیقی دوکاندار بۆ گوزەران بەیانیـان یەک دوو سـەعـات کـاری دەکـرد. لە بازاڕی نێــوەندی شـــار بەشی خـــۆی لە کـــەلوپەلی کـــارەبایی

وەردەگــرت و بە زۆریش ئەو شـــتـــومـــەکـــانە پێـــشین فرۆشرابوون و کڕیارەکان دەهاتن لە دوکانەکەدا باریان دەکرد بۆ ماڵەوەیان.

ئیـــتـــر لە پێش نیـــوەڕۆوە دۆست و برادەران و یارانی ویڵی ڕاستی لە دەوریدا کۆ دەبوونەوە، بەزۆریش دانی ئێـواران. لە ڕۆژی یەکـەمـەوە کـە چوومـە دوکـانەکـەی عەبدولخالیق وا فێری کردم لە جێگەی ئەو دابنیشم کە بریتی بوو لە کورسی و مێزێکی ئاسنی زۆر بچووک. ئەم کارە گەشەیەکی بەمن دەدا، پیاوێک لەو پلەیەی زانست و زانیارییە بێ، دەبێ حسێب بۆ ڕێز لێنانەکانی بکرێ. بەم کــردەوەیەی هەندێ جــار ڕوو زەردی دەکــردم بەوەی کەسی وا دەهاتنە لای لە کن من کەسانێک بوون دەبوو لە دیوەخـــان لە ژووررووی منەوە دابنیـــشـن، کـــەچی عەبدولخالیق لێ نەدەگەڕا من جێی خۆم بۆ ئەم کەسانە چۆڵ بکەم.

هەمـوو هۆیەک بۆ عەبدولخالیق مەعرووف ڕەخسابوو ببێ بە یەکێک لە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە هەرە گەورەکانی کـورد. ڕۆژگـاری حـوجرەو قـوتابیـەتی و سـوختـەیی و موستەعیدی بەڕێ کردبوو، ئیجازەی دوازدە عیلمەکەی مـەلایەتی بە سـەرکـەوتوویی وەرگـرتبـوو. هەر بەهۆی پیشـەی مەلایەتییـەوە ئیـمام تابووری عەسکەری بووە لەناو ڕیزەکانی سوپای عیراقدا.

لەوێوە ڕووی کـــردۆتە گـــێـــتی بێ پایانی کـــارەباو ئەلیکترۆنیک و کۆمپیوتەر، ئینجا ئەورووپای دیوە و فـێـری زمـان بووە، ئەم هەمـوو زانیـارییـانەی تێکەڵ بەیەکتری کردووە و لەگەڵ یەکتریدا گونجاندوونیەتی و ڕۆشنبیرێکی بێ هاوتای لێ دەرچووە کە لـە خۆی نەبێ، لە کەسی تری نەکردووە.

عەبدولخالیق مەعرووف ڕۆشنبیرانە دەینواڕییە ڕووداو و دیاردەی پۆلیـتیـکی، ژیرانە لە هەمـوو مـەسـەلەیەکی فـەلسـەفی قـووڵ دەبووەوە، ئەوەندە لە ئایین شـارەزا بوو بەپێی میـتۆدی مەلایەتی وشەریعەت هەمـوو مەلایەکی دەبەزاند. ئەوەندە لە گێتی نهێنی سۆفیزمی کۆزموسی و دەروێشیزمی ئیسلامی شارەزا بوو هیچ مامۆستایەکی فەلسەفە لە زانستگاو شێخێکی تەریقەت زاتی نەدەکرد لەگەڵیدا بکەوێتە گفتوگۆ و دەمەتەقێوە. هەرچی گێتی بێ سنووری حـەزرەتی نالی نەمـریش بوو، کـەم کـەس وشییان لە پشت عەبدولخالیقەوە دەکرد.

# ڤینیسیا... کۆمیدیای دیلارتی و کارلۆ گۆڵدۆنی

دانا ڕەئووف
(سوید)

ئیتالیا وڵاتێکی گەورەیە، خاوەنی کولتوور و مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندە، شارستانیەتی ڕۆما یەکێکە لە زنجیرە هەرە گرنگەکانی مێژووی ئەورووپا و مێژووی هەموو مرۆڤایەتی. هەموو شارێک لە شارە گەورەکانی ئەم وڵاتە، وڵاتێکە بۆ خۆی و تایبەتمەندی و سیما و پێگەی خۆیان هەیە. بۆ نموونە ڤینیسیا زۆر جیاوازە لە سیسیلیا، سیسیلیاش لە فلۆرەنسا و ناپۆلی جیاوازە... زۆربەی ئەم شارانەش هەرێمی سەربەخۆ بوون، یاسا و دەستووری تایبەت و شێوازی دەسەڵاتی خۆیان هەبووە. ئەگەر مرۆڤ هەموو تەمەنی خۆی بۆ پشکنین و گەشتی ئەم وڵاتە تەرخان بکات، فریای کولتوور هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەم وڵاتە ناکەوێت.

تا ئێستا چەندین جار چوومەتە ئیتالیا، بەڵام هەموو جارێک وەک ئەوە وایە کە هەرگیز ئەم وڵاتەم نەبینیبێ، ئیتالیا ئەو کیشوەرەیە کە هەتاهەتایە لە دۆزینەوەیەکی بەردەوامدایە.

ئێستا لەپاڵ شانۆی پادشایەتی لەیەکێک لەشانۆ گرنگ و چالاکەکانی وڵاتی سوید و لەدەرەوەی شاری ستۆکهۆڵم، لە شانۆی (گەل) لە شاری یاڤلێ کاردەکەم«١». لەم کاتەدا سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنین بۆ وەرزی هاوین و بۆ ئەم مەبەستەش شانۆنامەی (نۆکەری دوو ئاغا«٢»)ی نووسەری ئیتالی کارلۆ گۆڵدۆنی-مان هەڵبژاردووە و شانۆنامەکەش سەر بە نەریتی کۆمیدیای دیلارتییە.

کارلۆ گۆڵدۆنی لە شاری ڤینیسیا و لە هەزار و حەوت سەتەکاندا لەدایک بووە و ڕووداوەکانی شانۆنامەی نۆکەری دوو ئاغاش لەم شارەدا ڕوودەدات«٣»، لەبەر ئەوە بە سەردانێکی دوو هەفتەیی خۆم گەیاندە شاری

ڤینیسیا، بە مەبەستی ئاشنابوون و گەڕان بەدوای سێبەر و شوێن پێ و کاریگەرییەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی و کۆمیدیای دیلارتیدا.

### ڤینیسیا

بەرە بەیانێکی زۆر زوو، لە یەکێک لە ئوتێلەکانی شاری ڤینیسیا لە خەو هەستام، ئارەقەیەکی زۆرم کردووە و هەست بە قورسی سەر و سنگم دەکەم، ژوورەکە زۆر تاریکە و بە قەڵەمبازێک پەردە ئەستوورەکان لەسەر رووی پەنجەرەکان لادەدەم. شارەکە لە دەریایەکەوە سەری دەرهێناوە، خەواڵوو لەنێو تەمومژێکی چڕدا باوێشک دەدات، نمە نمە باران دەبارێت، بەڵام ئاوی کەناڵەکان رەنگی ئاسمانیان گرتووە، شین دەچنەوە. خانووەکان، رێگاوبانەکان، هەموو شارەکە لە باوەشی دەریادا لە جووڵە و راژەنینێکی هەتاهەتاییدان و شەقامە سەرەکییەکان، کۆڵان و گۆڕەپانەکان هەمیشە تەڕن. خۆر زوو هەڵهات، نمە نمی بارانەکە نامێنێت، ئاسمانێکی بێگەردی شین، لەپشت و لەنێوان هەورێکی سپی کاڵەوە وەدەرکەوت. خۆرەکەی ئاسمانی ڤینیسیا خۆرێکی تایبەتە بەم شارە و بە ئاسمانی ئەم شارە و لە خۆری هیچ شار و ئاسمان و وڵاتێکی تر ناچێت. رووناکی خۆر تیشکێکی ئەفسووناوی هەیە و لەگەڵ سێبەر و تاریکیدا تێکەڵاو دەبێت، رەنگی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و شێوازێکی تەلیسماوی دەبەخشێتە ئاسمان و شارەکە.

تیشکی خۆر، چەپکێک رووناکی و گەمەی سێبەر کە لەسەر دیوار، رووبار، رووکاری خانووبەرە و تەنانەت سیمای مرۆڤەکان دەنەخشێت، تێکەڵێکی سەرسوڕهێنەری رەنگەکانە. لەم شارەدا فانتازیا، خەون، ئەندێشە و واقیع تێکەڵاو دەبن، لەم ئەندێشەیەدا، لەم خەون، فانتازیا و واقیعەدا خانووبەرەکان بەنێو ئاوەکەدا رۆچوونەتە خوارەوە، یان بە پێچەوانەوە لەنێو ئاوەکەوە سەریان دەرهێناوە و کۆڵانەکان کەناڵی باریکن و مرۆڤەکانیش لە گەشتێکی هەمیشەیی نێو بەلەمەکاندان. دەریاچەیەکی گەورە، باوەشێکی گەرم و تەڕ و رۆمانتیکی بۆ ئەم شارە کردووەتەوە و بۆ هەتاهەتایە لەئامێزی گرتووە. چەندین پردی بچووک بچووک کۆڵان و شەقام و گەڕەک و ناوچەکانی ئەم شارە، یەک دەداتە دەست ئەوی تر و وەک زنجیرەیەکی بێ کۆتا شارەکەی پێکەوە بەستووەتەوە. زۆربەی پردەکان بوونەتە



**دیمەنێک لە کەرنەڤاڵی دەمامک لە شاری ڤینیسیا**

جێگەی ژوانی دڵدارەکان، وێنەکێش و گەشتیارەکان، هەندێک لە پردەکان دێرین و بەهای ئیستێتیکی و مێژوویی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نموونە پردی ریاڵتۆ«٤». هەندێک پردی تر بە ئاسمانەوەیە و بووەتە کۆشکێکی رازاوە و دوو خانووبەرەی گەورەشی پێکەوە بەستووەتەوە، هەروەکو پردی (هەناسە ساردەکان). ئەم پردە کۆمەڵێک چیرۆکی سەیر و جیاوازی لەبارەوە دەگێڕنەوە«٥» و کۆشکی دۆگەکان«٦» لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەندیخانەکانی دەسەڵاتی دۆگەکانی پێکەوە بەستووەتەوە و بەهۆی راڕەوێکی باریک و ئەو پردە شوورەپۆشەوە، بەندەکانیان لە بەندیخانەکانەوە گواستووەتەوە بۆ ژووری دادگا و لێپێچانەوە چڕ و توندوتیژەکان. دواتر خەڵکی ئەو پردە بە (پردی هەناسە ساردەکان) ناوزەد دەکەن.

لەکۆشکی دۆگەکان و بەنێو تونێلە تاریکەکاندا، بەرەو بەندیخانەکان تێپەڕیم. چەندین ژووری بچووک بچووک، دەرگەی ئاسنین، زنجیر و پێوەند، شوێنی هەڵواسین،

کڵاورۆژنەی جۆراوجۆر، شوێنی نووستنی بەندەکان، گۆڕەپانە داخراوەکان و شوێنی نانخواردنەکانیان کە زیاتر لە گەورە دەچێت، پێکەوە بەستراونەتەوە. کە بەناو ژوورەکانی بەندیخانەکەدا دەسووڕامەوە، هەستم بە ناڵە و ئازارەکانی بەندەکان دەکرد، دوێنێ و ئەمڕۆ لە وێنەیەکی تەڵخی تەڕی بەرباراندا دەردەکەوت. پردی هەناسە ساردەکانیش چیرۆکێکی گونجاویان لەگەڵ رووناکییە کزەکەی ژوورەکان، ڕاڕەوە تاریکەکان و دەنگی با و شەپۆلی دەریاچەکانی دەرەوە دەگێڕایەوە. پردەکە ئامرازێکە لەنێوان دۆزەخی بەندەکان و بەهەشت و ژیانێکی پۆشتە و خۆشگوزەرانی خەڵکی کۆشکەکە و دۆگەکاندا، سمبۆلی کۆیلە و دەسەڵات و چەمکەکانی تاوان و سزادان.

زۆربەی پردەکان لە بەردی ساخ دروست کراون، بەڵام لەسەرەتادا ئەم پردانە تەختە بوون، لە دار دروست کرابوون و لەگەڵ ڕۆژگاردا داکەوتوون و هەندێکیان لە ڕۆژی رووناکدا رووخاون و کارەساتی لێکەوتووەتەوە«٧».

### شاری سینەما

ڤینیسیا شاری هونەری سینەمایە، فیلمەکان لە جوولانەوەیەکی بەردەوامدان، رووناکی و تاریکی، سێبەر و ڕەنگگرتنی هەموو شتەکان، ڕەنگدانەوەی شارەکە لە دەریاکەدا، وێنەگرتنێکی ئەزەلی، سینەما و وێنەگرتن مانای رووناکی و ڕەنگەکان، ڤینیسیاش بۆ خۆی رووناکییە، هەروەها تاریکی. ئەم شارە لە کالوسی شانۆ و دیکۆری سینەما دەچێت، کە بە شەقامەکانیدا ڕادەبووریت وەک ئەوە وایە لەشانۆنامەیەکدا، یان لە فیلمێکی سینەماییدا بجوولێیتەوە و بەشداری بکەیت. هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی ڕێژبسۆرە سینەماییەکان لەم شارە دێرین و ڕۆمانتیکی و کولتوورییەدا وێنەی فیلمەکانیان دەگرن.

ڤینیسیا لەیەک کاتدا رووناکییە و تاریکیشە، نە شارە و نە دەریایە، لەم شارەدا، لەم دەریاچە گەورەیەدا و لە ساڵی ٤٢١ز دا ڤینیسیا لەدایک بووە و لە ساڵەکانی ١٥٠٠یشەوە ئەم شێوازەی ئێستای وەرگرتووە«٨».

هونەرمەندە گەورەکان، بۆ نموونە تیز، یان تابلۆ مەزنەکانیان دروست دەکەن و دەبنە زمانحاڵی ئەم شارە، وێنەکێشەکان ڕوحی ئەم شارە نهێنی و ئەفسونەکانی



**بچمەکانی کۆمیدیای دیلارتی**

بەرجەستە دەکەن و مێژوویەکی تر، شکۆدار و جوان بۆ هەتاهەتایە دەبەخشنە ڤینیسیا.

هەر لەم شارەدا ڤاگنەر کۆچی دوایی دەکات، لێرەوە کارلۆ گۆڵدۆنی و کازەنۆڤا هەڵدێن، تۆنی ئۆپێراکانی فێردی و کۆمپۆستیۆرە جیهانییەکان دەبنە چریکەی گۆرانیبێژە گەورەکان و هەر لەم شارەدا ئاوی دوورگەکان بەرز دەبنەوە و هەڕەشە لە مێژوو، کولتوور، هونەر، جوانی و ژیانی خەڵکی دەکەن و هەموو شتێک لە ئەگەری ژێرئاو کەوتندایە«٩». ڤینیسیا یەکێکە لەو شارە زۆر کەمانەی کە لەجیهاندا دانسقەن و لەناوەڕاستی دەریای ئەدریاتیکدا بنیاتنراوە و لە ململانێیەکی هەمیشەیی و ئەبەدیدایە لەگەڵ شەپۆلە تووڕەکانی دەریا و دەربازبوون لە لەناوچوون و ژێرئاوکەوتندا. لەماوەی دووسەد ساڵدا، لە سەردەمی ڕێنیسانس و بگرە پێشتریشەوە، سترەکتۆر و ئەفسونی و کارەکتەری ئەم شارە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە«١٠». ڕووکاری خانووەکان، ئێستا وەک ئەوسا لە دەریاکەوە سەریان دەرهێناوە و بەرزبوونەتەوە و گەندۆڵەکانیش هێواش هێواش، لەسەر لاو بەلار و لەنجە



**وێنەیەکی پردی هەناسە ساردەکان**

بەنێـــو ئەو کـــەناڵە باریکە یەک لەدوای یەکـــانەدا دەڕۆن« ١١ » .

## کارلۆ گۆڵدۆنی

**– ماڵ و شانۆ**

ئەو ئوتێلەی کـە لێی دابەزیبـووین، لەشـانۆی کـارلۆ گۆلدۆنییەوە زۆر نزیکە، شانۆکە پەیمانگەیەکی هونەری نواندن لەخـۆ دەگـرێت، هەمـوو وەرزێکیش یەکـێک لە شانۆنامەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی نمایش دەکەن.

کـە چوومــە ژوورەوە، قــوتابییــەکــان خــەریکی خــۆئامــادەکــردن بوون، بینەرێکی زۆر لە هاوڕێ و کەسوکاری قوتابییەکان و شانۆکاران ئامادەن، هۆڵی شانۆکە بچووکە، شانۆ و شوێنی بینەران، خانووبەرەی هۆڵەکە شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی ئینتیم بینەر و شانۆ پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەم شانۆ دێرینە لە ساڵەکانی سەدەی شازدەمدا دروست کراوە.

حەڤدە قوتابی، بەرئەنجامی خوێندنی هونەر و هونەری نواندن پێشکەش دەکەن، هەر حەڤدەیان، بە سێ ڕیز لە قــوولایی لای چەپی شـانۆکـەدا دانیـشـتـوون، دوازدە دیمەنیـان لە شـانۆی جیـهـانی هەڵبژاردووە، دیمەنەکـان بە کـەلوپەلی سـاکـار و بە شێـوازێکی سەرنجڕاکێش نمایش دەکەن، مامۆستاکەیان دیمەنەکان، قوتابییەکان و شێوازی کارکردنەکانیان بۆ بینەران باس دەکات. لەنێوان دیمەنی قـوتابییـەکـاندا، ئەکـتـەری پرۆفـیـشـناڵی باوەڕپێکراو، هەندێک دیمەن لە شـانۆنامـەکـانی کـارلۆ گـۆڵدۆنی پێـشـکەش دەکـەن، قـوتابییـەکـان، وەک نەوەیەکی نوێ ڕووبەڕووی نەوەیەکی تری ئەکتـەری خـاوەن ئەزمـوون و ترادیسـۆنی کـۆمـیـدیای دیلارتی دەبنەوە. کـۆن و نوێ، ترادیسۆن و مۆدێرن، قوتابی و مامۆستا، گەنج و پیر، لە یەکــەیەکی هونەری و ئاهەنگێکی نواندندا دووپاتی نەمریی هونەری شانۆ دەکەنەوە. کارلۆ گۆڵدۆنی چەندین جار لەم شانۆیەدا کاری کردووە، لە چەند قۆناغێکیشدا بەڕێوەبەری شـــانۆکـــە بووە و هەر لەم شـــانۆیەشـــدا گـۆڕانکارییـە بنەڕەتییـەکانی لە فۆرم و شـێـوازەکـانی کۆمیدیای دیلارتیدا دەکات. دوای نمایشەکان، لە شانۆکە هاتمە دەرەوە، دنیـا بە تەواوەتی تاریکە و ئەسـتـێرەکـانی ئاســمــانیش خــۆیان لە پشت هەورە ڕەشــەکــانەوە شـاردووەتەوە. گـڵـۆپی بانیـژی خـانووەکـان و کـۆڵانە تەسکەکان زۆر بە کزی دەسووتێن و ڕووناکی پەنجەرەی ژوورەکـانیش لە بەندەرەکـاندا ڕەنگ دەداتەوە. حـەزێکی خۆش جـەسـتـەی داگـیـرکـردووم، نامـەوێت بۆ ئوتێلەکـە بگـەڕێمــەوە، هەر بەپێ لەبری ئەوەی بچــمــە ژوورەوە، بەسەر پردە کورتەکانی هەندێک لە کەناڵەکاندا پەڕیمەوە و بەرەو گـۆڕەپانی مـارکـۆس ڕۆیشـتم. بە خەیاڵ گـەڕامـەوە بۆ ساڵەکانی سەدەی پازدەم، گرووپی کۆمیدیای دیلارتی گـەمـە و نمایشـەکـانیـان پێـشـکـەش دەکـرد، بە دیاریانەوە وەستابووم، هەوایەکی سارد جەستەی وریا کردبوومەوە، کـــــارلۆ گـــــۆلدۆنیـم بینـی، بە پـاڵتــــۆ درێژە



دەمامک لە ڤینیسیا

ئەرستۆکراتییەکەیەوە، لە یەکێک لە گۆندۆڵەکان هاتەخوارەوە، دەمامکێکی بە دەستەوەیە و بەدەنگێکی بەرز قسە دەکات، کۆمەڵێک کەسی لەگەڵدایە و هەندێک جار قاقا پێدەکەنێت، دواتر ئەکتەرەکان مەشخەڵەکانیان کە گۆڕەپانەکەی رووناک کردبووەوە، کوژاندەوە و کەلوپەلەکانیان کۆکردەوە و چوونە عەرەبانەکانیانەوە و بەدەم گۆرانی و مۆسیقا و نۆشکردنی شەرابەوە لە گۆڕەپانەکە دوورکەوتنەوە.

کە گەڕامەوە بۆ دنیای ئێستا و سەیرێکی چواردەوری خۆم کرد لە چەند دووکانێکی بچووکی وردەواڵەفرۆش بەولاوە، کە تا ئەوکاتەش لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون شتێک بە گەشتیارە کامێرا بەدەستەکان بفرۆشن، هەموو دوکانەکانی تر داخراوبوون. تاکوتەرا کچی گەنج، سەرخۆش، گەشتیاری جانتا بەدەست و مەی فرۆشەکان لەنێو تاریکی کۆڵانە تەسکەکاندا ون دەبوون.

### کۆمیدیای دیلارتی

کۆمیدیای دیلارتی، وەک شانۆیەکی هاوشانۆ و ئەڵتەرناتیڤێک، لەناوەڕاستی ساڵەکانی ١٥٠٠دا، لە ئیتاڵیا دەرکەوت. ئەم شانۆیە هەر زۆر خێرا بووە تەرزێکی میللی بەربڵاو، لەبەرانبەر شانۆ ڕازاوەکانی کۆشکە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا: دوو شانۆی جیاواز، یەکێکیان بۆ پادشا و دەسەڵاتدار و گەورە پیاو و دەستوپێوەندەکانیان ئەوی تریشیان بۆ خەڵکی گشتی و لە هەموو شوێنێکدا پێشکەش دەکرا. تەختەی شانۆی ئەکتەرەکان، گۆڕەپان، سەرشەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی ئیتاڵیا دەبێت، بەهۆی گەشتی بەردەوامی ئەم گرووپانەوە، کۆمیدیای دیلارتی هەر زۆر خێرا لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئیتاڵیا و دواتریش هەموو ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە. ئەکتەرەکان بەبێ هیچ دیکۆر، رووناکی و پێداویستییەکانی تری نمایشێکی شانۆییەوە شانۆنامەکانیان بەشێوەیەکی ڕاگوزاری، سەبارەت بە هەندێک بابەتی دیاریکراو پێشکەش کردووە. ئەم گرووپانە چەندین کارەکتەر و کەسایەتی دیاریکراویان هەبووە کە خودی شانۆنامەکانیان لەسەر بنیاد نراوە. بۆ نموونە: کارەکەر و بەردەست. دوو گەنجی عاشق، کچی عاشق بەو گەنجانەی کە باوکیان ڕەزامەندی لەسەر نەبووە، دوکتۆر، بازرگان و باوانی پیر و بە تەمەن...تاد کارەکتەری (پانتەلۆنە و ئەرلیکینۆ) دوو کەسایەتی دیار و هەمیشە ئامادەی شانۆنامەکانی کۆمیدیای دیلارتی بوون و ئەکتەرەکانیش بەدرێژایی شانۆنامەکە دەمامکیان پۆشیوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە ئەم چەشنەی شانۆ بە کۆمیدیای دەمامک پۆشیش ئاماژەی بۆ کراوە«١٢».

کارلۆ گوڵدۆنی لە ساڵی ١٧٠٧دا لە ڤینیسیا لەدایک بووە و تا ئەو دەمەش کۆمیدیای دیلاتی پێشکەش کراوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئەو فۆرمە لە ئیتاڵیا و هەموو ئەورووپادا، لە ئاستی ترۆپکی سەرکەوتنەکانیاندا دەبێت، بەڵام کارلۆ گۆڵدۆنی گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانە

لە کۆمیدیای دیلارتیدا دەکات. کارلۆ گۆڵدۆنی ئێجگار فرە بەرهەم بووە و زیاتر لەدوو سەد و پەنجا شانۆنامەی کورت و درێژی نووسیوە و شانۆکەشی ئاوێنەیەکی بێگەردی ئەو ڕۆژگارانەی سەدەی حەڤدەی شاری ڤینیسیایە و دەکرێت لە ڕوانگەی شانۆنامەکانییەوە وێنەیەکی ڕوونی دابونەریت، شێوازی ژیان، جلوبەرگ و تەنانەت کەشوهەوای ڤینیسیا لە شانۆنامەکانیاندا بدۆزینەوە.

ئەم نووسەرە یەکەم شانۆنامەکانی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا نووسیوە، شانۆی زۆر خۆش ویستووەو لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، لەگەڵ گرووپێکی شانۆ گەڕۆکەکانی کۆمیدیای دیلارتی، لەماڵەوە هەڵهاتووە. ئەم نووسەرە دید و بۆچوونێکی جیاوازی بۆ ڕۆڵ و پێگەی شانۆ هەبووە، بۆ نموونە کارلۆ گۆڵدۆنی دەمامک و ڕاگوزاری، کە دوو توخمی کۆمیدیای دیلارتییە، بە بەربەستێک داناوە، ئەو بەربەستەش بەڕای ئەو، بەری لە هەموو گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چوونەکان گرتووە. هەر لەبەر ئەوە ئەم نووسەرە زۆر بە وردی بیر لە گۆڕانکارییەکان دەکاتەوە: سەرەتا لەدەروازەکانی نووسینی کۆمیدیایەکی پڕ خەندە و گەمە ئامێزەوە، پشت دەکاتە شانۆیەکی ڕاگوزاری و بەو شێوەیەش کۆمەڵێک شانۆنامەی کلاسیکی کۆمیدی بەرز دەخولقێنێت و هەموو دابونەریت و ترادیسۆنی شانۆی نوێی ئیتاڵی دەکاتەوە. دوای ئەوە هێدی هێدی دەمامک وەلاوە دەنێت و شانۆنامەکانی بەبێ دەمامک و بە سیمای ئەکتەرەکانەوە پێشکەش دەکات، دەمامک بە بەربەست و ڕووپۆشێکی نابەجێ ناوزەد دەکات و بەو شێوەیەش دەمامکەکان دادەماڵێت، کە تا ئەوکاتەش یەکێک بووە لە توخمە گرنگەکانی کۆمیدیای دیلارتی. کارلۆ گۆڵدۆنی لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: (ڕوحێک لەژێر دەمامکێکدا وەک ئاگری ژێر خۆڵەمێش وایە.) تەقەللا ئەزموونگەری و گۆڕانکارییە ڕادیکالییەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی، کۆمیدیای دیلارتی فڕێ دەداتە نێو شێوازێک لە شێوازەکانی شانۆیەکی ڕیالیزم و ئاستە قووڵەکانی سایکۆلۆژییەوە و بەو شێوەیە کارلۆ گۆڵدۆنی لەسەر بنەماکانی کۆمیدیای دیلارتییەوە شانۆیەکی تری کۆمیدی، جیاواز و سەراپاگیر بنیاد دەنێت و ئیتاڵیاش لەسەر دەستی ئەم نووسەرە پێ دەنێتە قۆناغێکی ترەوە.



ماڵی کارلۆ گۆڵدۆنی

## ماڵی کارلۆ گۆڵدۆنی

زۆر دەمێکە هێندە باش نەنوستووم وەک ئەم چەند شەوەی ڤینیسیا، بە ئارامی تا بەیانی خەبەرم نابێتەوە، خەون دەبینم و زۆرجار لەگەڵ کازیوەدا بەخەبەر دێمەوە و لە بانیژەی ژوورەکەمانەوە دەڕوانمە ئاسمان و دەریا. بەهەر چوار لادا دەریایە، دەریایەکی شین، ئاسمان و دەریا شین دەچنەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان بەنێو یەکدا چوون و لەناو شارەکەشدا ڕەنگیان داوەتەوە.

دوای قاوەڵتی بەیانی لەگەڵ لیزای هاوڕێ و هاودەمم، کۆڵانە و کۆڵان ڕۆیشتین، هەندێک لە کۆڵانەکان هێندە تەسکن، مرۆ دەبێت یەک یەک و بەڕیز بڕوات، لە هەندێکیاندا بە تەواوەتی ئاسمان ون دەبێت و لە هەندێکیشیانەوە یەکەوڕاست، دوای چەند خولەکێک دەچێتەوە سەر گۆڕەپانێکی پانوبەرین. زۆربەی کڵێساکانیش لەو گۆڕەپانانەدا بەرزبوونەتەوە و مێژووی دروستکردنیان بۆ سەدەی پازدەم دەگەڕێتەوە. لەم لاوە دەریا و گۆندۆڵی باریک، لەم لاترەوە پردی تەختەیی دێرینی زۆر جوان کە گۆڕەپانەکە و هەندێک لە کۆڵانە




ڕووکاری دەرەوەی شانۆی
کارلۆ گۆڵدۆنی

تەسکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و تاوەری کلێساکانیش لە ناوەڕاستیاندا، لەنێوان سێبەر و تیشکی خۆردا سەری بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە.

پاش ڕۆیشتنێکی باش گەیشتینە کۆڵانێکی ئێجگار تەسکی کورت، ئەم سەر و ئەوسەری گۆڕەپانێکی بچووکە و خودی کۆڵانەکەش کەوتووەتە ناوەڕاستی کەناڵێکی باریکەوە، ئاوی کەناڵەکە هەندێک لە ئاستی ئاسایی خۆی بەرزبووە و خەڵکی بە گومان و دڵەڕاوکێوە لەیەکتریان دەنۆڕی. لەکۆتایی بەری ڕۆژهەڵاتی ئەو کۆڵانەدا، ماڵی کارلۆ گۆلدۆنی بەرزبووەتەوە«١٣»، لە دەرگای دەرەوە، یەکەوڕاست دەچیتە دەروازە و باخچەیەکی بچووکەوە. دروستکردنی ئەم خانووبەرەیە بۆ ساڵەکانی نێوان ١٣٠٠-١٤٠٠ز دەگەڕێتەوە. خانەوادەی کارلۆ گۆڵدۆنی لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەوە هاتوونەتە ئەم خانووەوە و کارلۆ گۆڵدۆنیش لەیەکێک لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوەیدا لەدایک بووە و تا تەمەنی دوازدە ساڵی هەر لەم خانووەدا ژیاوە«١٤». باوکی کارلۆ گۆڵدۆنی شانۆیەکی بچووکی بووکەڵە بۆ کوڕەکەی لەیەکێک لە ژوورەکانی ماڵەکەیاندا دروست دەکات، ئەو شانۆی بووکەڵەیە لە شوێنی خۆی پارێزراوە و بەچەشنی شانۆیەکی میناتۆر بە دیوارەکەوە بەندیان کردووە و چەندین بووکەڵەی دێرین، ڕەنگاوڕەنگ و جوان لەم لاو ئەولای شانۆکەوە سەریان دەرهێناوە و سێ ڕیز کورسی بچووکی ڕەنگ سوور و کۆنیشیان لەبەردەمی ژوورەکەدا داناوە. لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی ڕیزی پێشەوە دانیشتم و بە وردی دەمڕوانییە بووکەڵەکان، بەخەیاڵ بۆ سەردەمی منداڵی کارلۆ گۆڵدۆنی و گەمەی شانۆی بووکەڵە و حەزێکی بێ سنووری شانۆ گەڕامەوە. سەرەتا و دەسپێکی شانۆی ئەو مێردمنداڵە، لەیەکێک لە ژوورەکانی ئەم خانووبەرەیە و لەنێو کۆمەڵێک بووکەڵە و شانۆیەکی ئەندێشە ئامێزەوە دەست پێدەکات«١٥». دواتر سەردانێکی کتێبخانە و ناوەندە شیکارییەکەشم کرد و ئەو شوێنە زیاتر تایبەتە بەو قوتابیانە، یان بۆ کەسانی ئەکادیمی و لێکۆڵەرەوەکانە کە لە هەموو جیهانەوە دێن و خەریکی لێکۆڵینەوە، ساخکردنەوە، وەرگێڕان، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و زیندووکردنەوەی ئەرشیڤ و یادەوەرییەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی و کۆمیدیای دیلارتین.

کە لە خانووبەرەکە هاتینە دەرەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کۆڵانەکەوە بەسەر ئەو پردە بچووکە زۆر دێرینەدا بۆ ئەوبەری کۆڵانەکە پەڕینەوە، ئەو پردەی کە کارلۆ گۆڵدۆنی هەزاران جار لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر پێیدا پەڕیوەتەوە.

کارلۆ گۆڵدۆنی دەمامکی لەکۆمیدیای دیلارتی لابرد، بەڵام ڤینیسیا لەبری ئەوە بووە بە شانۆیەکی گەورەی پڕ لە دەمامک. هەموو شارەکە پڕە لەدەمامکی شانۆیی، هەزارەها دوکانی دروستکردنی دەمامک و دەمامک فرۆشتن لەسەر شەقام و کۆڵانە باریک و تەریکەکانی ئەم

شــارەدا بڵاوبوونەتەوە. دەمــامکەکــان ســیــمــایەکی کەرنەڤاڵئاسا و شانۆیەکی هەمیشەیی و ئاهەنگێکی لە دوانەهاتووی بە شارەکە بەخشیوە و هەروەک گەمەیەکی خۆشاردنەوە، شار لە چاوشارکێیەکی دەمامک پۆشی ڕازاوەی بەردەوامدایە.

**کەرنەڤاڵی دەمامک**

ڤینیسیا و دەمامک، وەک دوو دیوی دراوێک وان و ناکرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە، دەمامک بەشێک بووە لە ژیانی ئەم شارە، نەک تەنیا لەکاتی کەرنەڤاڵەکاندا، بەڵکو لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا«١٦».

کەرنەڤاڵی سەما و دەمامک یەکێکە لە سیما هەرە گرنگە ئاهەنگئامێزەکانی ئێستای ئەم شارە و هەموو ساڵێک لەمانگی دوودا، کەرنەڤاڵێکی گەورە هەموو شارەکە دەگرێتەوە. زۆر شتی سەرسوڕهێنەر و جیاواز لە کاتی پۆشینی دەمامکەکاندا ڕوو دەدەن، سیمای خەڵکی و دەموچاویان لەپشت دەمامکەکانەوە دەشاردرێتەوە، سنوورەکان وەلاوە دەنرێن و هەموو شتێک شیاوە و هیچ شتێک قەدەغە و تاپۆ نییە و مەرزە کۆمەڵایەتی، ئاکار و چینایەتییەکان، بەتایبەتی لە سەردەمە زۆر دێرینەکاندا وەلانراون. هەمــوو کــەســێک ژیانێکی نهــێنی لەپشت دەمامکەکانەوە هەبووە«١٧».

لەم ئاهەنگی دەمامکەدا ترادیسـۆنە دێرینەکــان، بە هەموو شێواز و وردەکارییەکانییانەوە، بە هەموو میناتۆر و لایەنە جیــاوازەکــانییــانەوە، ئێـسـتا و لێرەدا زیندوو دەبنەوە، دووبارە دەبنەوە و دەمامکەکانیش ژیانێکی تر، وزەیەکی نوێ، پێناس و ڕەنگەکان بە خەڵکەکە و شار و ئەو دابونەریتە دێرینەی شانۆش دەبەخشن.

زۆربەی کەرنەڤاڵەکان لەگۆڕەپانی مارکۆس، لەبەردەم کڵێسای مارکۆس، کۆشکی دۆگدا و لەسەر پرد و کەنار زەریا و کەناڵەکاندا دەگێڕدرێت.

ئەم شـوێنانەش ناوجەرگەی شار و شـوێنە گـشـتی و دێرینەکـان و جێگای سەرنجی خەڵکی و گەشـتـیـارن. شارەکە هەمـووی دەبێتە شانۆیەکی گەورە و نمایشێکی دێرینی کۆمیدیای دیلارتی و هەمـوو سیـماکـان، هەمـوو دەمـوچاو و ڕەنگی پێسـتـەکـان ون دەبێت و لەبری ئەوە دەبێتە دەمامکی هەمەجۆر: بیـچـمەکـانی کۆمیـدیای دیلارتی، تۆقێنەر، شیعرئامێز، ئافرەتی جوان و هەمـوو گـوزارشتـەکانی خۆشی، ناخۆشی، دڵگران، حەپەساو،



**بەندیخانەی کۆشکی دۆق**

چاو پڕ لە فـرمـێـسـک، پەشـۆکـاو و بەخـتـیـار و دەم بە پێکەنین«١٨».

کە لە گـۆڕەپانی مـارکـۆسدا وەسـتـابووم، دەمـڕوانییـە کلێسا گەورەکە و کۆشکە دێرینەکەی تەنیشتی، هەزاران دەمـامکی ڕەنگاوڕەنگ لەسـەر قـەراغـی شـەقـامـەکـە و عـــەرەبانە گـــەڕۆکـــەکـــان دانرابوون، هەروەک ئەوەی لەچاوەڕوانی نمایشـێـک، سـیـمـا و دەمـوچاوێکدا بن. خەڵکەکەش بە ڕیز وەسـتـابوون بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە، جـوولەی جـەسـتـە و دیمەنی خـەڵکـەکـە، لە سـێـبـەر و ڕووناکــیــدا بەر یەک دەکــەوتن، دەبوونە وێنەی ڕەش و ســـــپی، ڕەنگاوڕەنـگ و دیمەنێکی شـــــانۆیی، یان سـینەمـــایی. ئەتمۆسـفـیـر و خـانووبەرە و شـوێنەکـە لەمـــۆزەخـــانەیەکی زیندوو و بزۆز و جـــیـــهـــانێکی ئەندێشەئامێز دەچێت.

**قاوەخانەی فلۆرینا**

هەر لەم گــۆڕەپانەدا گــرنگتــرین و بەناوبانگتــرین قـاوەخـانەکـانی دنیـا دەرگـا بەڕووی مـیـوانەکـانیـاندا

ده‌كه‌نه‌وه‌. له‌ گۆڕه‌پانی ماركۆسدا قاوه‌خانه‌ی فلۆرینا هه‌یه‌، گه‌وره‌ نووسه‌رانی ئه‌وروپا و كه‌سه‌ ناوداره‌كانی جیهان له‌م قاوه‌خانه‌یه‌دا دانیشتوون، گفتوگۆیان كردووه‌، به‌رهه‌مه‌كانیان نووسیوه‌، زه‌ماوه‌ندی ده‌مامك و كۆبوونه‌وه‌ ڕامیارییه‌كانیان تێدا ڕێكخستووه‌: كازه‌نۆفا، گۆته‌، فاگنه‌ر، كارلۆ گۆڵدۆنی و هێمنگوای ته‌نیا چه‌ند نموونه‌یه‌كن.

ئه‌م قاوه‌خانه‌یه‌ دێرینترین قاوه‌خانه‌كانی ئیتاڵیا و له‌وانه‌یه‌ هه‌موو جیهانیش بێت، نه‌ریتی قاوه‌خواردنه‌وه‌، كات به‌سه‌ربردن، ڕۆژنامه‌ خوێندنه‌وه‌، یه‌كتر بینینی له‌ شاره‌ گه‌وره‌كانی ئه‌ورووپادا بڵاوكردووته‌وه‌«١٩». ئه‌م قاوه‌خانه‌یه‌ هه‌ر له‌و ده‌مه‌دا، له‌ سه‌ده‌ی هه‌ژده‌دا ناوبانگێكی گه‌وره‌ به‌ده‌ست ده‌هێنێت و ده‌بێته‌ جێگه‌یه‌كی میللی و هه‌موو كه‌سێك ڕۆژانه‌ ڕوویان تێ كردووه‌.

كه‌لوپه‌ل و دیزاینی قاوه‌خانه‌كه‌ش بۆ ساڵی ١٧٢٠ ناگه‌ڕێته‌وه‌. ئه‌و ساڵه‌ی كه‌ قاوه‌خانه‌كه‌ی تێدا كراوه‌ته‌وه‌، به‌ڵكو بۆ ساڵی ١٨٥٨ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، له‌م ساڵه‌دا خاوه‌نی ئه‌م قاوه‌خانه‌یه‌ ده‌ستێكی به‌شوێنه‌كه‌دا هێناوه‌ و كه‌لوپه‌له‌كانی گۆڕیوه‌ هه‌ر ئه‌وكاته‌. خه‌ڵكی ڤینیسیا ناڕه‌زاییه‌كی زۆر به‌رانبه‌ر گۆڕینی شێواز و دیزاینی قاوه‌خانه‌كه‌ ده‌رده‌بڕن و ئاماژه‌ی ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ خاوه‌ن قاوه‌خانه‌كه‌ مۆركی مێژوویی و كولتووری شوێنه‌كه‌یان شێواندووه‌، دواتر و تائێستا، نه‌وه‌ دوای نه‌وه‌، گوێ له‌و ناڕه‌زاییه‌ جه‌ماوه‌رییه‌ ده‌گرن و مۆرك و شێوازی ڕووكاره‌كانی ده‌ره‌وه‌ و ناوه‌وه‌ی ئه‌م قاوه‌خانه‌یه‌ وه‌ك خۆی ماوه‌ته‌وه‌ و هیچ گۆڕانكارییه‌كی به‌سه‌ردا نه‌هاتووه‌.

كه‌ چوومه‌ ژووره‌وه‌ هه‌ستێكی تایبه‌ت دایگرتم، ئاماده‌بییه‌كی به‌هێزی نووسه‌ره‌ گه‌وره‌كان، هونه‌رمه‌نده‌ بلیمه‌ته‌كان، ئه‌فۆسفێری سه‌رده‌مه‌ دێرینه‌كان و وه‌ستانی زه‌مه‌ن، خه‌یاڵیان بزواندم. له‌و سووچه‌دا گۆته‌ دانیشتووه‌، به‌ سه‌ردان له‌ ئه‌ڵمانیاوه‌ هاتووه‌ته‌ ڤینیسیا و ده‌یه‌وێت له‌گه‌ڵ قاوه‌یه‌كدا تێبینییه‌كانی خۆی تۆمار بكات، له‌سه‌ر ئه‌م مێزه‌یان فاگنه‌ر، به‌ده‌م مۆسیقایه‌كه‌وه‌ كه‌ له‌مێشكیدایه‌، سه‌ر باده‌دا و په‌نجه‌كانی ده‌جوولێنێت، هێمنگوای به‌ده‌نگی به‌رز له‌و سووچه‌ی ئه‌و سه‌ره‌وه‌ سیگار ده‌كێشێت و قسه‌ ده‌كات، كارلۆ گۆڵدۆنی له‌ناوه‌ڕاستی قاوه‌خانه‌كه‌دایه‌، له‌نێو كورسی و مێزه‌كاندا



ڕووكاری ده‌ره‌وه‌ و ناوه‌وه‌ی به‌ندیخانه‌ی ناو كۆشكی دۆق

به‌ پێوه‌ وه‌ستاوه‌، جار به‌جار هاتوچۆ ده‌كات، په‌له‌یه‌تی و قاقای پێكه‌نینی به‌رزبووه‌ته‌وه‌، به‌ڵام كازه‌نۆفا به‌ ده‌مامكێكی ئه‌رستۆكراتییه‌وه‌، ده‌ستی خانمێكی شۆخی گرتووه‌ و به‌ره‌و سووچێكی ناوه‌وه‌ی ده‌بات. كۆمه‌ڵێك ئافره‌تی تریش به‌چاوی ئیره‌ییه‌وه‌ ده‌ڕواننه‌ ئه‌و خانمه‌ی كه‌ ده‌ستی له‌نێو ده‌ستی كازه‌نۆفادایه‌ و قاقا پێده‌كه‌نن و ده‌مامكه‌كانی ده‌موچاویان ده‌كه‌نه‌وه‌ و به‌خێرایی و به‌نازه‌وه‌ ده‌چنه‌ ده‌ره‌وه‌.

له‌سه‌ر مێزه‌كه‌ی ڤاگنه‌ر دانیشتین، به‌ ده‌م خواردنه‌وه‌ی چایه‌كی سه‌وزه‌وه‌ له‌ دیواره‌كان، بنمیچ، په‌نجه‌ره‌ و ته‌نانه‌ت ئه‌رزه‌كه‌شم ده‌ڕوانی. دیواره‌كانی به‌ زه‌ردی ئاڵتوونی، ئاوێنه‌ی گه‌وره‌ و ڕه‌نگی سوور، دیزاینی ساڵه‌كانی هه‌زار و هه‌شت سه‌ته‌كان و مۆركه‌ بۆرژوازییه‌كه‌ی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ ڕازێنراوه‌ته‌وه‌. سێبه‌رێكی هه‌تاهه‌تایی به‌ری لایه‌كی قاوه‌خانه‌كه‌ی گرتووه‌ و چه‌پكه‌ تیشكێكی گه‌رمیش ڕاسته‌وڕاست و له‌په‌نجه‌ره‌ گه‌وره‌كانی ڕووكاری ده‌ره‌وه‌، به‌نێو پانتایی قاوه‌خانه‌كه‌دا بڵاوبووه‌ته‌وه‌. سێبه‌ر و تیشكی ڕۆژ، تاریكی و



نووسەر لە ماڵی
کارلۆ گۆڵدۆنی

ڕووناکی، ڕەش و سپی هەروەک وێنە سینەماییە دێرینەکان دێتە پێش چاو.

### ستۆکهۆڵم

بەیانی لەگەڵ کازیوە هەستام، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و چوومە بانیژەی سەر ژووری دانیشتنەکەمانەوە، سەیرێکی ئاسمانم کرد، بەیانییەکی سارد و هیچ خانووبەرەیەکیش لەناو ئاوەکەی تەنیشتمانەوە بەرز نەبووەتەوە. لیزا هێشتا نووستووە و لەبەر ئەوەی دووگیانە بەزەحمەت ئەم دیو و ئەودیوی بۆ دەکرێت. خێرا شتەکانم کۆکردەوە و لەماڵ چوومە دەرەوە، دوێنێ شەو درەنگانێک لە ڤینیسیاوە گەیشتینەوە ستۆکهۆڵم و ئەمڕۆش وا زوو بەرەو شاری یاڤلێ و لەوێشەوە بۆ ناوچەی یارفسیۆ کەوتمەڕێ.

یارفسیۆ ناوچەیەکی دارستاناوی ڕازاوە و جوانە و شانۆیەکی لە تەختە دروستکراوی شێوە ئالیزابیسی لەخۆدەگرێت و شانۆکەش بەشانۆی دار ناوزەد کراوە. خودی شانۆکەش وەک ئەوە وایە کە بەقەدی شاخ و دامێنی دارستانێکەوە هەڵواسرابێ، بە بەرزاییەکەوە دەڕوانێتە دۆڵ و گوند و دەریاکەی بەردەمی. ئەم شانۆیە تەنیا لەهاویندا چالاکییە شانۆییەکانی تێدا نمایش دەکرێت، بینەران و شانۆکاران و ڕەخنەگرانی شانۆ، لە هەموو شارەکانی سوێدەوە بەدرێژایی هاوین بۆ ئێرە دێن. شانۆنامە، وۆرک شۆپ و سیمینار و چالاکی جۆراوجۆری تێدا پێشکەش دەکرێت.

نۆکەری دوو ئاغا لە شەوێکی هاویندا، لە نمایشێکی بەرزی کۆمیدیای دیلارتیدا نمایشکرا، کاتژمێری نۆی شەو دەستی پێ کرد و دوازدەی شەویش، کە هێشتا دنیا تاریک دانەهاتبوو، کۆتایی هات«٢٠».

**پەراوێزەکان:**

١- شانۆی گەل لەساڵی ١٩٨٣دا دامەزراوە و نمایشەکانیان لە هەموو هەرێمی یاڤلێبوریدا پێشکەش دەکەن، جگە لە شانۆکانی ناو شاری یاڤلێ خۆی، بەردەوام لە هەموو سنووری ناوچەکەدا، لەگەشتی هونەریدان. ئەم شانۆیە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی جوگرافیای جیاوازی پانتایی نمایشە شانۆییەکانیان، بەکارهێنانی مۆسیقا، ئاستی بەرزی نمایشەکانیان و لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی کار و بابەتی هەنووکەیی. هەروەها شانۆی گەل چەندین ساڵە لەگەڵ نەریت و فۆرمی شانۆ جیاوازەکانی ئاسیا، بەتایبەتی چین و هیند هاوکاری و ئاڵوگۆڕی شانۆیی و هونەرییان هەیە.

٢- شانۆنامەی نۆکەری دوو ئاغا بەر لە ٢٦٠ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، ڕووداوەکانیش باسی ترۆفالدینۆی بێکار دەکەن کە لە پڕ هەلی دوو کاری لەیەک کاتدا بۆ دەڕەخسێت و دەبێت لە هەمان کاتدا بە هەردوو کارەکەدا ڕابگات و لەخزمەت هەردوو ئاغاکەیدا بێت، بەبێ ئەوەی کەسیان بەوی تریان بزانێت. ترۆفالدینۆ لەم

دۆخەدا دەڵێت: بۆچی ناکرێت کە لەیەک کاتدا دوو ئاغام هەبێت، دوو کار لە دوو جێگەی جیاواز خواردن، هەروەها دوو مووچەش.

٣- کارلۆ گۆڵدۆنی لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٧٠٧دا لە ڤینیسیا لەدایک بووە و لە ٦ی شوباتی ساڵی ١٧٩٣دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. باوکی گۆڵدۆنی پزیشک بووە و خۆشی لە ساڵی ١٧٢٣دا دەستی بەخوێندنی یاسا کردووە لە ساڵی ١٧٣١وە، دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ماوەیەکی درێژ چ لە ڤینیسیا و چ لە شارەکانی تری وەک پیزا کاری پارێزەری کردووە. لە ساڵی ١٧٣٨دا یەکەم کۆمیدیای خۆی بڵاوکردووەتەوە کە زۆر نزیک دەبێت لە فۆرم و شێوازەکانی کۆمیدیای دیلارتی، شانۆنامەی (نۆکەری دوو ئاغا)ش، وەک یەکێک لە بەرهەمە میللی و زۆر دیارەکانی، هەنگاوێکە بۆ تەرزێکی تری کۆمیدیایەکی وێژەیی کە هەموو دیالۆگەکانی پێشوەخت نووسیون و لە بنەماکانی شانۆیەکی ڕاگوزارییەوە دوورە. لە ساڵی ١٧٥٠دا و لە شانۆنامەی Pamela nubile واتە (ئەو پامێلایەی کە شووی نەکردووە) بە تەواوەتی دەمامک لە شانۆنامەکانی و شانۆی کۆمیدیادا وەلاوە دەنێت، بەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش دەبێتە کۆمیدیایەکی کارەکتەر ئامێزی ڕیالیزمی ڕاستەوخۆ. گۆڕانکارییەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی بۆ کۆمیدیای دیلارتی چەندین دوژمنی بۆ پەیدا دەکات و لەگەڵ هەموو سەرکەوتن و چالاکییە بەردەوامەکانی چ لە ڤینیسیا، پارما و ڕۆما، ناچار دەبێت ئیتاڵیا جێ بهێڵێت و لە ساڵی ١٧٦٢وە بەتەواوەتی لە پاریس جێگیر ببێت. یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی کارلۆ گۆڵدۆنی دەکرا، لابردنی دەمامک و شێوازی نووسینی شانۆنامەکانی بوو، ڕەخنەگرەکان و شانۆکارانی ئەو سەردەمە پێیان وابوو کە شانۆنامەکانی کارلۆ گۆڵدۆنی زۆر میللین و بە تەواوەتی لە کۆمیدیای دیلارتی دوورکەوتوونەتەوە. کارلۆ گۆڵدۆنی لە پاریس و تا ئەو ڕۆژەی کۆچی دوایی دەکات وەک سەرۆکی شانۆی کۆمیدیای ئیتاڵی کاری کردووە.

کارلۆ گۆڵدۆنی بە داهێنانە نوێیەکانی، بەزمانە تایبەتمەندەکەی، بەتایبەتی زمانی ژیانی ڕۆژانە، سەرەتای شانۆ نەتەوایەتییەکانی ئیتاڵیا دەستەبەر دەکات و تا ئێستا زۆربەی شانۆنامەکانی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا پێشکەش دەکرێن.

٤- پردی ڕیاڵتۆ یەکێکە لە پردە دێرین و بەناوبانگەکانی ئەم شارە، ئەم پردە ژیانێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەمیشە جمەی دێت و بەدرێژایی مێژووش هەروا بووە. لە هەموو ساتەکانی شەو و ڕۆژدا، بەهەزاران کەس لەم سەرەوە بۆ ئەوسەر هاتوچۆ دەکەن، گەمەی لێبووکەکان، گۆرانی و مۆسیقا و هەندێک جاریش سەماشی لەسەر دەکرێت. لە سەرەتای ساڵانی سەدەی شازدەدا ئەم پردە زۆر داڕووخاو بووە، مەترسی داڕمانی لێکراوە و لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی شارەوانی شارەکە پێشبڕکێیەکی ئەرکیۆلۆژییان بۆ دروستکردنی پردێکی تازە ڕاگەیاندووە. مایکل ئەنجلۆ یەکێک بووە لە بەشدارانی ئەو پێشبڕکێیە، بەڵام ئەندازیارێکی تر بەناوی ئەنتۆنیۆ داپۆشێ، بە نەخشەی پردی ڕیاڵتۆ پێشبڕکێیەکە دەباتەوە. ئەم پردە لە ساڵی ١٥٨٨دا بە بەردی ساخ دەستکراوە، لە ساڵی ١٥٩١دا تەواو بووە و تا ساڵی ١٨٥٤یش تاکە پردێک بووە کە خەڵکی توانیویانە بەپێ لە بەندەری گراناداوە بەسەریدا بپەڕنەوە.

٥- ئەم پردە لە سەرەتادا لەساڵی ١٣٦٠دا دروست کراوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٤٧ەوە ئەم شێوازەی ئەمڕۆی وەرگرتووە.

٦- دۆگ و کۆشکی دۆگەکان، دەسەڵاتی باڵای کۆماری ڤینیسیا بووە و تا ساڵی ١٧٩٧ حوکمڕانییان کردووە. کۆشکی دۆگاش کۆشکی کۆماری ئەم دەسەڵاتە بووە و لەنێوان ساڵانی ١٣٠٩- ١٤٣٨دا دروست کراوە و بە ڕووکاری دەریای ئەدریاتیکدا لەسەر چەندین کۆڵەکەی لە بەرد دروستکراوی گەورە بەرزبووەتەوە و دیوارەکانی، شوورەکەی، نهۆمی سەرەوەی کۆشکەکەی بەخشتی سوور دروستکراون. ئەم کۆشکە چەندین هۆڵی گەورە و جوان لەخۆ دەگرێت و وێنەکێشە گەورەکانی ئەو سەردەمە، تینۆرۆتۆ و پاولۆ فێرەنێسێ ڕازاندوویانەتەوە. ئەم کۆشکە بە پردی هەناسە ساردەکان بەستراوەتەوە بە بەندیخانە سەرەکییەکەی شارەوە و کەنیسەی مارکۆسیش بەشێکی جیانەکراوەی ئەم کۆشکەیە. ئێستا کۆشک و بەندیخانە و کەنیسەکە کراونەتە مۆزەخانە.

٧- لەساڵی ١٤٤٤ز دا و بەهۆی کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆرەوە، کە تەماشای زەماوەندێکیان کردووە، یەکێک لەو پردە تەختانە ڕووخاوە و فیتۆرەی وێنەکێش لە ساڵی ١٤٩٦دا، لەیەکێک لەتابلۆ دیکۆمێنتارییەکانیدا وێنەی ئەو کارەساتەی کێشاوە.

٨- ڤینیسیا کۆمارێکی سەربەخۆ بووە و هیچ وڵاتێکیش هێندەی کۆماری ڤینیسیا بەر لە ساڵەکانی ١٨٠٠ لەدیموکراسی نزیک نەبووەتەوە. ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی بەربڵاو پرەنسیپەکانی وڵاتێکی مۆدێرنی دیموکراسییان پەیڕەو کردووە، لە ڕووی هەڵبژاردن، حوکمی یاسا، سەربەخۆیی دادگە و ئازادی مرۆڤی تاک و نووسین و بڵاوکردنەوە و نواندنەوە، بەڵام لە ساڵی ١٧٩٧دا کە ناپلیۆن بۆناپارت ئەم وڵاتە داگیر دەکات، کۆمارەکەیان دەڕووخێت و سەربەستی و سستمە دیموکراسییەکەشیان تێک دەدات.

٩- لە ساڵی ١٩٦٦دا ئاوی دەریاچەکە بە ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر بەرز دەبێتەوە و هەموو شارەکە دەکەوێتە مەترسی ژێرئاو کەوتنێکی هەتاهەتاییەوە. تا ئێستا و بە چەندین شێواز و

تەكنیكی جیاواز و یارمەتی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریكا، لە هەوڵی ڕێگە گرتن لە بەرزبوونەوەی ئاو. ئیتاڵیا ساڵانە پارەیەكی خەیاڵی بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەكات.

١٠- ساڵی چوار ملیۆن گەشتیار لە هەموو جیهانەوە ڕوودەكەنە ئەم شارە و بە شەقام و كۆڵانە تەڕەكان، بەئەفسوونی ڕووناكی و كاریگەری سێبەر و تاریكی،بە ئەتمۆسفێر و مێژووی ئەم شارە مەست دەبن.

١١- گەندۆڵ بەلەمێكی زۆر تایبەتە بەشاری ڤینیسیا، باریك و درێژە و لە هەردوو لاوە بەرزبووەتەوە. لە سەدەی پازدەدا زیاتر بۆ گوێزانەوەی كەلوپەل و هاتوچۆ بەكارهێنراوە، بەڵام ئەمڕۆ بووەتە سیمایەكی گرنگ و ئاماژەیەكی كولتووری ئەم شارە و داهاتێكی دارایی گەورەش. گەشتێكی تەنیا نیو سەعاتی بەم گەندۆڵانە سەد و پەنجا دۆلاری ئەمەریكییە.

١٢- كۆمیدیای دیلارتی مانای پیشەی شانۆ دەگرێتەوە، ئەو كەسانەی كە بە تەواوەتی خۆیان بۆ شانۆ تەرخان كردووە و شانۆ بووەتە پیشەی سەرەكی ژیان و گوزەرانیان. واتە ئەم ئەكتەرانە دانپێدانراو بوون و هەموو كەسێك نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵانە، یان لەگەڵ ئەم گرووپانە كاربكات و ئەوانەش كە ویستوویانە لە ڕیزی كۆمیدیای دیلارتیدا كار بكەن، دەبوایە لەلای ئەو ئەكتەرانە بروانامەیان وەربگرتایە و لەلای ئەوانە شاگردی گەمەی شانۆیان بكردایە.

١٣- لە ساڵی ١٩٣١ەوە ئەم خانووە لە دەستی شارەوانی ڤینیسیادایە و كراوەتە مۆزەخانە، ناوەندێكی لێكۆڵینەوە و لابورێكی نواندن.

١٤- ئەم خانووبەرەیە مۆركی ئەركیتێكتور و ئەندازەی ئەو سەردەمە، واتە سەدەی چواردەی ئیتاڵیای بە ڕوونی پێوە دیارە و ئیتاڵییەكانیش هەوڵیان داوە كە ئەو مۆرك و شێوازە دێرینەی خانووبەرەكە بپارێزن.

١٥- لەسەردەمی كارلۆ گۆڵدۆنیدا شاری ڤینیسیا پێگەیەكی گەورە و شیاوی لەنێو ڕەوتی شانۆی ئەورووپای ئەو دەمەدا هەبووە.

١٦- لە ڤینیسیا خەڵكی بەپێی یاسا دەمامكیان پۆشیوە، یەكەم یاساكانی دەمامك پۆشینیش بۆ سەدەی دوازدە دەگەڕێتەوە، بەڵام نازانرێت یەك ڕاست كەی خەڵكی ڤینیسیا بۆ یەكەم جار دەمامكیان وەك پێداویستییەكی ژیانی ڕۆژانە بەكارهێناوە. زۆر سەرچاوە پۆشین و بەكارهێنانی دەمامك بۆ بەر لەسەدەی دوازدە دەگێڕنەوە، یاسا و دەستووری ئەو وڵاتە ڕێگای داوە كە خەڵكی لە بەشێكی زۆری ساڵدا دەمامك بپۆشن. لە هەندێك شوێن و جێگەی فەرمی و تایبەتیدا، بەپێی یاسا دەمامك پۆشراوە، نەك هەر ئەوە بەڵكو بە زۆرەملێش بووە و قەدەغە بووە كە بەبێ دەمامك بچێتە ژوورەوە، یان بەشداری ئاهەنگ و گەمەكان بكەیت. دەمامكی ئەرستۆكراتی و دەوڵەمەندەكان جیاوازتر بووە لە دەمامكی خەڵكی هەژار و ئاسایی، دەمامكی ئیرۆتیكی تایبەت بووە بە ئافرەت هەموو دەموچاوی نەگرتووەتەوە. بەپێی دەستووری ڤینیسیای كۆن و سەردەمی كۆماری، هیچ یاسایەك دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە ئەو كەسانە دەستگیر بكات كە دەمامكیان پۆشیوە، بەڵام كەرنەڤاڵ و دەمامك پۆشین لەگەڵ كەوتنی كۆماری ڤینیسیا لەكۆتاییەكانی سەدەی حەڤدەدا ون بووە و ئەو ڕێگەیەی جارانی پێ نەدراوە.

١٧- سەرەتای ئەم كەرنەڤاڵانە بۆ سەدەی یازدە و دوازدە دەگەڕێتەوە و لەسەدەی هەژدەدا ئاستی گەیشتووەتە ترۆپك و دیاردەیەكی میللی بەربڵاوی تێكڕای خەڵكی. ئەم كەرنەڤاڵانە هەموو ساڵێك لە بیست و حەوتی مانگی كانوونی یەكەمدا دەستیان پێ كردووە و دوو مانگیان خایاندووە، وەك لەوەوبەر ئاماژەمان پێ كردووە، لەگەڵ كەوتنی كۆماری ڤینیسیادا، ئەم كەرنەڤاڵەش دەكەوێت. دواجار لەساڵی ١٩٧٩ەوە سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە و تائێستا و بۆ ماوەی دە ڕۆژ و هەموو ساڵێك ئەم نەریتە سیمای شارەكە دەپۆشێت.

١٨- لەسەدەی شازدەی ڤینیسیادا، لەسەدا دەی ئافرەت سۆزانی بوون، ئەو كارە بۆ پیاو لە هەموو ئەورووپادا قەدەغە بووە و سزای سووتاندنی بەدواوە بووە، بەڵام لە ڤینیسیا ئەو جۆرە پیاوانە توانیویانە بە پۆشینی دەمامكی ئافرەتی سۆزانی، كاری بەدڕەوشتی بكەن و سزاش نەدرێن.

١٩- قاوەخانەی فلۆرینا لە كانوونی یەكەمی ساڵی ١٧٢٠دا لەلایەن فلۆریانۆ فرانسیسكۆنییەوە كراوەتەوە، لە سەرەتادا ناوی ڤینیسیا بووە و دواتر خەڵكی شار و میوانە بێگانەكانیش بە قاوەخانەی فلۆرینا ناوزەدیان كردووە.

٢٠- هاوینی سوێد تەلیسماوییە، هەندێك جار باران دەبارێت، سارده و جارجاریش هەتاو لە كەندێكی چیا و ئاسمانە پڕ لە هەورەكانەوە سەر دەردێنێت، بەڵام ئەفسوونی شەوەكانی هاوینی سوێد هەر زۆر تایبەتمەندە و هەرگیز تاریك نابێت. شەوانی هاوینی سوێد لە هەڵهاتن و كازیوەیەكی بەردەوامدایە.

# فەلسەفەی سانت ئۆگۆستین

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لە ئەورووپادا، ئینجیلەکان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی یۆنانی، بۆیە لەسەرەتادا جۆرە کێشەیەک لەنێوان لایەنگیرانی ئایینی نوێ و فەلسەفەی یۆناندا بەرپا بووە. مەسیحییەکان بە وتار و قسە و نووسین ناچار بوون لەبەرانبەر هێرشەکانی فەلسەفەدا داکۆکی لە خۆیان بکەن و بنەما و دۆگمی بڕواو ئیمانەکەیان جێگیر بکەن. ئەمە سەرەتای پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفەی مەسیحی بووە لە دەستپێکی سەدەی دووەمی زاییندا.

دوای ئەوەی بە فەرمی دان بە بوونی ئەم ئایینە دانراو چەوساندنەوە و ڕاوەدوونانی لایەنگیرانی ڕووی لە کەمی کرد، ئینجیل و نووسراوەکانی مەسیحییەت کران بەزمانی لاتینی. لەناوەڕاستی سەدەی سێیەمی زایینییەوە نووسین و وتار وەعز و نوێژی مەسیحییەکان بە زمانی لاتینی بووە و زمانەکە لە ئەورووپا بووە بەزمانی ئایینی میللەتانی مەسیحی ئەورووپا، هەروەک چۆن لە ڕۆژهەڵاتدا بەهۆی ئیسلامەوە زمانی عەرەبی بووە بە زمانی ئایین و زمانی فەرمی میللەتانی موسڵمانی ڕۆژهەڵات، بۆیە لەکۆڕ و کۆمەڵە لاهووتی و فەلسەفەییەکانی ئەورووپا و لە زانکۆکانیدا بەزمانی عەرەبی دەگوترێ زمانی لاتینی میللەتانی موسڵمان.

ئەم هەنگاوە بۆتە مایەی تاڕادەیەک لەبیرچوونەوەی فەلسەفەی یۆنان، ئەوە بوو دواتر فەلسەفەی یۆنان کراوە بە عەرەبی و ئینجا لە عەرەبییەوە جارێکی تر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی و بیرمەندانی هان داوە دواتر ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە سەر بابەتە یۆنانییەکان.

زمانی لاتینی بووە بەزمانی ئایین و کاروباری کڵێسە و خوێندن و نووسین، بۆیە قۆناغی باوکانی کڵێسە کراوە بەدوو بەشەوە:

– باوکانی کڵێسە بە یۆنانی کە پێشتر قسەمان لێ کرد.
– باوکانی کڵێسە بەلاتینی.

ئۆگوستینی پاک (٣٥٤- ٤٣٠ز) ڕابەرێکی بەرچاوی ئەو قۆناغەیە کە بیرمەندان بەزمانی لاتینی نووسیویانە. ئەو لاهووت و فەلسەفەیەی دایهێناوە بە ئەزموونی بڕواو ئیمان و عەقیدەی مەسیحییەت پشت ئەستوورە، ئەگەرچی دەکرێ جێ دەستی فەلسەفەی ئەفلاتوونیزمی نوێی تێدا بەدی بکرێت، بەڵام بەجۆرێک لەچوارچێوەی جیهاندیدە لاهووتییەکەیدا تواندوویەتییەوە پتر مۆرک و سروشتی ئایینی و لاهووتی پێوە دیار بێت. تەنانەت هەندێک لە مێژوونووسانی فەلسەفە لەو باوەڕەدان ئۆگوستینی پاک نەبووە بە لایەنگیری ئەفلۆتین، بەڵکو ئەو خۆی ئەفلۆتینی لە نووسینەکانیدا کردووە بە مەسیحی(١).

٢- دوای کێشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندە و گەشتی گیانی بەنێو مەزهەب و ئایینی (مانی) و فەلسەفەدا لە تەمەنی ٢٩ساڵیدا بە یەکجاری بووە بەمەسیحی. لە کتێبێکدا بەناوی «دان پێدانان» کە ساڵی ٤٠٠ز دایناوە تێیدا باسی گەشتی پڕ جەنجاڵ و سەربەشەی ژیانی خۆی دەکات تا ئەو ڕۆژەی بووە بە مەسیحی(٢). ساڵی ٤١٣ز کتێبی (شاری ڕەب)ی داناوە، ئەو بەرهەمە لە ٢٢ بەش پێک هاتووە و تێیدا ڕەخنە لە بڕواو عەقیدەی بێ ئیمان و ڕێبازە فەلسەفەییەکەیان دەگرێ و بەشەکەی تری دەکرێ بە جۆرە فەلسەفەیەکی مێژوو دابنرێ. هەروەها چەندین بەرهەمی تری لەدوا بەجێماوە وەک «دەربارەی ئازادی»، «ئاکاری کڵێسەی کاتۆلیکی و ئاکاری مانییەکان.».

٢- لە ئایین و لاهووتی مەسیحیدا چەند بنەمایەک هەیە کە چوارچێوە و سنووری ئەو فەلسەفەیەی دەستنیشان کردووە کە ناوی ئەوی لێنراوە. ئەو بنەمایانە ئەگەرچی ڕەگوڕیشەکەیان لە تەوراتی مووسادا داکوتاوە، بەڵام لە ئایینی مەسیحیشدا پەسند و ڕەواکراون:

**یەکەم**: پشت ئەستوور بە سفری پەیدابوونی تەوراتی مووسا لەو ڕۆژەوە ئادەم و حەوا لەبەری داری زانینی چاکەکاری و بەدکارییان خواردووە و وەک سزادان لە بەهەشت دەرکراونەتە دەرەوە(٣) باری سەرشانی مرۆڤ بەو گوناهە قورس بوون و غەزەبی ڕەبی لێ گیر بووە، بۆیە دەبێ مرۆڤ بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ کەفارەتی ئەو گوناهە بدات.

**دووەم**: لە جیهاندیدی ئایینی و لاهووتی مەسیحدا ئەوە باوە گوایە ڕەب خۆی لە کەسایەتی یەسووعی مەسیحدا (عیسای مریەم) بەرجەستە کردووە، ئینجا عیسا چوار مێخە کێشراوە، پێش چوار مێخە کێشانەکەی نانی داوە بە شاگردەکانی و وتوویەتی «ها بیگرن ئەمە لەشی منە، ئینجا جامێکی شەڕاب داونەتێ و وتوویەتی بیخۆنەوە.. ئەوە خوێنی منە لە پێناوی ئێوەدا دەڕژێ..(٤)». چوارمێخە کێشانی یەسووعی مەسیحی بۆ پاککردنەوەی گوناهی مرۆڤ و سووک کردنی باری گرانی سەرشانی بووە، بۆیە لێرەشدا پێویستە مرۆڤی مەسیحی کەفارەتی ئەو گوناهە بدات.

**سێیەم**: دنیا کۆتایی دێت (خراپ دەبێ) ڕۆژی قیامەت و حەشر (دادگایی کردن) دێتە پێشەوە و دەست پێدەکات و بەدکاران سزا دەدرێن... مردووەکان زیندوو دەبنەوە و لەگۆڕەکانیان دێنە دەرێ، هەرکەسە بەپێی کرداری خۆی بەبێ پەسندکردنی شەفاعەت لە هیچ لایەک، پاداشت و سزای بۆ دەبڕدرێتەوە. پیاوچاکان لەخزمەتی ڕەبدا بە بەهەشت شاد دەبن و بەدکارانیش لەگەڵ شەیتاندا بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێن(٥).

**سێیەم**: ڕەب لە شەش ڕۆژدا جیهان و بوونی داهێناوە (خەڵق) کردووە، لەگەڵ داهێنانەکەدا کە لە نابووە بووە کات و بزووتنەوەش پەیدابوون. دنیا، بوون سەرەتای هەیە بۆیە دەبێ کۆتاییشی هەبێ (تەورات: سفری پەیدابوون: ١:٣- ٢٨).

لەو کەشوهەوا ئایینییەدا ئۆگۆستینی پاک لەکایەی لاهووت و فەلسەفەدا چالاک و دەستبەکار بووە، فەلسەفەکەی ئەگەرچی لەچەند سەرچاوەی کەوە هەڵی هێنجاوە، بەڵام لەبنەڕەتدا دەربڕێکی ڕاستەقینەی ئایینی خاوەنەکەیەتی. بوونی ڕەب و تایبەتمەندییەکانی نەفس، ئازادی خواست، زانین، ئاکار، جیهان، دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئاکار ئەو بابەتانەن کە ناوەرۆکی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەیان پێک هێناوە.

وەک لاهووتییەکی مەسیحی لەنێوان هەست کردن بەگوناهباری و هیوا بەرنەدان بەڕزگاربوون، یەکەمیان ئادەم بەو مەرەیەی بردووە و دووەمیان لە بەرجەستەبوونی ڕەب لە کەسایەتی مەسیح و چوار مێخەکێشانیدا دیوەتەوە، لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا چالاک و دەستبەکار بووە، ڕەنگی جیهاندیدێکی ڕشتووە لەچوارچێوەکەیدا فەلسەفەی مەسیحی لاتینی، فەلسەفەی مێژوو، چەمکی داهێنان و کات و سێ ڕەنگی پاک و بزووتنەوە و زیندوو

بوونەوە درەوشاونەتەوە، بەلایەوە، وەک لاهووتییەک کلێسە چوار خاڵی بەرجەستە کردووە.

**یەکەم**: تێیدا پێشبینییەکانی تەورات هاتوونەتە دی.

**دووەم**: نموونەی تەواوەتی و کەماڵی گیانی (ڕوحی)یە.

**سێیەم**: موعجیزە نیشان دەدات.

**چوارەم**: سەرەڕای ئەو هەموو سەختی و کوێرەوەرییەی دووچاری بووە، بڵاوبۆتەوە و جێگیر بووە.(٦) ڕزگاربوونیش هەر لە ڕێگای ئەوەوە دەبێت.

٣- پسپۆڕانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا ئۆگۆستینی پاک بەمامۆستای ڕۆژئاوا دادەنێن و بگرە لەو باوەڕەدان کە ئەو پایەیەکی فەلسەفەی مەسیحی هەموو سەردەمەکان و لەودا لووتکەی پەرەسەندن و پێگەیشتنی فەلسەفەی مەسیحی(٧) دەدیترێ!.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئۆگۆستینی پاک ڕابەرێکی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستە، بەڵام ئایا ئەو لووتکەی پەرەسەندنی فەلسەفەی مەسیحی بەرجەستە کردووە؟! ئەو پرسیارە وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا کێشەیەک بەلایەکدا خستنی کۆششی زۆر و زەبەندەی دەوێ.

ئەو، هەروەک خۆی، لە دان پێدانانەکانیدا، پێی لێناوە بەلاوێتی ئەوی ڕەب پێی خۆش بووە، نەیکردووە، بێ ئیمان بووە، ئینجا بووە بە دۆستی فەلسەفەی ئەفلۆتین و فەلسەفەی مانی بەلایەوە پەسند بووە. دوای سی ساڵ تەمەن ئەمجار دەستبەرداری ڕابردوو بووە و «ئیمانی هێناوە!» ئایا مرۆڤێک لەسەرەتای ژیانییەوە بە پێچەوانەی بنەماکانی مەسیحییەت ژیابێ چ بەهزر و چ بەکردەوە لەناکاو ڕەوتی ژیانی بگۆڕێ ئیمان بە ئایینێک بهێنێ هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ڕابردووی دەبێت و دەبێت بەمرۆڤێکی تر؟! تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و زانست وەڵامی ئەو پرسیارە بە «نەء» دەدەنەوە. لەلایەکی ترەوە مەسیحییەت خۆی لە چەندین لایەن پێک هاتووە کە بەشێکی زۆری ئەم لایەنانە لەفەلسەفەی سەردەمی خۆی کەوتوونەتەوە. وەک ئاشکرایە و باس کراوە سانت ئۆگۆستین بەدوای ڕاستیدا وێڵ و سەرگەردان بووە، ئایا خۆی تا چەند ڕاستی گوتووە و کردووە؟!

**ڕەب**

١- ئەگەرچی تەوراتی مووسا سەرچاوەیەکی گرنگی دۆگم و بڕوای مەسیحییەتە، بەڵام ئەوان خۆیان هەڵوێست و جیهانبینی لاهووتی تایبەتی خۆیانیان دەربارەی ڕەب هەیە کە بە تەواوەتی لەگەڵ بۆچوونی تەورات دەربارەی ڕەبی مووسا جیاوازە. جیهانبینی لاهووتی جوولەکە لەسەر بنەمای یەکڕەنگی (وەحدانییەت) دامەزراوە، بەڵام ئەوەی مەسیحییەت بەتەواوەتی بەپێچەوانەوەیە و پێ لەسەر بنەمای سێ ڕەنگی «ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاک دادەگیرێ». ئۆگۆستینی پاک ئەگەرچی لەژیانیدا، وەک خۆی پێی لێناوە، چەندین جار بیروبۆچوون و بڕوای خۆی گۆڕیوە، هەر لە بێ ئیمانییەوە تاکو لایەنگیری کردنی ئەفلۆتینیزمی نوێ و خوێندنەوەی فەلسەفەی ڕیواقی و شیشە ڕۆن، دوو ڕەنگی مانی فارس (Manichaismus) ڕووناکی و تاریکی، چاکەکاری و بەدکاری، تاوەکو گومان و دڵکرمێ بوون، ئینجا ناسینی ئەمبرۆسییوس کە یەکەم کەسە نووسینە ئایینییەکانی مەسیحی لێک داوەتەوە و شرۆڤەی کردووە و کارێکی زۆری لە ئۆگۆستین کردووە، بوونی بە مەسیحی، ئەوە لەبەرهەمەکانیدا وەک مەسیحییەک دێتە بەرچاو کە پابەندێکی دڵسۆزی بنەماکانی ئایینەکە بووە و چاونەترس و بوێرانە لەسەر بنەڕەتەکانی ئازادی خواست و سێ ڕەنگی ڕەب و مەملکەتی ڕەبی کردۆتەوە(٨).

لەشاکاری دان پێدانانەکاندا (Confession) کە یادگارەکانی خۆی تێدا تۆمار کردووە، وەک سۆفییەکی سەرگەردان ڕووی لە ئاسمان کردووە، لەبەر ڕەب دەپاڕێتەوە، هەرچی هەیە و نییە و ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیدەڕێژێ و باسی دەکات. ڕووی لە ڕەب کردووە و گوتوویەتی: «هۆ ڕەبی تۆ ئێمەت لەبەر خاتری خۆت خەڵق کردووە، دڵمان ناسرەوێ هەتا وەکو لەلای تۆ ئارام نەبێت»(٩).

دەبێ بەلای ئۆگۆستینی پاکەوە ڕەب چی بێت؟! چۆن مرۆڤ ناسیویەتی و نیشانەکانی بوونی کامانەن؟ چ بابەتێک، فەلسەفە، کلێسە و ئایینی مەسیحی، دەستەبەری ساغ کردنەوەی بوون و هەبوونی دەکات؟! لەلای کلێسەی ئەوسای مەسیحییەکان واباو بووە گوایە ڕەب بەهۆی ویژدان و ناخی دەروونەوە (Gewissen) خۆی بەبێ ئیمانان ناساندووە، بەهۆی وەحی و پەیامبەران و قانوونەوە (تەورات) بۆ جوولەکە و بەهۆی یەسووعی مەسیحەوە Christus خۆی بەمەسیحییەکان ناساندووە. دابونەریتی بۆ ماوەی قوتابییەکانی یەسووع

(حیوارییەکان) ئەمەی پاراستووە و پشت ڕاستی دەکاتەوە.

بەپێی سەرچاوەکان ئۆگۆستینی پاک لەو باوەڕەدا بووە کە فەلسەفە و لاهووت بەپێچەوانەی یەکترییەوە نین و فەلسەفە لەگەڵ ئایینی مەسیحیدا دێتەوە، چونکە «فەیلەسووفی ڕاستەقینە شەیدای ڕەببە» (١٠) ئەگەر ئەو گریمانەیە پەسند بکرێت، دەبێ وەک ئەنجامێک ئەوەی لێ بکەوێتەوە کە ڕەب داهێنەری هەموو شتێک بێت و بەخشندەی ڕاستی و ڕاستەقینە و بەختەوەری مرۆڤیش بێت، ئینجا دان بە هەبوونی دوو ڕاستیدا بنرێت: ئەو ڕاستییەی بەهۆی وەحییەوە هاتووە شان بە شانی ئەو ڕاستییەی فەیلەسووفەکان بەسایەی فەلسەفەوە پێی دەگەن.

کاتێک ئۆگۆستینی پاک ڕەب دەکات بەبابەتی توێژینەوەی لاهووتی و فەلسەفە، پەنادەباتە بەر چەمکی کات و گەردوون و جیهان بۆ پشت ڕاستکردنەوەی گریمانە و بۆچوونەکانی، هەروەها بیرەوەری و یاد و وەبیرهاتنەوە و ناخی دڵ و دەروون و ئیمان و بڕوا ئەو کەرەسانەن کە کۆشکی جیهاندیدەکەی لێ دروست کردوون، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێک بوونی ڕەب و کات بەیەکەوە نابەستێتەوە، چونکە بەلایەوە ڕەب هەبوویەکی کۆن و هەتا هەتاییە و پەکی لەسەر هیچ شتێک نەکەوتووە.

ئۆگۆستینێکی پاک وەک لەدان پێدانان و بەرهەمەکانی تریدا ئاشکرای کردووە هیچ کاتێک گومانی لەبوونی ڕەب نەکردووە، بەڵام ئەو قسە و گوتانەی کردوونی و ئەو دەستەواژانەی بابەتەکەی پێ ڕوون کردوونەتەوە پتر لە قسەی ناخی دەروون و هەڵبەستی ئەندێشەی باڵدار و سۆزی شاعیران دەچێ.

ڕەب بابەتی ناوەندی و فەلسەفەکەیەتی، بۆیە لەدەوروبەری خۆیدا لەناخی دەروون و دڵ و مێشکیدا هەر شتێکی بەدی کردبێ و هەستی بەهەر شتێک کردبێ وەک بەڵگەیەک هاتۆتە بەرچاوی کە بوونی ڕەب ساغ دەکاتەوە، بۆیە بەلایەوە مرۆڤی بێ ئیمان، ئەو مرۆڤەی بڕوای بەبوونی ڕەب نییە و ئەوەی حاشا لەبوونەکەی دەکات هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە و کەسانێکن بەشوێن هەست و ئارەزووی خۆیان کەوتوون.

٢- ڕابەری فەلسەفەی لاتینی لەو باوەڕەدا بووە کە نەفس- گیرفانی مرۆڤ لەتوانایدا هەیە کە پەی بە ڕاستی (هەقیقەت) بەرێ، بەڵام ئەو پەیبردنە بە ڕاستی لەهەمان کاتدا پەیبردنە بە ڕەب، چونکە ڕاست بەهۆی ڕاستییەوە، چاکەکاری بەسایەی چاکەوە دەبێت. ئەو ڕاستی و چاکەیە لەڕەب بەولاوە نییە. ڕاستی ئەو ڕێگایە تادەگاتە ئەو ڕادەیەی ڕەب بەدووچاوی گیان دەبینرێ لەنێو نووسراوە پیرۆزەکاندا ڕاگەیەنراوە و بەدڵنیایی لێ کردنەوە نیشان دراون. مرۆڤ تەنیا پێویستی بەوە هەیە کە ژیر بێ بۆ ئەوەی بڕواو ئیمان بهێنێ کە مرۆڤ ئیمان و بڕوای هێنا ژیریش دەبێت.

هەر لە سەرەتاوە ئۆگۆستین دەری بڕیوە کە بڕوای بە ڕەب هەبووە، بەڵام نەیزانیوە چۆن و چ ڕێگایەک بەرەو ئەوەی دەبات چۆن بیر لە جەوهەرەکەی بکاتەوە، بەڵام ئەم دان پێدانانە هیچ لە ئیمانی کەم نەکردۆتەوە: «ئەوی ڕەب ناناسێ و ناتوانێ بەهۆی دەستکردەکانییەوە پەی پێ بەرێ و بیدۆزێتەوە لەتاریکیدا سەرگەردانە، بەڵام من لەو تاریکی سەرگەردانییەدا نەماوم، چونکە بەسەریدا زاڵ بووم، بەهۆی دیتن و شایەدی داهێنراو و دەستکردەکانت، خاڵقم دۆزییەوە، وشەکەتم دێتەوە کە ئەویش داهێنەری هەموو شتێکە» (١٢).

ئەگەرچی لەو بەڵگەیەدا جێ دەستی ئەفلاتوون هەستی پێ دەکرێ، جیهانی دەوروبەری بوون بکرێ بە ئەنجامی بوونی هۆکارێک کە ڕەبە، بەڵام لەژێر هەموو وشەیەکی ئەم قسانەدا ئیمان و بڕوای خاوەنەکەی هەست پێ دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە ئۆگۆستینی پاک دەپرسێ: ئایا لەجیهاندا شتێک هەیە لەژیر گرنگتر و بەرزتر بێت؟! ژیر بەگشتی بەرزترین شتە لە جیهانی ڕیئالیستی هەڵکەوتی مرۆڤدا. ژیر بەرزترە لە ژیان کە زیندەوەر و بوون و هەموو بوونەوەرێک هەیانە، ئەو ئامرازێکە بڕیارە و حوکم بەسەر هەموو شتێکدا دەدات، بەڵام ئەم بڕیار خۆی ژیر ناگرێتەوە، شتێکی گومان هەڵنەگریشە ئەوەی بڕیار و حوکم دەدات چاکترە لەوەی بڕیار و حوکمی بەسەردا دەدرێت. باشە ئایا بوونێک هەیە لەسەرروو ژیرەوە بێ و بڕیار و حوکمەکانی ژیر بگرێتەوە، هەموو شتێک بچێتە ژێربڕیارەکانی تەنیا خۆی نەبێ؟! ژیر دەگۆڕێ، دەبێ بوونێک هەبێ هەتا هەتایی و نەگۆڕاوبێ. ئەو بوونە نەگۆڕاوە، یان خۆی ڕەببە، یان بوونێکی دیکەی لەسەرەوە هەیە ئەو بوونە کە هیچی تری لەسەرەوە نییە، ڕەب خۆیەتی(١٣).

### دیتنی ڕەب و کات

١- پشت ئەستوور بە نووسراوە ئایینییەکانی جوولەکە

و ئینجیلی مەسیحی سانت ئۆگۆستین لەوە دڵنیا بووە کە دیتنی ڕەب لەتواناندا هەیە ئەگەر بەپێی ڕێوشوێن و ڕێساکانی کڵێسە کاری بۆ بکرێت.

ئەو دیتنە هەلومەرج و ڕێگای تایبەتی خۆی هەیە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن و پەیڕەو بکرێن و بگیرێنەبەر. ئەو ڕێگایە بەوە دەست پێناکات مرۆڤ سەرنجی دەوروبەری خۆی بدات، بەڵکو بەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەر ناخی ناوەوەی خۆی، چونکە لەدەروون و ناخی ناوەوەی مرۆڤدا ڕاستی (هەقیقەت) جێگیرە. لە شاکاری دان پێدانانندا وتوویەتی:

«بەپێی ئەو ئاگادار کردنەوەیە بۆ لای ناخی دەروونی خۆم گەڕامەوە. بەسایە و بەهرە و یارمەتی و کۆمەکی ڕێنماییان توانیم بچمە ناو قووڵاییەکەیەوە، بەچاوی دەروونم (نەفسم) شتێکم دی لە توانای دیتندا نەبێت و ژێر نەتوانێ وێنای بکات، ڕووناکییەکی جێگیرم دی کە ناگۆڕێ(١٤)»، ئەو ڕووناکییە ڕەب خۆیەتی. بۆ گەیشتن بەو مەرام و نیازە سانت ئۆگۆستین لەو باوەڕەدایە کە دەبێ ڕێگایەک بگیرێتە بەر کە لە پێنج قۆناغ پێک دێت و هەر قۆناغە وەک هەنگاو هاویشتنێک وایە: ڕێگایەکە کە ڕەب بۆی دابین کردووین، بریتییە لە بەرزبوونەوە کە پلە بەپلە پێنج قۆناغەکە تێدەپەڕێ تاوەکو مرۆڤ بە دیداری ڕەب شاد دەبێ:

**قۆناغی یەکەم:** یەکەم هەنگاوە کە بریتییە لەو تێگەیشتن و پەی پێبردنە Einsicht کە نەفس بە هەبوون و لەئارادابوونەکەی کە لەشی دنیایی و لەناوچووی زیندوو کردووە.

**قۆناغی دووەم:** لەزانین و ناسینی ئەو هێز و توانایەی نەفس پێک دێت کە لە هەستەکاندا هەیە.

**قۆناغی سێیەم:** لەو قۆناغەدا وەبیرهاتنەوە (Gedachtnis) دەکرێ بەبابەت کە بوونی مێژوویی مرۆڤ و توانا و بەرهەمی گیانی و کولتووری دابین و شیاوەکی دەکات.

**قۆناغی چوارەم:** نەفس بەرز دەبێتەوە و لە هەموو بابەتێکی لەش دادەبڕێ و پاک دەبێتەوە و بەو قۆناغی خاوێن بوونەوەیە، بوونی ئاکارییانەی مرۆڤ دەست پێدەکات.

**قۆناغی پێنجەم:** نەفس کە لە ترسی مردن و ناپاقژی ڕزگاری دەبێ، جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی دەناسێ و دەزانێ، بەرەو ئەوپەڕ و لە سنوور بەدەری ناسینی ڕەب کە هەیە، بەرەو سەرنجدانی ڕاستی خۆی دەچێتە پێشەوە.

**قۆناغی شەشەم:** لەم قۆناغەدا بەتەواوەتی کۆششەکە دەگاتە ئەنجام، نەفس لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا لانادات و بە هەڵە ناچێ.

**قۆناغی حەوتەم:** دوا قۆناغ لە تەماشاکردن و سەرنجدانی ڕاستی (هەقیقەت) پێک دێت(١٥). لەو قۆناغەدا نەفس بەرز بووەوە بە بەرزترین هۆکار، یان بە بڵندترین دروستکار، یان بە بەرزترین سەرچاوەی هەموو شتێک دەگات.

٢- ئەگەرچی چەمک و بۆچوونی کات (زەمەن) لەجیهاندیدە لاهووتی و فەلسەفەییەکەی سانت ئۆگۆستیندا ئەوپەڕی گرنگە، بەڵام توندوتۆڵ ئەو بابەتەی بەداهێنانی جیهان و بوونەوە بەستۆتەوە. ئۆگۆستین باوەڕی بەوە هەبووە کە جیهان داهێنراوە، لەگەڵ داهێنانەکەیدا کاتیش پەیدا بووە، بۆیە ئەو پرسیارە بۆچی جیهانی پێشتر دانەهێنرا؟ بێ واتایە، چونکە کات نەبووە تاوەکو پێشتر و پاشتر هەبووبێ. ڕەب خۆشی پابەندی کات نییە، چونکە کۆن و نەمر و هەتا هەتاییە بۆیە ناکرێ لەلای ئەو باسی پێشتر و دواتر بکرێت. ڕەب هەبوویەکی نەمری سەردەمە، نەمری و هەتا هەتایی ڕەب هیچ جۆرە پێوەندییەکی بەکاتەوە نییە. کات لەلای ئەو تەنیا هەر ئێستای سەردەمە.

شتێک نییە پێی بوترێ ڕابردوو، یان دوارۆژ. ئەوی هەیە ئێستای تێنەپەڕە، کات دەپێورێ کە بەسەردەچێ و تێدەپەڕێ. ڕابردوو و دوارۆژ بەشێکن لە ئێستای تێنەپەڕ. مرۆڤ توانای وەبیرهاتنەوە و چاوەڕوان کردنی هەیە، بۆیە ڕابردوو لەگەڵ وەبیرهاتنەوە، دوارۆژ لەگەڵ چاوەڕوانکردندا بخرێنە نێو دووتای تەرازووەوە هەردووکیشیان ئێستای تێنەپەڕن. ئێستای تێنەپەڕی ڕابردوو وەبیرهاتنەوەیە و ئێستای تێنەپەڕی دوارۆژ چاوەڕوان کردنە(١٦). کەوابوو بەلای ئەو فەیلەسووفەوە کات لەڕوویەکی Aspekt هزری مرۆڤ بەولاوە نییە. مرۆڤ گومان لەهەموو شتێک بکات ناتوانێ گومان لەهێزی هزر و بیرکردنەوەی بکات مرۆڤ هەڵە دەکات و بەتەفرە دەچێ، ئەو بە تەفرەچوونە بوونی خۆیەک گریمانە دەکات کە بەتەفرە چووە. من بەتەفرە دەچم کەوابوو من هەم. ئەگەر من نەبم ناتوانم تەفرە بدرێم و هەڵە بکەم. ئەو بۆچوونەی ئۆگۆستینی پاک دەربارەی کات و هزر بووە بەو بنەمایەی دیکارت کۆگیتۆیەکەی لەسەر بنیات ناوە و کانت جیهاندیدەکەی دەربارەی کات لەسەر ڕەنگ

ڕشتووه.

٣- ئەو بەڵگانەی ئۆگۆستینی پاک هێناونیەتەوە، دەخرێنە خانەی لاهووت و ئایینەوە و بایەخێکی ئەوتۆی فەلسەفەییان نییە، چونکە:

- ئەو لەسەرەتادا بوونی ئەو بوونەوەرەی گریمانە کردووە و ئینجا بەدوای بەڵگەدا گەڕاوە بۆ ساغ کردنەوەی ئەوەی لە گریمانەکەدا بەبوون گریمانە کراوە. مرۆڤێک بڕوای بەو بەڵگانە دەبێ کە وەک ئۆگۆستین لایەنگیری هەمان ئایین بێت و بڕوای بە دۆگم و ڕێوشوێنی ئایینەکە خۆی هەبێ.

- گریمانە کردنی هەبوونی ڕێکوپێکی و هەمەڕەنگی وفرەڕەنگی بنەمایەکی زانستییانەی نییە و بەهیچ ڕێساو یاسایەک پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە سروشتی ژیری و مرۆڤ خۆی وایە کە لەناوەندی ئاژاوەدا نەزم و لەنێو یەکڕەنگیدا فرە ڕەنگی گریمانە بکات. ئەو شتانە ژیر خۆی لە بووندا گریمانەیان دەکات ئەگینا بوونەکە لەو جۆرە گریمانەیەوە دوورە. تەنانەت فرە ڕەنگی یاسا و ڕێساکان و یەکڕەنگی بنەماکانیش خۆیان لەخۆیاندا لەخواست و داواکارییەکی ژیر بەولاوە نێن(١٧).

- هەوڵدان بۆ ساغ کردنەوەی هەبوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتی لەوە بەو لاوە نییە کە مرۆڤ هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە و خۆی لەخۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

- دەربارەی کات، کۆششی ئۆگۆستینی پاک تەنیا بۆ پشت ڕاستکردنەوە و پاساودانی بۆچوونێکە کە لەتەوراتی جوولەکەدا دەربارەی داهێنانی (خەڵق کردنی) جیهان هاتووە و مەسیحییەکان پەسندیان کردووە. پێداگرتن لەسەر بوونی ئێستای تێنەپەڕ و کەم کردنەوە لەبایەخی هەبوونی ڕابردوو و دوارۆژ، هیچ بنەمایەکی ژیری نییە، چونکە ئێستای تێنەپەڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ بەڕابردوو، ئیتر چۆن ئێستا ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە و دواتر وانامێنێ؟

## دوو ڕەنگی نەفس و لەش

سانت ئۆگۆستین ئیماندارێکی مەسیحی بووە، زمانێکی لەنووسینەکانیدا بەکارهێناوە لەزمانی کتێبە پیرۆزەکانیان دەچێ، ئەو بابەتانەش کە دەربارەی نەفس و لەش و پێوەندی نێوانیان و ئەو چارەنووسەی پێیان بڕاوە و بۆیان بڕاوەتەوە لێیان دەکۆڵێتەوە. وەک مەسیحییەک ئایینەکەی خۆی واهاتۆتە بەرچاو کە ڕێبازێکە دەربارەی گوناحی مرۆڤ (لەئادەمەوە) ئینجا خۆشەویستی و بەهرەیە، لەدوای ئەو ڕێبازەوە هزرێک هەیە دەیەوێ ساغی بکاتەوە کە ژیان لە ئادەمەوە دەستی پێکردووە و بەردەوام دەبێ تاوەکو مەملەکەتی ڕەب دادەمەزرێ (قیامەت) کلێسە نوێنەری خەمخۆری ئەو جیهاندیدە ئایینییە لاهووتییەیە. مرۆڤ کە ڕەب (خەڵقی) کردووە لەدوو ڕەگەز پێک هاتووە کە هەردوو جیهانی بەرهەست و گیانی بەرجەستە دەکات، ڕەگەزێکی لەمادده پێکهاتوو، بەمردن لەناو دەچێ. ڕەگەزی دووەم نەفس (گیانە) کەرەسەیەکی پیرۆزە هاتۆتە بەر لەش بۆ ئەوەی سزای ئەو گوناحەی بدرێ کە کردوویەتی، بەمردنی لەش لەناو ناچێ و هەتا هەتایی و نەمرە.

کێشەی نەفس لەلای ئۆگۆستینی پاک توندوتۆڵ بەبابەتی ڕەب و بوونەوە بەندە. لەشاکاری دانپێدانانندا یەکەم هەنگاو کە هاویشتوویەتی و هەوڵی داوە خۆی بناسێ و لەو ناسین و زانینەوە ڕاستییەکانی تری بەدەست هێناوە. مرۆڤ کاتێک دەتوانێ پەی بە خۆی بەرێ ئەگەر هاتو بیری کردەوە، ئەمەش بەهۆی پرۆسەی وەبیرهاتنەوەوە دەبێ و بوونی خۆی پێ ساغ دەکاتەوە، چونکە وەبیرهاتنەوە بەردەوامی خود دووپات دەکاتەوە(١٨). ئەو ڕەوشانەی نەفسی مرۆڤ کە هەستیان پێدەکرێت سەرچاوەکەیان خودە، ئەگەر ئەو خۆیە بەتەواوەتی بناسرێ و بزانێ ساغ دەبێتەوە کە ئەو جەوهەرێکە و ڕووکەش نییە، خود لەچالاکی ژیری و خواست و ژین پێک هاتووە، ئەو چالاکییانە هیچ پێوەندییەکیان بەماددەوە نییە، بۆیە جەوهەری نەفس بە ڕوحانی دادەنرێت. هەر بەپێی ئەو دوو ڕەنگییەی بوونی مرۆڤ مادده و گیان، لەش و نەفس سانت ئۆگۆستین دەربارەی هۆکاری بوونی بەدکاری لەبەرانبەر چاکەکاریدا پرسیویەتی. بەدکاری چییە و لەکوێوە هاتووە ڕەگ و ڕیشەو سروشتی چۆنە؟ ئایا بوونێکی دیاریکراوی هەیە؟!

ڕەب خۆی ئەوپەڕی چاکەو سەرچاوەی هەموو چاکەکارییەکە هەر خۆی هەموو شتێکی داهێناوە کەوابوو بەدکاری لەچی و لەکوێوە پەیدا بووە؟! ئەمە ئەو پرسیارە بووە کە ئۆگۆستینی پاکی سەرگەردان کردووە. لە فەسڵی حەوتەمی دان پێدانەکانیدا بەتێروتەسەلی ئەو بابەتەی شی کردۆتەوە. ئایا بوونی بەدکاری لەگەڵ خواستی چاکەخواز و دادپەروەری و هێز و دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری

ڕەب دەگونجێ؟! دەبێ ڕەب ماددەیەکی بەدی لە پرۆسەی خەڵق کردنەکەیدا بەکارهێنابێ؟ باشە بۆچی ڕەب هەموو شتێکی وا خەڵق نەکردووە کە هەر چاکەکاری بایە؟!

دوای ڕامـــان و شـــرۆڤـــەکـــردنێکی تەســـەل و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە بە هەموو لایەنەکانی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بەدکاری لەخۆیدا بوونێکی سەربەخۆیی نییە ئەگەر کەمی چاکەکاری نەبێ و ئەوەش بەخواستەوە دەبەستێتەوە، بەدکاری لادانە لەجەوهەری بەرز لە ڕەب.

«ئینجا پرسیم، گوناح، بەدکاری لەکوێ هەیە؟ لەجەوهەردا نەمدۆزییەوە، بەڵکو لەهەڵە و چەوتی و لە ڕێ لادانی خواستدا دیتمەوە کە لە جەوهەری بەرز، لە تۆ دوور کەوتۆتەوە و لای داوە بەرەو نزمی، بۆ ئەوەی بەمە هەناوی خۆی دەربهێنێ و بەئاراستەیەکی پێچەوانەوە تاوی بدات(١٩)».

ئەگەرچی ئەو قسەیەی ئۆگۆستینی پاک لە قسەی شاعیر و وتار خوێندنەوە دەچێ، بەڵام ئەوپەڕی زیرەکانە و پشت ئەستوور بە تەورات و زمانی لاتینی بابەتەکەی خستۆتە ڕوو ئەنجامێکی لێ خستۆتەوە کە لەو کایە و بوارەدا، ئەگەر گریمانە و پێشەکییەکانی تێزەکە لەبەرچاو بگیرێن، لەوە بەولاوە لەتوانادا نەبووە. گرنگی ئەو ئەنجامەی ئەو پێیگەیشتووە، ئەگەرچی جێ دەستی فەلسەفەی ئەفلۆتینی پێوە دیارە، لەوە دایە کە دان بە بوونی سەربەخۆی بەدکاری دانانێ، بەدکاری بوون نییە، بەڵکو کەمی و هەژاری بوونە (Mangel an Sein)، لە بوونەکە چاکەکاری زەوت کراوە و ڕووت کراوەتەوە، ئەوی ماوەتەوە بەدکارییە. بەدکاری گۆڕان و کەموکوڕی و لادانە لە سروشتی جەوهەری خواست. چاکەکاری ئەوەیە هەمیشەیی و بەردەوامە و ناگۆڕێ و لەسەر دۆخی خۆی دەمێنێ.

نەفسی مرۆڤ وێنەیەکی ڕەببە لەلایەنی گیانییەکەیەوە سادە و دابەش نەبووە و یەکڕەنگە، بەڵام چالاکی ژیر و خواست و وەبیرهاتنەوە لە یەکڕەنگییەکەیدا دەیکات بەسێ ڕەنگی(٢٠) هەروەک چۆن ڕەب خۆی سێ ڕەنگە (باوک و ڕۆڵە و گیانی پاک) لێرەوە پێوەندی نێوان نەفس و لەش بەو جۆرەیە کە نەفسی مرۆڤ مرۆڤی ناخە، یان مرۆڤە لەناخدا و لەشی مرۆڤ مرۆڤە لە ڕوخسار و دیاردەدا بەبێ ئەوەی هیچیان ببێ بە ئەوی تریان، لەبەر ئەوەی نەفس سادەیە لە هەموو لەشدا بڵاوبۆتەوە و لەجێگایەکی تایبەتی لەشدا جێگیر نەبووە، هەر ئەو ڕەوشەیە دەری دەخات بۆچی ئەگەر ئەندامێکی لەش ئازاری پێگەیشت ڕاستەوخۆ نەفس هەستی پێدەکات.

سانت ئۆگۆستین نەفسی بە بنەمای ژیان داناوە، ژیانیش ئامانجێکی دیاری هەیە پێی دەگوترێ بەختەوەری، ئەگەرچی ئەو بەختەوەرییە نە بە تەواوەتی پێناسەکراوە، نە بیروبۆچوونەکان لەسەر پوختەکەی کۆکن، بەڵام بەلای ئۆگۆستینی پاکەوە «ژیانی بەختەوەر ئەوەیە بەدیاری ڕاستی (هەقیقەت) شاد و دڵخۆش دەبێ، بەڵام ئەو شادییە بەخۆشی تۆوەیە (ڕەب)، چونکە تۆ خۆت ڕاستییت، هۆ ڕەببی ڕۆشنکەرەوەی ناخی دەروونی من، ڕزگارکەری ڕووی من، ڕەببی من. ئەوەیە ئەو ژیانە بەختەوەرییەی هەمووان دەیخوازن. ئەو ژیانە کە تەنیا هەر خۆی بەختەوەرییە هەمووان دەیانەوێ، هەمووان دەیانەوێ بەدیداری ڕاستی شاد بن(٢١)».

نەفسی مرۆڤ ئەو بنەمایەیە کە ئۆگۆستینی پاک هەوڵی داوە جیهاندیدە لاهوتییە فەلسەفەییەکەی لەدوو لاوە لەسەر دابمەزرێنێ:

**یەکەم**: کۆششی کردووە نەفس لە شپرزەیی و پچڕپچڕی و سەرگەردانی ڕزگار بکات و ئاراستەی ئامانجێکی پاکی بکات، ئامانجی شاد بوون بە ئێستایەکی هەتاهەتایی دوور لەکاتەوە Zeitlos. ئەو ئێستا هەتاهەتاییە تاکە ڕاستییە (هەقیقەتە).

**دووەم**: شاکاری دانپێدانان هەوڵێکە بۆ یارمەتیدانی مرۆڤ بۆ ئەوەی ڕووی ئاراستەی خۆی لەدەرەوەوە بەرەو ناوەوە، بەرەو ناخی خۆی بەرەو ناو نەفسی خۆی بەرێت(٢٢).. لێرەوە نیگەرانی نەفس و کێشەی کات پێکەوە دەبەستێتەوە.

ئەو پرۆسەیە ئەو ڕێگایەیە کە نەفس لە لەشە ماددی و شمەکییەکانی جیهانی دەرەوە دووردەکەوێتەوە و بەرزدەبێتە بەهۆی بەناخی خۆدا شۆڕبوونەوە بەرەو ڕەب، بەو چالاکییە بەختەوەری لە کات بە دەرو هەمیشەیی بەدەست دێت. ئەو بۆچوونە لاهوتییە سۆفییەتییەی سانت ئۆگۆستین پشتی بە ئیمان و بڕواو سرووش بەستووە، بۆیە ناکرێ بەچاوی ژیر و مەنتیق سەرنج بدرێت و لە سۆنگەی فەلسەفەی دوور لە پریشکی لاهووتەوە هەڵبسەنگێنرێ، ئەگینا ئەو بەختەوەرییەی ئەو باسی کردووە لە ڕەوشێکی دەروونی بەولاوە نییە و تایبەتە بە کەسانێک کە وەک ئۆگۆستین دوای گەشتێکی چەند ساڵە بەنێو خێروخۆشی ژیان و ڕێبازو مەزهەبەکاندا لە قەراغ گۆمی مەسیحییەت لەنگەری گرتووە، ئەو بەختەوەرییە بەهیچ پێودانگێک

هەڵناسەنگێنرێ و هیچ جۆرە پێناسەیەک هەڵناگرێ. ئەو بۆچوونە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەو لاهووتییە هزرمەندێکی گەورەی مەسیحی بووە لە سەردەمی خۆیداو بە نووسینەکانی کارێکی گەورەی لەجیهاندیدی ئایینی و فەلسەفەیی سەدەکانی ناوەڕاست و دوای خۆی کردووە.

بەپێی سەرچاوەکان بێت ئەو جیهاندیدەی ئۆگۆستینی پاک بەتایبەتی دەربارەی کات کارێکی گەورەی لە کانت و ڤتگنشتاین و ئنری برگسۆن و ئیدمۆند هوسەرل و مارتن هایدیگەر کردووە. هەرچۆنێک بێت جۆری ئەو کارتێکردنە مەبەستی ئۆگۆستینی پاک لەبازنەیەکی ئایینیدا گیری خواردووە و ئەوانی تر پتر فەلسەفە مەبەستیان بووە، دەکرێ مرۆڤ لێرەدا ئەو گریمانەیە پەسند بکات کە ئۆگۆستین وەک بۆ هاتن ئەو بیرۆکانەی بۆ هاتووە، بەڵام فەیلەسووفەکانی تر دوای توێژینەوە و رامانی ژیرانە و لێکۆڵینەوە بەو ئەنجامانەیان گەیشتوون، ئەو گریمانەیە ئەو بۆچوونە بەدەرناگرێت کە جیهاندیدەکەی سانت ئۆگۆستین هاندەری توێژینەوەی ئەو فەیلەسووفانە بووبێ!

## باژێری ڕەب و مێژوو

١- شاکاری باژێری ڕەب کە لەنێوان ساڵانی (٤١٣-٤٢٦ز) کاری لێکردووە و تەواو بووە لەسەر کردنەوەیەکی زیرەکانەی بۆچوونی مەسیحییەتە کە خۆی بە نموونەی بەرزی دەوڵەت و تەمەدون و شارستانییەت دادەنێ. لێرەدا باس لە دیاردە گیانییەکانی ژیان و سیاسی و ئایینی کراوە. نووسەرەکەی ویستوویەتی نیشان بدات کە ئایین ئەو شیرازەیەیە کە وەک پاسەوان ڕاگری کولتوور و شارستانییەتە، هەر کەموکوڕی و هەرەس هێنانێکیش بەسەر شارستانییەتی مرۆڤدا بێت لەوەوە کەوتۆتەوە کە بڕوا و ئیمان لاواز بوون و خەڵک لە یەکەم سەرچاوە و سەرچاوەی سەرەکی شارستانییە، واتە لەسەردەمی دەستبەکاری هەردوو ئایینی جوولەکە و مەسیحی دوورکەوتوونەتەوە(٢٣).

مرۆڤ سروشت ئاسا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە بەبێ کۆمەڵگا لەتوانایدا نییە بە باشی و ئاسایی گوزەران بکات، بەڵام دەوڵەت ئەنجامی گرێبەستی نێوان هاووڵاتیان نییە، بەڵکو سروشتی مرۆڤ خۆی پەیدابوونی دەوڵەت پێویست دەکات، بۆیە بوونی ئەو دەزگایە لە کۆمەڵگادا شتێکی ناچارییە. دوو ڕەنگی ئایینی مەسیحی، دنیا و قیامەت، نەفس و لەش، بابەتی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و باژێڕیشی گرتۆتەوە، بۆیە هەر لەسەرەتادا ئۆگۆستینی پاک باژێڕ دەکات بەدوو بەشەوە:

- باژێری سەر زەوی (دنیا).
- باژێری ئاسمان (ڕەب)

ئۆگۆستینی پاک وەک مەسیحییەکی بە ئیمان لەسەرەتادا بایەخێکی ئەوتۆی بەدەوڵەت نەداوە، چونکە بەدامەزراوێکی دنیایی داناوە کە نامێنێ و لەناودەچێ، بەڵام چاوەڕێ کردنی پەیدابوونی مەملکەتی ڕەب و گۆڕان و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکە ناچاری کردوون، دەسەڵاتی کڵێسە لەگەڵ دامودەزگاکانی کۆمەڵگادا بگونجێن و هاوکاری بکەن و دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، بەم پێیە بۆ ئامانجی دنیایی و گیانی بەکارهێنراوە. پاراستنی ئاشتی و ئارامی لەسەر کردنەوەی کڵێسە و جێگیرکردنی بنەماکانی لاهووت وەک ئەرک بەدەوڵەت سپێردراوە. بێ گومان ئۆگۆستین کە باسی هەردوو باژێرەکەی کردووە، مەبەستی شار و کۆمەڵگا و دەوڵەتیش بووە. لە شاکاری باژێری ڕەبدا تیۆرییەکی میتۆدیبیانەی ئایینی لاهووتی (مەسیحی دەربارەی مێژوو کۆمەڵگا ڕەنگ ڕشتووە. بەلایەوە هاتنی یەسووعی مەسیح مێژووی کردووە بەدوو بەشەوە پێش خۆی و دوای خۆی. لەو بیروبۆچوون و جیهاندیدەیەیدا بە پێچەوانەی یۆنانەکانەوە پشت بەسەرچاوەیەکی ڕوحی ترانسندێنتی سەروو سروشت دەبەستێ کە هەرچی هەیە و نییە و لەمەولا دەبێ دەیداتە پاڵ ئەو سەرچاوەیە.

٢- ئۆگۆستینی پاک بەو چاوە تەماشای مرۆڤی کردووە کە بێ دەسەڵاتە(٢٤)، لاواز و گوناهبارە، لەتوانایدا نییە، بەبێ یارمەتی سرووش و کڵێسە و ئایین بنەماکانی قانوون و شەریعەت ئاکار دابنێ بۆ پەیرەوکردنی لەژیانی ڕۆژانەدا.

بەلای ئۆگۆستینی پاکەوە بێ ئیمانی ناتوانێ لەم دنیایەدا بەختەوەری لەسەر زەوی و لە قیامەتدا بەختەوەری هەمیشەیی و هەتا هەتایی لە ژیانی ئایندەی دوای مردندا دەستەبەر بکات، بۆیە دەستی داوەتە خامە و ڕەنگی پرۆژەی باژێری ڕەببی ڕشتووە. دوای ئەوەی بە بۆچوونی خۆی و پشت ئەستوور بە تەورات و ڕووداوی هابیل و قابیل باسی ئەوە دەکات کە دوو جۆرە حەز و خۆشەویستی بوونەتە مایەی دروست بوونی هەردوو شارەکە:

**یەکەم**: خۆ خۆشویستن تا ئەو ڕادەیەی ڕک لە ڕەب

بیێتـەوە. ئەم خۆشـەویسـتـی و حەزە شـاری سـەر زەوی (دنیـای) دروست کردووە. لەو باژێڕەدا تەنیا کار و باری دنیـا بایەخی پێـدەدرێ و ڕێز لەخـۆ دەنرێت. ئەم شـارە بەرانبەر بەدەوڵەت و ئیـمپراتۆریەتە و لەگەڵ کۆمـەڵگەی سیـاسـیـدا دێتـەوە. ئەو دەوڵەتە دەزگـایەکی کـاتیـیـە و دەگـۆڕێ و لەناودەچێ، کـاتێـک مـەملەکەتی ڕەب پەیدا بوو، ئەو لە بەرچاو بزر دەبێ. کـڵـێـسـە پێـشـەکی بەرجـەسـتـەکـردنی باژێڕی ڕەببە بەبێ ئەوەی تێکەڵاوی بێ.

**دووەم**: خـۆشـەویسـتـی ڕەب. ئەمـە باژێڕی ئاسـمـان دادەمـەزرێنێ. لێـرەدا تەنیـا ڕێز لەڕەب دەگـیـرێ، هاووڵاتییـەکـانی ئیـمـاندارن و لەگـەڵ خـەڵکی تر دەژین، بەڵام وەک ئەوان ناژین(٢٥).

لەباژێڕی یەکـەمـدا کـەسـانی هەمـەجۆر دەژین و دەچنە ژێرباری خێر و خۆشی دنیا و بەدکارییـەکانییەوە، بەڵام ئەو باژێڕ و دەوڵەت و ژیانە کـاتیـیـەکـە لەناودەچێ، چونکە مرۆڤ کە دروست کراوە، دەبێ بمرێ و دنیا بەجێ بهێـڵێ، ئەو دەسـەڵاتەی لێـرەدا بەکـارە دەسـەڵاتێکی دنیایی (زەمەنییە). کاروبار بەدەست ئیمپراتۆر و میرە و ئەوانیش خـەمی کـۆشک و تەلار و ژیانی خـۆشـیـیـانە، سـانت ئۆگـۆسـتین، ئەگـەرچی لەتەوراتەوە فـێـر بووە کـە ئاغـایەتی کردنی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ شتێکی نامۆیە و بەپێـچەوانەی سروشـتی مـرۆڤ و ژیانـەوەیە، بەڵام وەک مەسیحییەک بە ئاشکرا بەند و کۆیلایەتی ڕەوا دەکات.

وەک مـەسیـحـیـیـەک ئۆگـۆسـتینی پاک گـومـانی لەوە نەبووە کە پێش هەڵەکەی ئادەم کە ئەوان بە «گـوناح»ی ناودەبەن (Sunde) مرۆڤ بە ئازادی و بێ گوناح ژیاوە. تەنیـا ئادەم دەیتـوانی ملکەچی خواسـتی ڕەب بێ و ئەو هەڵەیە نەکـات و لە بەهەشـتـی عـەدەندا هەتا هەتا بە ئازادی بژی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئادەم بە قسـەی شەیتـان تەفرەی خواردووە، هەمـوو مرۆڤـایەتی بە سایەی ئەوەوە چوونە ژێر باری گـوناحـەوە(٢٦)، هەر ئەم گـوناحـە دوو ئەنجـامی لێکەوتۆتەوە کـە لەلایەکی ترەوە بوون بە هۆکاری ئەنجامێکی دیکە:

**یەکەم**: مرۆڤ لەسەر مرۆڤ ئاغایەتی بکات و هەر ئەو گوناح کـردنە چاوی کردۆتەوە و لەخۆی بایی بووە و وای لێ هاتووە ڕکی لە یەکسـانی سـروشـتی نێـوان مـرۆڤ بیێتـەوە. ئەم ڕەوشـە ئەنجامێکی گوناحەکەیە. لێرەوە جیاوازی کەوتۆتەوە و بەندە و ئاغا و کۆیلە و دەسەڵاتدار پەیدابوون.

**دووەم**: هەر ئەو گـوناحـە و خـۆپەرسـتی و خـۆپەسندییـە بۆتە مایەی ئەوەی دەوڵەت پەیدابێ، بەڵام ئەو دەوڵەت و باژێڕی سـەر زەوی و ژینە ئێـسـتـا کـاتیـیـە و نامـێـنێ، چونکە مەملەکەتی ڕەب پەیدا دەبێ و لەناویان دەبات.

ئەم ڕەوشـە کـە لە گوناحەکـەی ئادەم کـەوتۆتەوە ئەگـەر لەگەڵ خواسـتی ڕەب لەبەرچاو بن و بڕوایان پێ بهێنرێ، ئەوکاتە بوونی گەورە و چووکە، بوونی بەندەیی و کۆیلە و ئاغـا پاسـاو دەدرێ و ڕەوا دەکرێ ئەنجـامـەکـەش ئەوەیە: پێویستە بەندە ملکەچی ئاغاکەی بێت و ئەم بەندایەتییە بکات بەجۆرە ئازادییـەک، چونکە بەندایەتی لەو سسـتم ڕێژێمەدا هەیە کە مرۆڤ بەهۆی دووچار بوونی گوناحەوە دروستی کردووە. ئەو گوناحەی ئاژاوە و شێواوی خستۆتە نێـو سیـسـتـمی سروشـتـیـیـەوە دەبێ سزا بدرێ، بۆیە جیـاوازی هەیە و بۆیە حوکـمـڕانی زەبروزەنگ کـەفـارەت دانی گوناحەکەیە لە ڕێژێمەکەدا هەیە و ڕەوایە و پێویست و ناچارییە. خواستی ڕەببانی وای بەپێویست داناوە کە هەندێ کـەس دەسـەڵاتیـان هەبێ و هەندێکی تر لەوە بێ بەش بن. ڕەب ئازادە دەسەڵاتی مەملەکەتی سەرزەوی بە چ کـەسـێـک ببـەخـشێ، بۆیە دەبێ بەندە ملکەچ و گـوێڕایەڵی ئاغـاکـەی بێت بۆ ئەوەی ئاغـای هەتا هەتایی ئاسمان لێ ڕازی بێت(٢٧). تەنانەت سانت ئەمبرواز لە مـیـلانۆی ئیـتـاڵیـادا ئەو سـەردەمـە لەو باوەڕەدا بوو کـە بەندەیی و کـۆیلایەتی هەیە و ڕەوایە، بەڵام مـرۆڤ بە لەش کـۆیلەیە و بەگـیـان ئازادە، بگرە بەندە و کـۆیلە دەتوانن بەسروشت و چاکـەکاری لە ئاغـاکـانیـان پایە بەرزترین. کـۆیلە و ئازاد لە کـەسی مـەسـیـحـدا وەک یەکن(٢٨). بۆیە مـەسیـحی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە خۆشەویستی لەدڵ و ناخیدا هەبێ، دوژمنانی خۆی خۆش بوێ و ئەگـەر زللەیەکـیـان لەڕوومـەتی ڕاسـتـت دا ڕوومـەتەکـەی تری بۆ ڕابگرە(٣٠) مـرۆڤی کـۆیلە هەر بەلەش بەندە و کۆیلەیە و بەگیان ئازادە.

### تیۆری زانین

١- لەشـاکـاری دانپـێـدانانـدا سـانت ئۆگـۆسـتین ئەگـەر مـەبەسـتـی بووبێ، یان لابەلایی وەک ئەنجـامـێکی گێڕانەوەی بیرەوەری بەسەرهاتەکانی ژیانی ڕابردووی، کە لە ئاییـنی مـەسـیـحـیـدا بووە بە باو مـرۆڤ لەبەردەم کەشیشێکدا، یان لەبەردەم پیاوێکی ئاینی لە کڵێسەدا دان بە گـوناحـەکانیدا دەنێ، هەندێک شتی باس کردووە دەکـرێ بەبابەتێکی تیـۆری زانین دابنرێن. ئەو بابەتانە

بریتین لە گومان و بەهەڵەچوون و بیرکردنەوە و ڕۆڵی هەست و ژیر و وەحی (سرووش) لەگەیشتنە ڕاستی و جۆرەکانی زانستی و کات و بنەمای کات.. تاد.

لەبەر ئەوەی ئۆگۆستینی پاک لە ژیانیدا بەچەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە و هەندێ جار بیروبۆچوون و بڕوای خۆی گۆڕیوە و هەڵوێستی بەرانبەر بەهەندێک ڕێباز تۆمار کردووە، بەتایبەتی وەڵامدانەوەی ڕێبازی گومانکاران، کە ماوەیەک خۆی لایەنگیریان بووە، هەندێک شتی هێناوەتە سەرخوانی باسکردن و قسەی لێ کردووەن توندوتۆڵ بەبابەتی تیۆری زانینەوە دەبەستریتەوە. ڕاستە تیۆری زانین خۆی لەلایەن (جۆن لۆک)ەوە دانراوە و داهێنانێکی سەردەمی سەرمایەدارییە کە وەک چەکێکی کاریگەر دژی ئایدیۆلۆژی فیۆدالەکان و دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە هەردوو پرسیاری سەرچاوەکانی زانین و سروشتی زانین، بەڵام وەک هزر و بۆچوون لەسەردەمی یۆنانەوە قسەی لێکراوە.

سانت ئۆگۆستین لە دان پێدانانەکانیدا بەوردی باس لە دوو قۆناغی ژیانی دەکات. قۆناغی پێش مەسیحی بوونی کە تێیدا لایەنگیری مەزهەبی مانی (٢١٥-٢٧٣ز) بووە و ئینجا چۆتە ڕیزی گومانکارانەوە. لە قۆناغی دووەمیدا بووە بە مەسیحی و لەگومانکارەوە بەرەو دڵنیایی (یەقین) چووە ئەو گۆڕانەش وەک خۆی وتوویەتی بەهۆی بەهرەی ڕەببانییەوە بووە کە مەسیحییەتی خستۆتە ناخی دەروون و دڵییەوە. لەچوارچێوەی بابەتی زانیندا سێ خاڵ لەفەلسەفە لاهوتییەکەی ئۆگۆستینی پاکدا بەدی دەکرێن کە دەکرێ بەو چوارچێوەیە دابنرێ کە بابەتی زانینەکەی تێدا دارشتووە، ڕاستە ئەو وەک ئیماندارێک پشتی بە بنەماکانی تەورات و ئینجیل بەستووە و خۆی داناوە خزمەتی ئایینەکەی بکات، بەڵام نابێ دوو لایەن پشتگوێ بخرێن:

**یەکەم**: سوودێکی زۆری لە جیهاندیدی مانی و بێ ئیمانی و گومانکاری وەرگرتووە.

**دووەم**: ئەو بیروبۆچوونانەی دەخرێنە ئەو خانەیەوە کە بە فەلسەفەی لاهوتی لاتینی مەسیحی دادەنرێت و بەوپەڕی هێز و تواناوە کاریان لەسەردەم و دوای خۆی کردووە.

**قۆناغی یەکەم**: گومانکردن.

**قۆناغی دووەم**: ساغ کردنەوەی بوونی خۆ (دەروون و نەفس)

**قۆناغی سێیەم**: ڕۆشنبوونەوەی ناخی دەروون و دڵی بە (نووریک)، تیشکێکی ڕەببانی کە لێی هەڵاتووە و دەروونی ڕووناک کردۆتەوە و ڕاستی ڕەببانی تێدا دیوەتەوە، ئەو قۆناغە مامۆستا (یوسف کرم) بەتیۆری ئیشراق) ناوی دەبات(٣١).

ئۆگۆستینی پاک ئەو سێ قۆناغەی بە جۆرێک لەچوارچێوەی جیهاندیدێکدا دارشتووە کە دەکرێ بەلایەنێکی گرینگ لە فەلسەفەکەیدا سەرنج بدرێت.

٢- لە پرۆسەی گومان و گومانکردندا دوو قۆناغ بەدەردەکەوێ کە ئەنجامی گرنگیان لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم**: گومان دەکات بە بنەمای پشت ڕاستکردنەوەی هەبوونی خۆ.

**دووەم**: گەران بەدوای ڕاستیدا کە بنەمای دڵنیایی و بەختەوەری دابین دەکات.

ئۆگۆستین لەو باوەڕەدا بووە کە گومانکردن وەک شیاوەکییەک گریمانەی دڵنیایی و گومان نەکردن ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە:

ئەگەر مرۆڤ گومان بکات، گومان لەوە ناکات کە گومان دەکات، کەوابوو ئەو گومان کردنە، ئەو دڵنیابوونە لەوەی گومان ناکەی لە چی و لە کوێوە هاتووە؟! ئەو دڵنیاییە(٣٢)، ئەو بنەمایەی دەبێتە مایەی ڕەواندنەوەی ئەوەی کە گومان خۆی خۆی پووچەڵ دەکاتەوە، چونکە تۆ دڵنیای لەوەی گومان دەکەی و ئەو «دڵنیاییە لەوەی گومان دەکەی» ڕاستییەکە گومان هەڵناگرێ و کەوابوو ڕاستی هەیە، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە خودی گومانکار پشتی پێ دەبەستێ کە گومان دەکاتەوە.

ئەوی گومان دەکاتەوە ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە گومان دەکات ئەم گومانکردنەش خودێکی دەوێ کە گومانەکە دەکاتەوە کەوابوو خۆی مرۆڤی گومانکار هەیە و بوونی سەربەخۆیی هەیە و گومانکردنەکە ڕاستی ئەو بڕیارە پشت ڕاست دەکاتەوە.

گومانەکە لەلایەکی بوونی خۆی گومانکاری ساغ کردەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو بنەمایەی گومانەکە پشتی پێ بەستووە بوونی ڕاستی ساغ کردەوە، بەڵام ئەو ڕاستییەی ئۆگۆستینی پاک مەبەستیەتی، ڕاستییەکە لەناخی مرۆڤدا هەیە و پەی پێبردنەکەی دەبێتە مایەی بەختەوەربوونی مرۆڤ.

ژیانی بەختەوەری ڕاستەقینە دڵخۆش بوونە بە ڕاستی (بە هەقیقەت) ئەمەش دڵخۆش بوونە بە تۆ هۆی ڕاستی!

هۆ ڕەب کە تۆ تیشکی ڕووناکی منی و ڕووی من ڕزگار دەکەی... ئەو ژیانە بەختەوەرییەی کە دەبێ هەموو کەسێک ئارەزووی بکات و هیوای بۆ بخوازێ... هەموو ئارەزووی ئەو ژیانە دەکەن کە بەختەوەری لەگەڵدایە، هەموو دەیانەوێ بە ڕاستی شادبن(٣٣). ئەو ڕاستییەش لە ڕەب بەدەر نییە.

ئۆگۆستینی پاک وای داناوە کە نزیکترین شت لە مرۆڤ خودی خۆیەتی (دان پێدانان- چاپی عەرەبی، ل١٨١) ئەو خودەش کە ناخ و دەروونی مرۆڤە سەرچاوەی زانینە، سەرچاوەی دۆزینەوەی ڕاستی و ڕاستەقینەیە لەناخدا، ئەو لایەنەی ناخە کە بەتیشکی ڕەب ڕۆشن بۆتەوە. «بەپێی ئەو ئاگادارکردنەوەیەوە گەڕامەوە بۆ سەر نەفسی خۆم، بگرە بەیارمەتی و بەهرە و ڕێنمایی تۆ توانیم بچمە نێو ناخییەوە.. شتێکم دی لەتوانای دیتندا نەبێ، ژێر نەتوانێ بۆی بچێ و وێنەی بکات تیشکێکم دیت کە جێگیرە و ناگۆڕێ» «دان پێدانان- چاپی عەرەبی- ل١١٥».

ئەم تیشکە (نوورە) وەنەبێ تیشکێکی ئاسایی بێت و هەموو کەسێک بتوانێ ببینێ، تیشکێکی ڕووناکتر نییە لە تیشکێک خەڵک لەگەڵیدا ڕاهاتبن، بەڵکو تیشکێکە لە هەموو تیشکێک ڕۆشنتر، ڕووناکییەک هەموو شتێک لەهەموو جێگایەک ڕووناک و ڕۆشن دەکاتەوە.. ئەو تیشکە منی خەڵق کردووە و من داهێنراوی ئەوم ئەو پایە بەرز و من نزمم. ئەوی ڕاستی بناسێ و بزانێ ئەو تیشکە دەناسێ و دەزانێ ئەوی ئەو تیشکەشی زانی ڕێگای نەمری هەتا هەتایی دەزانێ، هۆ ڕاستی جاویدانی! هۆ خۆشەویستی! هۆ تیشک تۆ ڕەبی منی و هەر لەبەر تۆ شەو و ڕۆژ هەناسەی سارد هەڵدەکێشم (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

پشت ئەستوور بەو دەقانە دەتوانین بڵێین نەفس (ناخی دەروونی مرۆڤ) سەرچاوەی لەبن نەهاتووی زانین و بڕواو ئیمانە، بۆیە لەلایەکی ترەوە دەکرێ مرۆڤ ئەوە گریمانە بکات کە دوو جۆرە زانینیش هەیە:

**یەکەم**: زانین و پەی بردن بە بابەتە ماددییەکان (دەوروبەرو جیهان)

**دووەم**: زانینی بابەتە گیانییە (ڕۆحانییەکان) وەک ڕەب و نەفس.

سانت ئۆگۆستین بابەتی زانین و لاهووت (بەتایبەتی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب) پێکەوە دەبەستێتەوە. داهێنراوەکانی ڕەب کە مرۆڤ بەهەستەکان دەیانزانێ و پەیان پێدەبات، دەکات بە بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی داهێنەر کە ئەو بە ڕەب ناوی دەبات:

«ئەوی ڕەب ناناسێ و ناتوانێ بەهۆی داهێنان و دەسکردەکانییەوە بیدۆزێتەوە، لەتاریکیدا سەری لێ تێک چووە، بەڵام من لەو تاریکییەی سەرشێواندا نەماوم، چونکە من بەسەریدا زاڵ بووم، بەهۆی دیتن و شایەدی داهێنراو و دەسکردەکانتەوە، تۆم دۆزییەوە، خاڵقم دۆزییەوە، وشەکەتم (لۆگۆس) کە ئەویش داهێنەری هەموو شتێکە، دۆزییەوە» (دان پێدانان: چاپی عەرەبی، ل١٢٦).

لەقۆناغی دووەمدا خۆی دەدۆزێتەوە و لە ناخی خودی خۆیدا نەفس، ڕەب بەدی دەکات. ئۆگۆستین لەو باوەڕەدابووە مرۆڤ هەڵە دەکات و بەتەفرە دەچێ، ئەو هەڵە کردن و بەتەفرە چوونە بوونی خۆیەک پشت ڕاست دەکاتەوە کە هەڵەی کردووە، ئەو خۆیە نەبێ هەڵەکەش ڕوونادات «ئەگەر من خۆم بە هەڵە بەرم، ئەوە من هەم، خۆ ئەگەر من خۆم نەبم نە بەهەڵە دەچم و نە تەفرە دەدرێم، کەوابوو من هەم.» (٣٥)

ئەولایەنەی جیهاندیدی ئۆگۆستینی پاک بە پرشنگدارترین گەوهەری نێو ئەو دەریایەی فەلسەفە- لاهووتی ئەو بیرمەندە دادەنرێت. ئۆگۆستین داوا دەکات مرۆڤ پشت بکاتە دەرەوەی خۆی و بەوپەڕی هۆشیارییەوە ڕووبکاتە نێو ناخی خۆی، نێو نەفس و دەروونی خۆی. هەر ئەو لایەنە بووە کە هەنگاوێکی تری گرینگی پێ هاوێشتووە، هەنگاوی شیکردنەوەی هۆشی کات و پابەندکردنی ڕابردوو، دوارۆژ بەساتی ئێستای تێنەپەڕەوە. ئەو زنجیرە ئاڵقە بەیەکەوە بەستراوە، وەک چەندین ئەستێرەی پرشنگ پڕژێن لەو ئاسمانەی فەلسەفەی ئۆگۆستیندا دەدرەوشێنەوە: نەفس پشت بکاتە جیهانی شمەکی جیهانی دەرەوەی خۆی، بەناخی خۆیدا شۆڕبێتەوە، بوونی خودی خۆی پشت ڕاست بکاتەوە و کات دیار و دەستنیشان و پێناسە بکات، ئینجا لەناخی خۆیدا بوونی ڕەب پشت ڕاست بکاتەوە. ئەو پرۆسە بەپیت و پێزەی هزری فەلسەفە بابەتی گرینگی پێناسەکردنی بەختەوەری پابەند نەبوو بەکاتەوەی لێکەوتۆتەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- كرم، يوسف.، تأريخ الفلسفة الأوربية في العصر الوسيط. مكتبة الدراسات الفلسفية. دارالمعارف بمصر ١٩٥٧. ص١٧ فما بعد.

٢- ئەو كتێبە كراوە بە عەرەبی و لەمیسر چاپ كراوە:

- القديس أوغسطينوس، اعترافات. ترجمة برتي شاكر. مراجعة ابراهيم صموئيل دارالنشر الأسقفية، القاهرة- ٢٠٠٥.

٣- تەورات (بە ئەڵمانی) سفری پەیدابوون: ٣: ٢٢.

4- Das Neue Testament. Markus: 14:22.

٥- ستيس، ولتر.، الدين و العقل الحديث. ترجمة. أ.د. امام عبدالفتاح إمام، مكتبه مدبولي- القاهرة- ١٩٩٨ ص٢٥ وفي اماكن مختلفه.

٦- كرم، يوسف، المصدر، نفسه. ص١٦.

7- Hirsch berger, Johannes., Geschichte der Philosophie Bd. I. Komet. Frankfurt am Main 1980. S.345.

8- Storig, Hans Joachim., Kleine Welt-geschicte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.257.

٩- القديس أوغسطيفوس. إعترافات. الفصل الاول، ص٧.

10- Weischedel, Wilhelm., Der Gott der Philosophen. Erster Band. WB. Daem-stadt 1971. S.101.

11- Weischedel, W., Ebenda. S.103.

هەروەها بڕوانە:

- كرم، يوسف، المصدر نفسه ص٢٦ وفي اماكن أخرى.

١٢- القديس اوغسطينوس، اعترافات، ص١٢٦ (ف: ٨)

13- Weischedel, W., Ebenda. 107.

١٤- القديس أوغسطيوس: المصدر نفسه، ص١١٥، ف٧.

15- Weischedel, W., Ebenda. S.113.

16- Russell, B., Philosophie des Abend Landes. Wien 2000. S.366 ff.

17- Kant, Immanuel., Kritik der reinen Vernunft Meiner Verlag Hamburg 1976. S.343. B362-30.

١٨- بدوي، عبدالرحمن، فلسفة العصور الوسطى. مكتبة انهضة المصريه ١٩٦٢، ص٣٢.

١٩- القديس اوغسطينوس، اعترافات، ف٧، ص١١٩.

دەمەوێ لێرەدا شتێک بۆ خوێنەری خۆشەویست ڕوون بکەمەوە:

لەبەر ئەوەی لە هەولێر-كوردستان چاپی ئەڵمانی ئەو بەرهەمەی ئۆگۆستینی پاكم لەلا نییە، ناچار بووم پەنا بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەكەی بەرم كە دەزگایەكی مەسیحی لەمیسر كردوویەتی، بەڵام ئەوی جێگای داخە لەو چاپەدا فەسڵی یازدە كە گرنگترینی فەسڵەكانە، لەو وەرگێڕانەدا نییە و پەڕێنراوە. ئینجا زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕانەكە ورد و ڕێكوپێك نییە. من ناچار بووم عەرەبییەكە چۆنە وەک خۆی بیكەم بەكوردی، بەو هیوایەی لەدوا ڕۆژدا ئەو شوێنانە لەگەڵ ئەڵمانییەكەدا بەراورد بكەمەوە و كەلەبەرەكانی پڕ و هەڵەكانی ڕاست بكەمەوە.

٢٠- كرم، يوسف، المصدر السابق، ص٢٨.

٢١- القديس أوغسطينوس، إعترافات، ف١٠، ص١٨٧.

22- Schupp, Franz., Geschichte der Phi-losophie im Uberblick. Bd. 2. Christliche Antike Mittelalrer Meiner. Hamburg 2003. S.77.

٢٣- بدوي، عبدالرحمن، المصدر السابق، ص٣٨.

٢٤- إرنبيرغ، جدن، المجتمع المدني، من اليونان حتى القرن العشرين. ترجمة: حسن ناظم و علي حاكم صالح، معهد الدراسات الاستراتيجية، بيروت ٢٠٠٧، ص٧٤.

٢٥- شوڤالييه، جان جاک، تاريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة الى الدولة القومية. ترجمة: د. محمد عرب صاصيلا. المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع. بيروت ٢٠٠٦، ص١٥٢ فما بعد.

26- Storig, Hans Joachim., Ebenda. S.263.

٢٧- شوڤالييه، جان جاک، المصدر نفسه. ص١٥٤ وفي اماكن أخرى.

٢٩- شوڤالييه، جان جاک، المصدر نفسه، ص١٥٠ فما بعد.

30- Das Neue Testament. Wuppertal 2003 (Die Bibel) Matthaus, 5:38-40.

٣١- كرم، يوسف: المصدر السابق، ص٣٢ فما بعد.

32- Schupp, Fran2./ Ebeuda. s.61-62.

٣٣- القديس اوغسطينوس؛ اعترافات. ص١٨٧.

٣٤- كرم، يوسف المصدر نفسه، ص٣١ وفي أماكن أخرى.

35- Rod, wolfgany., per wey der Philoso Phie Bd.I. Munchen 1993. S.3-02.

# تیۆری مەعریفە

د. نەبیل عەبدولحەمید عەبدولجەبار
لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

تیۆری، یان (زانستی) مەعریفە- وەرگێڕدراوێکە بۆ گوزارشتی (ئیپستمۆلۆژیا- epistemology) کە ئەمەش لە دوو بڕگە پێک دێت ئەوانیش Epistema بەواتای زانین (مەعریفە) و logy بەواتای (زانست).

تیۆری مەعریفە بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵێک بابەت لەخۆ دەگرێ، دەتوانین لە میانەی ئەم پرسیارانەوە پێکیان ببەستینەوە، کە فەیلەسووفەکان خستوویانەتە ڕوو و هەوڵیان داوە وەڵامیان بدەنەوە: ئایا دەشێت زانست، یان مەعریفە بەدەستبهێنرێت و دابمەزرێنرێت؟ یان ئەمە مومکین نییە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت دەرک بە ڕاستییەکان بکات، یان ئەمە جێی گومانە؟ سەرچاوەکانی مەعریفە و ئامراز و کەرەستەکانی چین؟ ئەگەر مەعریفە بەدەست دەهێنرێت - بەپێی ئامرازەکانی- ئایا ماوە و سنوورەکەی کامەیە؟ ئایا گریمانەیی- گوماناوییە، یان یەقینییە؟ئایا مرۆڤ دەتوانێت دەرک بە هەموو ڕاستییەکان بەرێت، یان هەندێکی دەزانێ؟ ئەگەر مەعریفە بۆ بەدەستهێنان شیاوە، ئایا سروشتی چییە و کامەیە و پێوەندی دەرک پێکراوەکان بە هێزی دەرک پێکەرەوە چۆنە؟ ئەو چنینە چییە کە مەعریفەی لێ پێک دێت؟ ئایا دواجار ئەوە سروشتێکی زەینی، یان فیکری، یان ڕوحی هەیە؟ - بەگشتی ئایا مەعریفە ئایدیالییە، یان سروشتێکی واقیعییانەی هەیە؟

بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بابەتانە کۆبکەینەوە، کە (تیۆری مەعریفە) لە خۆی دەگرێت و لێی دەکۆڵێتەوە، هەوڵ دەدەین هەموو ئەو پرسیارانە کورت بکەینەوە و لە ژێر ئەم بابەتە سەرەکییانەی خوارەوەدا پۆلینیان بکەین:

(١) سەرچاوەکانی مەعریفە و ئامراز و کەرەستەکانی.

(۲) توانایی و سنوور و ماوەی مەعریفە.
(۳) سروشتی مەعریفە.

لەسەر هەر یەکێک لەم بابەتانە دەوەستین، بۆ ئاشنابوون بە ناوەرۆک و هەڵوێستی فەیلەسووفەکان و دیارترین مەزهەبەکانیان.

**(۱) سەرچاوەکانی مەعریفە و ئامراز و کەرەستەکانی**

فەیلەسووفەکان ڕای خۆیان لەسەر سەرچاوەکانی مەعریفە و ئامرازەکانی دەربڕیوە و ڕوون کردۆتەوە، کە بەم پێیە دەتوانین پۆلینیان بکەین بۆ:

أ/ ئەوانەی دەڵێن، تاکە سەرچاوەیەک کە دەتوانین مەعریفەی لێوە بەدەست بهێنین، ئەو جیهانەی دەرەوەیە کە لە دەوروبەرمانە، ئامرازیش بۆ وەرگرتن (بەدەستهێنان)ی ئەو مەعریفەیە، هەستەکانە. ناو لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە نراوە: شوێنکەوتووانی ڕێڕەوی هەستی، یان مەزهەبی ئەزموونی (ئەزموونگەرایی). ئەوانە وا دەبینن و دەڵێن، ئێمە دەزانین (پرتەقاڵ) هەیە، لەبەر ئەوەی ڕەنگەکەیمان بە چاو بینیوە، بە زمان تاممان کردووە، بە لووت بۆنمان هەڵمژیوە و بە پەنجەکانمان دەستمان لە چێوەکەی داوە، خڕێتی و ئاستی پتەویمان زانیوە، هەروەها شتەکانی تریش. بەم جۆرە (پرتەقاڵ)ەکە بەنیسبەت ئێمەوە هیچ نییە جگە لە هەموو پێزانینە هەستییەکان. ئەگەر ئێمە یەک بە دوای یەک دەرگاکانی هەستەکانمان داخست ئەوە جار لەدوای جار مەعریفەمان لێ زەوت دەبێت، هەتا بەری هەموو مەعریفەمان لێدەگیرێ ئەگەر هەموو دەرگاکانمان داخست، ئەم ڕێڕەوە زۆرێک پەیڕەوی لێدەکەن و بانگەوازی بۆ دەکەن، لە فەیلەسووفانی کۆنی یۆنان، لەوانە ئەتۆمییەکان [بەناوبانگترین فەیلەسووفیان دیمۆکریتس (٤٦٠-٣٧٠پ.ز) بوو کە هەر خۆیشی دامەزرێنەری بیری ئەتۆمی بوو - وەرگێڕ-] و ئەبیقۆرییەکان، بەڵام لە سەدەی نوێدا، دیارترینی ئەوانەی کە بڕوایان پێی بوو: (جۆن لۆک) و (دیڤید هیوم) و ئەوانەی پاش ئەمان پەرۆشییان بۆی هەبوو لە سەدەی نۆزدەدا: (جیرمی بنثام) و (جیمس میل) و (جۆن ستیوارت مێل) و پاشان (هربەرت سپنسەر) و (لیسلی ستیڤن).

ڕای جۆن لۆک بە نموونە و وێنە بۆ ئەم ڕێڕەوە وەردەگرین.



دیکارت

(لۆک) پێی وایە کە کۆی هزری ئێمە، تەنیا لە ئەزموونەی هەستییەکانەوە، یان تاقیکردنەوە هەستییەکانەوە بەدەست دەهێنرێن، بەبڕوای ئەو ئەزموونەی هەستییەکان بەهۆی دوو چالاکییەوە وەدەست دەخرێن: چالاکییەکەم (هەست کردن)ە، واتە هەستەکان کارتێکەر و وەرگیراوە هەستییەکان لە شتەکانی دەرەوە و تەنەکانی دەوروبەرمانەوە دەگوێزنەوە، واتە - بەپێی دەربڕینی ئەو - (ئەزموونی دیار)، یان (ئەزموونی ڕواڵەتی) لەسەر شتە دەرەکییەکان (هەست پێکراوەکان) ڕوودەدات. چالاکی دووەم (بیرکردنەوە)یە کە وەرگیراوە هەستییەکان پۆلین دەکات و وێنەیەکی زەینی دەربارەی ئەو شتانە پێک دەهێنێت کە دەرکیان پێدەکەین، واتە - بەپێی دەربڕینی ئەو - (ئەزموونی ناوەکی) کە لەسەر حاڵەتە دەروونییەکان ڕوودەدات. ئەزموونیش بەم واتا فراوانەی - کە ئەم دوو چالاکییە دەگرێتەوە - تاکە سەرچاوەی مەعریفەیە.

بەپێی ئەم بنەمایە، لۆک بڕوای وایە (هیچ شتێک لە عەقڵدا بوونی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە سەرەتاوە لە هەستەکاندا بوونی هەبووە)، بۆیە عەقڵی ساوایەکی بە پەڕەیەکی سپی چواندووە کە بۆ وەرگرتن (قبووڵ کردن)ی ئەوە ئامادەیە کە ئەزموون لە واتا و بنەماکان لەسەری

دەنووسێ، کە وێنە هەستپێکراوەکان لە ڕەنگ و ڕەهەند و شێوازیان لە هەستەکانەوە بۆ زەین دەگوێزرێنەوە، بە هزر وێنە زەینییەکان لە خەیاڵ و یادەوەری و جگە لەمانەشدا ڕێک دەخرێن.

لەگەڵ ئەمەشدا لۆک ئەو ڕایەی ڕەت دەکردەوە کە بڕوای بە بوونی بیری خۆڕسک، یان بۆماوە، لە عەقڵدا هەیە و دەڵێ ئەگەر ئەو بیرانە بوونیان هەبێت بۆ یەکسانی هەموو خەڵکی لە مەعریفەیاندا، لە هەموو کات و شوێنێکدا کە (بنەمای زاتی)، یان (بنەمای نەبوونی دژایەتی)، یان هەر شتێکی تر کە لەخۆی بگرێت، ئەوە ئەو بنەماو بیرە خۆڕسکییانە جگە لە هەندێ ڕۆشنبیر نەبێ ئەوانی تر پێی نازانن و منداڵ و شێت و گەمژەکان لێی بێ ئاگا دەبن.

ب/ ئەوانەی بڕوایان وایە کە عەقڵ سەرچاوەی سەرەکی و کەرەستەی دڵنیاییە بۆ مەعریفە: بڕوادارانی ئەم بۆچوونە وای دەبینن، کە عەقڵ لە مرۆڤدا هێزێکی خۆڕسکییە و بنچینەی هەموو زانستێکی ڕاستەقینەیە – بەڕای ئەوان – مرۆڤ لە دەرەوەی خۆی بە زانستێکی یەقینی ناگات، چونکە هەستەکان هیچ بۆ مرۆڤ زیاد ناکەن، جگە لە زانیارییە جوزئییە پەرشوبڵاوەکان، هەتا ئەگەر پێکیان بهێنێ و هەندێکیان بە هەندێکی تریانەوە ببەستێتەوە، ئەوە هەر ناگات بە پلەی زانستێکی یەقینی.

بە بڕوادارانی ئەم ڕێڕەوە دەڵێن پێڕەوکەرانی (مەزهەبی عەقڵی)، ئەمانە پێیان وایە کە لە عەقڵدا بنەما خۆڕسکەکان هەیە، کە ئەم بنەمایانەش لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەستییەوە بەدەست ناهێنرێن. وەکو (بنەمای زاتی) و (بنەمای نەبوونی دژایەتی) و ئەوەلیاتە بیرکارییەکان– وەکو بڵێین: سێ یەکسان، یەکسانن بەیەکتری و بنچینە لۆژیکییەکان– وەکو بڵێین: (گشتێک) گەورەترە لە هەریەک لە بەشەکانی...تاد.

پێڕەوانی مەزهەبی عەقڵی پێیان وایە، ئەو مەعریفەیەی کە سەرچاوەکەی عەقڵە، بە هەمیشەیی و گشتگیری جیادەکرێتەوە. مەبەست لە هەمیشەیی ئەوەیە: کە مەعریفەی عەقڵی ڕاستەو ڕاستگۆیە و حوکم و بڕیارەکانی هەمیشە ڕاستن و هەمیشە ڕاستێتی تێدا پێویستییەکی هەربوونی (حەتمی)یە. واتە ناتوانێت جارێک ڕاست بێت و جارێکی تر درۆ. وەکو ئەوەی بڵێین:

ئەگەر (ڕ) گەورەتر بێت لە (ب)

(ب) گەورەتر بێت لە (ج)

کەواتە (ڕ) گەورەتر دەبێت لە (ج).

ئەم حوکمە هەمیشە ڕاستە و ڕاستییەکەشی پێویستی بوونێکی عەقڵییە نەک ئەزموونی هەستی، بەڵام (گشتگیری)، یان (گشتاندن)، مەبەستمان لەمە ئەوەیە کە حوکمێک – وەک ئەو حوکمەی سەرەوە – لە هەموو حاڵەتێک و لە هەموو کات و شوێنێکدا ڕاست و دروستە، بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانی بارودۆخەکان، سەرچاوەی گشتاندنی ئەم حوکمەش لێرەدا بۆ سروشتی عەقڵ دەگەڕێتەوە، نەک بۆ ئەزموونە هەستییەکان.

دیارترین پێڕەوکەرانی ئەم مەزهەبەش لە فەیلەسووفانی کۆن (ئەفلاتوون)ە، لە نوێیەکانیش (دیکارت) و (سپینۆزا). لێرەدا بۆچوونی دیکارت وەکو نموونەی ئەم ڕێڕەوە وەردەگرین:

دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠) بڕوای وایە "کە مرۆڤ لە هەر کاتێکدا لەسەر بنەمای بێگەردی و ڕوونی عەقڵی بەکارهێنا، ئەوە دەتوانێ بە حەقیقەت بگات، لەبەر ئەمە بڕیار و بۆچوونی خەڵکی، جیاوازی نابێت، تەنیا مەگەر ئەوە نەبێت، کە عەقڵیان بەباشی بەکارناهێنن، بەڵام خۆ (عەقڵ) ئەوە لای هەموویان هەر یەکە" یان هەموویان وەک یەک عەقڵیان هەیە، بەڵکو "عەقڵێکی باش، ئەوە دادوەرانەترین شتە کە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەش کراوە".

بەڕای دیکارت سەرچاوەی زانینی دروست و تاکە ئامرازێکی ئەم زانینە، عەقڵە. دواجار کردارەکانی عەقڵ بۆ دوو کردار دەگەڕێنەوە ئەوانیش: (دەرک کردن و هەڵهێنجان)ە، لێرەدا دەتوانین بپرسین: دەرک کردن چییە؟ هەڵهێنجان چییە؟

دیکارت دەڵێ "مەبەستم لە دەرک کردن، شایەتی هەستەکان نییە، کە ئەمە دەگۆڕێت و حوکمێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی ئەندێشە، یان حوکمی خەیاڵ نییە، بەڵکو مەبەستم لێی ئەو هزرە بەهێزەیە کە لە زینێکی بێ خەوشی ئاگادارەوە پێک دێت و تەنیا لە ڕووناکی عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت" و "حەدسیش ڕووناکییەکی خۆڕسکییە، یان غەریزەیەکی عەقڵییە، بەهۆیەوە لەسەر ئەوەی کە گومانی لێ دەکەین زانیاری بەدەست دەهێنین". زانیارییەک کە دەروون لێی ئاگادار دەبێت و لێی دڵنیا

دەبین بە یەقینێک کە ڕێگایەک نییە بۆ نکوڵی لێکردنی. وەکو: من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم، یان: سی یەکسان، یەکسان دەبن بەیەکتری.

بەڵام (هەڵهێنجان) ئەمیش دیسان لەسەر (دەرک کردن) وەستاوە، ئەویش "کردارێکی زەینییە، بەهۆیەوە لەشتێک ڕزگارمان دەبێت کە زانینێکی یەقینیمان دەربارەی هەیە، ئەنجامەکانی پەیوەست دەبێت پێیەوە". ئەم پرۆسە زەینییە، لێوەی، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەیگوێزینەوە، لە دیار (زانراو)ەوە بۆ نادیار (نەزانراو). {لێرەدا دیکارت پێی وایە کە لە پرۆسەی گومان کردندا دەبێ گومان لە هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر بڕوایەکی یەقینیمان پێیان هەبووە، بکەینەوە، واتە لەوەی کە لامان زانراو بووە بەگومان کردن بیگەڕێنینەوە حاڵەتی نەزانراوی و وەکو نەزانراو مامەڵەی لەگەڵ بکەین، تاکو دووبارە لەسەر بنەمای ڕوون و ئاشکرایی و بیرکردنەوە ڕێکیان بخەینەوە. بڕوانە: تێرامانە میتافیزیکییەکان لە فەلسەفەی یەکەم،- وەرگێڕ-}

بە پشت بەستن بەم دوو کردارە، دیکارت چوار بنچینەکەی دانا، کە ئەگەر عەقڵ پەیڕەوی لێ بکات ئەوە لە هەڵە کردن دەپارێزرێت. بنەمای یەکەم پەیوەستە بە دەرک کردنەوە و ئەو سیانەی تر کە دەمێننەوە پێوەندییان بە هەڵهێنجانەوە هەیە، ئەو بنەمایانەش ئەمانەن:

- **یەکەم**: هەرگیز بڕوا بەشتێک ناهێنم و خۆمی بەدەستەوە نادەم کە پێم وابێت ڕاستە، تا بەشێوەیەکی بنەمایی بۆم ڕوون نەبێت کە بەو جۆرەیە، بەو واتایەی هەوڵ بدەم بۆ وەلاوەنانی پەلەکردن و پەیوەست نەبم بە بڕیارەکانی پێشووترەوە، کە دەربارەی ئەو بابەتەن و هیچ نەهێنمە بڕیارەکانەوە تەنیا ئەوانە نەبێ کە بەشێوەیەکی عەقڵییانە ڕوونی و ئاشکرایی دەنوێنن و لەگەڵ خۆیاندا هەموو گومانەکان لادەبەن.

- **دووەم**: هەریەک لە بەشەکان کە لێی دەکۆڵمەوە دابەشی بکەم، تا ئەو ڕادەیەی کە توانایم هەبێت بۆ هەربەشێک ڕێگایەک دابنێم، بەپێی ئاستی پێویستی بۆ چارەسەرکردنی بە باشترین شێوە.

- **سێیەم**: فیکرەکانم ڕێک بخەم و ڕیزیان بکەم، بە دەست پێکردن لە سادەترین بیر و ئاسانترین زانیارییەوە، پلە بە پلە و هێدی هێدی سەردەکەوم تا دەگەمە



برگسۆن

زانیارییەکی زۆر ئاڵۆزتر، بەڵکو لەنێوان بابەتەکاندا ڕێکخستنێک دابنێم کە هیچیان پێش هیچیان نەکەون.

- **چوارەم**: لەهەموو حاڵەتەکاندا کاربکەم، لەسەر ژماردنێکی تەواو و پێداچوونەوەیەکی ورد، کەوام لێدەکەن دڵنیابم لەوەی بێ ئاگا نەبووم لە هیچ شتێک کە پەیوەستە بە گرفتە خراوە ڕووەکانی لێکۆڵینەوەکەمەوە.

ئەوانە بنەماکانی میتۆدی دیکارتین، ئەوەش کورت دەبێتەوە لە: ڕوون و ئاشکرایی (الوضوح)، شیکردنەوە (التحليل)، پێکهێنان (التركيب)، ژماردن و پێداچوونەوە (الإحصاء والمراجعة)، ئەم بنەمایانەش ئەگەر مرۆڤ پەیڕەویان لێبکات و کاریان پێبکات، دەتوانێ هەڵەکردن وەلاوەبنێ و لێی دوورکەوێتەوە و حەقیقەت بەدەست بهێنێت. (**)

ج/ ئەوانەی پێیان وایە کە (دەرک) [(دەرک) لێرەدا بەواتا بۆ وشەی (حدس)ی عەرەبی بەکارمان هێناوە، ئەگەرچی بەتەواوی مانای ئەو وشەیە ناگرێتەوە، بەڵام لە هەموو وشەکانی تر بە شیاوترمان زانی - وەرگێڕ-] سەرچاوەی مەعریفە و ئامرازی دڵنیاییەتی:

بەگشتی ئەوانەی کە بە دەرکگەراکان (الحدسيين) یان بە (مەزهەبی حەدسی) ناسراون وای دەبینن کە مرۆڤ زانین لە ڕێگەی گەیشتن بەڕاستییە سادەو ساکارەکانەوە، بە پەی پێ بردنێکی ڕاستەوخۆ، بەدەست دەهێنێ، لە

میانەی ئاوێتەبوونی خودی کەسەکە لەلایەک و بابەتەکە لەلایەکی ترەوە. وەکــو نموونەیەکــیش بۆ ئەوە: با هەر یەکێک لە ئێمە لە خۆی بڕوانێ، کە چۆن دەزانێ بوونی هەیە هەر یەکێک لە ئێـمـە ئەوە دەزانێ و خۆ ئەگـەر ئەم پەنجـەرەیەمـان داخست، ئەوە گـومـڕا دەبین لەوەی بزانین ئێمە هەین.

کــەواتە دەرک کــردنمان بە بوونی خــۆمــان لە ڕێگەی هەســتــەکــانمانەوە نابێت، هەروەک چۆن بوونی خــۆمــان بەهۆی عــەقڵ و بەڵگەهێنانەوە (بورهان)ی عــەقـڵـیـیـەوە پێ نازانین، حەدسییەکان بڕوایان وایە کە ئێمە بەبوونی خۆمان دەزانین بەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆییانە دەرک بەوە دەبەین.

زۆربەی ئەوانەش کــە پەیڕەوی لەم بۆچوونە دەکــەن لە سۆفییەکانن، ئەوان زۆرینەیان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون (حەدس) ئامـرازی پێزانینە، کە دڵنیـایی لێـوە بەدەست دێت. هەروەها لەسەر ئەوە کۆکن ئەو ڕاستییانەی مرۆڤ بە دەرک کـردن پێی دەگـات، ناتوانرێت بە وتە وشـەکـان گـوزارشـتی لێـبکرێت، چونکە لەم حاڵـەتەدا کـەسـەکـە ئاوێتەی بابەتەکەی دەبێت بەشێوەیەک کە دەبن بە یەک شت. وشەکان تەنیا وەسفی دەرەوەی بابەتەکە دەکات و هەرگـیـز ناگـاتە جەوهەرەکـەی. بۆ ڕوون کـردنەوەی ئەمـە نموونەیەک دەهێنینەوە:

ئەگەر ئێـمـە بەراوردێکمـان لەنێوان دوو حـاڵەتدا کـرد: حاڵەتێکی خوێندنەوەیی بۆ ئەو وشانەی کە وەسفی ئازار و گرفتاری و ناخۆشی دەکەن، حاڵەتێکی شعووریمان کە خـۆمـان لە ئازار و ئەشکەنجـەداین، ئازار ئەزمـوونێکی خودییە مرۆڤ دەگاتە بابەتەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵام وتەو قـسـەکـردن هەرچەندە لێـزانانە بێت لە وردی گوزارشت کردن و وەسفداندا، ئەوە هەر دوور لەو ئازار و گرفتارییە دەمێنێتەوە کە خاوەن ئەزموونەکە دەیچێژێت.

دیســـــان پەیڕەوکـــەرانی ئەم بۆچوونە یەک دەنگن لەســەرئەوەی کــە دیاردە بەرچاوەکــانی گــەردوون، ئەوە حەقیقەتی گەردوون نییە، بەڵکو حەقیقەتێکی شاراوە لە پشت ئەو ڕواڵەتانەوە هەیە و لێی جـیـاوازن. ڕەنگە لە دیارترین فــەیلەســوفــانی پەیڕەوکــەری ئەم مــەزهەبە فــەیلەســوفی فــەرەنسی هنری بیــرگـســۆن (١٨٥٩-١٩٤١) بێت و بۆچوونەکـانی وەکـو نموونەی ئەم ڕێبـازە دەخەینە ڕوو:

(بیـرگسـۆن) بڕوای وایە کـە پێـویسـتـە مـەعـریفـەی فـەلسـەفی لە ڕێگەی (حـەدس)ەوە بەدەست بهـێنرێت، ئەمــەش مــەعــریفــەیەکی ڕاســتــەوخــۆیە و دەرفــەتێکی عـەقڵـییە کە زەین شەپۆلەکانی واقیع وەردەگرێت، لەبری ئەوەی کورت ببێتەوە لە پۆلینکردن و شیکردنەوە و دانان لە نێـوان وێناکراوەکاندا، ئەوە ئاگاداربوونێکی زیندووی زەینییـە بۆ بابەتەکەی. کە بەشداری کردن و سۆزداری و ژیانی تێدایە. ئەوەی کە وای لێدەکات بتوانێت بچێت بۆ ناو نهـێنی و نادیاری شـتـەکـان و پاشـان گـەیشتن بە حـەقـیـقـەتی ڕەها. زانینم دەربارەی ئەم کـەسـەی کـە لە بەردەممەوەیە ڕێژەییە، ئەگـەر من لەوەدا کورتم کردەوە کە لە دەرەوە دەیبـیــنم، واتە لە ڕێگەی ئەو نیـــشـــانەو تایبەتمەندییـە ڕووکەشیـانەوە کە دەرخـەری ئەوە، وەکـو کردار و گوتە و جووڵەکانی، بەڵام زانینم دەربارەی دەبێتە زانینێکی تەواو کـامـل ئەگـەر من توانای زانینی لایەنە نادیارەکانیم هەبێت، بەوەی بۆ نموونە سۆز و خۆشەویستی لەنێوانماندا هەبێت.

کـەواتە ئەوە زەینە کـە لە توانایدایە بگاتە حەقـیـقـەتی ڕەها، ئەگـەر ئاگـاییـەکی قـووڵی بۆ بابەتەکەی هەبێت، ئەوە دەتوانێت ئـاوێتــەی بێت، پێــویســتــە لەکــات و ســـــەرەتای دەست پێکردنەوە بەدوای ئەو بابـەتانەوە نەگەڕێت کە لێوەی دوورە، بەڵکو پێویستە لە نزیکترین بابەت لێیەوە دەست پێبکات، واتە (من)، خود، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە بوونی خود، ئەو واقیعەیە کە ئێمە زۆر لێی دڵنیاین، کەواتە پێویستە فەیلەسووف بیکاتە خاڵی سەرەتا بۆ خۆی تا لەدوای ئەمەوە بەرەو تەنەکان و ژیان و گەردوون بەگشتی بڕوات.

کەواتە (حەدس)، لای بیرگسۆن، ئامرازی گەیشتنە بە حـەقـیـقـەت، حـەقـیـقـەتێکی ڕەها، بەڵکو ئـەمـە تەنیـا ڕێگەیەکیشە.

**(٢) توانای مەعریفە و سنوور و ماوەکەی**

لە ڕاســتــیــدا لێکۆڵینەوە لە توانای مــەعــریفــە و سنوورەکەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

ئایا مرۆڤ کە توانای زانینی هەیە دەتوانێت دەرک بە هەمــوو شــتــەکــان بکات؟ ئایا دەتوانێت بگاتە هەمــوو ڕاستـیـیـەکان و بە یەقین لەو زانینە دڵـنیا بێت؟ هەوڵی

فەیلەسووفەکان لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا بووە هۆی هاتنەئارای ژمارەیەک لە ئایینزا ئیپستمۆلۆژییەکان، کە دەتوانین لەمانەدا کۆیان بکەینەوە:

أ/ ڕەوتی دۆگماتییانە (یان کۆتاییانە، یان یەقینییانە): هەندێ لە فەیلەسووفان وەڵامی ئەم پرسیارانەیان (کە زۆربەیان ئاماژەیان پێداوە) بە بەڵێ (واتە پۆزەتیڤانە) داوەتەوە، بەو مانایەی کە بڕوایان وایە مرۆڤ دەتوانێت دەرک بە هەموو شتەکان بکات و هەموو ڕاستییەکان بوونیان هەیە بەپێی ئەو سەرچاوەی کەلێی وەردەگرێت و ئەو ئامرازەی کە پشتی پێدەبەستێت بۆ بەدەستهێنان، کە ناتوانرێت گومانی لێ بکرێت. بەڵکو لە ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکی ئاساییشدا، زۆرجار تێبینی ئەوە دەکەین کە هەندێ خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وا هەست دەکەن کە ئەوان دڵنیان لەم شت، یان لەو ڕاستییە، یان ئەوە یەقینە و گومانی لێناکرێت، فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئیمانوێل کانت) لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفی، یان (میللی)یەوە ئەو ناوەی لەم بۆچوونە ناوە، کە بەدەستهێنانی مەعریفە، بەدەستهێنانێکی دڵنیاییانەیە لە ڕاستی و دروستی و پێوەی پەیوەست دەبێت بەبێ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییانە بۆ شێواز و بنەماکانی کە لەسەری بنیاد نراوە، هەربۆیە ناوی لێنا (دۆگماتی).

وشەی (دۆگماتی) لەباوترین بەکارهێنانیدا، بەوە دەوترێت کە دەمارگیری بۆ ڕاو بۆچوونەکانی خۆی هەیە و گفتوگۆ لەسەرکردنی قبووڵ ناکات. ئەوەی کە پێی وایە حەقیقەتی لایە، لەبەرئەوە ئەو لە هەڵوێستی خۆی دەست بەردار نابێت. بەڵام لەفەلسەفەدا ڕەوتی دۆگماتی (دۆگماتیزمی)- (یەقینیانە-دڵنیاییانە) ئەو ڕەوتەیە کە لایەنگرانی و پەیڕەوکەرانی وای دەبینن کە مرۆڤ دەتوانێت بگاتە حەقیقەتی تەواو و کامڵ، یان لایەنی کەم بگاتە کۆیەک (گشتێک) لە ڕاستییە تەواوەکان. ئەوان متمانەیەکی تەواویان بە عەقڵ هەیە، بڕوایان وایە کەتوانای مرۆڤ لەسەر مەعریفەو ڕابەرایەتی کردنی ئەم مەعریفەیە بۆ مرۆڤ بەرەو حەقیقەت، توانایەکە کە سنوورەکان سنوورداری ناکەن و لە کۆتاییەکدا ناوەستێ.

لایەنگران و پەیڕەوکەرانی ڕەوتی دۆگماتی زۆربەیان لە عەقلانییەکان (عەقڵگەراکان)ن، واتە ئەوانەی پێیان وایە بەتەنیا عەقڵ سەرچاوەی هەموو مەعریفەیەکی ڕاستەقینەیە، لەوانەش (ئەفلاتوون) لە فەلسەفەی کۆن (کلاسیک)، (دیکارت) و (سپینۆزا) لە فەلسەفەی نوێدا.

ب/ ڕەوتی گومانکاری: هەندێکی تر لە فەیلەسووفان لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەربارەی توانایی و سنووری مەعریفە بۆچوونێکی پێچەوانەی لەوەی سەرەوەیان هەیە، کە گومان لە توانای مرۆڤ بۆ زانین، دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە جیاوازییان هەیە، سەبارەت بە ماوە و قەبارەی ئەو گومانە، بەگشتی دەتوانین بۆچوونیان وەک لای خوارەوە پۆلین بکەین:

**یەکەم**: گومان کردنی ڕەها:

پێڕەوکەرانی ئەم ڕەوتە (گومانکاری)یە، پێیان وایە ئەستەمە بۆ مرۆڤ و ناشێ بگاتە ڕاستییەکی یەقینی، یان دەستی بە حەقیقەت لە هەر بوارێک لە بوارەکاندا بگات، ئەوانەش کە لەم بۆچوونەوە دەڕوانن، هەندێ فەیلەسووفانی یۆنان، وەکو گۆرگیاس (٤٨٠ پ.ز) {لەڕاستیدا گۆرگیاس یەکێک بوو لە سۆفستاییەکانی یۆنان، نەک لە فەیلەسووفان، بەڵام پێم سەیرە کە لێرەدا نووسەر بە فەیلەسووف ناوی بردووە. هەمان بۆچوونی سەفسەتەییانە لەم سەردەمەدا دووبارە بۆتەوە، کە هەندێک لە پۆست مۆدێرنیستەکان - لەوانە میشێل فوکو و دریدا و لیۆتارد - پێیان وایە حەقیقەتێک بوونی نییە، ئەو سەفسەتەیەی کە گەورە شاعیر و بیریاری مەکسیکی (ئۆکتاڤیۆپاز) لە مەترسییەکانی ئاگادارمان دەکاتەوە.- وەرگێڕ-} کە گۆرگیاس هەڵوێستی لە سێ مەسەلەدا کۆکردەوە ئەویش:

(١) هیچ شتێک بوونی نییە.

(٢) ئەگەر شتێک هەبێت، ناتوانرێت بزانرێت.

(٣) ئەگەر بتوانرێت بزانرێت، ئەوە ناتوانرێت ئەم مەعریفەیە دەرببڕدرێت و بە (ئەوانی تر) بگەیەنرێت.

هەروەها دیارترین نوێنەری ئەم ڕەوتە، فەیلەسووفی یۆنانی بیرۆن (٣٦٥- ٢٧٥پ.ز)ە، بەڵام لە چاخی نوێدا دیارترین نوێنەری میشێل مونتانی (١٥٣٣- ١٥٩٢)یە.

ئەم گومانکارانە، چ لە کۆنەکان، یان لە نوێیەکان، گومانەکانیان لەسەر ئەم پاساوانە بنیاد ناوە:

- نەبوونی ئامرازێک بۆ مەعریفە لەلامان، کە بتوانین

بەتەواوی لێی دڵنیابین و بروای تەواومان پێی هەبێت. بەڵێ، هەستەکان هەن، بەڵام ئایا هەستەکانمان هەڵمان ناخەڵەتێنن؟ ئایا کە لە شتێک نزیک دەبم گەورە نییە، بەڵام کە لێی دوورکەوتمەوە بچووک نییە؟ ئەگەر هەستەکانمان هەمیشە شایەنی هەڵەکردنن، ئایا دەتوانین بروامان بە عەقڵ هەبێ و لێی دڵنیابین؟ گومانکارەکان ئەمە رەت دەکەنەوە و وای دەبینن کە یاساکانی عەقڵ بەهۆی هەستەکانەوە دریژکراوەی جیهانی دەرەوە بێت، ئەوە ئەمیش شایەنی هەڵەکردنە. ئەمە جگە لەوەی کە بریار (حوکم)ەکانی عەقڵ دەوەستێتە سەر حاڵەت و میزاجە کەسییەکان: ئەگەر ئەمرۆ بۆمن رۆژێکی جوان، یان خۆش بێت، رەنگە سبەینێ رۆژێکی دزێو یان ناخۆش بێت.

– مەزهەبی گومانکارەکان پشتیوانی لە رێژەیی بوونی حوکم و بۆچوونەکانمان دەکات، کە بەپێی جیاوازی کەسەکان و جیاوازی بابەتەکان جیاواز دەبێت، بەڵکو جیاوازی روونە بە پلەی دژیەک بوون، لەنێوان فەیلەسووفەکاندا لەلایەک و لەنێوان ئەوان و جگە لەوانیش لەلایەکی ترەوە.

– دیسان لە بەڵگەکانیان، دەڵێن نەبوونی توانایی بۆ هێنانەوەی بەڵگە لەسەر شتێک، یان سەلماندنی، کە خودی ئەم شتە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە هەیە، ئەمەش دەمانخاتە ناو (زنجیرەیەک)ەوە، کە ئەگەر ئێمە لەپشت هەر بەڵگەیەکەوە، بەڵگەیەکی تر دابنێین تا ناکۆتا درێژ دەبێتەوە، یان دەمانخاتە ناو (سووڕانەوە)یەکەوە ئەگەر (مەسەلەی بەڵگە لەسەرهێنراو)مان کردە بەڵگە بۆ (مەسەلەی بەڵگە بۆ هێنراو).

جگە لەمەش زۆربەی گومانکارەکان وادەڕوانن کە هەموو سەلماندنێک هیچ نییە جگە لە (دەست گرتن بەسەر داواکراودا)– مەبەست لەمەش: شتێک دەکرێت بە بەرئەنجام کە لە پێشەکیدا لەخۆگیراوە، بەجۆرێک کە بەڵگە بەشتێکی نوێ ناهێنرێتەوە، {لێرەدا نووسەر مەبەستی لەو فۆرمەیە لە ئەرگۆمێنت کە لە لۆژیک (منطق)دا پێی دەوترێت (تۆتۆلۆژی) (تحصیل حاصل) واتە (بەدەستهێنانی بەدەستهاتوو). لۆژیکیش دەرئەنجام گیرییە لە پێشەکییەکانەوە کە بۆی دانراوە، واتە دەرئەنجامکردنی شتێک بە هۆی شتێکی ترەوە، بەڵام لە حاڵەتی تۆتۆلۆژیدا بەرئەنجام دووبارەکردنەوەی پێشەکییەکانە، وەکو ئەوەی بوترێ (ڕوح نەمرە، کەواتە نامرێت). لێرەدا بەرئەنجام (نامرێت) دووبارەکردنەوەی پێشەکییەکەیە (ڕوح نەمرە). ئەم فۆرمە لە ئەرگۆمێنت لە لۆژیکدا جگەلەوەی لاوازترین جۆری ئەرگۆمێنتە، هەڵەیەکی لۆژیکیشە –وەرگێر.} وەکو ئەوەی بڵێیت: بەڵگە لەسەر ئەوەی هەموو جووڵەیەک (بزواندنێک) پێویستی بە جووڵێنەرێکە(بزوێنەرێکە)، ئەوەیە کە جووڵاو بەخودی خۆی نابزوێت. ئەمەش هەمان بانگەشەیە، بەڵام لەرووی پێکهاتن و شێوازەوە گۆڕدراوە و کراوە بە بەڵگە. لەبەر هەموو ئەمانەش، گومانکارەکان پێیان وایە کە باشترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە لە دەرکردنی بریارو حوکمەکان بوەستێت، تاکو نەکەوێتە ناو دژیەکبوون و چاکە، هەموو چاکەیەک ئەوەیە کە لە نەبوونی بێ دەربەستیدا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئایا ناکرێت ئەم هەڵوێستە بێ دەربەستییە وەلابنرێت؟ وەڵامی (مونتانی) بۆ ئەم پرسیارە نەخێرە، ئەو وای دەبینێ کە گومان رێڕەوێکی پۆزەتیڤە، ناتوانێت باوەڕی پێ بهێنێت تەنیا ئەوە نەبێت کە داوای زیاتر دەکات و مەرجی زیاتری هەیە، ئەو دەڵێت (گومان گەشە ناکات لە سەرێکی رێکخراودا نەبێت، لێرەدا سادەترین و گەمژەترین کەس بوونی نییە، کە بەزوویی باوەڕ بە هەموو ئەوانە دەکات کە دەیبیستێت، یان دەیبینێت. خراپترین شت کە تووشی مرۆڤایەتی بووبێت لە بەدبەختییە گەورەکان، هەوڵدانە بۆ وەستاندنی خەڵکی لە سنووری حەقیقەتی وەهمی و مەعریفەی درۆزنانەدا). لەبەر ئەمە مرۆڤ ناتوانێت بەپێی حوکم حەقیقەتی، بەسەر شتەکاندا بدات، لە حاڵەتێکی وادا حوکمی بەسەردا بدرێت بەپێی سوودەکانی بۆ ژیان و بەوەی کە دەبێتە مایەی ئاسوودەیی و خۆشبەختی بۆ خەڵک.

**دووەم:** گومانی میتۆدی: لە کاتێکدا کە (گومانکارەکان) گومانی رەهایان هەبوو لە توانایی مرۆڤ لە بەدەستهێنانی زانینێکی یەقینی، هەندێک لە فەیلەسووفانی تر باوەڕیان وایە مرۆڤ دەتوانێت زانینێکی یەقینی بەدەست بهێنێت، بەڵام بەمەرجێ توانینی گرتنەبەری رێگای ئامادەباشی و ئاگاداری و ئامادەکردنی گریمانەکان، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دروستی ئەو رێگایەی کە دەگات بە حەقیقەت. ئەم

فەیلەسووفانە پێیان وایە، کۆی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم پێناوەدا دەتوانین پەنای پێ بەرین: پەنابردنە بەر گومانە، ئەو گومانەی کە مرۆڤ دەتوانێت دروستی بکات و بیکاتە ئامێر و ئامرازێک بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە هەڵەو بۆ زامن کردنی دروستی گەیشتن بە ڕاستی. ئەم گومانە دروست کراوە، یان مەبەستدارە پێی دەوترێت (گومانی میتۆدی).

دەتوانین فەیلەسووفی فەرەنسی (ڕینێ دیکارت) بە بەهێزترین و بەناوبانگترین نوێنەری گومانی میتۆدی دابنێین. دیکارت دەیویست فەلسەفەکەی لەسەر بنەمایەکی تۆکمەو پتەو دابمەزرێنێت، دەیویست حوکمەکانی لەسەر ڕاستیە ڕوونەکان بنیاد بنێت و باوەڕی وابوو ئەوەی کەدەستەبەری ئەمە دەکات ئەوەیە کە بە (گومانکردن) لە هەموو شتێک دەست پێ بکەین.

دیکارت پاساوەکانی گومانکردنی دروست کرد. گومانی لە هەستەکانی، لە خەیاڵی، لە عەقڵی کرد، بەڵکو لە دوورمەودادا گریمانەی (ڕوحی پیس)ی کرد، کەبەردەوام بۆ گومڕاکردن و هەڵخەڵەتاندنی لە ڕێگای پێدانی زانیاری درۆزنانەوە کاردەکات. زیاد لەمەش گومانی لە بوونی خۆی کرد، بەڵام ئەوە گومانێکی ئاگادارانە بوو لەوەی مومارەسەی جۆرێک لە بیرکردنەوە دەکات. (من گومان دەکەم – (واتە) من مەشقی جۆرێک لە بیرکردنەوە دەکەم) و هەتا ئەگەر گومانم لەبوونی خۆم کردبێت، ئەوە من بیرم کردۆتەوە، لەمەوە دیکارت دەرئەنجامی (کۆجیتۆ) وتە بەناوبانگەکەی کرد کە وتی: (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)، کەواتە دیکارت گەیشتە حەقیقەتی یەقینی یەکەم، کە لەوێوە بوونی خۆی وەک شتێکی بیرکەرەوە سەلماند، پاشان بوونی خودا و لە کۆتاییشدا بوونی جیهان بەهەموو تەنەکانی ناویەوە، کە لەنێوانیاندا جەستەی خۆی تێدایە.

وەکو بینیمان (دیکارت) لە گومانەوە دەستی پێکرد بۆ کۆتایی بە باوەڕهێنان بە عەقڵێکی بێ خەوش، کە ئەم عەقڵە گومان لەپێناو گوماندا، ناکات، بەڵکو دەیەوێت گومان بکاتە ئامرازێک بۆ ڕزگارکردنی عەقڵ لە وەهمەکان، ئەو بریار و بۆچوونانەی کە پێوەی پەیوەست بووە–بەبێ ئەوەی کە بە پشکنین و ڕەخنە لێی کۆڵیبێتەوە. دیکارت لە کتێبەکەیدا (تێرامان لە فەلسەفەی یەکەم – تأملات في فلسفة الأولى) دەڵێت "بڕیارم دا کە بەڕاستی دەروونی خۆم بۆ جارێک لە هەموو ئەو بۆچوونانە کە پێشتر لێیان دڵنیابووم، ڕزگار بکەم و لەسەر بنەمایەکی نوێ دەست بەشتەکان بکەمەوە".

دیکارت لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی نووسیبوو، ئەوەی بۆ دیاری کردووین کە مەبەستی لەم گومانە میتۆدیە چییە، کە دەڵێت: ئەگەر سەبەتەیەک سێوت هەبوو، هەندێکی ساغ و هەندێکی خراپ، یان گەنیوو ئەم گەنیوانە ببنە هۆی گەنینی سێوەکانی تریش، چی دەکەیت بۆ ئەوەی لەم حاڵەتە ڕزگارت بێت؟ واتە بۆ ڕزگاربوون لە سێوە گەنیوەکان و مانەوەی سێوە ساغەکان؟

هیچ ڕێگایەک نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە هەموو سێوەکان لە سەبەتەکە دەربهێنی و پاشان سێوە ساغەکانی تێکەیتەوە، بەڵام دوای پشکنینی دانە بە دانەیان و دڵنیابوون لە ساغ بوونیان و فڕێدانی گەنیوەکان. عەقڵیش وەکو ئەو سەبەتە وایە و هزرە خراپەکانیش وەکو سێوە گەنیوەکان و زامنی وا لە عەقڵ دەکات کە کۆکەرەوەی بیرو باوەڕە ڕاستەکان بێت، ئەمەش بە بەتاڵکردنەوەی لە هەموو ئەوانەی کە تێیدایە، پاشان لەپێشدانانی ئەو بیروبۆچوونانەی کە ڕوون و ئاشکران و ڕاستی و دروستی دڵنیاییانەیە و ناتوانرێت گومانی لێبکرێت، بیر لەدوای بیر، هەتا هاتنە ئارای بنچینەی ڕێکخستنی بیرەکان کە دەتوانین بیکەینە بنەڕەت بۆ زانینە ڕاستەقینەکان.

لەمەوە دەتوانین بڵێین کە دیکارت (گومان) ناکات تەنیا بۆ ئەوە نەبێت کە بیکاتە ئامراز و میتۆدێک و دیکارت لە گومان کردندا، خۆی لە گومانی (گومانکارەکانی) پێش خۆی جیاکردەوە، کە دەڵێت "من تەقلیدی (لاسایی) ئەو گومانکارانە ناکەمەوە کە گومان ناکەن تەنیا لەبەر گومان نەبێت، بەڵکو مەبەستی من بۆ جێگیرکردنەو بەجێهێشتنی زەوی فشەڵ و لمی جووڵاوە، تاکو بگەمە تاوێر و گڵێنەکان".

**(٣) سروشتی زانین (طبيعة المعرفة)**

لە شوێن پەنجەی فەیلەسووفەکان لە ڕەوتی بایەخ دانیان بە بابەتە ئیپستمۆلۆژی (مەعریفی)یەکان، چەندین پرسیاری تر دەربارەی سروشتی مەعریفە سەریان هەڵدا و دووچاریان بوونەوە و لەپێش هەمووشیانەوە:

مەعریفە (زانین) چییە؟ شیکارکردنی ئەو هەڵوێستە کە من تێیدا دەڵێم ئەوە و ئەوە (دەزانم)، چییە؟ پێوەندی هێزی دەرککەر بەبابەتە دەرک پێکراوەکانەوە چۆنە؟ وەڵامی فەیلەسووفەکان بۆ ئەم پرسیارانە جیاوازە، بەدوای ئەمەدا، ئایینزا ئیپستمۆلۆژییەکانیان بۆ ژمارەیەک ڕێباز پۆلین کردووە، کە دەتوانین بەم شێوەیە کۆیان بکەینەوە:

أ/ ئایینزا واقیعییەکان: بەو ڕێبازە فەلسەفیانە دەوترێت (واقیعیەت) کە لە ژمارەیەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن، دیارترینیان ئەوەیە کە دەڵێت: شتە دەرەکییەکان بوونێکی واقیعی و سەربەخۆیان هەیە لە مرۆڤ کە دەرکی پێدەکات، جگە لەمە ئەم مەزهەبانە هەڵوێستی جیاوازیان هەیە، دەتوانین بۆ دوو لق پۆلینی بکەین ئەوانیش:

**یەکەم**: واقیعیەتی ڕووت (سادە): لایەنگرانی پێیان وایە ئەو شت و واقیع و ڕاستیانەی کە لە جیهانی دەرەوە و لە دەورماندان، بوونێکی واقیعی سەربەخۆیان لە ئێمەدا هەیە. ئەمەش دەبێتە بنەما و بنچینەیەک کە مەعریفەی لێوە بەدەست دەهێنین، زانینیشمان هیچ نییە جگە لە (وێنەیەکی) هاوشێوەی بێ زیادوکەمی ئەم بنچینانە.

واتە هەستەکانمان هیچ نییە جگە لەو پەنجەرانەی کە بەهۆیەوە دەگەینە ئەو جیهانە واقیعییەی کەلە دەرەوەماندا بوونی هەیە و بەهۆیەوە دیاردەکانی ئەو جیهانە تەواو وەک ئەوەی کە هەیە، دەزانین. زەینیش هیچ نییە جگە لە (لەوحە) یان پەڕەیەک کە دەرککراوە هەستییەکان وێنەکانی لەسەر دەنەخشێنێ، یان با بڵێین زەین بە (کامێرایەک) دەچوێنرێ (دەشوبهێنرێ) کە وێنەی ئەو جیهانە دەرەکییە وەکو ئەوەی کە هەیە دەگرێت.

**دووەم**: واقیعیەتی ڕەخنەیی: ئەمە یەکەم تێپەڕاندنی ئەو تێڕوانینەی لایەنگرانی (واقیعیەتی سادە) بوو کە زانین هیچ نییە جگە لە وێنەیەکی هاوشێوە بۆ واقیع، بەپێی ئەم ڕایەش (عەقڵ) تەنیا دەبێتە تابلۆیەک بۆ وەرگرتن، نەک بۆ کارتێکردن. بەڵام حەقیقەتەکە بەو جۆرە نییە، لەبەرئەوەی لە لێکۆڵینەوەی بنیادی (مۆخ- مێشک)دا ئەوە نابێتە ڕێسا تا لەڕێیەوە لە ماوەی سادەیی ئەم واقیعیەتە بزانین، ناچارین کەبەرەو پشکنینی زیاتری زانین بڕۆین، ئەوە وامان لێدەکات وێنەیەکی تر لە مەزهەبی واقیعی بخەینەڕوو کە واقیعیەتی ڕەخنەیی، یان (ڕەخنەگرانە)یە، کە خۆ بەدەستەوەدانی ئەو بیرە (هاوشێوەیی)ە تەواوە کە لەنێوان جیهانی واقیعی- دەرەکی لەگەڵ (وێنەکەی) کە لە هزری ئێمەدا بێت ڕەت دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەمەدا پێڕەوکەرانی واقیعیەتی ڕەخنەیی بروایان وایە کە پرۆسەی (زانین) دەوەستێتە سەر ڕۆڵی زەین، یان عەقڵ، ئەمەش تاقیکردنەوە و پشکنینی ڕەخنەییانە، کە پشت بە یاسای زانستە سروشتییەکان و زانستی ئەرکی ئەندامەکان و دەروونناسی دەبەستێ، دەگرێتەوە.

کەواتە واقیعیەتی ڕەخنەیی وای دەبینێ کە هەستەکان ڕاستی شتە دەرەکییەکان بۆ زەین دەگوێزنەوە، بەڵام ئەم ڕاستییانە ملکەچ دەبن بۆ پشکنین لەبەر ڕۆشنایی یاسا سروشتییەکاندا، لەگەڵ ئەوەی کە مادە بوونێکی واقیعی- ڕاستەقینەی لە دەرەوەدا هەیە، بەڵام چۆنیەتی و تایبەتمەندی و سیفەتەکان کە هەستەکان دەرکی پێدەبەن ئەوە لە کردارەکانی زەینە، بۆ نموونە دەرککردنی من بە ڕەنگی زەرد لە پرتەقاڵدا، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە لە پرتەقاڵدا تایبەتمەندییەک هەیە، کە لەژێر ڕۆشناییەکی گونجاودا چاو پێی کاریگەر دەبێت، ئەمەش وا لە چاو دەکات کە هەست بەڕەنگی زەرد بکات، کەواتە مانایەک بۆ ئەو زەردییە نییە بەبێ بوونی چاوێکی بینەر، ئەمە جگەلەوەی بوونی زەردی وەکو خاسیەتێک لە پرتەقاڵەکەدا، بوونێکی بابەتییانەی هەیە کە پێوەندی بە دەرککردنی ئێمەوە نییە.

کەواتە مەعریفە - لای واقیعیەتی ڕەخنەیی دەرککردنی وێنەیەکی هاوشێوانە نییە بۆ شتە دەرەکیەکان، بەڵکو تێپەڕاندنی بەشەکان (جوزئیات) و هەست پێکراوەکانە بەرەو (گشت)ەکان، کەواتە واقیعیەتی ڕەخنەیی لە توانایی زانینی مرۆڤ بۆ بابەتە دەرەکییەکان، دەکۆڵێتەوە و مەرجی زانستی بۆ ئەم زانینە دیاری دەکات.

ب- ئایینزا ئایدیالییەکان (المذاهب المثالیة): بەرلەوەی کە هەڵوێستی ئایینزا ئایدیالییەکان بۆ سروشتی مەعریفە بخەینە ڕوو، پێویستە ئەم خاڵە ڕوون کەرەوانە بە گرنگ وەربگرین:

**یەکەم**: لەنێوان فەیلەسووفە ئایدیالییەکاندا

جیاوازییەکی زۆر و فراوان هەیە، بەڵام لێرەدا چاوپۆشی لەوە دەکەین و لە بەرانبەردا بەپێی توانایی بایەخ بە خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوانیان دەدەین.

**دووەم**: خەسڵەتی بنەمایی و گشتی و هاوبەش لە نێوان فەیلەسووفە ئایدیالییەکاندا ئەوەیە کە: حەقیقەت بەتەواوی سروشتێکی عەقڵی، یان زەینی، یان هزری یان ڕوحیانەی هەیە.

**سێیەم**: بەگشتی فەیلەسووفە ئایدیالییەکان لەسەر ئینکارکردنی ئەوە کۆکن، کە زانین دەرککردنێکی هاوشێوەییانەی بوونەوەرە دەرککراوەکان بێت و ئینکاری ئەوەش دەکەن کە ئەو شتانە بوونێکی سەربەخۆیان لەو عەقڵە کە دەرکی پێدەکات، هەبێت، بەڵکو ئەو شتانە- لە تێڕوانینی فەیلەسووفە ئایدیالییەکاندا- بوونیان دەوەستێتە سەر ئەو هێزەی کە دەرکیان پێدەکات، واتە دەرککەر.

ئێستاش هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ڕوون و سادە هەڵوێستی ڕێڕەوە ئایدیالییەکان بخەینەڕوو:

وەک بینیمان، واقیعیەکان تەفسیری مەعریفە دەکەن بە پشت بەستن بەشتی واقیعی دەرەکییانەی عەقڵ، کەواتە ئەمە دانپێدانانە بە بوونی جیهانێکی دەرەکیدا بە هەموو ئەو شتانەوە کە بوونێکی سەربەخۆیان لە مرۆڤ هەیە، بەشێوەیەک ئەم جیهانە بەردەوام بوونی دەبێت، جا چ مرۆڤ هەبێت کە دەیناسێت، یان نەبێت.

بەڵام مەزهەبی ئایدیالی دان بەبوونی هیچ شتێکدا نانێت لە دەرەوەی عەقڵ و هیچ شتێکیش بوونی نییە جگە لەوەی کە عەقڵێک دەرکی پێدەکات. ئەوەش کە عەقڵ دەرکی پێنەکات ئەوە ئەستەمە کە هەبێت، کەواتە زانین، یان زانینی شتێک و بوونی ئەو شتە دوو ڕووی یەک حەقیقەتن.

بەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەمان لەبەردەمدایە، کە کردمان ئەویش: سروشتی مەعریفە چییە؟ ئەوەیە کە خودی سروشتی مەعریفە، سروشتی بوونە، جیاوازیش لەنێوان شتێکدا نییە (بەو پێیەی کە بوونەوەرێک بێت لە بوونەوەرەکانی جیهان)، لەنێوان ئەو شتەدا (بەو پێیەی کە دەرککراوێکە لە دەرککراوەکانی عەقڵ)، زانینم بۆ ئەم (گڵۆپە) کە ئێستا لە پێشمدایە، ئەوە خودی گڵۆپەکەیە، واتە لێرەدا (بنچینەیەک) لە دەرەوە نییە و (وێنەیەکی) عەقڵیشی لە ناوەوەدا، بەڵکو هەموو بوونی گڵۆپەکە ئەوە تەنیا وێنە عەقڵییەکەیەتی و بەس.

ئەوە شی بکەرەوە کە چی ڕوودەدات کاتێک کە گڵۆپەکە دەبینم - تەنانەت لە تێڕوانینی خودی واقیعیەکانیشەوە- ئەو بۆچوونە تێدەگەن کە ئایدیالییەکان پەیڕەوی دەکەن: شەپۆلە ڕۆشناییەکان بۆ تۆڕەکانی چاوم دەیگوێزنەوە، ئەم تۆڕانەش کاریگەر دەبن بەو کارتێکەرە خێرایانە و لێوەی لەرە لەرە وردەکان بەهۆی دەمارەکانی چاوەوە بۆ دەماخ- مێشک، بۆ مەرکەزی بینین دەگوێزرێتەوە، لەوێدا جووڵەکان لە خانەکانی مۆخدا ئەوە ڕوودەدات کە من ناوی دەنێم (گڵۆپ).

لێرەدا واقیعییەکان دەڵێن: ئەو جووڵە دەمارییە کە لەناو دەماخدا ڕوودەدات (وێنەکەی) دروست دەبێت بەو کارتێکەرە دەرەکییە کە ئەوە خودی گڵۆپەکەیە.

بەڵام ئایدیالییەکان ئەم بانگەشەیە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن: کێیە کە دەرک بەوە دەکات کە وێنەی شتێکی دەرەوەی جەستەت هەیە؟ هەموو ئەوانەی کە دەیزانیت و هەموو ئەوانەش کە دەتوانیت بیزانیت، ئەوە ئەو (وێنە)- یان لایەنی کەم ئەو هزرەیە کە لە ناوەوەتدایە، جگە لەمەش هەموو ئەوانی تر ئەوە بەڵگەهێنانەوەیەکی هەڵە و نادروستە. ئەوە ئەستەمە بۆ مرۆڤ کە لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی سەیری جیهان بکات و ئەو شتانەی کە تێیدایە وەکو ئەوەی کە هەیە، دەرک بکات.

*** ئەم بابەتە بەشێکی ئەم کتێبەیە: الفلسفة لمن يريد، الدكتور نبيل عبدالحميد عبدالجبار، الطبعة الأولى، مطبعة الحاج هاشم، أربيل- ٢٠٠٣، ص ٢٦ - ٣٧.**

**(**): حەدس، حدس: دوای سۆراخ و تاووتوو و گەڕان و پرسیار، وشەی (سۆسە)م دۆزیوەتەوە و بۆم پێشنیارکردووە، هیوادارم لەمەولا لە جیاتی وشەی (حدس) ئەم وشەیە بەکاربێت و جێی خۆی بگرێتەوە.**

**«سەرنووسەر»**

# هەندێک لایەنی زمانەوانی دەروونی

خەسرۆ ئەحمەد ڕەسووڵ
(شەقڵاوە)

**پێشەکی**

زمانەوانی دەروونی بابەتێکی گرنگە و لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لێی کۆڵراوەتەوە. زمانەوانی دەروونی باسی بواری بەرهەمهێنانی زمان دەکات و پێوەندی نێوان زمان و بیر و واتا ڕوون دەکاتەوە. باسی چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای مرۆڤ بەگشتی و لای منداڵ بەتایبەتی دەکات، هەروەها لە نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرییان دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوەکەمان لەم بەشانە پێک هاتووە:

بەشی یەکەم: سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی دەروونی.

بەشی دووەم: بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونی.

بەشی سێیەم: پێوەندی لێکۆڵینەوەی دەروونی بە زانستەکانی ترەوە.

بەشی چوارەم: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەروونی لای کورد.

بەشی پێنجەم: پێوەندی لایەنی دەروونی بەزمانەوە.

ئەم بەشە لەم بەندانە پێک هاتووە:

بەندی یەکەم: بەرهەمهێنانی زمان.

بەندی دووەم: واتای ویژدانی.

بەندی سێیەم: پێوەندی نێوان زمانەوانی دەروونی و بواری کۆمەڵایەتی.

بەندی چوارەم: وەرگرتنی زمان.

بەشی شەشەم: نەخۆشییەکانی گوتن.

بەشی حەوتەم: چارەسەری دەروونی نەخۆشییەکانی گوتن.

لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانم خستووەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم
## سەرەتای سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی دەروونی

لەوکاتەی مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێ بووە، بیری کردووەتەوە و سەرنجی دەوروبەری خۆی داوە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی دابین بکات، ئەم سەرنجدانەش بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە دەست پێبکات. مرۆڤ وردە وردە لە شتەکانی دەوروبەری کۆڵیوەتەوە و زانیاری دەربارەیان پەیدا کردووە. مرۆڤ دوای ئەوەی خۆی لە هەندێک بواردا بینییەوە، زانی کە شتێک لەناخیدا هەیە. مرۆڤی سەرەتایی، کە خەونی بینیوە و لە خەوندا لەگەڵ کەسانی مردوو، زیندوو، ناسراو و نەناسراودا قسەی کردووە، کە بە ئاگا هاتووە، زانیویەتی لە شوێنی خۆی نەجووڵاوەتەوە. [١٨: ٢٣]

هەروەها لەکاتی هەڵچووندا، سەرنجی داوە هەندێک کەس قسەی نارێک دەکەن و کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە خۆی لەدوو ژینگەدا دۆزیوەتەوە، کە پڕ لە نهێنین.

یەکەمیان، ژینگەی سروشتی دەرەوە، کە دەورەی مرۆڤی داوە.

دووەمیان، ژینگەی دەروونی ناوەوە، کە لەخودی مرۆڤدایە. [٢٣: ١٣] لێکۆڵینەوە بۆ تێگەیشتن لە ناوەوەی مرۆڤ، کە دەروونە، سەرەتا لای گریکەکان دەستی پێکرد. ئەویش لەسەر دەستی فەیلەسووفەکان بوو. سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ باسی دەروونیان کردووە و مەبەستیان نەبووە، کە لە دەروون بکۆڵنەوە، بەڵکو ویستوویانە لەو ڕێگایەوە بگەنە چەند ڕاستییەک.

سوقرات بۆچوونی وایە، کە «ئەوەی دەیەوێت لە ڕاستی بگات، پێویستە لەگەڵ دەروونی خۆیدا گفتوگۆ بکات». [٦:٧]

ئەفلاتوون سێ جۆرە دەروون دەست نیشان دەکات، کە بریتین لە دەروونی هۆشدار و تووڕە و شەهوانی. [٦:٧] ئەرەستۆ دوو کتێبی بەناوی لەدەروون و لە سروشتییە بچووکەکان خستەڕوو. [٦:٧]

بۆچوونەکانی ئەرەستۆ لە پێوەندی نێوان بیر بە وشە و وێنەوە زۆر لە فەیلەسووفەکانی پێش خۆی واقیعی تر بوو. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا، سێ جۆر دەروون دیاری دەکات، کە بریتین لە دەروونی دڵنیا و دەروونی خۆسەرزەنشتکەر و دەروونی خراپ. [٢١: ٢٦٨، ٢٧٤- ٢٧٥] فەیلەسووفە موسڵمانەکان گەلێک باسیان دەربارەی دەروون پێشکەش کردووە، لەوانە فارابی و ئیبن سینا و غەزالی، هەروەها لە فەلسەفەی نوێدا دیکارت بەدامەزرێنەری ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت و هەندێک بیروبۆچوونی لەبارەی دەروونەوە خستووەتە ڕوو. [٦:١٦] زانستەکان هەموویان لەچوارچێوەی فەلسەفەدا بوون، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی بیری مرۆڤ و پێویست بوونی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ژیان، دەست بە لێکۆڵینەوەی ورد لە گشت بوارەکانی ژیاندا کرا. وردە وردە زانستەکان لە فەلسەفە جیابوونەوە و ڕێبازی سەربەخۆیان گرتەبەر و وەکو زانستێکی تەواو هاتنە نێو ژیانەوە. دەروونزانیش دوا زانست بوو، کە لە ساڵی ١٨٧٩ لەسەر دەستی زانای ئەڵمانی ویلهیلم فۆنت لە فەلسەفە جیابووەوە. [١٢: ٢٣] فۆنت تاقیگەیەکی ئەزموونی بۆ دەروونزانی دانا. دوای فۆنت چەندین زانای تری ناودار هاتنە نێو مەیدان و دەروونزانی وردە وردە گەشەی کرد.

## بەشی دووەم
## بوارەکانی لێکۆڵینەوەی دەروونی

تائێستا گەلێک پێناسە بۆ دەروونزانی کراوە و هەریەکەیان بە قوتابخانەیەکی دەروونزانی کاریگەر بوون، یەک لەو پێناسە شیاوانەش ئەوەیە، کە دەڵێت: «دەروونزانی ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئاکاری مرۆڤ دەکات و هەوڵ دەدات ئەو پێوەندییە بە ئەقڵ و لەش لەلایەک و بەرووداوە دەرەکییەکان لەلایەکی ترەوە ڕوون بکاتەوە». [٢١:١٨] بەپێی ئەم پێناسەیە، دەروونزانی لەم بوارانە دەکۆڵێتەوە:

١- دەروونزانی گشتی: چالاکییە دەروونییە هاوبەشەکانی مرۆڤ شی دەکاتەوە.

٢- دەروونزانی تاکی، لەجیاوازییەکانی تاک و تاک دەکۆڵێتەوە.

٣- دەروونزانی گەشەکردن: باسی قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ دەکات، کە بریتیین لە منداڵی، هەرزەکاری، هەراشی و پیری.

٤- دەروونزانی چارەسەری: لە نەخۆشییە دەروونییەکان دەکۆڵێتەوە و چارەسەری دەروونیشیان بۆ

دەست نیشان دەکات.

٥- دەروونزانی ئاژەڵ: لە ڕادەی هەڵسوکەوتی ئاژەڵ دەکۆڵێتەوە.

٦- دەروونزانی بەراوردی: بەراورد لەنێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی سەردەم دەکات، هەروەها بەراورد لەنێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەگشت قۆناغەکانییەوە لەگەڵ ئاژەڵ دەکات.

٧- دەروونزانی فسیۆلۆژی: لە کۆئەندامی دەمارە ناوەند و ئەرکەکانی و چۆنیەتی گواستنەوەی تەزووی هەستکردن لە دەمارەکانەوە بۆ مێشک دەکۆڵێتەوە. [٦: ٤٢]

## بەشی سێیەم
## پێوەندی لێکۆڵینەوەی دەروونی
## بە زانستەکانی ترەوە

دەروونزانی زانستێکی کاریگەر و بەرفراوانە و لەبواری کارکردن و لێکۆڵینەوەدا، دەچێتە ناو زۆربەی زانستەکانی ترەوە، واتە دەروونزانی پێوەندی لەگەڵ چەندین زانستی تردا هەیە و دەچنە ناو یەکترەوە. دەروونزانی پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زانستە سروشتییەکان و تەکنیکییەکان و مرۆڤایەتییەکاندا هەیە. [١٢: ٤١] پێشکەوتنی بوارە ئەرپییەکانی ژیان بەبێ بایەخدان و ڕەچاوکردنی دەروونزانی نایەتە دی. وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان لەگشت کاتەکانی ژیانیان، چ لە باری ئاشتی، چ لە باری شەڕ بایەخیان بە دەروونزانی داوە؛ واتە لەکاتی پلاندانان بۆ کارەکانیان ڕەچاوی لایەنی دەروونییان کردووە. بایەخدانیش بەلایەنی دەروونی لە پراکتیزەکردنی بوارەکانی ژیاندا، ئەوە پلانەکان بە شێوازێکی ئەکادیمی و پۆزەتیڤانە جێبەجێ دەکرێن.

دەروونزانی بەگشتی پێوەندی بەم زانستانەوە هەیە:

١- دەروونزانی زانستی: پەیوەستە بە بایۆلۆژی و فسیۆلۆژی و کیمیا و فیزیاوە.

٢- دەروونزانی پزیشکی: پەیوەستە بە نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان و چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکانەوە [١٢: ٣٩]

٣- دەروونزانی پیشەسازی: ئەمە دەبێتە دوو بەشەوە:

أ- دەروونزانی ئەندازەیی: وەکو فڕۆکەوانی و کەشتییە ئاسمانییەکان و کردە تەکنەلۆژییەکان.

ب- دەروونزانی کار: چالاکی مرۆڤ لە بواری کار و ڕەفتارکردن لەگەڵ ئامێردا دەگرێتەوە؛ واتە چەند ئامێرەکان لەگەڵ مرۆڤ دەگونجێن.

٤- دەروونزانی کشتوکاڵی: پەیوەستە بەباری دەروونی ئاژەڵدار و جووتیار و باخەوانەوە.

٥- دەروونزانی ئابووری: پەیوەستە بە ئامادەکردنی کادیری ئابووری و دابەشکردنی بازاڕ و پڕوپاگەندەی بازرگانییەوە.

٦- دەروونزانی کارگێڕی: پەیوەستە بە باری دەروونی وەزیر و بەڕێوەبەر و دەستە کارگێڕییەکانەوە، کە چۆن بەسەرکەوتوویی بەپێی ئاستی کەسەکان ڕەفتار لەگەڵ خوارەوەیان دەکەن و پلان بۆ کارەکانیان دادەنێن.

٧- دەروونزانی ڕامیاری: پەیوەستە بە باری دەروونی دیپلۆماتەکان و دانوستان و کاریگەری بیرۆکەکان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ. [١٢: ٤٠]

٨- دەروونزانی یاسایی: پەیوەستە بە سایکۆلۆژی تاوانباران و جۆری تاوانیان و سایکۆلۆژی کەسانی چەوساوە.

٩- دەروونزانی کۆمەڵناسی: پەیوەستە بە باری دەروونی بەندییەکان و ئەوانەی تووشی کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیان هاتوون.

١٠- دەروونزانی زمان: پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی زمان و چۆنیەتی وەرگرتنی زمان و نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان، هەروەها دەروونزانی پێوەندی بەچەند بوارێکی تری وەکو پەروەردە و فێرکردن و سەربازییەوە هەیە.

## بەشی چوارەم
## لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەروونی لای کورد

لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی دەروونی لای کورد کەمە، ئەوەی هەشە بە زۆری باسی لایەنی وەرگرتنی زمانە؛ واتە باسی زمانی منداڵ کراوە. لەو بەرهەمانەش:

١- کتێبی (النمو اللغوي للطفل الكوردي) هی د. عەبدولسەتار تاهیر شەریفە، لە ساڵی ١٩٨٧ چاپ کراوە.

٢- کتێبی (الذخيرة اللغوية للطفل الكوردي) هی د. عەبدولسەتار تاهیر شەریفە، لە ساڵی ١٩٨٨ چاپ

کراوە.

٣- کتێبی (دەوونزانی) هی د. عومەر یاسین جەبارییە، لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپ کراوە.

٤- کتێبی (سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ) هی د. کەریم شەریف قەرەچەتانییە، لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کراوە.

٥- (ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا) هی د. عەبدولواحید مشیر دزەییە، نامەی دکتۆرایە و کراوەتە کتێب و لە ساڵی ٢٠٠٥ چاپ کراوە.

جگە لەمانەش، چەندین وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

## بەشی پێنجەم
## پێوەندی لایەنی دەروونی بەزمانەوە
### بەندی یەکەم: بەرهەمهێنانی زمان

دەوونزانی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ئاکارەکانی مرۆڤ. زمان یەکێکە لەو ئاکارانە و بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئاکارەکانی تری دەرببڕێت، زمان چەند ئەرک و کارێکی هەیە، لەوانە ئەرک و کاری دەروونی، بەهۆی زمانەوە دەتوانین باری دەروونی تاک بزانین، چونکە گوتن ڕەنگدانەوەی بیرەو ئەو گوتنانەی دەریان دەبڕین، چ وشە، چ ڕستە لەخودی خۆمان لێکیان دەدەینەوە، ئنجا دەریان دەبڕین. ڤندریس دەڵێت: «هەموو کردەیەکی گوتن کاریگەرییەکی دەروونی هەیە». [٤: ٤٧] لە ڕێگای زمانەوە خۆشی و ناخۆشییەکان و حەز و مەبەست و ویست و ئاواتەکان و هەڵچوونەکانمان دەردەبڕین و دەیانگەیەنینە خەڵکانی دەوروبەرمان. مرۆڤ لە ڕێگای چەندین ئاکاری وەکو خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز فەرموودەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ)، ژیانی پێغەمبەران (د.خ)، خوێندنەوەی شیعر لەسەر کاغەز، یان بە لەبەرکراوی، زەردەخەنە و پێکەنین، پاڵەپەستۆ دەروونییە پەنگ خواردووەکانی خاڵی دەکاتەوە. ئێمەی مرۆڤ دەتوانین چەندین دەقی لەبەرکراو لەنێو بیرماندا بڵێینەوە، بێ ئەوەی دەممان بجوولێت. ئێمە لە خودی خۆماندا بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین. ئەمەش پێی دەوترێت مۆنۆلۆگ. مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا لەشێوەی قسەکردن بیردەکاتەوە. بیریش قسەکردنێکی پەنهان و شاراوەیە لە مێشکی مرۆڤدا. [٨] زۆرجار ئێمەی مرۆڤ چەندین شتی ڕابردوو و دانەهاتوو بە قسەکردنیشەوە دێنینە بەرچاومان و تاوەکو لەنێو مێشکماندا دیالۆگیش ڕوودەدات. لە هەندێک ڕەوشدا کەسێک دەبینیت لەحاڵەتێکدایە وەک بڵێیت لەگەڵ خۆی دەدوێت؛ بۆیە پێی دەڵێین، خەیاڵت لەکوێیە؟ یان داڵغەت لەچی داوە؟ یان مرۆڤ هەندێک جار زۆر بە وردی سەرنجی شتێک، یان حاڵەتێک دەدات و لەناوەوەی خۆی، لەگەڵ خۆی لەبارەی ئەو شتە، یان ئەو حاڵەتە دەئاخڤێت.

مێشک کۆگایە و ژمارەیەکی زۆر وشەی تێدایە و ژمارەی ئەو وشانەی، کە ئێمە بەکاری دێنین، زۆر کەمترە لە چاو ئەو ژمارەیەی، کە لە مێشکدایە، چونکە ئێمە ڕۆژانە چەندین وشە بەکاردێنین، کە پێویستمان پێیەتی، بەڵام ئەو وشانە بەکارناهێنین، کە پێویستمان پێیان نییە. لەکاتی قسەکردندا، چ ئامرازێک، یان وشەیەکمان پێویست بێت بۆ دەربڕین، ئەوە مێشک بە خێراییەکی ئێجگار زۆر بەپێی پێویستییەکانی سستمی ڕستەی ئەو زمانەی، کە قسەی پێدەکەین، دەگەڕێت و دەی دۆزێتەوە. وتەکانمان بەپێی باری بیرکردنەوەمان دێتە بەرهەم هەروەکو ئیمام فەخرەدینی ڕازی بۆچوونی وایە، کە «وتە بەپێی گۆڕینی وێنە لە زەیندا دەگۆڕێت» [١١: ١٧١] بۆ نموونە لەکاتی کارەبا کوژانەوەدا، کە تاریکایی دادێت، ئەوە زۆرجار لە ناوهێنانی شتەکاندا بە هەڵەدا دەچین. زۆر جار لە شوێنێکی تاریکدا، چاومان ڕەشکەو پێشکە دەکات و تارماییەکی دێتە پێش، بەپێی لێکدانەوەمان بۆ ئەو تارماییە ناوی دێنین، بەڵام کە چرامان داگیرساند، ئەو کات دەزانین، کە بە هەڵەدا چووبووین، ئەوسا ناوە دروستەکە دەڵێین؛ [١١:١٧] کەواتە وشە و ئامرازەکان لەمێشکماندا پارێزراون و بەپێی بواری پێویست بەکاریان دێنین و بە هۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دەریان دەبڕین؛ کەواتە زمان و بیر پێکەوە پەیوەستن و یەکیان بێ ئەوی تر نابێت و هەر پێشکەوتنێک لە یەکێکیان بێتەدی، ئەوە ئەوەکەی تریش پێش دەکەوێت. فەردینان دی سۆسێر دەڵێت: «دەتوانین زمان بەپەڕەی کاغەزێک دابنێین، کە ڕوویەکی بیر و ڕووەکەی تری دەنگ بێت». [٢٠: ١٣٢] ئەو وشە و ڕستانەی دەریان دەبڕین، لە ئەنجامی باری دەروونی جیاوازەوەیە؛ واتە ئەو وشە و ڕستانەی دەریان دەبڕین، پەیوەستن بەو بارە دەروونییەی تێیدا دەژین.

فۆسلێر دەڵێت: «مرۆڤ خۆی گوتەکانی هەڵدەبژێرێت و بەکاری دێنێت، چونکە لە هەر ساتێکدا خۆی لە بارێکی دەروونی جیاوازدا دەبینێتەوە». [٤: ٤٧] هەر تاکێک خاوەنی فەرهەنگێکی گەورەی مۆرفیمی سەربەخۆ و بەندە لە مێشکیدا، چونکە هەرکەسە و بەپێی ئەو ژینگەیەی لێی دەژێت ڤاکۆبلەری وەردەگرێت. فەرهەنگی مێشکمان بەهۆی خوێندنەوە دەتوانێت چەندین وشە بخاتە ناو مێشکەوە و بە بەردەوامیش دەتوانێ ڤاکۆبلەری نوێ تۆمار بکات. [٨] مرۆڤ بەهۆی زانینی زیاتری واتاکان، ڕۆژ بەڕۆژ خەرمانی زانیاری زیاتر دەبێت. زمانەوانان لەبەر گرنگی لایەنی دەروونی و کاریگەری بەسەر زمانەوە هەوڵیان داوە لە ڕێگای هەندێک چالاکی بەرهەستەوە لە زمانەوانی دەروونی بکۆڵنەوە، چونکە چالاکییە هۆشەکییەکان ڕاستەوخۆ نابینرێن. بۆ ئەم مەبەستەش دوو جۆرە چالاکی بەرهەست ئەنجام دراوە و دەسەلمێنن، کە زمان و بیر دوو ڕووی یەک شتن و لەیەکتر جیانابنەوە و گوتنەکانیش بەر لەدەربڕین لەنێو مێشکماندا لێک دەدرێتەوە. ئەم دوو جۆرە چالاکییەش بریتین لە:

**یەکەم: ڕێگای بڕیاردانی وشەیی**

ئەزموونکارێک بەرانبەر شاشەی کۆمپیووتەر دادەنیشێت و ئەو سی دییەی، کە مەبەستە لێدەدرێت و لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا، لەکاتی بەرچاوکەوتنی وشەی دروست، دوگمەی بەڵێ دادەگرێت و لەکاتی بەرچاوکەوتنی وشەی نادروست، دوگمەی نەخێر دادەگرێت. لە ئەنجامدا ئەوە ڕوون بووەوە، کە لەکاتی دەرکەوتنی ئەو وشە دروستانەی، کە زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی ئەزموونکار بەکاردێن، ئەوە بەخێراییەکی زۆرتر لێکیان دەداتەوە و لەماوەیەکی کەمتر دوگمەی بەڵێ دادەگرێت لەچاو ئەو وشە دروستانەی، کە کەمتر لەژیانی ڕۆژانەی بەکاردێن، هەروەها لەکاتی داگرتنی دوگمەی نەخێر لە وشە نادروستەکان، ئەوە بە خێراییەکی زۆرتر دوگمەی نەخێر لەو وشانە دادەگرێت، کە سستمی زمانەکەی ڕێگای دروستبوونی ئەو جۆرە ڕێسایە نادات. [٢٤: ٧١٥]

**دووەم: ڕێگای بانگەشەی وشەیی**

ئەزموونکار بەرانبەر شاشەی کۆمپیووتەر دادەنیشێت و لەماوەیەکی کورتی دیاریکراودا، ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە کاتێک ئەزموونکار وشەیەکی بەرچاو دەکەوێت، ئەوە سەواڵە وشەیەکی دێتەوە یاد، کە بە هەمان سستم دروست دەبێت، بۆ نموونە:

أ- شوێنی گۆکردنی دەنگ، وەکو دەنگی لێوی/پ/. کە ئەزموونکار وشەیەکی وەکو (پوور)ی بەرچاو دەکەوێت، کە بەدەنگی /پ/ دەستی پێکردووە، ئەوە سەواڵە وشەیەکی تری دێتەوە یاد، کە بەدەنگە لێوییەکان دەست پێدەکەن، وەکو دەنگی /ب/، بۆ نموونە، وشەی (بووک).

ب- ژمارەی برگە: کە ئەزموونکار وشەیەکی یەک برگەیی بەرچاو دەکەوێت، ئەوە ئەو سەواڵە وشانەی دێتەوە یاد، کە یەک برگەن بۆ نموونە، وشەی (تیر)، (پیر)، (بیر).

ج- ژمارە و سستمی بەدوای یەکدا هاتنی دەنگی کۆنسونانت و ڤاوڵ، بۆ نموونە، ئەزموونکار، کە وشەیەکی وەکو (پار)ی بەرچاو دەکەوێت، کە بەپێی سستمی فۆنۆلۆژی (کۆنسونانت+ ڤاوڵ+ کۆنسونانت) دروست بووە، ئەوە ئەزموونکار ئەو سەواڵە وشانەی دێتەوە یاد، کە بە هەمان سستم دروست دەبن.

لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەو وشانەی بە ڕێسایەکی مۆرفۆلۆژی پێک دێن، ئەوە ئەزموونکار ئەو سەواڵە وشانەی دێتەوە یاد، کە بەهەمان سستم دروست دەبن، بۆ نموونە کە ئەزموونکار وشەی دارێژاوی (خوێنەر)ی دەکەوێتە بەرچاو، کە لەڕەگ و پاشگر پێک هاتووە، ئەوە ئەو هەواڵە وشانەی دێتەوە یاد، کە بەم سستمە دروست دەبن، وەکو، گەڕۆک، بیسەر.

لەڕووی سینتاکسیشەوە، کە ئەزموونکار ئەو ڕستانەی بەپێی سستمێکی سێنتاکسی ڕیزبوونە، بەرچاو دەکەوێت، ئەوە ئەو جۆرە ڕستانەی دێتەوە یاد، کە سەر بەم ڕێسایەن. بۆ نموونە ڕێسای دارشتنی ڕستە، بکەر+ بەرکار+ کار، لەو ڕستانەی، کە کارەکانیان تێپەڕە و ڕێسای دارشتنی ڕستە، بکەر+ کار، لەو ڕستانەی، کە کارەکانیان تێنەپەڕە. [٢٤: ٧١٦- ٧١٨]

لەڕووی سیمانتیکەوە، ئەگەر ئەزموونکار وشەیەکی

بەرچاو بکەوێت، ئەوە ئەو سەواڵە وشانەی دێنەوە یاد، کە پەیوەستن بە واتای ئەو وشەوە. بۆ نموونە، ئەگەر وشەی (قوتابخانە)ی بەرچاو بکەوێت، ئەوە سەواڵە وشەی وەکو، بەڕێوەبەر، یاریدەدەر، مامۆستا، قوتابی، پۆل، نمرە...ی دێتەوە یاد. لە ڕێگای بانگەشەی وشەییدا، ئەزموونکار ئەو سەواڵە وشانە زووتر لێک دەداتەوە و دێنەوە یادی، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا زۆرتر بەکاری دێنێت لەچاو ئەو وشانەی، کە کەمتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاردێن، هەروەها ئەو سەواڵە وشانەشی زووتر دێنەوە یاد، کە سستەمی ڕۆنانیان ئاسانە. ئەو وشانەی، کە سستەمی ڕۆنانیان قورسە، ئەوە درەنگتر لێکی دەداتەوە و سەواڵە وشەکانیشی درەنگتر دێتەوە یاد.

### بەندی دووەم: واتای ویژدانی

بیر پەیوەستە بە سۆز و ئەندێشەوە. سۆز و ئەندێشە بەشێکی لایەنی دەروونین و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی وشە و ڕستەی خاوەن واتای ویژدانی، تەنیا ئەو وشانە نەبن، کە سەر بە زانستی پەتین. [٨] بویژان بەگشتی و شاعیران بە تایبەتی، زۆربەی ئەو وشە و ڕستانەی دەریاندەبڕن، دەربڕینێکی ئاسایی نین، بەڵکو پەیوەستن بە هەست و سۆزەوە. دەبینین ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆ لە ڕیکلامەکانیان بۆ کاڵاو کەلوپەل پەنا دەبەنە بەر بویژان، بۆ ئەوەی چەند ڕستەیەکی پڕ لەواتای ویژدانی دەربڕن، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانن کار لە دەروونی کڕیاران بکەن و سەرنجیان بۆ لای ئەو کاڵایانە ڕابکێشن، کە پڕوپاگەندەیان بۆ دەکەن.

### بەندی سێیەم

پێوەندی نێوان زمانەوانی دەروونی و بواری کۆمەڵایەتی هەردوو لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کار لەیەکتر دەکەن. هەندێک جار لایەنی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دەربڕینی چەندین وشە و ڕستە، کە بەلایەنی دەروونییەوە پەیوەستن؛ واتە هەردوو لایەنی زمانەوانی دەروونی و کۆزمانەوانی تێکەڵی یەکتر دەبن. زمان بەپێی شارستانی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت و شارستانی مرۆڤایەتیش بەپێی کات گۆڕانی بەسەردا دێت؛ واتە دەشێت زمان بەپێی کات لە یەک شارستانێتیدا بگۆڕێت. هەر گەلەو خاوەنی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی خۆیەتی لە ڕووی ئایین، مێژوو، ڕۆشنبیری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە؛ بۆیە کە دەقێک لەزمانێکەوە وەردەگێڕینە سەر زمانێکی تر، زۆرجار کێشە دێتە سەر ڕێگای وەرگێران و وشەی بەرانبەرمان نییە، کە بۆی دابنێین، چونکە ئەو وشەیە لە ئەنجامی ژینگەی تایبەتی گەلەکەوە دروست بووە و وەرگێڕ ناچار دەبێت، کە لێکدانەوە بۆ ئەو وشەیە بکات.

ئەگەر وشەی (جامانی) کوردی وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی، ئەوە دەبێت وەرگێڕ لێکدانەوەی بۆ بکات. لە ڕووی تاکیشەوە هەرکەسە و خاوەنی باری دەروونی تایبەتی خۆیەتی؛ واتە ئەو کەسە دەربڕی لایەنی دەروونیەتی و دەربڕینەکانیش دەچنە نێو کۆمەڵەوە و بڵاودەبنەوە. باری شەرم و پەشۆکان و دڵەڕاوکێ و تووڕە بوون بەگشتی تووشی مرۆڤ دێن، بە تایبەتیش هەرزەکاران و پیران. ئەم بارانەش لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت. هەندێک نموونە دەخەینە ڕوو، کە پێوەندییان بەم بەندەوە هەیە:

أ- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە دوو کەس دەگەنە یەکتر و چاک و چۆنی لە یەکتر دەکەن، ئەگەر کەسێکیان خەڵکی باکووری وڵات و ئەوی تریان خەڵکی باشوور بێت، ئەوە ئەو ماوەیەی، کە دەبێت لەنێوانیان هەبێت لەلای هەریەکەیان بە جۆرێکە. ماوەی نێوان دوو کەسی خەڵکی باکوور مەتر و نیوێکە، بەڵام هی خەڵکی باشوور ماوەی نێوانیان نیو مەترە؛ بۆیە لە کاتی قسەکردن، باری دەروونی هەردووکیان تێک دەچێت و ئەو دەچێتە پێش و ئەوی تر دێتە دواوە. [١١: ٢٢٨] لەلای ئێمەی کورد، ئەو ماوەیەی، کە لەنێوان دوو کەسە لەکاتی چاک و چۆنیدا، نزیکەی نیو مەتر دەبێت، بەڵام ئەگەر دوو کەسەکە هاوڕێ بوون و لە یەک ڕەگەز بوون، ئەوە زۆر ئاساییە لە یەکتر نزیک ببنەوە و لەبارێکی دەروونی ئاساییدا قسە بکەن. لای ئێمەی کوردیش ئەم ماوەیە بەپێی شوێن و حاڵەت گۆڕانکاری تێدایە.

ب- لە یاری تۆپی پێدا، زۆرجار کە کارتی زەرد، یان سوور دەدرێتە یاریزان، ئەوە یاریزان، یان هاوڕێکانی هەڵدەچن و قسەی نابەجێ لەگەڵ ناوبژیوان دەکەن.

ج- لە کولتووری کوردەواریماندا، لەکاتی ژن بە ژنەدا، زۆرجار ئەو خانەوادەیەی، کە کوڕە زاواکەیان لە بووک

جوانتر بووایە، ئەوە ئەم هۆنراوەیەی خوارەوەیان دەوت، کە لەبەر کاریگەری ئەم بارە ئەم دێرانەیان لە ناخی دەروونەوە هەڵدەقولاّ، دەیانوت:

**ئەمن هاتم لە کویستانێ**
**ئەتووش هاتی لە گەرمیانێ**
**سێوم دایە بە گروانێ**
**یان دەیانوت: گەنم بەجۆ**

لەکاتی مایینی بووکیان بۆ خاوەن ماڵ دەبردەوە، ئەوە کەڵەشێرێکیان بە تەنیشتی ماینەوە بەپێیەکانی هەڵدەواسی و بۆ خاوەن ماینیان دەبرد. ئەمەش واتای ئەوەبوو، کە بووک نۆبەرەی کوڕ بێت.

د- کە یەکێک دەیەوێت باسی مردووان بکات، پێی دەڵێن، باسی مەکە و شەیتان دەستی لێ شوشتووە.

هـ- کەسێک، کە پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە، دوایی لەبەر کێشەکانی ژیان و نەداری لە تەمەنێکی گەورەدا تووشی ئیشکردنی قورس بووە، کەسێک لەم بارە دەیبینێت، دەڵێت: ئای! نەبوونی [٨] کە نەخۆشی ئەنفلەوەنزای بالندە بلاوبووەوە، بازاڕی پەلەوەر و گۆشتی سپی ڕووی لە کزی کرد و بازاڕی گۆشتی سوور گەرم بوو خەڵک دەیوت: مانگای قەسابان زا.

هەروەها هەر لەم بوارەدا زمانی ژن و زمانی پیاو هەیە. کۆمەڵە وشە و ڕستەیەک تایبەتن بەژن، یان پیاو و دەچنە بواری تابۆ. هەروەها لەکاتی بانگ کردنی کەسێک بۆ ڕێزگرتن، یان خۆشەویستی، ئەگەر کەسەکە لە ڕەگەزی نێر و لە تەمەنیشدا، گەنج، یان هەراش بوو، ئەوە وشەی (کاک) بەکاردێنین، بەلاّم ئەگەر بەساڵاچوو بوو، ئەوە وشەی (مامە، خاڵە،...)ی بۆ بەکار دێنین. بۆ ڕەگەزی مێیەش، ئەگەر لە تەمەندا، گەنج، یان هەراش بوو، ئەوە وشەی (خاتوو، خاتوون، یان ـــ خان)ی بۆ بەکار دێنین، بەلاّم ئەگەر بە ساڵاچوو بوو، ئەوە وشەی (دادە، یایە، باجی، یان پووریێ...)ی بۆ بەکار دێنین. [٢٥: ٣٦-٣٧] ئەمڕۆ لەنێو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیردا، خەریکە وشەی (بەڕێز)، بۆ ڕەگەزی نێرومێ، کە گەنج، یان هەراش بن، بەکاردێت و جێگای وشەکانی تر دەگرێتەوە.

### بەندی چوارەم: وەرگرتنی زمان

زمان بنەمای پێشکەوتنی شارستانییەتە، چونکە ئەگەر زمان نەبوایە، ئەوە ئێمەی مرۆڤ نەمان دەتوانی شارستانی و کولتوور و ڕۆشنبیریمان بپارێزین و لە یەکتری بگەین و بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین، بۆیە چەندین لێکۆڵینەوە بە چەندین زمان لەبواری وەرگرتنی زمان کراوە و بەشی زۆری لێکۆڵینەوەکانیش لەسەر زمانی منداڵە.

منداڵ بەچەند قۆناغێکی گەشەکردندا، تێدەپەڕێت، تا بە تەواوی دەتوانێت قسە بکات و فێری زمان بێت. چۆمسکی دەڵێت: «منداڵ لەسەرەتای لەدایک بوونییەوە، توانای فێربوونی زمانی لەگەڵدایە». [٢٢: ٤٠] مرۆڤ بەهۆی ئەو توانایەی لەگیاندارەکانی تر جیادەکرێتەوە. منداڵی تازە لە دایک بوو بیبەیتە ناو هەر میللەتێک، بەهۆی ئەو توانایەی، کە هەیەتی دەتوانێت فێری زمانی ئەو میللەتە بێت، چونکە منداڵی تازە لە دایک بوو لەگەڵ ئەو ڕێزمانییە جیهانییە ڕادێت و سستمی ئەو زمانەی، کە لە دەوروبەرییەوە گوێی لێ دەبێت لەو ڕێزمانە وەردەگرێت. [٩: ٣٦].

### قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی منداڵ

منداڵ ڕۆژ بەڕۆژ گەشە دەکات و گەورەتر دەبێت. لەگەڵ ئەم گەشەکردنە گشتییەی منداڵ، زمانیش گەشە دەکات و بەم قۆناغانە تێدەپەڕێت:

#### ١- قۆناغی هاوارکردن

منداڵ، کە تازە لەدایک دەبێت، یەکسەر هاوار دەکات، ئەم هاوارکردنەشی لە ئەنجامی پچڕانی ئۆکسجینی دایکە لە منداڵ و زیادبوونی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە لەخوێندا، واتە یەکەم هاوارکردنی منداڵ لەژێر ویستی خۆیدایە و بۆ خاڵی کردنەوەی وزە هەڵچوونەکانیەتی. [١٦: ١٣٣]

منداڵ بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستییەکانی وەکو هەبوونی ئازار، برسێتی، تینوێتی و خۆتەڕکردن هاوار دەکات. ئەو منداڵانەی، کە هەتیون و لە دایەنگەکان بەخێو دەکرێن، پەرستاران زۆر بە هانایانەوە ناچن، بۆیە گەشەی زمانیان دواکەوتووترە لەچاو منداڵانی ئاسایی. بە گشتی منداڵ تا تەمەنی چل ڕۆژی زۆر دەگریێت و دوای ئەوە تێکڕای گریانەکەی کەمتر دەبێت. لە هەفتەی یەکەمی ژیانی منداڵی ساوا تێکڕای گریان و هاواری

منداڵ ڕۆژانە دەگاتە سەعات و نیوێک، تا دوو سەعات و لە هەفتەکانی حەوتەم و هەشتەمی تەمەنی دەگاتە زیاتر لە دوو سەعات و تا لە دوو سەعاتیش زیاتر دەبێت و زۆربەی دایکان بەهۆی بەرزونزمی دەنگی منداڵ و ڕادەی گریانەکەی، مەبەستی منداڵەکەیان دەزانن. [١٦: ٢٣]

**٢- قۆناغی گڕوگاڵ**

دوای ماوەیەک لە هاوارکردن، منداڵ جۆرە ڕێکوپێکییەک لە گڕوگاڵ کردن وەردەگرێت، کە وەکو ئاوازی مۆسیقا وایە، ئنجا وردە وردە دەنگەکان گۆ دەکات. یەکەم دەنگیش، کە گۆی دەکات، دەنگە لیۆییەکانە، وەکو دەنگی /ب/، ئنجا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، دەنگەکانی تری لێوی، ددانی، قوڕگی و... گۆ دەکات.

**٣- قۆناغی دوو دەنگی**

منداڵ لە تەمەنی پێنج مانگییەوە دەچێتە ئەم قۆناغە و دوو دەنگ لێک دەدات و واتای دەنگەکانیش نازانێت، بەڵام تاموچێژێکی زۆر لەو دەنگانەی خۆی وەردەگرێت و بەبیستنی دڵخۆش دەبێت، بۆیە دەنگەکان دووبارە و سێبارە دەکاتەوە. ئەو دەنگانەی، کە لێکیان دەدات، لە یەک بڕگە و بەپێی یاسای فۆنۆلۆژی (کۆنسونانت+ ڤاوڵ)، دروست بوون، کە بریتین لە (بابا، دادا، ماما).

ئەو منداڵانەی، کە کەڕن و دەنگی خۆیان نابیستن، ئەم هەستە، یان چێژ وەرگرتنە لە دەنگەکانیان، لا دروست نابێت، بۆیە دەنگەکان دووبارە ناکەنەوە. [١٦: ١٣٦]

**٤- قۆناغی واتا**

منداڵ لە تەمەنی حەوت مانگی دەچێتە ئەم قۆناغە. منداڵ لاسایی دەوروبەری خۆی بەگشتی و دایکی بەتایبەتی دەکاتەوە. کاتێک لەبەرچاوی بە دایکی دەڵێین، دادە، ئەوە منداڵ ئەو وشانە بەواتای گشتی تێدەگات، واتە وشەی دادە بە هەموو ژنێک و وشەی بابە بە هەموو پیاوێک تێدەگات. [٢٠: ٤٦] بۆیە زۆرجار، کە میوانیان دێت بە پیاوەکان دەڵێت، بابە و بە ژنەکانیش دەڵێت، دادە، ئنجا وردە وردە ناوەکان فێر دەبێت.

**٥- قۆناغی وشەی ڕستەیی**

منداڵ لەساڵی یەکەمی تەمەنیدا، دانە زمانییەکانی لەگەڵ هی گەوران تێک ناکاتەوە، چونکە منداڵ چەند ڤاکۆبلەرییەکی کەم دەزانێت، ئەویش کورتکراوەیە. منداڵ یەک وشە دەردەبڕێت، بەڵام مەبەستی ڕستەیەکە. بەگشتی منداڵی کوڕ لە تەمەنی هەژدەمانگیدا، نزیکەی چل و سێ وشە و منداڵی کچ نزیکەی پەنجاو یەک وشە فێر دەبێت و ئەم زیادە فێربوونەی منداڵی کچ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گەشەکردن لە منداڵی کچ لە هی کوڕ خێراترە. [١٥: ١١٢-١١٣] بۆ نموونە، کە منداڵ دەڵێت: پشە، لەوانەیە یەک لەم ڕستانەی مەبەست بێت:

أ- پشیلە هات.

ب- پشیلە ڕۆیشت.

ج- پشیلە ئاوەکەی ڕشت.

د- لە پشیلە دەترسم.

یان، کە دەڵێت: ئاو، ڕەنگە یەک لەم ڕستانەی مەبەست بێت:

أ- ئاوم بۆ بێنن.

ب- ئاوەکە ڕژاوە.

ج- لەشی بە ئاو تەڕ بووە.

کەواتە منداڵ بە دەربڕینی یەک وشە، ڕستەی هەواڵ، یان پرسیاری، یان سەرسوڕمان، یان فەرماندان دەردەبڕێت. دایک بەهۆی جێبەجێ کردنی داواکاری منداڵەکەی، دەزانێت مەبەستی ڕستەکەی چ بووە؟ هەواڵی، یان پرسیاری، یان سەرسوڕمان، یان فەرماندان. ئەگەر منداڵ مەبەستەکەی جێبەجێ کرا، ئەوە پێدەکەنێ، یان زەردەخەنە دەیگرێ و خۆشی لە ڕوخساری بەدی دەکرێت، بەڵام ئەگەر مەبەستەکەی جێبەجێ نەکرا، ئەوە خۆی وێک دێنێتەوە و باسکەکانی ڕادەکێشێت و سەری بۆ دواوە خوار دەکاتەوە. ئەمەش نیشانەی نارازیبوونیەتی. [١٠: ٣٤]

**٦- قۆناغی وشە بەرەو سەر**

منداڵ لە سەرەتای ساڵی دووەمی تەمەنی بەدواوە، دەتوانێت وشە لە یەک بدات و گرێ دروست بکات.

منداڵ لەم تەمەنەدا، فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەندتر دەبێت. سەرەتا ناوەکان بەکاردێنێت، دواتر کار، چونکە کار ڕوودان و کاتی تێدایە. لاسایی کردنەوە لە زۆربەی قۆناغەکان لەگەڵ ژیانی منداڵدایە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، منداڵ لە بارێکی هۆشیارەوە لاسایی دەکاتەوە. هەوڵ دەدات وشە و ڕستەکانی بەپێی سستمی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانەکەی بێت. واتە ئەو هۆشیارییەی منداڵ بەهۆی ئەو توانا زمانییە خۆڕسکەوەیە، کە لەگەڵی لەدایک بووە، بۆ نموونە: کە یەکێک ڕستەیەکی هەڵە دەردەبڕێت، ئەوە کەسێکی نەخوێندەواریش بەهۆی زانینی زمانەوە دەزانێت ڕستەکە هەڵەیە، بەڵام زانیاری دەربارەی زمانەکە نییە. منداڵ، کە لەماڵەوە وشەیەکی وەکو (ناخۆم)ی بەرگوێ دەکەوێت، ئەوە هەوڵ دەدات، بەهەمان ڕێسا نەرێ بەکاربێنێت و بۆ نموونە دەڵێت: خواردنەکە باش نابوو. [١٤: ٦٤]یان، کە گوێبیستی وشەی (کورەکە) دەبێت، بە هەمان ڕێسا هەوڵ دەدات وشەی (دەرزیەکە) دەرببڕێت، یان کە وشەی (میوەجات) دەبیستێ، ئەوە بەهەمان ڕێسا هەوڵ دەدات و وشەی (بەعەجات) دەردەبڕێت. جاری وا هەیە منداڵ وشەی وا دەردەبڕێت، کە هەرگیز لە ژینگەی ئەودا نەبیستراوە. ئەمەش بەهۆی ئەو توانایەوەیە، کە خۆڕسکە و لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک بووە. [٢٥: ٥٩]

### ٧- قۆناغی ڕستە

منداڵ لە تەمەنی چوار ساڵییەوە سستمی دەنگەکانی قسەکردنی لە گەوران نزیکە و دەتوانێت وشەو پرپیۆزبشن و... دەرببڕێت و بەپێی سستمی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانەکەی پێویستییەکانی خۆی بەدەروبەری ڕابگەیەنێت. لەم قۆناغەدا گەشە کردنی زمانی منداڵ زۆر پێش دەکەوێت و لەم ماوە کورتەدا، فێری ئەو سستمە ئاڵۆزە دەبێت بۆ ئەوەی پێوەندی لەگەڵ خەڵکانی تردا بکات. منداڵ وشە و ڕستەی وا بەکاردێنێت، کە لەگەڵ ئاستی زانیاریدا بێت و لەگەڵ ئاڵۆزبوونی توانای خۆڕسکی زمانی، ئەوە سستمی ئاڵۆزتر و پێشکەوتووتر فێر دەبێت. منداڵ لە تەمەنی یەک، تا پێنج ساڵی، ئەگەر بە دوو زمان قسەی لەگەڵدا کرا، ئەوە بە هەمان ئاست فێری ئەو دوو زمانە دەبێت، [٢٢: ٤٠٠]، بەڵام وەکو گەوران زانیاری دەربارەی زمانەکە نییە.

منداڵ، کە گەیشتە تەمەنی شەش ساڵی، ئەوە توانای فێربوونی هەیە و لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەییەکی باشی بۆ تێگەیشتن لە دەقی ساکار هەیە، بۆیە ئەم تەمەنە کراوە بەمەرج بۆ وەرگرتنی منداڵ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە ساڵی ١٩٨٨ کراوە، گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی، کە «منداڵی کورد لە تەمەنی شەش ساڵیدا، ژمارەی وشەکانی دەگاتە (٣١٦٦) وشەو ڕێژەی ناوەکان ٨٨,٢٢٪ و ڕێژەی کار ١٠,٣٩٪ و ڕێژەی ئامرازەکان ١,٣٩٪. [١٧: ٩٦].

پێویستییەکانی دەربڕینی دروست لای منداڵ دەبێت منداڵ ئەم ئەندامانەی ساغبن، کە بریتین لە:

١- کۆئەندامی هەناسەدان.
٢- مەڵبەندی مێشک.
٣- دەم و ددان و لێو و مەلاشوو و پووک و قوڕگ.
٤- لووت و بۆشاییەکانی ناو لووت. [١٦: ١٣٤].

### هۆیەکانی گەشەکردنی پێشکەوتنی زمان لای منداڵ

#### ١- باری ئابووری

ئەو منداڵانەی، کە لەبارێکی ئابووری باشدا دەژین و خۆراکیان باشە، ئەوە بەگشتی لاشەیان زوو گەشە دەکات و گەشەی زمانیان پێشکەوتووترە لەو منداڵانەی، کە لە بارێکی ئابووری خراپدا دەژین. [١٦: ١٣٧].

#### ٢- باری کۆمەڵایەتی

ئەو منداڵانەی، کە خاوەنی دایک و باوکیانن و لەژێر سۆز و بەزەییاندا گەورە دەبن و زوو داوای منداڵەکانیان جێبەجێ دەکەن، ئەوە گەشەی زمانییان زۆر بەهێزترە، چونکە لەگەڵ جێبەجێ کردنی داواکانیاندا، ئەو منداڵانە هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکەن و بزە و پێکەنین دەیان گرێت. ئەمەش هاندانێکی باشە بۆ گەشەی زمان، بەڵام ئەو منداڵانەی، کە هەتیو و بێ کەسن و لە دایەنگەکاندا گەورە دەبن، ئەوە گەشەی زمانییان لاوازە، چونکە داواکارییەکانیان جێبەجێ ناکرێت و لەژێر سۆز و بەزەییەکی پێویست و تەواو گەورە نەبوونە.

#### ٣- ڕاهێنانی تایبەتی

ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، لەیستۆکی قسەکەر، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، چیرۆک و شیعر بەگشتی و هی منداڵان

بەتایبەتی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەکردنی زمانی منداڵ هەیە. ئەو دایک و باوکانەی ڕەچاوی ئەمە دەکەن، ئەوە فەرهەنگی زمانی منداڵەکانیان زۆر زیاترە لەو منداڵانەی، کە لەم بوارە پشتگوێ خراون. منداڵ، کە تەمەنی گەیشتە شەش ساڵی و چووە قوتابخانە، ئەوە مامۆستا دەتوانێت ڕۆڵێکی باش لە پێشکەوتنی زمانی منداڵ بگێڕێت.

## بەشی شەشەم

## نەخۆشییەکانی گوتن

ئەو نەخۆشییانەی، کە مرۆڤ لەبارەی زمانەوە تووشی دەبێت بریتین لە:

### ١- نەخۆشی ئەفازیا

ئەفازیا بریتییە لە ونکردنی تەواو، یان بەشێکی توانای قسە دەربڕین و لە قسە گەیشتن و ڕێک نووسین. [٢٣٩:٧] ئەم نەخۆشییە لای منداڵ لەسەرەتای فێربوونی زمان سەرهەڵدەدات. منداڵ ناتوانێت وشەکان دەرببڕێت و لە واتای وشەکان بگات. بە بۆچوونی زۆربەی زانایان هۆی سەرەکی ئەم نەخۆشییە کەموکورییە لە ناوچەی بڕۆکای مێشک. [٢: ١٢١]، هەروەها هۆی دەروونی کاریگەری لەسەر زیادکردنی ڕادەی نەخۆشییەکە هەیە. جۆرەکانیشی، یان یەکجارییە و نەخۆش زمانی نابێتەوە، یان کاتییە و لەناکاو زمانی دەکرێتەوە، یان نەخۆش ناوی شتەکانی لەبیردەچێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆی باس بکرێت، ئەوە ناوەکەی دێتەوە یاد، یان نەخۆش فۆنیمەکان بەتەواوی دەرنابڕێ و تێکەڵیان دەکات و فۆنیمێک لە شوێنی فۆنیمێکی تر بەکاردێنێت. [١٢٢:٢]

### ٢- کەموکوڕی لەکاتی قسەکردن

بریتییە لەوەی، کە نەخۆش هەندێک وشە هەڵدەگێڕێتەوە، یان دەنگێک قووت دەدات، یان زۆر بە خێرایی، یان زۆر بەهێواشی قسە دەکات، یان لە قسەکردندا، دەوەستێت، یان قسەزمانی، یان جۆرە لاڵییەک دەیگرێت، کە بریتییە لە تەتەتە و فەفەفە. [٢: ١٢٤]، یان وشەکان لەنێو قوڕگی کەسەکەدا پەنگی خواردووەتەوە و لەناکاو دەردەچێت.

هۆکاری ئەم نەخۆشییە دوو جۆرە، کە بریتین لە:

أ- هۆکاری ئەندامی.

ب- هۆکاری دەروونی: نەخۆش لە ئەنجامی یەکێک، یان هەندێک لەم فاکتەرانە تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت. فاکتەرەکان بریتین لە: دڵەڕاوکێ، ترس، متمانە بە خۆنەکردن، شەرم کردن لەناو خزم و هاوڕێکانی، گۆشەگیری، یان هەست بە کەمی کردن.

### ٣- نەخۆشی شکستەخۆیی (شیزۆفرینیا)

«شیزۆفرینیا بریتییە لە نەخۆشییەکی دەروونی توند، کە کۆمەڵێک پشێوی لێ دەردەکەوێت، وەکو ئاڵۆزی لەبیرکردنەوە و وڕێنەکردن». [٧: ٢٣٩] نەخۆش پشێوی لەزماندا پەیدا دەبێت و ڕەفتاری نائاسایی دەکات. نەخۆش هەندێک وشەی لە دەم دەردەچێت، بەبێ ئەوەی پێویست بێت. نەخۆش حەزی لێیە، شوێنی ناوەکان لە ڕستەدا بگۆڕێت و وەکو سەرخۆش قسەی ناڕێکوپێک دەکات. [١١: ٢٢١] نەخۆش حاڵەتی سینتاکسی لێ تێک دەچێت و ڕستەیەک تەواو ناکات و واتای تەواو نابەخشێت، کەچی دەست بەڕستەیەکی تر دەکات و ڕستەکانیش پێوەندییان پێکەوە نییە و نەخۆش ناتوانێت کەسانی بەرانبەر و گوێگر لە مەبەستی بگەیەنێت. هۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە کۆمەڵێکن، لەوانە: بۆ ماوەیی، سستی گەشەکردن، یان دەروونی [٧: ٢٤١- ٢٤٢] لە ڕووی دەروونییەوە بایەخ نەدانە بە کێشەکانی کەسەکە و ئەویش بەتەنیا خۆی بەرگەی ئەو ئازارە دەروونییە ناگرێت، یان لەکاتی بیستنی هەواڵێکی زۆر ناخۆش، ئەوە کەسەکە تووشی شۆک دەبێت و قسەی بۆ ناکرێت. جاری وا هەیە قسە نەکردن جۆرێکە لە دیاردەکانی نەخۆشی هیستریا. [١٤١:١]

## هۆکارە دەروونییەکانی نەخۆشییەکانی گوتن

جگە لە هۆکارە دەروونییەکان، هۆکاری تر هەن، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی گوتن. باسی هۆکارە گشتییە دەروونییەکان دەکەین، کە بریتین لە: شەرم کردن، دڵەڕاوکێ، هەست بەکەمی کردن، مردنی کەسێکی نزیک، هەبوونی خەمێکی گەورە و لەخۆ گەورەتر کردنی خەمەکە، بێ بەش بوونی منداڵ لە سۆزی دایک و باوک، ترسانی منداڵ لەدایک و باوک، یان مامۆستای، بەناز بەخێوکردنی منداڵ، بۆ نموونە منداڵ داوای هەر شتێک بکات، بۆی جێبەجی بکرێت، بەرلەوەی ڕستەکە تەواو بکات. زۆر لێکردن لەمنداڵ لە

تەمەنی سەرەتای چەند مانگی بۆ قسەکردن، یان بەشەڕ هاتن و جنێودانی دایک و باوک بەیەکتر لەبەر چاوی منداڵەکانیان، یان زۆر لێکردنی بۆ نووسین بەدەستە ڕاست و قسە پێ وتنی.

## بەشی حەوتەم

## چارەسەری دەروونی نەخۆشییەکانی گوتن

چارەسەری دەروونی زۆر گرنگە، چونکە زۆر لە هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی گوتن، دەروونین، چارەسەری دەروونیش یەکێکە لە چارەسەرە کاریگەرەکانی ئەم نەخۆشییانە لای مرۆڤی نەخۆش بەگشتی و منداڵی نەخۆش بە تایبەتی.

چارەسەرییەکان ئەمانەن:

١- وازهێنان لە منداڵ، تا بە تەواوی وشە دەردەبڕێت، واتە ڕێ پێنەگرتنی منداڵ لەلایەن کەسانی دەوروبەرییەوە، هەرکە لەسەرەتاوە زانییان وشەکەی هەڵەیە.

٢- نابێت گاڵتە بەمنداڵی نەخۆش بکرێت و نابێت لەکاتی قسەزمانی، یان لاڵ، یان هەر جۆرێکی تر، بەنەخۆش پێ بکەنین، یان بێزاری خۆمانی پێ ڕابگەیەنین. پێویستە مامۆستایان ڕۆڵێکی باش لەم بوارەدا بگێڕن و دەبێت لە قوتابخانەدا، لە ئەرکی ڕۆژانەدا، ئەم جۆرە قوتابییانە بەشدارییان پێ بکەن.

٣- نابێت بەهیچ شێوەیەک دەنگە دەنگ لەبەرچاوی نەخۆش بکرێت و نابێت نەخۆش ئاگاداری کێشەکانی ماڵەوە بێت.

٤- دروست کردنی متمانە و بڕوا بە خۆبوون بۆ نەخۆش، هەروەها بردنی نەخۆش بۆ شوێنە گشتییەکان و سەیران، بە مەرجێک خزمێکی، یان هاوڕێیەکی نزیکی ئاگاداری بێت.

٥- ڕاست کردنەوەی وشە و ڕستە هەڵەکان بە شێوازێکی نەرم لەلایەن کەسانی نەخۆشەوە دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە نابێت بەهیچ شێوەیەک لەکاتی ڕاست کردنەوەی هەڵەکاندا نەخۆش تووشی شەرم کردن، یان شکاندنەوە بکرێت.

٦- کاسێت خستنە بەردەستی منداڵە نەخۆشەکان، بەتایبەتی ئەو کاسێتانەی بەزمانێکی پاراو دەئاخڤن [ ٢: ١٣٨ ]، هەروەها فلیمە کارتۆنییەکان زۆر سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت، بۆیە هاندانی منداڵی نەخۆش پێویستە بۆ گوێگرتن لەو فلیمە کارتۆنیانەی بەزمانێکی پاراو لە تەلەفزیۆن، یان بەشێوەی DVD، یان CD پەخش دەکرێن. هەروەها پێویستە چیرۆک و گۆڤاری منداڵان و لەیستۆکی قسەکەر بخرێتە بەردەستی منداڵی نەخۆش.

## ئەنجام

١- لەکاتی ئاخاوتندا، لەکاتی پێویست بوونمان بە وشەیەک، یان ڕستەیەک، ئەوە مێشک بە خێراییەکی ئێجگار زۆر بە دوایان دەگەڕێت، بەڵام ئەو وشە و ڕستانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆرتر بەکاریان دێنین، ئەوە زووتر خۆیان دێننە پێشەوە لەچاو ئەو وشە و ڕستانەی، کە کەمتر لە ژیانی ڕۆژانەمان بەکاردێین.

٢- ئەو بیرەی، کە بەزمان دەری دەبڕین، پەیوەستە بەسۆز و ئەندیشەوە، بۆیە کە شاعیرێک شیعرێک دەڵێت، ئەوە ئێمەی گوێگر، یان دڵخۆش دەبین و زەردەخەنە دێتە سەر لێومان، یان خەمبار دەبین و فرمێسک هەڵدەڕێژین.

٣- لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی کار لە یەکتر دەکەن، چونکە وشەکان ڕەنگدانەوەی ژینگەن و تاکەکانیش بەشێکن لەو ژینگەیە.

٤- منداڵ هەر لەگەڵ لەدایک بوونیدا، توانای فێربوونی زمانی لەگەڵدایە. لاسایی کردنەوەی منداڵیش بۆ کەسانی دەوروبەری هۆکارێکی هەرە گەورەی فراوانبوونی فەرهەنگ و گەشەی زمانییەتی.

٥- گەشەی زمانی منداڵ بە چەند قۆناغێک تێدەپەڕێت و چەندین هۆکاری وەکو ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانی تایبەت دەبنە هۆی پێشکەوتنی زمانی منداڵ.

٦- لەڕووی نەخۆشییەکانی گوتنەوە، چەندین نەخۆشی هەن، کە تووشی مرۆڤ بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی دەبن. زۆر لە فاکتەرەکانی ئەم نەخۆشییانە دەروونین و چارەسەریشیان بەهۆی لایەنی دەروونییەوەیە.

**سەرچاوەکان:**

**١- بەزمانی کوردی**

١- جەلال خەلەف ژاڵەیی ٢٠٠٥ گرنگترین نەخۆشییە

دەروونییەکان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٢- کەریم شەریف قەرەچەتانی ٢٠٠٢ سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ- قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣- سەلام ناوخۆش ٢٠٠٥ پوختەیەک دەربارەی زمانناسی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
٤- عەبدولواحید مشیر دزەیی ٢٠٠٥ ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر.
٥- عومەر یاسین جەباری ٢٠٠٠، دەروونزانی، هەولێر.
٦- دەروونزانی گشتی ٢٠٠١ پرۆگرامی پۆلی یەکەمی پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایان، وەرگێڕانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٧- هادی محەمەد ٢٠٠٤ شکستەخۆیی- شیزۆفرینیا، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە (٢٠)،ساڵی (٥)، سلێمانی.
٨- پ. ی. د. یووسف شەریف سەعید (٢٠٠٥- ٢٠٠٦) وانەکانی خوێندنی باڵا- ماستەری زمان، کۆرسی یەکەم، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

**ب- بەزمانی عەرەبی**

٩- أوجيني مدانات ٢٠٠٢ سيكولوجية الطفل، الطبعة الاولى، دار مجد لاوي للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١٠- موفق هاشم صفر الحلبي ٢٠٠٠ الاضطرابات النفسية عند الاطفال والمراهقين، الطبعة الثانية، مؤسسة الرسالة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
١١- موفق الحمداني ١٩٨٢، اللغة وعلم النفس، مديرية المطابع، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
١٢- محمد بني يونس ٢٠٠٤ مبادىء علم النفس، الطبعة العربية الاولى، دارالشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١٣- محمد عودة الريماوي ١٩٩٨ في علم النفس الطفل، الطبعة العربية الاولى، دارالشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١٤- نعمة رحيم العزاوي ٢٠٠١ مناهج البحث اللغوي بين التراث و المعاصرة، منشورات المجمع العلمي، مطبعة المجمع العلمي، بغداد.
١٥- سامي سلطي عريفح ٢٠٠٢ سيكولوجية النمو، الطبعة الثانية، دارالفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
١٦- عبدالكريم قاسم ابو الخيز ٢٠٠٤، النمو من الحمل الى المراهقة، دار وائل، عمان، الاردن.
١٧- عبدالستار طاهر شريف ١٩٨٨، الذخيرة اللغوية للطفل الكوردي، دارالثقافة و النشر الكوردية، دارالحرية للطباعة، بغداد.
١٨- عبدالرحمن عدس و محي الدين توق (١٩٩٨) المدخل الى علم النفس الطبعة الخامسة، دارالفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان، الاردن.
١٩- فراسوا هاغيت ٢٠٠٠ علم النفس المدرسي، ترجمة شاهين لطفي، الطبعة الاولى، دارالعلمية الدولية للنشر والتوزيع و دارالثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.
٢٠- فردينان دى سوسور (١٩٨٨) علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، مراجعة النص العربي مالک يوسف المطلبي، مطابع دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
٢١- شمس الدين أبي عبدالله ابن قيم الجوزية ١٩٨٩ الروح في الكلام على أرواح الاموات والاحياء بدلائل من الكتاب و الشنة و الآثار و أقوال العلماء، دارالفكر بيروت، لبنان.
٢٢- شفيق فلاح حسان ١٩٨٩ أساسيات علم النفس التطوري، دارالجيل، بيروت، لبنان.
٢٣- خليل المعايطة ٢٠٠٠ علم النفس التربوي، الطبعة الاولى، دارالفكر للطباعة والنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

**ج- بەزمانی فارسی**

٢٤- ويليام آگرادى و ديگران (١٣٨٠/ ٢٠٠٢) زبان شناسى معاصر، ترجمه على درزى، جلددوم، تهران.

**د- بەزمانی ئینگلیزی**

٢٥- سەلام ناوخۆش ٢٠٠٥ Kurdish Honirifics System گۆڤاری زانکۆ، ژمارە (٢٦)، کانوونی یەکەم، هەولێر

# مەرگی زمان

ئارام شەکیبایی
(هەورامان)

«ئەگــەر زمـــانی گــۆئارانی کــۆتایی پێ بێت، کێ دەپارێتەوە تا جیهان کۆتایی پێ نەیێت؟»
**خەڵکی پاراگوێا (ئاخاوێنەرانی زمانی گۆئارانی)**

بەسـەرهاتی زمـان نیـشاندەری بەسەرهاتی نەتەوەیە و زمــان وەک ئاوێنەیەکــە بۆ مــێــژوو و ڕابردووی ژیانی مــرۆڤــایەتی، هەروەها یەکــێک لە ســەرەکــیــتــرین پێداویستییەکانی ژیانی نێو کۆمەڵگایە. زمان یەکێک لەگرنگترین پارچەکانی فەرهەنگ و کەلەپووری گەلانە و ئەدەب و فۆلکلۆر و مۆسیقای گەلان بە بوونی زمان واتا دەگرێت.

لە ڕابردووەکاندا زمانەکان پێکهاتوون و ژیاون و لەگەڵ کۆمەڵگاکەیاندا فەوتاون و ئەمە سووڕێکی ئاسایی بووە و ڕووداوێکی سروشتی؛ بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان لەژێر مەترسی فەوتان و نەماندان و ژمارەی ئەو زمانانە کە دەمرن ڕۆژبەڕۆژ لەزیاد بووندایە و مرۆڤایەی لەم ســەردەمـــەدا بەشــێکی بەرفــراوان لە دەسکەوتە فەرهەنگی و کولتوورییەکانی چەند هەزار ساڵەی لێ ون دەبێت و جیهـان بەرەو جیهـانێکی کەم زمـانە پێشڕەوی دەکـات و ئەم کـەم زمـانیـیـە، کـەم فـەرهەنگی و کـەم کولتووری بەدواوەیە. بەداخەوە مرۆڤایەتی کەمتر بایەخی بەم کارەساتە داوە و زۆربەی خەڵکانی جیهـان هەتا ئەو ڕادە کـە لە پاراســتنی ژینگە و جــۆری گــیــانلەبەران تێگەیشــتــوون و بایەخی پێ دەدەن، ئاوڕێک لە مـەرگی زمان نادەنەوە، تەنانەت هەندێکیان مەرگی زمانەکان بە شـتێکی باش دادەنێن! و پێـیـان وایە ئەمە لە کـۆتاییـدا دەبێتە هۆی گەیشتن بەجیهـانێکی یەکزمانە و بەدیهاتنی

ئەو خەونە کە «هەموو دانیشتووانی گۆی زەوی لەزمانی یەک تێبگەن» (١)؛ زۆرکەس لە لایەنگرانی جیهانی یەکزمانە بە شێوازی جۆربەجۆر بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە هەوڵیان داوە، بەڵام ئێمە چ بمانەوێت چ نەمانەوێت، لەلایەن سروشتەوە چەند زمانی بەسەر جیهاندا زاڵ کراوە و باشترە لە جێی ئەوە کە چەند زمانی بە کێشە بناسین و باسی لێ بکەین و بۆ چارەسەری کێشەیەک خۆمان ئازار بدەین کە چارەسەر ناکرێت!؛ چەند زمانی بە شتێکی بەسوود بناسێنین و لە تایبەتمەندییانی زمانەکان بۆ ژیانێکی باشتر کەڵک وەربگرین. ئێستا لەلایەن چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەوە هەوڵ و کۆشش دەکرێت بۆ پاراستنی ئەو زمانانە کە مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێت بفەوتێن، هەروەها بۆ پاشەکەوت کردنی ئەدەب، نووسراوەکان و تایبەتمەندییە ڕێزمانی و ڕێنووسییەکانی ئەو زمانانە کە مەترسییەکی ئێکجار زۆریان لێ چاوەڕێ دەکرێت.

یەکێک لەو هەوڵانەی کە دراون بۆ ئاگایی بەخشین بە مرۆڤەکان لە بارەی ئەم کارەساتەوە، دیاری کردنی ڕۆژی ٢١ی شوبات بەناوی «ڕۆژی جیهانی زمانی دایک»؛ وڵاتی بەنگلادیش لە ١٩٩٩ی زایینی پێشنیاری دایە ڕێکخراوی یونسکۆ، بۆ دەستنیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکەوە و یونسکۆ ئەو پێشنیارەی پەسەند کرد. ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم ڕۆژە وەک جەژنێک سەیر دەکرێت و سەرنجی خەڵکی بۆ گرنگی زمان (زمانی زگماکی) و کارەساتی مەرگی زمان ڕاکێشاوە. ڕۆژانە ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە کە لایەنگری لەچەند زمانی دەکەن، ڕوو لە زیادبوون دەکات و ئێستا چەندین ڕێکخراو لەم ڕێبازەدا هەوڵ دەدەن.

«مەرگی زمان» بە مردنی دوایین بێژەری ئەو زمانە ڕوودەدات، هەرچەندە کە هەندێک باوەڕیان بەمە هەیە کە بە مەرگی یەکێک ماوە بەدوایین بێژەری زمان، مەرگی زمانەکە ڕوودەدات. بەهەر چەشن مەرگی زمانەکان کارەساتێکە و ئەم کارەساتە بەچاوخشاندنێک بە ئامارەکاندا پتر خۆی دەنوێنێ: لە ئوسترالیا تەنیا ٢٠ زمان لە ٢٥٠ زمانێک کە لەکۆتایی سەدەی هەژدە هەبوونە، بە زیندوویی ماونەتەوە. لە بەڕازیل لە ساڵی ١٥٣٠، سەرەتای داگیرکەری پورتوگال، نزیکەی ٥٤٠ زمان لەناو چوون. لە کیشوەری ئەورووپا لە سێ سەدەی ڕابردوودا ١٢ زمان مردوون. ئەو ناوچانە کە زمانەکانیان زۆرتر لەبەردەم مەترسیدان بریتین لە کیشوەری ئوسترالیا، ئەفریقا، ئەمەریکای ناوین(لاتین). هەرچەند کە مەرگی زمانەکان ڕووداوێکی بێ سنوورە و چەندین زمانی ئەورووپا و ئاسیاییش لەبەردەم مەترسیدان و زۆرتر ئەو زمانانە کە زمانی دەڤەرین ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە دەبنەوە. ئێستا وڵاتی بەڕازیل یەکەمین وڵاتە لە ژمارەی ئەو زمانانەی لەبەردەم مەترسییەکاندان، هەروەها زمانە مردووەکان.

بەپێی وتەی زمانناسەکان، زمان بۆ دەرچوون لەم کارەساتە دەبێت لانی کەم سەد هەزار ئاخاوێنەری بێت، ئەمڕۆ نزیکەی ٣٠٠٠ زمان کەمتر لە دە هەزار، ١٥٠٠ زمان کەمتر لەسەد هەزار بێژەریان هەیە؛ بە شێوازێکی گشتی لە سەدا چواری دانیشتووانی گۆی زەوی بە لەسەدا نەوەد و شەشی زمانەکان قسە دەکەن و ئەمە نابەرابەرییەکی ڕوونە لە دابەشبوونی سامانە زمانییەکانی جیهان و زۆربەی زمانەکانی ڕووبەڕووی مەترسی کردووە و پێشبینی کراوە تاکۆتایی ئەم سەدەیە نزیکەی لە سەدا نەوەد و پێنجی زمانەکان بمرن و ئێستا ساڵانە نزیکەی ١٠ زمان تووشی مەرگ دەبن. (٢)

چەندین شت دەتوانن ببنە هۆی مەرگی زمانێک، «دەیڤید کریستال» لە کتێبی «شۆڕشی زمان»، ئاماژەی بە هەندێک لەوانە کردووە کە بریتین لە:

(١) ڕووداوە سروشتییەکان: ئەو زمانانە کە ژمارەی ئاخاوێنەرانیان کەمە و هەموویان لە یەک شوێن دادەنیشن بەئاسانی بە هاتنی بومەلەرزەیەک، یان لافاوێک تووشی مەترسی دەبنەوە.

(٢) نەخۆشی: لەو شوێنانە کە لە تەکنۆلۆژیای پزیشکی بەدوورن، نەخۆشییەک وەک کۆلێرا، ئەنفۆلنزا دەتوانێت زۆربەی دانیشتووانی نابووت بکات.

(٣) نابووتی ئاخاوێنەرانی زمانێک لەشەڕ، یان کۆمەڵکوژیدا.

(٤) یەکسانی فەرهەنگی و ڕووداوە فەرهەنگییەکان.

(٥) پێوەندییە ئابوورییەکانی پێشەوەران [گوندنشینان] و بسێنەرانیان [شارنشینەکان].

(٦) پەرەسەندنی ئایینەکان و هێزی ئایینی زمانەکان؛ وەک: عەرەبی لە ئیسلام.

(٧) بەهێــزبوونی زمــانی ئینگلیــزی و زمــانە زۆربێژەرەکانی دی لە جیهان.
هەروەها دەتوانین ئامــاژە بە نەخــشــەی زمــانی(٣) حکوومــەتەکــان و بایەخ نەدان بەزمــانەکــان و قەدەغەکردنیان بکەین، وەک کوردی لەوڵاتی تورکیا. هەروەها دارِشتنی زۆڵە زمانەکان و بروای هەندێک کەس بەجیهانێکی یەکزمانە.
زمانکوژی (linguicide) یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی کۆمەڵکوژییە و بەشێوازێک دەبێتە هۆی بێزاری خەڵک لە فەرهەنگ و زمانی خۆی، ئێستاش لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا کە مــافی کــەمــینەکــان بەرچاو نەگیراوە، پەیرەوی دەکرێت و ئامانجی حکوومەتەکانە، لە زۆر شوێنی جیهاندا بووە هۆی مەرگی زمان. لەگەڵ ئەمە هەندێک زمــانناس پێیــان وایە کــە هۆکــاری ســەرەکی مەرگی زمان، ئاخاوێنەرانی زمانەکە خۆیانن و زۆر زمان هەن کە لە گرانترین دۆخدا زیندوو ماونەتەوە.

**پەراوێز:**

(١) دەبێت «جیــهــانێکی یەکــزمــانە» تەنیــا وەک خەونێک تەماشای بکرێت؛ ئەگەر هاتوو زمانێک کرا بەزمانی جیهانی و جیهانێکی یەک زمانی بەدی هات!، ئەو جیــهــانە هەتا هەتایە ناتوانێت یەک زمــانە بێت و بەدوای بەســەرچوونی سەردەمــێک دووبارە چەند زمــانی زاڵ دەبێت،زۆربوونی ژمارەی ئاخاوێنەرانی ئەو زمــانە- سروشت و شوێنەوار- سروشتی زمان- بە سەرچوونی کــات- هەمــوویان دەست بەدەســتی یەکــتــردا چەندین زارۆچکە لەو زمــــانە بەدی دەکــــەن، دوابەدوای ئەم زارۆچکانە دەبنە شێوەزار و دوای سەردەمێکی تر دەبنە زمــان و دووبارە جیــهــانێکی چەند زمــانە و گــەراونەوە بەرەو پێش. هەروەها زانستەکان لە پێکهاتنی زارۆچکە لە زمــانەکــان ئاســەواریان هەیە، جیــاوازی واتای زاراوەیەکی زانستی لە کیمیا و فیزیادا سەرەتایەکە لەپێکهاتنی زارۆچکە و زاراوە زانستییەکان، بۆیە جیهانی یەکزمانە تەنیا خەونێکە و ئەگەریش ئەو خەونە بەدی هات، ئەوە زۆری پێ ناچێت کــــــە دووبارە گەرانەوەیەک بۆ جیهانی چەند زمانە روودەدات و ئەمە تەنیا بە فێرۆدانی کات و سامانی مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەم جیهانە چەند زمانییە بپارێزرێت باشترە لەوە کە جیهان بکرێتــە یەکــزمــانە و دووبارە لەوێدا بگەرێنەوە بۆ جیهانێکی چەندزمانە.

(٢) ئامــارەکــان لە گــۆڤــاری فــارسی زمــانی «پیــام یونسکو، شمارە٣٥٩» وەرگیراون، کە لەلایەن یۆنیسکۆ بڵاوکراوەتەوە.

(٣) نەخـــشـــەی زمـــانی بە هەر چەشنە دەست تێوەردانێکی ئاگایانە دەوترێت کە لەلایەن حکوومەت، یان رێکخراوەیەکی پێوەندیدار بە حکوومەتەوە ئەنجام دەدرێت و لەسەر رێزمان و شێوازی بەکاربردنی زمان لەکۆمەڵگادا ئاسەواری هەیە.

# تروووسکەی ڕەسەنی زمان لە قەڵەمی مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیاندا

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژوو لەژێر زەبروزەنگی بێگانانندا بووە و هیچ دەسەڵاتێک هەلو مەودای گەشانەوەی پێ نەداوە و تەنانەت هەتا ئەو جێیەی بۆیان کرابێ بۆ تاواندنەوە و سڕینەوەشی هەوڵیان داوە و دەیان پیلان و دەهۆیان بۆ داڕشتووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە لە ڕەوت و گەشانەوە نەکەوتووە و هەر زمانێکی دیکە بوایە بە جێی ئەو، ئێستا ئاسەواری نەمابوو. ئەمڕۆش ئەگەرچی زمانی کوردی تا ڕادەیەک لە برەو دایە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ بڵاو دەکرێتەوە و چەند کەناڵی تەلەفزیۆنیشی هەیە، بەڵام زیاتر لە هەموو کاتێک کەوتووەتە مەترسییەوە و ئاوا بڕواتە پێشێ بەدەستی خۆمان تەور لە ڕیشەی دەدەین و لە نێوی دەبەین. بە داخەوە زۆربەی نووسەران و ئەدیبانی ئەمڕۆی کورد لەگەڵ زمانەکەی خۆیان نامۆن و بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی پەتیی کوردی و داتاشینی وشە حەفتا کەلوکون دەپشکنن و هەر کەس بە ئارەزووی خۆی وشە و دەستەواژە دادەتاشێت، بەڵام ئەوەی بە لایانەوە گرنگ نییە و هەر بە خەیاڵیشیاندا نایە ڕێزمانە.

ڕێزمان سەرچاوەی زمانە و هەر زمانێک ڕێزمانی تایبەت بەخۆی نەبێ و پێڕەوی لەو ڕێزمانە نەکرێت تێیدا دەچێت. ئەگەرچی خاوەنی ملیۆنان وشەی پەتی و تایبەت بە خۆشی بێت. بۆ نموونە زمانی فارسی دەتوانین بڵێین هەشتا لە سەدی وشەکانی، عەرەبی و زمانەکانی دیکەیە، بەڵام چونکە خاوەنی ڕێزمانێکی تایبەت بەخۆیەتی، ئێستا یەکێک لە زمانە دەوڵەمەند و زیندووەکانی جیهانە.

ئێمەش بێتو لەسەر زمان و ڕێزمانێکی یەکگرتوو پێک نەیەین و پێڕەوی نەکەین، باشتر وایە هەر لە ئێستاوە دەستی لێ هەڵگرین و لەوە زیاتر خۆمان ماندوو نەکەین و وازی لێ بێنین. بیر و ئەندێشەیەکیش کە هەمانە وا چاکترە بە زمانێک بینووسین کە ڕێزمانەکەی دروست و

ڕەسەنە و تێی دەگەین با دوایی تووشی پەشیمانی نەبین و نەڵێین – بەجارێک ماڵی ویرانم ئەویشم چوو ئەمیشم چوو –.
ئێستا لە باشووری کوردستان ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبە بلاو دەکرێتەوە، بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم دە لە سەدیان تەنیا کاغەز ڕەش کردنەوەیە و بۆنی زمانی کوردییان لێ نایە. زۆری و بۆری نووسەر و شاعیری نادەروەست و بلاوکراوەی نابەرپرسانە بوونەتە درم و پەتای زمانەکەمان، شێوە زمانێکی ڕەق و تەق و هەلەق مەلەق و ناحەزیان دامەزراندووە و پێی دەنووسن کە لە ژێر کارتێکەری عەرەبی و فارسی و تورکی دان و نە ڕێزمانە کوردییەکە دیارە، نە هیچ کام لەو سێ زمانە بە تەواوی پێڕەوی لە ڕێزمانەکەیان دەکرێت.
نووسەران و قەڵەم بەدەستانی ئەمڕۆ بە داخەوە خۆیان بە زانای سەردەم دەزانن و فیز بە بڕوانامەی زانستگەیی و پلە و پایەی فەرهەنگی و ئەدەبییەوە لێ دەدەن و تەنانەت دەماریان ناهێنێت نووسراوەی شاعیران و نووسەرانی کۆن بخوێننەوە و بە کۆنەپەرست و سەلەفییان لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەگەر چاوێک لە ڕابردووی ئەدەبی کورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەران و شاعیرانی نەمر چ خزمەتێکیان بە زمانەکەمان کردووە و هەر کامیان کۆڵەکەیەکی قایم و پتەو بوون بۆ ئەو میچە بەرین و بەرزەی زمانی کوردی و لە مەترسی بوومەلەرزە و تێک تەپین پاراستوویانە و بە جوانترین شێوە هەتا ئەمڕۆیان هێناوە و داویانەتە دەست ئێمە. تەواوی ماوەی تەمەنیان لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕی و نەبوونی و چەرمەسەری و کوێرەوەرییەی بوویانە پارێزگارییان لە زمان و ئەدەبەکەی خۆیان کردووە و خوێنی دڵیان خواردووە و سووکایەتییان پێکراوە و بەند و ئەشکەنجە و زیندانیان بەگیان کڕیوە و تاملێیان کردووە و زمانەکەیان بە ڕوحی خۆیانەوە گرێ داوە و هەتا دوایین ساتی ژیانیان بۆ گەشانەوەی هەوڵیان داوە و خەمیان بۆ خواردووە و بەو ئاواتەوە سەریان ناوەتەوە.
زۆربەی ئەو شاعیر و نووسەرانەش لە حوجرەوە سەریان هەڵداوە و حوجرە دەورێکی گرنگ و بەرچاوی بووە لە بووژانەوە و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبەکەماندا. هەر لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی و حاجی قادر و بێکەس و پیرەمێرد و سالم و کوردی و بێخود و حەمدی و وەفایی و حەریق و قانع و سەیفولقوزات و حەقیقی و ئاوات و خاڵەمین و قزڵجی و زەبیحی و هەژار و هێمنەوە تا دەگاتە ڕاوچی و نووری و ئەم مامۆستایەمان کە ئەمڕۆ یادی دەکرێتەوە هەموو لە حوجرەوە هەڵقوڵیون و هەر کام ئەستێرەیەکن لە قوژبنی حوجرەی گڵێن و دووکەڵاوی و کون تێبووەوە هەڵاتوون و ئێستا ئاسمانی



مەلا عەبدوڵلا ئەحمەدیان

زمان و ئەدەبەکەمانیان ڕووناک و گەشاوە و زریوەباران کردووە.
جێی خۆیەتی لێرەدا بۆرە گلەییەک لە مامۆستایانی ئایینی و حوجرە بکەین و لێیان بپرسین بۆ بێ دەنگن و دەنگ هەڵنابڕن و سەر هەڵنادەن؟ بۆ ئاسۆی حوجرە تەم گرتوویەتی و ئەستێرەی لێوە هەڵنایە؟ خۆ مامۆستاکانی ئەمڕۆ لە هەموو بارێکەوە لە مەلا و فەقێکانی کۆن تێر و تەسەلتر و پۆشتە و پەرداختر و بێ خەمترن و ئازادیی قەڵەم و بەیانیش ئەمڕۆ زیاتر هەیە.
با لەوە زیاتر خوێنی خۆم تاڵ نەکەم و قسەی هەق و ڕەق نەدرکێنم و دڵانی ناسک و شیعراوی و هونەراوی لە خۆم شلوێ نەکەم و درێژدادڕی وەلانێم.
ئەگەر بە چاوێکی هەقبینانە و ڕاستگۆیانەوە بڕوانینە بواری پەخشانی سەردەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە دوای مامۆستا هەژار، قەڵەمی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای ئەحمەدیان لەو بوارەدا لووتکەیە و پاراوی و ناسکی و ڕەوانی و ڕەسەنایەتی زمانی ئەو کەڵە نووسەرە، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات، زمان و وشە و زاراوە و دەستەواژە و پەند و قسەی نەستەق لە دەستیدا وەکو مێو وایە و لە دانان و ڕیزکردنی وشەدا هێندە ئەندازیارێکی زانا و مامۆستایە و هەندێک جار شیرینی و ڕێکوپێکی و جوانی لە زمانی پەخشانەکانیدا دەگاتە ئاستێک خوێنەر مەست دەکات و وەک دەروێش لەوانەیە حاڵی لێ بێت و شاگەشکە بێت.

مـامـۆسـتـا ئەحـمـەدیان لە بواری ئایینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسیدا هەوڵی داوە و قەڵەمە بەبڕشت و بەتواناکـەی وەک کـانیـاوی بەهاران وشـەی ڕەسەن و پەتیی کوردی لێ هەڵقوڵیوە و خوێنەری وریا و کوردیزان و شارەزای زاراوەی ڕەسەنی موکریان دەزانن چ ئەفـسـوونێک لە زمـان و ئاخـافـتنی ئەو پیـاوە پایە بەرزەدایە.

ڕۆمـانی «گەلحۆ» گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و بە نرخی ئەدەبییە کە کەلاوڕێژە لە وشەی ڕەسەن و پەتیی کوردی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمـانێکی ڕەخنەگرانە و تەوس ئامـێزە و ئاماژە بە بیر و باوەڕ و خورافاتی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات و دەیانداتە بەر پلاری تانە و سەرکۆنە.

لە بواری ئایینیـشـدا دەیان کـتـێب و وتاری بەنرخی نووسیوە و بە شێوەیەکی ڕۆشنبیرانە و سەردەمیانە ئاوڕی لە مـەسـەلە ئایینیـیـەکـان و بارودۆخی ئایین و مـرۆڤ داوەتەوە، هەروەها زۆربەی گـەورە پیـاوانی ئەدەب و ئایینی بەسـەر کـردووەتەوە و سـەبارەت بە ژیان و ئاسەواریان نووسیویەتی و تیشکی سەرنجی خستووەتە سەریان و بە کۆمەڵگەی کوردەواری ناساندوون. مامۆستا ئەحمەدیان ئەو گەورە پیاوانەی بە چیای بەرز چوواندووە و لە ڕاستیدا هەر واشە. چونکە گەورە پیاوانێکی وەک قزڵجی و مەلا ئەبووبەکری موسەنیف و مەلا یووسفی ئەسەم، بوداغ سوڵتان و مەلاجامی و... تاد هەروەها چەند لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسیوە لەوانە وەفایی و سابلاغ، مەولەوی و ئاسەوارەکانی لە دەلاقەیەکی نوێوە، بیرەوەریی مامۆستا هەژار، شیعر و هێمن، یادێک لە مەلا کەریمی فیدایی، شوێن دانانی قورئان و حەدیس لەسەر ئەدەبیاتی کوردی، سووکە ئاوڕێک لە مێژووی زمان و وێژەی کوردی و زمانی تەنز و تەوس و... تاد.

هەروەها چەند وتاری ئایینی و نەتەوایەتی نووسیوە: وەک: کورد و ئیسلام، ڕۆژ زەوی مانگ ئاو، هەوا، بیرەوەری کارەساتی جەرگبڕ و دڵتەزێنی هەڵەبجە، زستانی دڵڕەشی کەوڵ سپی تێی تەقاند، جێژنی نەورۆز و پەیام و بیرەوەرییەکانی و... تاد.

لە وتاری «شیعر چییە و شاعیر کێیە؟ شیعر کەڵکی چییە و زیانی چییە؟ شیعری کۆن و نوێ تەوفیریان چییە؟»دا ئاماژە بە زۆر شتی جوان و ناسک دەکات و دەفەرموێت: «شیعر گڕ و گڕپەی دڵانێکە کە مەنجەڵی دڵی چەند ئینسانێکی دیکە لەسەر کوانوویەکی سێ کوچکە وەکوڵ دێنێت و ئەو کوچکانەش بریتین لە:

١- هەستێکی تایبەتی و هەست و خوست و دیتن و بیستنێکی کە دەبێتە هۆی ئەوە شاعیر ڕەنگ و دیمەنی وا دەبینێت و بانگ و هاواری وا دەبیستێت کە هەتا ئەو هاواری نەکردووە و دەست نیشانی نەکردوون، خەڵکی ئاسایی هەواڵێکیان لەوان نەبووە، وەکو ئەوەی کە هەر ئەو دووربینی بەسەر چاوییەوە بێت و هەر گوێی ئەو هەست و خوستی نهێنی ببیستێت!

کوچکی دووەم دەزگایەکی یەکجار بەکاری بیرتاشین و چاوگۆڕین کە شاعیرێک بەهێزی ئەو دەزگایە دەتوانێت دوو کاران بکات، یەکەم: دووربینی دیتنی خەڵک بۆ دیتنی ڕاستەقینەکان ئەوەندە بەتین و گوڕ و قۆچاغ بکات، کە هەق و ناهەق و چاکە و خراپە بە ڕەنگێکی یەکجار زەق و زیندوو ببینن.

دووەم: دووربینی دیتنی خەڵکی وەها سەرەوبن کەن کە شتی زۆر کەم و بڕیان بە زۆر و زەوەند وەبەر چاوی خەن!

کوچکی سێیەم: هێزی داڕشتنی بیر و لە قاڵبدانی خەیاڵ کە شاعیرێک بە جۆرێکی ئەوەندە هونەرمەندانە ئەو بیر و خەیاڵانە دادەڕێژێت و قاڵبەکانیان پێک دەگرێت و هاوتایان دەکات و جەمسەرەکانیان هاوڕەنگ و هاودەنگ دەکات و شایانی بیستنیان دەکات....»

کە بە بڕوای من جوانترین وەڵامی بۆ شیعر چییە بە دەستەوە داوە. بۆچوونی ئەو مامۆستا بەڕێز و زانایە وردبینانەترین وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە. لەو وتارەدا زۆر بێ لایەنانە شیعری نوێ و شیعری کێش و سەروادار هەڵدەسەنگێنێت و ئاماژە بەو خاڵە گرنگەش دەکات شیعری نوێ ڕەنگە لای نەتەوەکانی دیکە نوێ بێت، بەڵام لە لای ئێمەی کورد سەدان ساڵە بەشێوەی بەیت و حەیران و بەندەکان گوتراوە و منیش بەش بە حاڵی خۆم ئەو ڕایەی دەسەلمێنم و لە وەتای دەستم قەڵەمی گرتووە و بیرم بڕی کردووە هەر لەسەر ئەو باوەڕە بووم و شیعری نوێم بە درێژە پێدەر و کامڵ بووی بەیت و حەیران و بەندەکان زانیوە. شیعریش ئەگەر شیعر بێت لەهەر قاڵب و فۆرمێکدا بێت شیعرە و شیعری ڕاستەقینەش یانی ئاوێنەی زەمان، ئاوێنەیەک کە لە چوارچێوە گیرابێت یان بێ چوارچێوە بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە جوانی و ناحەزی و هەقیقەتی ژیان و زمان و کۆمەڵگە نیشان بدات.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە تکا لە نووسەران و شاعیرانی لاو دەکەم ئاگایان لە زمانەکەمان بێت و هەوڵ بدەن زمانی کوردی بەشێوەی دروست و ڕێزمانی دروستەوە فێر بن و پێی بنووسن. ئەوەش تەنیا لەسایەی قەڵەم و ڕێبازی گەورە پیاوانی گەلەکەماندا وەدەست دەکەوێت و دەتوانین تینوویەتیمان لە کانیاوی بیر و زانست و زمانی ڕەسەنی گەورە پیاوانێکی وەک مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و مامۆستا ڕاوچی و مامۆستا ئەحمەدیان بشکێنین و پاراو بین و درێژە پێدەری ڕێگە پاک و بێ گەردەکەیان بین.

# نواندنی سرووشەیی سوێدی له وۆرکشۆپ و نمایشێکی هاوبەشدا

موحسین محەمەد

مێژووی شانۆی نەتەوەکان ئەوەی سەلماندووە، هونەری شانۆ بە تێکەڵ بوونی کولتوورەکان گەشە دەکا، هەر ئەو ئەزموونەش ئەوەی سەلماندووە، تەکنیکی شانۆ بەتێکەڵ بوون و لەیەک وەرگرتن و دانەوە، کەرەستە هونەرییەکانی دەوڵەمەند دەکا. وەزارەتی ڕۆشنبیری بەگشتی و بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر بەتایبەتی چەند ساڵێک دەبێ، هەوڵ دەدا، شانۆی کوردی و شانۆی ئەورووپی لە یەک نزیک بکاتەوە. هەرچەندە هەنگاوەکان زۆر سستن، بەڵام ئومێدی ئەوەی لێدەکرێ، لە ئایندەدا بەرنامەیەکی زۆر پوخت و جوانی لێدەربچێ. ڕێکەوتنی شانۆی ئەندەر ڕۆهەری ئەڵمانی و ماڵی شانۆی ئەڵمانی، نوێترین چالاکی، وۆرکشۆپ و نمایشی هاوبەشی گرووپی، نواندنی سرووشەیی سوێدی و شانۆی هەولێر گەواهی ئەو ڕاستییەن. بەڕای من لەبری پێشکەش کردنی بەرهەمی قەڵپی شانۆیی، کە دەبێتە هۆیەک بۆ بەهەدەردانی دارایی. ئەو تێکەڵ بوونە شانۆییە، سوودی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری خۆی دەبێ. نزیک بوونەوەی کولتوورەکان، ئەمڕۆ بۆ کوردستان زۆر پێویستە، ڕەنگە ئەوەی بە سیاسەت نەکرێ، بەتێکەڵ بوونی کولتووری زۆر بە ئاسانی بێتەدی، کورد ئەمڕۆ باشترین دەرفەتی لە پێشە بۆ تێکەڵ بوون و لەیەک تێگەیشتنی کولتوورەکان. بێ گومان ئەو تێکەڵ بوونە زەخیرەیەکە بۆ گەشەپێدانی بوارەکانی کولتووری لەکوردستاندا، ئەو دەرگایەی کە دەیان ساڵ بوو بەسەر کولتووری کوردیدا داخرابوو، زیانی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان هێنا، هەمووش دەزانین ئەم دەرگایە لەلایەن عەقڵی شۆڤێنی دیکتاتۆرییەوە داخرابوو، لەبەر ئەوە کردنەوەی ئەم دەرگایە ئەرکێکی نیشتمانییە. شانۆی سرووشەیی، وەک لە پرۆگرامی

تیپەکەدا هاتبوو، لە بری شانۆی ئیرتجالی عەرەبی بەکارهاتووە، بە بۆچوونی من بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ ئەو شانۆیە لەبار نییە. مام هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا دەڵێ: سرووش فریشتەی پەیامبەر جبرائیلە، گیوی موکریانیش لە فەرهەنگی کوردستاندا دەڵێ: سرووش فەرمانێکە بەهۆی فریشتەوە لەخوداوە بۆ پێغەمبەران دێ. هەندێ لە نووسەرانیش سرووش لەبری ئیلهامی عەرەبی بەکاردێنن. هەندێ لە نووسەرانی بواری شانۆش، پێشتر شانۆی ڕاگوزاریان بۆی بەکارهێناوە. ڕاگوزار لە هەنبانەبۆرینە و فەرهەنگی کوردستاندا هاتووە- ڕێگەیەکی هاتوچۆ- ڕێبوار. منیش هەمیشە، درامای ڕەوان و شانۆی ڕەوانم بەکارهێناوە. مام هەژار دەڵێ: ڕەوان، هەرچییەک لە ڕۆیشتندا گە نەکا واتە نەوەستێ. گیوی موکریانی دەڵێ: ڕوان- گیان- جاری- کەسێک لە ڕۆیشتندا زیرەک بێ. جاران دەیانگوت دەرسەکەی ڕەوانە، وات لەبەریتی، بۆیە من هەمیشە بروای تەواوم هەبووە شانۆی ڕەوان و درامای ڕەوان نزیکتر و دروستترە. ناکرێ ئێمە هەمیشە زاراوەکان بگۆڕین، چونکە لە ڕووی زمانەوانییەوە، جۆرە سەرلێشێوانێک بۆ نەوەکان دروست دەکا. بەردەوام بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی هەمەجۆر بۆ یەک زاراوە، ناچێتە خانەی بەکارهێنانی هەڵەی باوەوە، بۆیە پێویست بوو ئەو برادەرانەی لە گرووپە سوێدییەکە نزیک بوون، ئاورێک لە ڕابردووی ئەم زاراوەیە بدەنەوە. شانۆی ڕەوان بەو مانا هونەرییەی، پێشتر لە کوردستاندا نەبووە. ڕەنگە هونەری ڕەوان ئێستا بەئاسانی لەکوردستاندا دروست نەبێ، دەکرێ ئەمە بناغەیەک بێ بۆ داهێنانی ئەم شانۆیە لە ئایندەدا. هونەرمەندی جوانەمەرگ (سوبحی کۆیی) لەسەرەتای حەفتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەندێک تەقەللای لەو جۆرەی هەبوو، بەڵام ئەوسا لەبەر ئەوەی پشتیوانی نەبوو، باری سیاسیش لەبارنەبوو، لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ لەنێوان کورد و حکومەتی بەغدا، تەقەللاکانی (سوبحی کۆیی) لەبارچوون. بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، کارێکی زۆر باشی کرد بە کردنەوەی وۆرکشۆپی نواندنی ڕەوان بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ، پاشان نمایش کردنی هاوبەشی ڕەوان بۆ بینەران کە یەکەمین جارە ئاشنایەتی لە تەک ئەو شانۆیەدا پەیدا دەکەن. گرووپەکە لەو هونەرمەندانە پێک هاتبوو. تەلار هیرانی، ڕۆبەرت ڤاسیت، کامیلا بارشۆن،



ماریا ئۆلسۆنی میوزیک ژەن. کورد درامای ڕەوانی هەبووە، زۆرجاریش لە مێژووی کۆنی شانۆی کوردیدا باسی ئەمەمان کردووە، درامای ڕەوانی کوردی لە بارە لایەنە کۆمیدییەکەی هەمان خەسڵەتی شانۆی ڕەوانی هەیە، بەڵام جیاوازە لەبابەتەکانیاندا. لە درامای ڕەوانی کوردیدا، هونەرمەند نەبووە، خەڵک، ئەوانەی کە بوێر بووینە، پشتاوپشت بابەتەکانیان لەبەر بووە، لە بۆنەکان، ڕاستەوخۆ نمایشیان کردوون، بەڵام لە شانۆی ڕەوانی نوێ بابەتەکان ڕاستەوخۆ لە هەمان کات و ساتی ئامادەبوونی بینەران، دروست دەکرێن. لە درامای ڕەوان، بینەران چەشنی بینەرانی شانۆی ڕەوانی نوێ بەشدارییان کردووە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز. خەسڵەتێکی تری شانۆی ڕەوان ئەوەیە، نواندنی بێ دەنگ هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیاندنی بابەتە کۆمیدییەکە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، ئەکتەر لە شانۆی ڕەواندا پێویستە توانایەکی جەستەیی باش و زۆر خێرای بۆ گۆڕانکارییە لەناکاوەکان هەبێ. من دووجار چوومە وۆرکشۆپەکە، هەموو ئەو توانا هونەرییانە لە گرووپە سوێدیەکەدا هەبوو. بەپێچەوانەوە، بەشداران بەتایبەتی ئەوانەی دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، حەزیان لە ئیشەکە بوو، بەڵام توانایان لە کار و کاردانەوەدا زۆر سست و بێ توانابوون. کامیلیا بارشۆن، داوای لە بەشداران دەکرد، یەکسەر بەبێ بیرکردنەوە دیمەنێک نمایش بکەن، بەشداران یەکەیەکە، دەهاتن ئەو وێنانەیان دووبارە دەکردەوە کە لە ژیاندا بینیویانە، بەناوبانگترین دیمەنیش، پاقلاوە فرۆشەکە بوو، کە من لە هەردوو ڕۆژی ئامادەبوونمدا، لاسایی کردنەوەی ڕۆبەرت ڤاسیتم دەبینی

زۆر سـەرسـامـیش بووم بە دووبارەکـردنەوەی وشـەی پاقـلاوە، بەشـێـوەزاری سـوێدی. یەک دوو بەشـداربووم دەبینی توانایان زۆر سـڕ بوو، ئەوانەی بە تەواوی دەوەسـتـان و نەیاندەزانی چی بکەن. ڕاهێنانەکـان زۆر باش بوون، بەتاک و بەکۆ ئەنجام دەدران. ئەوەی بە کۆ ئەنجـام دەدرا، کـاردانەوەی هەبوو. دروست کـردنی ناوونیشـانێک و درێژکردنەوەی ناوونیشـانەکە لەلایەن یەکـە یەکـەی بەشـداران تەنیـا بەدواندن بوو، زۆر کـەم جەستەی لەگەڵ بەکار دەهات، ئەمەش ڕەخنەیەک بوو لە بەشداران دەگـیرا، ڕۆبەرت، یان کـامیلیـا، زۆر توند و لەسـەر یەک بەشـدارانیـان هان دەدا خـێرا بچنە پێش، زۆرجـار ئەوان سـست بوون، هۆیەکـەشی ئەوە بوو ئەوان لەسـەر ئەو جۆرە نمایشـانە ڕانەهاتبـوون. ئەوەی جێگەی سـەرسامی من بوو، گـرووپە سـوێدییـەکـە، زۆر دڵسـۆز بوون، ئەوان دەیانویست کاتەکە بەفیـڕۆ نەڕوا، زۆرترین شت بگەیەننە بەشـداران. توانای ئەوان بەڕاسـتی زۆر جـوان و بەهێـز بوو، چەند دیمەنێکیـان پێشکەش کـرد، جـوان و پڕ داهێنان بوو، زۆرترین جـووڵەی گـوزارشـتی خێرا و پڕ مانایان نیشـان دەدا. دیمەنی ئەو ژن و مێردەی کە لەژێر تاوەری ئیڤڵ لەپاریس یەکتر دەبیننەوە و پاشان دەگـەڕێنەوە مـاڵ، لەگـەڵ درێژکـردنەکـە و ڕاکـردن بە ئۆتۆمبێل و کەوتنە دوای یەک و کوشتن و هاتنی پۆلیس، تامـوچێـژێکی هونەری بەرزی هەبوو، هەمـوو توانای ئەوانی دەرخست، لە نواندنی چەندین کارەکتەر لەیەک کـاتدا و زۆر بەخـێرایی. من جۆرێک لە ئامادە سـازیم بینی لە گـرووپەکـە بەتایبـەتی لە کـەسیـەتی پیـاوە قـەڵەوەکـە، ئەوەشم بۆ تەلار ڕوون کـردەوە، ئەویش لە ڕۆبەرتی پرسی، وتی ڕەنگە تەمسیلی ئەو کەسایەتییەم کردبێ.

مـاوەی نۆ ڕۆژ وۆرکشـۆپ لەگەڵ گرووپێکی بەتوانای وەکـو ئەو گـرووپە سـوێدییـە سـوودی زۆرە بۆ ئەکـتـەری بەتوانا، بەداخـەوە بەگـشـتی من ئەمـەم لە بەشـداران نەبینی، لە ڕۆژی نمایشی کۆتایی، ئەوەی ئەوان نمایشیان کرد جێگەی سەرسامی من نەبوون.

دیمەنی قـاپ شـووشـتنەکـەی غـازی شـینە و دیمەنی دووکاندارەکە، کارۆخ، زۆر تەقلیدی بوون. هەروەها ئەو بەشـەی تایبـەت بوو بە سـوێدییـەکـانیش، ئاسـایی بوو، لەئاسـتی ڕۆژانی کـار نەبوون. دیمەنی ڕۆبەرت کـە بەڕێوەبەری کۆمپـانیای تێلێکۆمە، داوای لە بینەران کرد



ناوونیـشـانێک بۆ ئەو کـۆبوونەوەیە هەڵبـژێرن، منیش بابەتی دابەزینی نرخی قسەکردنم پێشنیار کرد، ڕۆبەرت زۆر بەدڵی بوو، بە ئاماژە وەڵامی دامەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی بینیمان زۆر بێ مانابوو، ڕۆبەرت وەکو بەڕێوەبەر بەتووڕەیی بەدەنگی بەرز کۆبوونەوەی لەگەڵ دوو ئەندامی کۆمپانیاکەی دەکرد، ئەوانیش، لە ئاوڕدانەوەی بۆ لایەنی تر بەشێوەیەکی کۆمێدی گاڵتەیان پێدەکرد، ئەویش کە دەبینێ، کەسەکەی دەردەکرد، یەکێکی تر دەهاتە شوێنی ئەو، بەم شێوەیە، کۆبوونەوەیەکی بێ مانا و کۆمێدی بەڕێوە دەچوو. هۆبهـا لێکردنی بینەران لە ئەکـتـەر بە شـێـوەی ئەورووپی، ئوووو، ئوووو، ئووو، لە دیمەنی گـێـڕانەوە و درێژکـردنەوەی گـرووپی بەشـداران، وەکـو سەرەتایەک بۆ گەرم کردنی بینەران وانەیەکی باش بوو بۆ شارەزابوون لە شانۆی ڕەوان (ئیرتجالی). ماوەی هەردوو نمایش تەنیا یەک کاتژمێر بوو.

بێ گـومـان بەبۆنەی ئەم وۆرکشـۆپ و نمایشـەوە، دوو پرسیاری زۆر گرنگ دێتە پێشەوە یەکەمیان ئەوەیە: ئایا بەشـدارانی ئەو وۆرکـشـۆپە بەردەوام دەبن لەسـەر ئەو شێوازە هونەرییە. پرسیاری دووەمیش ئەوەیە: ئەگەر هیچ یەک لە بەشداران بەردەوام نەبوو لەسـەر شـانۆی ڕەوان: ئایا لەژێر کـاریگەری ئەو گـرووپە، ئومـێـد دەکـرێ گرووپێکی شانۆیی لەم چەشنە لە شاری هەولێر دروست ببێ؟ بەهەندێک وردبوونەوە لە ئاست و شێوازی هونەری بەشـداران، دەکـرێ یەکـسـەر وەڵامی پرسـیـاری یەکـەم بدەینەوە، نەخێر بەشداران، نە وەکو تاکەکەس، نەوەکو گرووپ لەسەر ئەم شێوازە هونەرییە بەردەوام نابن، بەڵام بەدووری نازانم، دەرهێنەرەکـان بەتایبـەتی گـەنجـەکـان لە

ئایندەدا دیمەنێک، یان چەند دیمەنێکی ڕەوان لە شانۆگەرییەک بەکاربهێنن. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمیش، بێ گومان لە ئایندەیەکی دوور گرووپی شانۆی ڕەوان ئەگەر لەهەولێریش دروست نەبێ، لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێ.

شانۆی ڕەوان، شانۆیەکی ئەماتۆرییە، واتە کەم ئەزموونە، پیشەیی نییە، لە کەشوهەوای ئازاد و زۆر دیموکراسی نەبێ، ئەو هونەرە دروست نابێ و گەشە ناکا، سەرباری ئەوەش شانۆکارانی ئەو شێوازە، پێویستە توانایەکی جەستەیی و هونەری و سیاسی و یاسایی زۆر بەرزیان هەبێ، بۆ ئەوەی کارەکانیان بۆ بینەران سوودبەخش بێ، بۆ خۆشیان پارێزراوبن لە لێپرسینەوەی یاسایی، چونکە ئەو شانۆیە، نە نووسەری هەیە نە دەرهێنەر، بینەریش لەم شێوازەدا بنەڕەتی هاندان و دروست کردنی بابەتە.

بێ گومان هەر شێوازێکی هونەری کە پەیدا دەبێ، زەمینە و هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. لە پێناسەکردنی ئەو هونەرەدا، بەشداری بینەران لە هەڵچنینی نمایش، پێمان دەڵێ: ئەو شانۆیە لەکۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو نەبێ، سەرهەڵنادا و گەشە ناکا.

بەواتایەکی تر شانۆی ڕەوان بۆ بینەری بژاردەیە، ئەگەر ئەو جۆرە نەبێ، ریتمی نمایش ناچێتە پێشەوە، من ئەمەم بە ڕوونی لە نمایشی هەردوو گرووپەکەدا بینی. هۆکارەکانی بەشداری بینەران زۆرن، لەوانە کات بەسەربردن، حەزکردن بە ڕوحییەتی تێکەڵ بوونی تاکەکان بە کۆمەڵەکان. چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی باو لەناو کۆمەڵ. بەپێی ئەو خەسڵەتانە، ئەو شانۆیە لەکۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا پتر خۆی دەنوێنێ وەک لە کۆمەڵگایەکی هەژاری دواکەوتوودا.

تەلار هیرانی لە بەشێکی پێناسەی پرۆژەکە دەڵێ: فۆرمی ئەو شانۆیە لە سەرچاوەیەکی زۆر پراکتیکی زانستی هەڵدەقوڵێ. ئامانجی ئەم شانۆیە ئەوەیە خەیاڵ، فەنتازیا، ئەفراندن، توانای کارکردن و حەکایەتخوانی ئەکتەرەکان لە ڕێگای مەشق کردنەوە بەهێز بکا، ئەم مەشقە تەنیا بۆ ئەکتەرەکان نییە، بەڵکو بۆ خاوەنکار، بەڕێوەبەر، فێرکار و کارسازەکانیشە بۆ مەشقی کۆمیونکاسیۆن، پێکەوە کارکردن و ئەفراندنیان. ئەو دەڵێ لە سوێد خواستێکی زۆر گەورە لەلایەن خەڵکەوە هەیە بۆ کۆرس خوێندن لەسەر شانۆی سرووشەیی، بۆ



ئەوەی توانای خۆیان بەهێز بکەن. ئەم چەند دێرەی تەلار هیرانی دان بەو ڕاستییەدا دەنێ کە چۆن ئەم شانۆیە بە خۆرسکی لە سوێد لە دایک بووە، بە کورتییەکەی لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا پێویستی پێ بووە، بۆیە ئەم شانۆیە سەری هەڵداوە. بەبۆچوونی من ئەم شانۆیە، لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە کاریگەرییەکانی جەوروستەمی ڕژێمی دکتاتۆرییان لەسەرماوە، ناتوانن پەرە بەم هونەرە بدەن، لەبەر ئەوەی پرسی ئەو ژینگانە زۆر ئاڵۆزن، ژیان پێویستی بە ئاراستەیەکی پەروەردەیی قووڵ هەیە، لەپێناو سەقامگیری و ئاشتی ڕۆڵەکانی. بەردەوامی هۆکارێکی گرینگی هەبوونی ئەو هونەرەیە، شانۆی ڕەوان ناتوانێ چەشنی شانۆی پیشەیی و ئارەزوومەندان، لە کوردستان، ماوەیەک بوەستێ، ماوەیەکی تر بەردەوام بێ. لە هەمان کاتدا، دەکرێ تیپێکی تایبەت هەبێ، بەردەوام مەشق بکاو لە وەرزەکان ڕوو لە بینەران بکا، شێوازی کۆمیدی لەشانۆی ڕەوان زۆر گرنگە، ڕەنگە بینەری زۆر زیاتر بێ لە شانۆی تراژیدی. بینەران کە دەڕژێنە ناو هۆڵەکان لەم جۆرە هونەرەدا، شتە باوەکانی ئەو ڕۆژەی نمایش، دەبنە ناوونیشان و بابەتی داواکراوی بینەر، ئا لێرەوە ئەکتەرەکان جۆرێک لە ئامادەسازییان لە پێشە. ئەکتەرەکان بەشێکن لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین، لەبەر ئەوە هەرگیز تووشی بابەتی نوێ، یان نامۆ نابن، تەنیا ئەوەی لەسەر ئەوان دەمینێتەوە تەکنیکی نواندنە، کە دەبێتە هۆیەک بۆ ڕاکێشانی بینەرن بۆ ناو هۆڵەکان.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## فریشتە خان

فریشتەخان ناوی تەواوی: (خەجیجە مستەفا محەمەد ئاغای کوڕی مستەفا ئاغای گەورەی حەویزی)یە، ساڵی (١٩٢٦) لە شاری کۆیە لە گەڕەکی (هەواوان) هاتۆتە دنیاوە.

گوتم: لە قوتابخانە خوێندووتە؟

گوتی : نەخێر.

گوتم: ئەدی کە هۆنراوەت دادەنا چۆنت دەنووسینەوە؟

گوتی: لە چلەکاندا کاتێ تەمەنی خوێندنمان هات، ئێمەی منداڵانی گەڕەک، وەک منداڵەکانی: مامە جەلال ئاغا و جەمیل ئاغا و ئاغاکانی دیکەی گەڕەکی خوارێ و منداڵەکانی عومەری مامە قالە و هی سۆفی خدری خۆمان و زەهوەخان و هی تریش، هەموو بۆ قوتابخانە ناونووس کراین، ئەو ڕۆژە کاتێک باوکم بۆ ماڵ گەڕایەوە، من و حەکیمەخانی خوشکم بە دڵخۆشییەوە بەرەوپیری چووین و گوتمان: دەچینە قوتابخانە، بۆ مەکتەب ناونووس کراین!

باوکم گوتی: کچەکان نابێ بچن، مەکتەب بۆ کوڕانە، با ئەوان لە ماڵ یارمەتی دایکیان بدەن! فریشتەخان گوتی: ئێمەی تەمەن شەش ساڵان یارمەتی چی دایکمان بدەین؟ بەڵام نەمان وێرا قسە لە فرمانی باوکمدا بکەین، ئەوکاتە وابوو. ساڵی (١٩٥٢) باوکم کۆچی دوایی کرد، دوای ماوەیەک بیرۆکەیەکم بۆ هات و بە خۆمم گوت: ئێمە تاکەی لە خوێندن و زانین بێ بەش بین؟ بۆیە یاداشتێکم بە خوێندەوارێک نووسی و ڕۆژانە بۆ (٧-٨) ماڵان دەچووم، بۆ ئیمزا کۆکردنەوە، دواجار توانیم یاداشتەکە بە (٩٥) کچ و ژنی کۆیەی نەخوێندەوار واژوو بکەم، ئینجا بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی



**فریشته خان**

کـچـانی کـۆیەم برد، ئەو کـاتـە (ست زەکـیـیـە)ی ژنی (مستەفا بەگ) بوو، خەڵکی سلێمانی بوون، مستەفا بەگی مـێـردی لە کـۆیە ئەوکـاتـە بەڕێوەبەری دائیـرەی (کـــشـــتـــوکـــاڵ) بـوو، ئەویش بەرزی کـــردەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئامـــادەیی کـــۆیە و دوای ڕازی بوون، یاداشـتـــەکـەم بۆ هەولێـر بۆ دائیـرەی (مـەعـارف - پەروەردە) ڕەوانەکـرا، کـارەکـە (٢- ٣) مـانگی برد، ڕۆژێک لە دەرگـای حـەوشـەمـان درا، دایکم چوو بزانێ کێیە! بەپەلە بۆ لای من هاتەوە و گوتی: کچەتیو ئەوە چ کـەتنێکت کـردووە؟ (پۆلیس)ێک و (مـوخـتـار) و (ئەفەندی)یەک پرسیاری تۆ دەکەن! منیش پێکەنیم و گوتم: مادام ئەفەندییان لەگەڵدایە ئیشی خوێندنەکەمە، ئەوەبـوو چووم بـۆ لایـان و نـووســــراوی ڕازی بـوونـی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی هەولێریان نیشان دام، منیش بۆ لای (ست زەکییە) چووم بزانم کەی دەست بە خوێندن دەکەین؟ گوتی: هەفتەیەک مۆڵەتم بدەن. دیارە بۆ ئەوەی بووە، پێداویستییەکانی خوێندن و مامۆستامان بۆ دابین بکەن. ئەوەبوو چوار مامۆستایان بۆ ئامادەکردین: (فەقێ گورێ)، ئەوکاتە لەو قوتابخانەیە (کرێکار) بوو، بەڵام وانەی ئایینی بە قـوتابیـان دەگـوت، (ست نەجیـبـە) بۆ وانەی عـەرەبی خـەڵکی مـووسڵ بوو، (ست خـانە) بۆ وانەی کوردی، (ست نەزیرە) بۆ وانەی بیرکاری. ئینجا

گوتیان: سبەینێ هەر کەسە قەڵەم و دەفتەرێک بهێنێت، ئیتر خوێندنە. ئێمە بەسەر سێ پۆل دابەش کراین: پۆلی ئێمە (٣٥) کەس بووین، لە بیرمە پیرۆز خانی کچی وەستا محەمەد بەننا کە زۆر کوردپەروەر و بەڕێز بوو، زەهوەخانی شێخ نووری، حەلیمەخانی دایکی باش کاتبی کە خوشکی مەلا سدیق و ئاوڕەحمان شەرەف بوو، ئەوانە لەو پۆلە لە گەڵمدا بوون، دوو پۆلەکەی تر لە هەر پۆلە (٣٠) قوتابی دانران. لە بیرمە کە بۆ لای تەختەڕەش هەڵدەستام و شتێکم دەزانی، چەپڵەم بۆ لێدەدرا، دنیایەک کەیفم دەهات! سێ مانگ لەو خوێندنەمان بەردەوام بووین، ڕۆژێک لە ماڵەوە دوو هاوڕێی حزب لە دەرگای حەوشەیان داین، گوتیان: پوورە فریشتە ئەوە (٦) دانە بڵاوکراوەی (دەنگی کارگەران)ە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاپ گەییوە، حزب بۆی ناردووی بەسەر قوتابییانی ئەو قوتابخانەیە دابەشی بکەیت. ئای دڵم بەوکارە خۆش بوو، گوتم: بۆ پارتی کۆمۆنیزم هەر بەچاوان، ئێستاش هەروام و نەگۆڕاوم! ئیدی بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە زووتر بۆ مەکتەب چووم، قوتابییانی پۆلی شەشەم کە بە تەمای ماڵەوە بوون، پرسیاریان کرد: ئەمڕۆ بۆ وا زوو هاتوویت؟ گوتم: وەرن ئیشم پێتانە، ئەوانەی بیرم ماون (نەسرین قادر حەسەن) و (شوکریە مەجید)، ئیدی ئەو بڵاوکراوەیەم بە شەش دانە بەو کچانە داو لەسەر داوای حزب هەر یەکە (٥٠) فلسیشم لێ وەرگرتن. دیارە یەکێک لەو کچانە بڵاوکراوەکەی لە دەست کەوتبووە خوار و کارەکە ئاشکرا بوو! بۆ بەیانی بەڕێوەبەر بەدوایدا ناردم و چایەکی بۆ بانگ کردم و گوتی: ئەم مەکتەب و خوێندنە بە ناوی تۆیە، بۆیە دەمەوێ بزانم تۆ هاتووی بۆ خوێندن، یان بۆ سیاسەت کردن؟ سەرەتا نکوولّیم کرد، بەڵام کاتێ زانیم ئەو کچانەیان سزا داوە و هەموو شتێکیان درکاندووە! بە ست زەکییەم گوت: مامۆستا ببوورە، ئەو قوتابییانەش سزا مەدە و لێ گەڕێ با بچنەوە بۆ پۆلەکانیان و پۆلەکانی ئێمەش دامەخە، چونکە هەموو خەڵک زانیویەتی ئێمە لێرە دەخوێنین، خۆت خراپ مەکە! گوتی: هەڕەشەم لێ دەکەیت؟ گوتم: نا بەڵام مەکتەبەکە دانەخەی چاکترە. لەو کاتەشدا بوو، قوتابخانەکە بۆ ناو قوتابخانەی یەکەمی کۆیە گوێزرایەوە، ئیدی بۆنەیەکی باش بوو بۆ بەڕێوەبەر، بۆیە دوای (١٠) ڕۆژ بەدوای ناردم و گوتی: خۆت و هاوەڵانت بڕۆنەوە بۆ ماڵەوە، قوتابخانەکە بۆیاغ دەکەین و ماوەیەکی تر خۆمان بە دواتاندا دەنێرینەوە! بەڵام هەر ئەوە بوو. تا ساڵی (١٩٥٨) لە (١٤)ی گەلاوێژی ئەو

ساڵەدا خۆشبەختانە شۆڕشی تەمموز بەرپاکرا، دیسان هەمان یاداشتم نووسی و پێشکەشمان کرد، بەڵام ئەم جارە بە دەنگمانەوە هاتن و سەرجەم مامۆستاکانی سەرەتایی و ناوەندی کۆیە دەهاتن و بە خۆڕایی وانەیان پێمان دەگوتەوە. لەم قوتابخانەشیان (٢) مانگم خوێند.

گوتم: چەندجار بۆ دەرەوەی وڵات نێردراویت و کەی بووە؟

گوتی: لەبیرمە لەو ماوەیەی دوایی خەریکی خوێندن بووم، نامەیەکم لە بەغداوە بۆ هات، تێیدا هاتبوو: بەو پێیەی تۆ خوشکی کاک ئەحمەد دڵزاریت و لەناو پارتی کۆمۆنیزمی عیراقیش چالاکیت و خەڵکێکی زۆریشت لەگەڵدایە، بۆیە بڕیارمان داوە تۆ بۆ: (کۆنگرەی دەیەمی سەرجەم ئافرەتانی وڵاتی چین) بنێرین، لە هەمـوو عیراقەوە (٧) ژن دەستنیشان کرابووین، من و (ناجیەخانی عەزیزئاغای) ژنی (حەمە پاشای) قەدیم قایمقامی کۆیە، بە ناوی دوو ملیۆن کوردەوە، دیارە پێنج ژنەکەی تریش وەک نوێنەری پێنج ملیۆنەکەی تری خەڵکی عیراق بوون، ئەو سەفەرەمان دوو مانگی خایاند، هەر لەوێوە بۆ (ڤێتنام) و (کۆریای باکوور) و (یەکێتی سۆڤێتی) ئەوسا چووین، داوەت کرابووین. هەرچی کەرەستەی کولتووری خۆمان هەیە بۆیان ئامادە کردبووین، بۆ نموونە: جلوبەرگی بووک و زاوا و لانک و منداڵ و دەسرازە، پێڵاوی (کارەک)ی سەر بە گوڵێنگە و (سۆل)ی سەر بە ئاوریشمی ڕەسەنی کۆیە و دەیان شتی دیکەی کوردەواریمان نیشانی گەلانی دنیادا، بەتایبەتی ئەوانەی بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون.

گوتم: لەگەڵ کەسایەتی ناوداری کۆیە (نەجیبەخانی جەنابی مەلای گەورەی کۆیە)، بەو پێیەی تۆ بەرپرسی (کۆمەڵەی مافی ئافرەتان) و ئەویش بەرپرسی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) بوو لە کۆیە پێوەندیت چۆن بوو؟

گوتی: نەجیبەخان وەک خوشکی گەورەم بوو، مامۆستای کوردایەتیم بوو، باسی مێژووی کورد و شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کوردی بۆ دەکرم. یایەگەورەم، دایکی ست قومری و ئەوان، هەر چەند جار نەجیبەخانی دەدیت، دەیگوت: وەک حەزرەتی فاتیمەی زەهرام دیبێ وایە! ئەوەندە کەسایەتییەکی بەڕێز و ئەوندەشی خۆش دەویست. جارێکیان نەجیبەخان بۆی گێڕامەوە و گوتی: ڕۆژێکیان بانگی ئێوارەی دابوو، باوکم جەنابی مەلای گەورە جارێ هەر لە ژووری سەرەوە بوو، منیش هەر بانگم دەکرد: بابە... بابە. دواجار گوتی: چییە، چیت دەوێ؟ گوتم: درەنگە نوێژت نەکردووە! گوتی: کچم بابەتێکم لەسەر (کوردەواری) بە دەستەوەیە، گەلێک لە نوێژ خێرترە، بەڵام نەتهێشت تەواوی بکەم! دواجار دوای کۆچی جەنابی مەلای هەر نەجیبەخان خۆی ئەو کتێبەی بۆ تەواوکرد و بەچاپی گەیاند. ئەو ژنە هەرچەند کارەساتی لێ قەومابێت، نەماندیوە، هاوار بکات و بابەڕۆ بکات، هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ بوو، بەردەوام ڕەشپۆش، خەڵکی ڕێزیان دەگرت، قسەیان نەدەشکاند، تا لە ژیاندا بوو، چەندین بەڵای گەڕاندۆتەوە و چەندین خەڵکی ئاشت کردۆتەوە.

گوتم: گەر بیرت مابێت دەنگخۆشانی کۆیە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریت لە شاری کۆیە کێ بوون؟

گوتی: لە هەموویان دەنگخۆشتر (مەلا ئەسعەد) بوو، لە دوای ئەویش باوکت (ئەحمەدی مام حەمە مەلای)، دەنگخۆشی باوکت بێ وێنە بوو، باوکت دەنگ و مەقامی وەک دەڵێن: لە کەللەی بوو، بە هۆنراوەی (سافی هیرانی) کە هەر هەمووی لەبەربوو، هەموومان بە دەنگی باوکت دەگریاین:

**سافییا کافیە بۆ دنیا و قیامەت یاری خۆم..تاد**

شتێکی دیکەی دەگوت: هەر ئەوەندەم بیر ماوە کە دەیگوت:

**ڕوح کە چوو نایێتەوە.....** جگە لەوە زۆر هۆنراوەی شاعیرە ناودارەکانی کوردی لەبەر بوو.

گوتم: گۆرانی لە کۆیە لە چی بۆنەیەکدا دەگوترا؟

گوتی: لە بۆنەی خۆشی، شایی دەکرا و لە شین و پرسەشدا لاواندنەوە و سەردوولکە دەگوتران، لە گۆرانی و سەردوولکەی پرسەدا: (یائامینەی خەلەف چاوەشی) و (یا مێرەمێ میرانی) کە سەر بە حەوێزییان بوو، لەگەڵ ئەمەیان هەمووکەس دەگریا، (یا کافیەی مەلایان) بە تایبەتی لە شیوەنی جەنابی مەلای گەورەدا، لەگەڵ دەنگی ئەو ژنە خۆیان دەکوشت. (خەجێی دارکەری) کەم وێنەبوو، ئێمە منداڵ بووین، ئەو سەرسپی ژنە ئاغاکانی غەفوورییان بوو، لە پێش خێرەخانی کاکەزیادئاغای و حەلیم خانی مەلا حەوێزئاغای دەرۆیی، کۆپلەی یەکێک لەو گۆرانییانەی ئەو خەجێیەم لەبیرماوە دەیگوت:

**سـواری چەلەنگی نووزکەی تاژییان تەقەی ئاوزەنگی.....**

فەقێ ڕابیعەش هەبوو، زگماک هەردوو چاوی کوێر بوو، شووی نەکردبوو، خوشکی حاجی واحیدی بوو، مەولوودی دەخوێندەوە، دەنگی خۆش بوو.

گوتم: فریشتەخان بەرای ئێوە لە چ سەردەمێکەوە (سەیران) لە کۆیە هەبووە؟

گوتی: لە سەردەمی باوک و باپیرانمانەوە، سەیران هەر هەبووە، بەڵام ڕۆژانی (چوارشەممە) بووە، نەک وەک ئێستا ڕۆژانی هەینی! سەیرانی ئەوکاتە لە کۆیە بۆ: دەرماناوێ ئاشان، دەرماناوێ بنە، کانیە قەرە، پوورتاوس، هەیبەسوڵتان ...تاد بوو، کاتێکیش دنیا گەرم دەبوو، ئینجا بۆ بن دارەکانی باخچەی (ئۆمەرخوچان) دەچوون.

گوتم: جارێکیان من منداڵ بووم، چونکە تاقانە بووم، دایکم لە ترسی ئەوەی نەوەکا لە ناو ئەو قەرەباڵغییەی سەیرانکاراندا بزر بم، دەستی توند گرتبووم، بەڵام کاتێک گوێم لە دەنگی موزیک بوو، لە ناو ئەو خوڕەی ئاوی ڕووبار و دەنگی مەلان و دیمەنی زەوی بە گوڵ نەخشاوەی ئۆمەرخوچان، وەک ئەفسوونم لێ کرابێت، ئەو دەنگە بۆ لای خۆی ڕاکێشام و دایکیشم بەدوامەوە هەر هاواریەتی بگەڕێمەوە! کاتێکم دیت ئێوە بە خێزانەوە دانیشتوون و هونەرمەند باکووریش لەلاتان خەریکی موزیک ژەنینە؟

گوتی: ئەو ڕۆژەم لەبیرە، مامۆستا باکووری بە تەنیا نەبوو، مامە سێوەشی لەگەڵ بوو، ژنی حاکمی کۆیە (ناجیەخان) و (دلارام خانی ژنی مەلا حەویزئاغا)ش لامان بوون، ئەو ڕۆژە شتێکمان دیت، ئەگەر بە چاوەکانی خۆم نەم دیتبا، بڕوام نەدەکرد، لای ئێوارە بوو، سەیران سووک ببوو، گوتیان: مامەسێوە، شتێکمان بۆ بڵێ، دیارە بە هاوکاری مامۆستا باکووری، گۆرانییەکی گوت:

**ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان**
**لەمن خاری مەکەن کۆشک و سەراتان**

هۆنراوەکە هی (مستەفا بەگی کوردی)یە، بڕوا بکە چەندین بلبل بەسەر سەریاندا فڕکە فڕکیان بوو.

ئایا دەتوانیت، دەربارەی (ئەمین ئاغای ئەختەر) کە هەر لە بنەماڵەی خۆشتانەو (حەویزی) بووە، شتێکمان بۆ باس بکەیت؟

گوتی: ئۆیای دایکی ئەختەر بوو، خاوەنی دیوەخانی خۆی بوو، خارە ئەمین ئاغای ئەختەر برای (نەنکە سوراحی)م بوو، جگە لە شاعیری و هەستی نیشتمانپەروەری، مەقامناس و هونەرخوازیش بوو. شایانی باسە تا ئەمڕۆش هەندێ لە خزمانی حەویزی پێیان ناخۆشە، ئاغا و دەست ڕۆیشتوویەکی وەک ئەمین ئاغای ئەختەر دیوەخانەکەی خۆی کردووە بە هۆڵێکی هونەری و هەمیشە لەگەڵ دەستەی مەقامزان و دەنگخۆشان دانیشتووە و خزمەتی کردوون، بەڵام بڕوابکە خێزانی ئێمە شانازی بەو ڕەفتارەیەوە دەکەین.

گوتم: لەبیرمە باوکم پێوەندی لە گەڵ تۆ بەتایبەتی و خێزانتان بە گشتی خۆش بوو؟

گوتی: باوکت هەموو جارێ دوای عەسران لە گەڵ برادەرانی لەسەر (کەندی باغە)ی دادەنیشتن و دەیانخواردەوە، ئەو شوێنە بەرز بوو، ئۆمەرخوچانیش نزم، بۆیە زۆرچاک گوێمان لەو گوتنانەی باوکت دەبوو، لەلایەکی دی باوکم یادی بەخێر لەگەڵ باپیرت (مام حەمە مەلا) و باپیری هاوسەرت (خارە عەبدوڵڵای خەیات) دۆست بوون، بگرە برا بوون، ئینجا پایزان باوکم کام میوەیە جوانە وەک هەنار بە مندا بۆیانی دەنارد، باوکیشت لەوێ دوکانی بازرگانی هەبوو، هەموو جار دەیگوت: فریشتە وەرە لای کاکی خۆت دانیشە، بانگیان دەکردم و دایان دەنام. جگە لەوانە لەگەڵ ماڵی مام حەمە مەلای باپیرت و نەنکت هاموشۆمان هەبوو، کاتێکیش ماڵتان هاتە گەڕەکی (سەرباغ) ئەم جارە لەگەڵ دایکت هاموشۆمان دەستی پێکرد.

ئایا دیوتە گۆرانیبێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ کۆیە هاتبێت و گۆرانی گوتبێت؟

گوتی: بەڵێ، جارێک دوو کەس هاتبوون بە ناوی (حەمۆ) و (قادرۆکە)، دەتوانم سوێند بخۆم ئەو حەمۆیە (محەمەدی ماملێ) بووە، بۆ ئاغاکان گۆرانییان دەگوت، ئەوانیش خواردن و زەخیرە و پارەیان دەدانێ، کاتێکیش پێشەوا (قازی) لە سێدارە درا، بۆ پێشەوا لە ماڵی (خەجاوەخان)ی پرسەمان خوشکی (نافیز جەلال) و ژنی (سۆفی ئاغا)ی دانا، ئەو ژنە مێردەکەی نەمابوو، ماڵێکی گەورەی هەبوو، خوا هەڵناگرێ ڕازی بوو کە ئەو پرسەیەی پێشەوا لە ماڵی ئەو دابنێین، تەنیا ژنان دانیشتبووین، بەڵام دەرگامان داخستبوو، تاکەس نەزانێ و سروودمان دەگوت. ڕۆژنامەیەکیش لەو دیوەوە هات، (قەزەتە)یان پێ دەگوت، وێنەی پێشەوای تێدابوو کە بە سێدارەوەیە، هەروەها ئاڵای کوردستانی تێدابوو، بەڵام بە ڕەش و سپی بوو، خۆشبەختانە ڕەنگەکانیان نووسیبوو، جا من ئەو ئاڵایەم بە بچووکی بەو ڕەنگانەوە دروست دەکرد بۆ (یەخە)، چەند گەنجێک بۆیان دەفرۆشتم دانەی بە (٢) درهەم.

**تێبینی: ئەو چاوپێکەوتنە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (١١)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨) لە ماڵی برای فریشتەخان مامۆستا (کەریم شارەزا) ئەنجام دراوە.**

# خوێندنەوەیەکی کتێبی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح

**جووتیار تۆفیق هەورامی**
**(سوێد)**

**سەرەتایەک**

سالآنی ١٩٨٤- ١٩٩٠ بە مەبەستی نووسینەوە و بووژاندنەوەی (گۆشەیەک) لەمێژووی ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان، لەپاڵ هەندێک کاری دیکەدا، لەلای خۆمەوە، بەشێنەیی دەستم بە پرۆژەیەک کرد. ئەویش نووسینەوەی بیۆگرافیی ئەو شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیر و کەسە تێکۆشەرانە بوو کە تا ئەو دەم بە گومناوی مابوونەوە، یان ژیاننامەیان بەشێوەیەکی تێروتەسەل نەنووسرابووەوە. لەوانە: محەمەدی میهری، جەمال عیرفان، مستەفا پاشای یامولکی، عارف سائیب، خواجە ئەفەندی، حسێن فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، مەحموود جەودەت، حەسەنی قزڵجی، شێخ نووری شێخ ساڵح و چەند کەسایەتییەکی دیکە. (١)

سەرەتا کەوتمە کۆپیکردن و نووسینەوەی پوختەی ئەوەی کە لەکتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا دەربارەی هەر یەک لەم کەسایەتییانە نووسرابوون. پاشتریش لە هەر کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی دیکەدا هەرچی زانیارییەک، وێنەیەک، یان هەر بابەتێکی دیکە کە بۆ ساغکردنەوەی بیۆگرافیی ئەو کەسایەتییانە پێویست بووایە و بکەوتایەتە بەر دەستم، دەمخستنە پاڵ ئەوانەی پێشوو. هەر لەو دەمانەدا و بەمەبەستی دەستخستنی زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە، چەندین جار سەردانی مامۆستایان: شێخ محەمەدی خاڵ، ئەحمەد خواجە، فوئاد ڕەشید و چەند کەسی بەتەمەن و شارەزای دیکەم کرد. (٢) چەند جارێکیش مامۆستایان شاکر فەتاح، کەریم زەند و عەلی عارف ئاغام بینی و سەبارەت بەو کەسایەتییانەی کە ئەوان دەیانناسین، یان شارەزاییان دەربارەیان هەبوو، پرسیارم لێ کردن. وردە وردە زانیاریی ئەوتۆم لا کۆبووەوە کە لە هیچ جێیەکدا نەنووسرابوون و بڵاونەکرابوونەوە. زۆر جاریش باوکم «حاجی تۆفیق هەورامی» بەسەرهات و ڕووداوی ئەوتۆی بۆ دەگێڕامەوە کە بۆ ساغکردنەوەی ژیاننامەی هەندێک لەو کەسایەتییانە گرنگ بوون. (٣) هەروەها باوکم لە نزیکەوە کەسانی وەک: مستەفا پاشای یامولکی، پیرەمێرد، عەلادین سجادی، شێخ نووری شێخ ساڵح و گەلێکی دیکەی هاوتەمەنی ئەوانی ناسیبوو، تەنانەت لەگەڵ هەندێکیاندا بیرەوەری و بەسەرهاتی تایبەتیی هەبوو. جیا لەوەش سەبارەت بە خێزان و بنەماڵەی زۆربەیان زانیاریی کورت و گرنگی دەدامێ و دەیزانی کێ نەوەیانە و (ماڵ) و (شوێن)ی کەسوکاریان لەکوێیە. هەر بەو ڕێگایە توانیم نەوە و خزمەکانیان بدۆزمەوە و لەگەڵیان قسەو باس بکەم. پاشان وردە وردە ئەو



**شێخ نووری شێخ ساڵح**

زانیارییە جۆراوجۆرانە کە لەلام کۆبوونەوە، کردمنە چەند لێکۆڵینەوەیەکی کورت و هەریەکەیانم بەجیا نووسییەوە. (٤)

ساڵی ١٩٨٥ لە زانکۆی بەغدا دەستم بەخوێندن کرد، لەو دەمەدا دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا کە لەنزیکەوە مامۆستا کەمال مەزهەر ئەحمەد بناسم. ئیدی ناوبەناو سەرم لێ دەدا و لەلای دادەنیشتم و بیروڕایم سەبارەت بە هەندێک کەسایەتی و باس و ڕووداو وەردەگرت. ئەویش میهرەبانانە، وەڵامی دەدامەوە و زۆر ڕاستیی کەم زانراوی بۆ باس دەکردم. هەر لەو دەمانەدا، بەرودوا هەندێک لەو کورتە لێکۆڵینەوانەم بۆ برد. پاش خوێندنەوەیان هەڵە و کەموکوڕییەکانیانی بۆ دەستنیشان کردم و ڕێنوێنیی کردم و ناوی گەلێک سەرچاوەی بۆ نووسیم، کە خۆم هەتاکو ئەو دەم زۆریانم هەر نەدیبوو. هاوکات چەندین سەرچاوەی دەگمەن و بەنرخی بۆ هێنام و هانی دام کە لێکۆڵینەوەکان پوخت و دەوڵەمەند بکەم و بە ڕێکوپێکی بیاننووسمەوە، ئەوجا بڵاویان بکەمەوە. هەروەها مامۆستایان: شوکور مستەفا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، حەمەی مەلا کەریم، دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، دوکتۆر ئەحمەد ئەبوو بەکر عوسمان بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێنوێنییان کردووم و چاکەیانم لەبیر ناچێتەوە.

ئەو زانیارییانەی کە تا ئەو دەم سەبارەت بە بیۆگرافیی شێخ نووری شێخ ساڵح کۆم کردبوونەوە، تاڕادەیەک کەموکوڕییان هەبوو. هەروەها هەندێک لایەنی ژیانیم لا ڕۆشن نەبوو، لەبەر ئەوە هەرچیم سەبارەت بەو کۆ کردبووەوە، وەک لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو، لای خۆم هێشتمەوە و بڵاوم نەکردەوە.

ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی ڕووناکبیر و لێکۆڵەر ئازاد عەبدولواحید بەناوی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»ەوە کەوتە بازاڕەوە. دانەیەکم دەست خست و بەشێنەیی خوێندمەوە. پاش خویندنەوەی، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بە چاوپۆشین لە هەندێک کەموکوڕیی، کتێبێکی دەوڵەمەند و بەنرخە و نووسەرەکەی زۆر پێوەی ماندوو بووە و زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شێخ نووری شێخ ساڵح کۆ کردووەتەوە. ئیدی من بەتەواوی دەستم لەوە هەڵگرت کە سەبارەت بە بیۆگرافیی شێخ نووری شێخ ساڵح بنووسم، چونکە پێم وا بوو ئەو کتێبەی ئازاد عەبدولواحید تا ڕادەیەکی باش هێڵە گشتییەکانی ژیانی ئەوی لەخۆ گرتووە و بەباشی ناساندوویەتی، بەڵام ئەوەم لابوو بە پرسیار کە بۆچی کتێبەکە ناونراوە «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح» ؟! لەکاتێدا کە چەند پارچە شیعرێک نەبێت (کە وەک نموونە هێناویەتییەوە)، ئیدی شیعری «شێخ نووری شێخ ساڵح»ی تیا نییە و زیاتر بیۆگرافی و لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ژیاننامە و بەرهەمەکانی! ساڵ هات و چوو، ئازاد عەبدولواحید کتێبێکی دیکەی بەناوی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»ەوە بڵاوکردەوە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو کە لەسەر کتێبەکە نووسرابوو: «بەرگی یەکەم- بەشی دووەم»، واتە کتێبەکەی پێشووی بە «بەرگی یەکەم- بەشی یەکەم» دانابوو، ئەمەشیان بە «بەرگی یەکەم- بەشی دووەم». دانەیەکم لەویش دەست خست و بەکاوەخۆ خوێندمەوە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیان لەگەڵ ناوەکەیدا دەهاتەوە و بەشی زۆری شیعرەکانی «شێخ نووری شێخ ساڵح»ی بە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەوە لەخۆ گرتبوو. پاش خوێندنەوەی، دیقەتم دا سەرباری هەڵەی چاپ، هەندێک هەڵە و کەموکوڕی دیکەش کەوتوونەتە کتێبەکەوە. وردە وردە بەشێک لەو

هەڵانەم لای خۆم دەستنیشان کرد، بێ ئەوەی کە نیازم بووبێت دەربارەی بنووسم. ئەوە جیا لەوەی کە ئازاد عەبدولواحید خۆیشی، لەکۆتایی کتێبەکەدا گەلێک هەڵەی چاپ و هەڵەی دیکەی ڕاست کردبووەوە. پاشتریش وتارێکی لە ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا بەناوی «ڕاست کردنەوەی هەندێ لە هەڵەکانی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»ەوە بڵاوکردەوە.(٥)

چەند ساڵێکە بەپێی دەرفەت، ناوبەناو بەکتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا دەچمەوە و دەیانخوێنمەوە، ئەویش زیاتر بەمەبەستی ئەوەی زانیارییەک، یان سەرنج و ڕوونکردنەوەیەک کە پێشتر دیقەتم نەدابێت و بۆ ساغکردنەوەی باسێک، یان ژیاننامەی کەسێک گرنگ بێت، لای خۆم یاداشتی بکەم. هەر لەو ڕوانگەیەوە، دەمویست جارێکی دیکە هەردوو بەرگی کتێبی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح» بخوێنمەوە. تا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا سەرلەنوێ دەستم بە خوێندنەوەیان کردەوە. خۆم بەرگی دووەمەکەم هەیە، بەڵام کتێبەکەی یەکەمیانم نەبوو. وەک زۆرجاری دیکە، پەنام بۆ مامۆستا فەرهاد شاکەلی برد. خۆشبەختانە، لای ئەو هەبوو. ئەوەبوو لەوم قەرز کرد و چەند هەفتەیەک لەلام مایەوە.ئەم جارەش بەشێنەیی خوێندمەوە و زانیارییەکانیم لەگەڵ زانیاریی نێو هەندێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە و ئەوانەی کە لای خۆم تۆمارم کردبوون، بەراورد کرد. دواتر گەلێک تێبینیم لا دروست بوون و هەندێک وردە هەڵەی دیکەشم لێ دەستنیشان کرد، هەر لەو دەمانەدا ڕۆژێک بە تەلەفۆن لەگەڵ مامۆستا فەرهاد شاکەلی قسەم کرد. لەناو قسەو باسدا گوتی: ئاگاداریت کە ئازاد عەبدولواحید هەردوو کتێبەکەی پێکەوە چاپکردووەتەوە؟! ڕاستییەکەی من ئاگاداری ئەوە نەبووم و بەلامەوە مژدەیەکی خۆش بوو. ئەوەندەی نەبرد، نووسینێکی مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجیم کەوتە بەرچاو کە بەناوی«دیوانی شیعر، یان ئینسایکلۆپیدیای شێخ نووری شێخ ساڵح؟!»ەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوی کردبووەوە و وێنەی بەرگی کتێبەکەی لەگەڵ بڵاوکرابووەوە.(٦) پاش ماوەیەک دانەیەک لە کتێبەکە گەیشتە دەست مامۆستا فەرهاد شاکەلی. ئەویشی بە قەرز دامێ و نزیکی مانگێک لام بوو. لەو ماوەیەدا بەوردی خوێندمەوە. لەبەر ئەوەی ئەوەندە نەبوو، چاپەکەی پێشووم خوێندبووەوە، زۆری باسەکان هێشتا لە یادمدا مابوون. هاوکات گەلێک وشە و ڕستە و پەرەگرافیم لەگەڵ چاپەکەی پێشوودا بەراورد کرد. تا سەرەنجام ئەم بابەتەی لێ بەرهەم هات کە ئێستا دەیخەمە بەر دیدەی خوێنەران.

ئازاد عەبدولواحید لەلاپەڕە ٧٥٠ی ئەم چاپە نوێیەدا نووسیویەتی: «ئێستاش ئەو هەوڵە بچووک و سەرەتاییەی من، تەنیا هەوڵێکە و داوەمە، ڕەنگە لە چاپەکانی داهاتوودا ببێتە کەرەسەیەک بۆ لێ زیاد کردن و پوختەکردنی زیاتری». بۆیە منیش لەلای خۆمەوە پێم باش بوو کە ئەو وردە هەڵە و کەموکورییانەی کەوتوونەتە ئەم چاپەی کتێبی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»ەوە، دەستنیشان بکرێن و ڕاست بکرێنەوە، بۆ ئەوەی لەچاپێکی دیکەیدا کتێبەکە دەوڵەمەندتر و سەنگینتر بێت و هەرچی زیاتریش هەوڵ بدەین ڕووداو و بەسەرهات و باسە ئەدەبی و مێژوویی و ڕۆشنبیرییەکان بەڕاست و دروستی بنووسینەوە.

## شێخ نووری شێخ ساڵح

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو. هەروەها کەسێکی دەنگخۆش و شارەزای مەقام و بەستە و ئاوازە کوردییە ڕەسەنەکان بووە.

ساڵی ١٨٩٦ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. لە چەند حوجرەیەکی ئەو دەمی شارەکەدا و لای چەند مامۆستایەک خوێندوویەتی. پاشان چووەتە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووە دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە و دواتر لە ڕێگای خوێندنەوەوە خۆی ڕۆشنبیر کردووە. ماوەیەک بە کاری بازرگانییەوە خەریک بووە. لە سەردەمی حوکمدارییەکەی شێخ مەحموودی حەفید دا (١٩٢٢-١٩٢٣)، وەک کاربەدەست، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی چالاک و کارامە کاری کردووە. لەپاش لەناوچوونی ئەو حوکمدارییە، لە دامودەزگاکانی حکومەتی عیراقدا بووەتە فەرمانبەر و ئەرک و پلە و پایەی جۆراوجۆری پێ دراوە. ڕۆژی شەممە ١٩٥٨/١٢/٢٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە. سەروەختێکیش وەک نووسەرێکی لێهاتوو و

ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو دەرکەوتووە.

بەپێی گێڕانەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە شێخ نووری شێخ سالح-یان لە نزیکەوە ناسیوە، شێخ نووری خاوەن کەسێتییەکی پتەو، مرۆڤێکی هۆشمەند، نەفس بەرز، ڕاستگۆ، کوردێکی دڵسۆز و بە بیروباوەڕ بووە.

**کتێبی «دیوانی شێخ نووری شێخ سالح»:**

ناوونیشانی کتێبەکە بەم جۆرەیە:

دیوانی شێخ نووری شێخ سالح، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠٠٨، (٧٥٨ لاپەڕەیە).

ئەم کتێبە پێشتر وەک دوو کتێب و لە دوو کاتی جیا و بەدوو چاپی جیاواز چاپ کراوە، کە ناوونیشانی هەریەکەیان بەم جۆرەیە:

١- دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردۆتەوە و ساغی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، بەغدا، مطبعة دار الجاحظ، ١٩٨٥، (٣٥٦ لاپەڕەیە).

٢- دیوانی شێخ نووریی شێخ سالح، ئازاد عبدالواحد کۆی کردوەتەوە و ساغی کردوەتەوە و لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم- بەشی دووەم، بەغدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، معمل و مطبعة الجاحظ، ١٩٨٩، (٥٨٤ لاپەڕەیە).

ئازاد عەبدولواحید لە چاپە تازەکەدا، لەژێر ناوی «لە بارەی چاپی دووەمی ئەم دیوانەوە» (ل٧-١٦) پێشەکییەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە. لە بەشێکی ئەو پێشەکییەدا (ل١٢) نووسیویەتی: «من کە بۆ چاپی دووەم خۆم گورج کردەوە بە مەبەستی سەرلەنوێ لە چاپدانەوەی ئەم دیوانە، زۆر حەزم دەکرد سەرلەنوێ بکەومەوە کارکردن لەسەر پرۆژەکە و فراوانتری بکەم، پاشان کە سەیرم کرد، دەسکاری نەکردنی جوانتر و چاکترە، چونکە ئەوەی لە هەشتایەکاندا چاپ کراوە وەک پرۆژەیەکی ئەدەبی و بەیاننامەیەکی سیاسی- ڕووناکبیری خراوەتە ڕوو، من لە ئێستادا تەنیا بەوەندە وازم لێ هێنا کە هەڵەبڕی بکەم و لە ڕووی زمان و کەموکوڕی هونەری و هەڵەی چاپەوە بنبڕ بکرێ». لەم پەرەگرافە کورتەدا، هەروەها لە چەند جێیەکی دیکەی کتێبەکەدا، ئازاد عەبدولواحید بە ڕۆشنی ئەوەی دەربڕیوە

کە لەم چاپەی کتێبەکەدا ئەو هەڵە و کەموکوڕیانەی کە لە چاپی یەکەمی (هەردوو) بەرگی کتێبەکەدا هەبوون، چاکی کردوون، بەڵام کاتێک ئەم چاپەی کتێبەکەم خوێندەوە و لەگەڵ چاپەکەی پێشوودا بەراوردم کرد، دیتم هەندێک هەڵە و کەموکوڕی، لەم چاپەشدا وەک خۆیان هێڵراونەتەوە و ڕاست نەکراونەتەوە! جیا لەوانە چەند وردە هەڵەی دیکەش کەوتوونەتە کتێبەکەوە!

سەرەتا، بەر لەوەی سەرنج و تێبینییەکانم بنووسم، پێم باشە کە بە خێرایی ئاماژە بۆ ناوەڕۆکی کتێبەکە بکەم:


لاپەڕەکانی سەرەتا هەتاکو ل٢٧٨ بریتییە لە چەند باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیاننامە و شیعر و بەرهەمەکانی شێخ نووری.

لاپەڕە (٢٧٩- ٦٠٢) تەرخان کراوە بۆ شیعرەکانی شێخ نووری.

لاپەڕە (٦٠٥- ٦٥٩) بریتییە لە سێ نامەی شێخ نووری و چەند وتووێژ و وتار و لێکۆڵینەوە کە پێوەندییان بە ژیاننامە و شیعر و بەرهەمەکانی شێخ نووری-یەوە هەیە.

لاپەڕە (٦٠١- ٦٨٩) فەرهەنگۆک.

لاپەڕە (٦٩٧- ٧٣٦) بیبلیۆگرافیایەکە کە تایبەتە بە



شـــیـعــر و وتار و بەرهەمــەکــانی شــێخ نووری و ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە شیعر و بەرهەم و ژیاننامەکەی بڵاوکراونەتەوە.

سەرنجەکانم سەبارەت بە چاپی دووەمی «دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح»:

**یەکەم**: لە (ل٤١)دا باسی دەستنووسێکی نەجمەدین مەلای کردووە کە ٢٢ لاپەڕەیە و کۆمەڵێک شیعری شێخ نووری لەخۆ گرتووە، یەکێک لەو شیعرانە بریتییە لە: «مرثیە بۆ عـەبدولکەریم بەگ حاکمی مـونفەرید ساڵی ١٣٤٨ھ». لە (ل٧٤) و (٧٥)یشـدا باسی هەمـان ئەم دەستنووسەی کردووە و ئەم جارە شیعرەکەی بە (تاڵعی کوردی بەدبەخت) ناوبردووە.

لاپەڕە (٥٣-٧٧) بابەتێکە لەژێر ناوی «شیعری شێخ نووری لە دیـوانی (بێــــخــــود)دا». لەوێدا ئـازاد عـەبدولواحـیـد باسی شـیـعـری «دلاوەران» و شـیـعـری «تاڵعی کــوردی بەدبەخت»ی کــردووە و هەوڵی داوە بە بەڵگە و لێکدانەوەوە، بیسەلمێنێت کە ئەو دوو شیـعرە هی شـــــێخ نووریـن و بەهەڵە خـــــراونـەتە دیـوانی بێخودەوە.(٧)

هەر لە پەیوەند بەم باســــەوە لە (ل٧٣) و (٧٤)دا نووسیویەتی: «شیعرێکی تری (شێخ نووری) کە دراوەتە پاڵ مامۆستا (بێخود) شیعرێکی شیوەنە کە شێخ نووری بۆ هاوڕێی خۆی «عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵای کـەرکـووکلی زادە»ی نووسـیـوە. ئەم شـیـعـرەی نـاو ناوە (تاڵعی کــوردی بەدبەخت). کــەریم بەگ حــاکــمی مـونفەریدی سلێـمانی بووە، لە (١٨)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٢٠)دا کـۆچی دوایی کـردووە. ئەم شـیـعـرە لەلاپەڕە (٩٦-١٠٠)ی دیوانەکەی بێخودی گرتووە».

پاشــتریش لە (ل٣٥٧-٣٦٠) تێکـسـتی شـیـعـری «تاڵعی کـــوردی بەدبەخت»ی بڵاوکـــردووەتەوە. لە ل٣٥٧دا لە پەراوێزی ژمارە (١)دا نووسیویەتی:


«لاوانەوەی (عـەبدولکەریم بەگی حـاجی عـەبدوڵڵای کەرکووکلی زادە)یە کە حاکمی مونفەرید بوو لە سلێمانی و لە (١٨)ی ئەیلـوولی ســاڵی ١٩٢٦ کــۆچی دوایی کـــردووە و هاوڕێ و دۆســــتی نزیکی شـــێخ نووری بووە.»(٨)

وەک سەرنج دەدەین ئازاد عـەبدولواحـید لە (ل٧٤)دا نووسیویەتی:

«عـەبدولکەریم بەگی حـاجی عـەبدوڵڵای کـەرکـووکلی زادە لە (١٨)ی ئەیلوولی ساڵی (١٩٢٠) کۆچی دوایی کـردووە»، بەڵام لە (ل٣٥٧)دا نووسـیـویەتی: «لە (١٨) ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٦ کۆچی دوایی کردووە».

ڕاستـیـیـەکەی ئەم دوو مـێـژووە هەردووکـیـان هەڵەن. عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵڵای کەرکووکلی زادە نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ١٩٢٩/٩/١٨ لە سلێـمانی کۆچی دوایی کردووە.(٩)

**دووەم**: لـە ل٣٤٥، لـە پـەراوێـزی ژمـــــــارە(١)دا کورتەیەکی ژیاننامەی مەحمـوود جەودەتی نووسـیوە. لە سـەرەتاکـەیدا نووسـیـویەتی: «ناوی مـحـەمـەدی کـوڕی ئەحمەد جەودەتە...». ڕاستییەکەی ناوی مەحمود بووە نەک مـحـەمـەد!(١٠) ناوەکـەی خـۆیشی «مـەحـمـوود جــەودەت» باشــتــریـن بەڵگەیە. پاشـــان لەکـــۆتایی ژیاننامەکەدا نووسـیـویەتی: «لە ساڵی ١٩٣٧ ڕۆژی دووشەممە مانگی تشرینی یەکەم خنکێنرا». لێرەدا دەبوو ڕۆژەکە بنووسرایە ئەوجا مـانگ و ساڵەکە! بەپێی ئەو زانیـارییانەی کە لای خۆم تۆمارم کـردوون، ئەو ڕووداوە بەم شێوەیە بووە:



ڕۆژی سێشەممە ١٩٣٧/٥/٢٥ مەحموود جەودەت لە شاری بەغدا، کارێکی دەکەوێتە فەرمانگەی «الأملاک و الأراضي الأميرية). بەڕێوەبەری گشتیی ئەو فەرمانگەیە کەسێکی یاساناس دەبێت بەناوی عەبدولقادر ئەلسنوی. ئەم عەبدولقادر ئەلسنوییە کە بە ڕەگەزیش کوردە، تەگەرە دەخاتە کارەکەی مەحموود جەودەتەوە. وەک باس دەکرێت، قسەی نابەجێیشی پێ گوتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە بەشی زۆری تەمەنی لە شاخ بووە و دژایەتیی حکومەتی کردووە. هەر لەوێدا مەحموود جەودەت دەڵێت: «باشە! من سبەینێ وەڵامت دەدەمەوە». ڕۆژی چوارشەممە ١٩٣٧/٥/٢٦ مەحموود جەودەت لەسەر پلیکانەکانی بەردەم وەزارەتی مالییە، عەبدولقادر ئەلسنوی دەداتە بەر گوللەی دەمانچە و دەیکوژێت. دەمودەست مەحموود جەودەت دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە. پاش چەند ڕۆژێک حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرێت. بەکر سدقی زۆر هەوڵ دەدات کە حوکمەکەی بۆ بکرێت بە زیندانی هەتاهەتایی و هەر چۆنێک بێت، ماوەیەک جێبەجێکردنی حوکمەکە ڕادەگرێت. ڕۆژی چوارشەممە ١٩٣٧/٨/١١ بەکر سدقی دەکوژرێت. کوژران و لەناوچوونی بەکر سدقی هەل بۆ ئەوانە دەڕەخسێنێت کە دەیانەوێت مەحموود جەودەت لە سێدارە بدرێت. لە وەزارەتەکەی جەمیل مەدفەعیدا سەرلەنوێ دەدرێتەوە بەدادگا. ڕۆژی یەکشەممە ١٩٣٧/٩/١٢ بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەکرێتەوە.

سەرەنجام بەرەبەیانی ڕۆژی شەممەس ١٩٣٧/١١/٢٠ لە سێدارە دەدرێت.(١١)

**سێیەم**: لە ل٥٣٠دا شیعرێکی شێخ نووری بەرچاو دەکەوێت کە بۆ عەلی کەمالی نووسیوە. هەر لەو لاپەڕەیەدا و لە پەراوێزی ژمارە (١)دا ئازاد عەبدولواحید کورتەیەکی ژیاننامەی عەلی کەمالی نووسیوە، بەڵام پەراوێزەکە تەواو نەبووە و پاشماوەکەی پەڕیوە!

**چوارەم**: لە ل٤٧٠دا لە پەراوێزی ژمارە (٢)دا کورتەیەکی دەربارەی سمایل ئاغای شکاک نووسیوە. لەوێدا، لە دوا دێڕدا نووسیویەتی: «لە ناوەڕاستی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ لەلایەن کۆنەپەرستانی ئێران و لە سەردەمی ڕەزا شادا بە نامەردی کوشتیان».

تا ئێستا بەدەگمەن وتار، لێکۆڵینەوە و کتێبێکم کەوتووەتە بەرچاو کە تێیدا مێژووی کوژرانی سمایل ئاغای شکاک بە ڕاست و دروستی نووسرابێت! لێرەشدا کە ئازاد عەبدولواحید نووسیویەتی: «ناوەڕاستی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠». مێژووەکە ڕۆشن نییە!

ڕاستییەکەی سمایل ئاغای شکاک پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٩٣٠/٧/١٨ (٢٧ی تیر ١٣٠٩- ٢١ی سەفەر ١٣٤٩) لە شاری شنۆ، لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی، کوژرا.

**پێنجەم**: ئازاد عەبدولواحید کە ئەم دیوانەی کۆکردووەتەوە و ساغی کردووەتەوە و لە سەری نووسیوە، لەگەڵ زیاتر لە ٤١ کەس، سەبارەت بە ژیاننامە و شیعرەکانی شێخ نووری وتوویژی کردووە و بیروڕایانی وەرگرتووە (هەروەک لە ل١٠٢ و ٧٣٧دا ئاماژەی بۆ ناوەکانیان کردووە). کات و شوێنی هەندێک لە دیدارەکانی بەوردی نووسیوە، بەڵام ئەوانی دیکەیان زیاتر شوێنی دیدارەکانی نووسیوە و مێژووەکانی نەنووسیوە. لە ڕووی زانستییەوە باشتر بوو کە کات و شوێنی ئەو دیدار و وتوویژانەی بە ڕۆشنی و بە وردی بنووسیایە!

**شەشەم**: شیعرێکی شێخ نووری بەناوی «گلەیی» کە بۆ سەعید قەزازی نووسیوە، لە ل٥٣٢ و ٥٣٣دا بڵاو



کراوەتەوە. ئازاد عەبدولواحید لە لاپەڕە (٥٣٣ و ٥٣٤) لە پەراوێزدا کورتەیەکی دەربارەی ژیاننامەی «سەعید قەزاز» نووسیوە. لە کۆتاییەکەیدا نووسیویەتی: پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ «لەگەڵ چەند کەسانێک حەواڵەی مەحکەمەی (مەهداوی) کرا، دوای چەند مانگێک بڕیاری خنکانەکەیان بەجێ هێناو لەگۆڕستانی (باب المعظم) نێژراوە». باشتر بوو کە مێژووی ئەو ڕووداوەی بە ڕۆشنی بنووسیایە، هەروەک چۆن مێژووی لەدایکبوون و کۆچی دوایی گەلێک کەسی دیکەی لە لاپەڕەکانی دیکەدا نووسیوە. لێرەدا من بەکورتی ئاماژە بۆ ئەو مێژووە دەکەم: ڕۆژی چوارشەممە ١٩٥٩/٢/٤ مەحکەمەی شەعب کە فاضل عباس المهداوي سەرۆکایەتیی دەکرد، حوکمی خنکاندنی سەعید قەزازی دەرکرد، گەلێک کەس تێکۆشان کە حوکمەکەی بۆ کەم بکرێتەوە، بەڵام هەوڵەکان بەناکامی مانەوە. سەرەنجام بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٩٥٩/٩/٢٠ بڕیارەکە جێبەجێ کرا و لە سێدارە درا.

**حەوتەم:** لە ل٢٧٤دا ئاماژەی بۆ ناوی چەند شاعیری کلاسیکیی کورد کردووە و لەبەردەم ناوەکانیاندا ساڵی لە دایکبوون و مردنیانی نووسیوە:

نالی (١٧٩٧- ١٨٥٥)، سالم (١٨٠٠- ١٨٦٦)، مەحوی (١٨٣٠- ١٩٠٤) و (کوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩)

هەوڵ دەدەم بەخێرایی تیشکێک بخەمە سەر هەندێک لەم مێژووانە و بە پاڵپشتیی چەند سەرچاوەیەک بیروڕای خۆم دەربارەیان دەربڕم:


١- گەلێک لەو نووسەر و لێکۆڵەر و کەسانەی کە شارەزاییان لە شیعر و ژیاننامەی نالی-دا هەیە، لە نووسینەکانیاندا زۆر و کەم هەوڵیان داوە ڕۆشنایی بخەنە سەر ساڵی لەدایکبوون و مردنی، کە هەندێکیان بە ئەنجامی دروست و گرنگ گەیشتوون، بەڵام تا ئەم ساتە باشترین سەرچاوە بۆ ساغکردنەوەی ساڵی کۆچی دوایی نالی، کتێبێکی تورکییە بەناوی «عوسمانلی موئەللیفلەری» کە لەلایەن محەمەد تاهیر ئەفەندی بورسالی-یەوە نووسراوە.


ئەم کتێبە ساڵی ١٩١٥ بە تورکیی عوسمانی و لە سێ بەرگدا چاپ کراوە. پاشان لە ساڵی ١٩٧٢ و ١٩٧٥دا بە تورکیی تازە و بەتیپی لاتینی چاپ کراوەتەوە. لەو سێ بەرگەی ئەو کتێبەدا زانیاری دەربارەی گەلێک ڕووناکبیر و شاعیر و مرۆڤی ناسراوی کورد بڵاوکراوتەوە.

محەمەد تاهیر ئەفەندی بورسالی لە بەرگی دووەمی کتێبی «عوسمانلی موئەللیفلەری»، لەلاپەڕە ٢٨٤دا کورتەیەکی دەربارەی نالی نووسیوە و دوو بەیتی لە شیعرێکی نالی بە نموونە وەرگرتووە و ساڵی کۆچی دوایی ئەوی بەم جۆرە نووسیوە: (١٨٧٣-١٢٩٠).(١٢) کە ئەم مێژووە لەگەڵ بۆچوونی زۆر لەو کەسانەدا دێتەوە کە شارەزای بیۆگرافی و ناوەڕۆکی شیعرەکانین. هەروەها نووسیویەتی: «نالی لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی قەرەجا ئەحمەد نێژراوە».

چەند نووسەرێکی کورد، ئاماژەیان بۆ ئەم ڕاستییە سادەیە کردووە و سەرنجی ڕووناکبیران و شارەزایانی ئەدەبی کوردییان بۆ ئەو کتێبەی محەمەد تاهیر ئەفەندی بورسالی و ئەو مێژووە ڕاکێشاوە.(١٣) کەچی هێشتا زۆر کەس دەستبەرداری (١٨٥٥)ەکە نابن!

گومانی نییە کە محەمەد تاهیر ئەفەندی بورسالی ئەگەر خۆی نالیی نەناسیبێت و نەدیبێت، ئەوە ئەم


ژیان



زانیارییە کورتەی لە کەسێک وەرگرتووە کە نالی ناسیوە و زانیویەتی کەی و لەکوێ کۆچی دوایی کردووە.

٢- مێژووی کۆچی دوایی مەحوی لە هەر کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەیەکدا بە جۆرێک نووسراوە. لێرەدا من پشت بەکتێبی «تاریخی سلێمانی وە وڵاتی»ی محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەبەستم. لەوێدا مێژووەکە بە ڕۆژ و مانگ و ساڵەوە بەم جۆرە نووسراوە: «لە ٥ی ڕەمەضانی ١٣٢٧ی هیجریدا و لە عومرێکی (٧٥) ساڵیدا لە سلێمانی بە رەحمەت چوو». (١٤)

وەکو خۆم سەیری چەند ساڵژمێرێکم کردووە، (٥ی رەمەزانی ١٣٢٧) بەرامبەر (ڕۆژی دووشەممە ١٩٠٩/٩/٢٠) دەوەستێت. لەو باوەڕەدام کە محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە خۆیەوە ئەو مێژووەی نەنووسیوە، بەڵکو بەپێی نووسراوێک، یان بەڵگەنامەیەک نووسیویەتی.

٣- محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەربارەی مێژووی لە دایکبوونی سالم نووسیویەتی: «بەگوێرەی قسەی خزمەکانی ئەبێ لە ١٢٢٩ی هیجریدا هاتبێتە دنیاوە». (ساڵی ١٢٢٩ی کۆچی دەکاتە ١٨١٤ی زایینی). (١٥)

٤- هەروەها محەمەد ئەمین زەکی بەگ مێژووی لە دایکبوونی کوردیی بەم جۆرە نووسیوە: «١٢٢٧ی هیجری». کە ساڵی ١٢٢٧ی هیجری دەکاتە ١٨١٢ی زایینی. مێژووی مردنیشی بەم جۆرە نووسیوە: ١٢٦٧ی هیجری. کە ساڵی ١٢٦٧ی هیجری بەرامبەر ساڵی ١٨٥٠- ١٨٥١ی زایینی دەوەستێت. (١٦)

**هەشتەم**: ئازاد عەبدولواحید لەم کتێبەیدا، مێژووی ڕووداوەکانی بەپێی سێ جۆر مێژوو نووسیوە: مێژووی زایینی، مێژووی کۆچی، مێژووی ڕۆمی، کارێکی باشتر و زانستیتر بوو ئەگەر لەسەرتاسەری کتێبەکەدا و لە سەرلەبەری ڕووداو و باسەکاندا مێژووە زایینییەکەی بکرایەتە بناغە و لەهەر کوێدا پێویستی بکردایە مێژووە کۆچییەکە، یان ڕۆمییەکەی لە پاڵدا بنووسیایە.

**نۆیەم**: لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا، سەرنجم دا هەندێک باس لە چەند شوێنێکدا دووبارە کراونەتەوە، بەبێ ئەوەی کە ئەو دووبارە کردنەوانە پێویست بووبێتن! لێرەدا بە پێویستم نەزانی کە نموونەی ئەو باسانە بنووسم، چونکە لەو باوەڕەدام هەرکەس کتێبەکەی بە وردی خوێندبێتەوە، دەرکی بەم حاڵەتە کردووە.

**دەیەم**: وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، لاپەڕە ٦٩٧ هەتاکو ٧٣٦ی کتێبەکە بریتییە لە بیبلیۆگرافیایەک کە تایبەتە بە شیعر و وتار و بەرهەمەکانی شێخ نووری و ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە شیعر و بەرهەم و ژیاننامەکەی بڵاوکراونەتەوە، باشتر بوو کە ئازاد عەبدولواحید لەم بیبلیۆگرافیایەدا ناوونیشانی هەردوو کتێبەکەی خۆی (واتە چاپی یەکەمەکەیانی) بنووسیایە.

**پەراوێزەکان:**

(١) بەشی زۆری ئەو بیۆگرافییانەم لە شێوەی لێکۆڵینەوە و وتاری کورت و درێژدا، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.

(٢) کات و شوێنی دیدارەکانم لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ، ئەحمەد خواجە، فوئاد ڕەشید و کەسەکانی دیکە، لای خۆم بە ڕۆشنی نووسیوە. هەروەها لەم وتار و لێکۆڵینەوانەدا کە بڵاوم کردوونەتەوە، لە شوێنی پێویستدا، ئاماژەم بۆ کات و شوێنی دیدارەکان کردووە.

(٣) حاجی تۆفیق هەورامی ساڵی ١٩٠٤ لە گوندی ڕەزاو (دەکەوێتە نێوان شاری مەریوان و سنە) لەدایک بووە. بنەماڵەکەیان لە بنەڕەتدا خەڵکی قەرەداغ بووە. دواتر پەڕیونەتە هەورامان و لە دێهاتەکانی ڕەزاو، نەنە، چۆڕ، ئاڵمانە نیشتەجێ بوون. ساڵی ١٩٢١ کوێخا حەمەڕەحیم (باوکی حاجی تۆفیق هەورامی) بەماڵ و منداڵەوە بۆ سلێمانی کۆچی کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. حاجی تۆفیق هەورامی ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ماوەیەک پێشمەرگەی شێخ مەحمودی حەفید بووە. دواتر خێزانی پێکەوە ناوەو بەکار و کاسبییەوە خەریک بووە. لە ١٩٩٦/٧/٥دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان لە نزیک ئارامگای شێخ نووری شێخ ساڵحەوە نێژراوە. تا ئێستا لە دەیان وتار و نووسینمدا بەشێوەی جۆراوجۆر سوودم لەو بەسەرهات و بیرەوەرییانەی باوکم (حاجی تۆفیق هەورامی) وەرگرتووە کە لە زمانی خۆیەوە نووسیومنەتەوە و بەشی زۆریان پێوەندییان بە شاری سلێمانی و ڕووداو و کەسایەتییەکانیەوە هەیە، بەڵام لەهیچ جێیەکدا ئاماژم بۆ ناوی نەکردووە. لێرەدا یەکەم جارە کە ناوی دێنم و باسی دەکەم. بەشێک لە بیرەوەرییەکانی باوکم کە کاتی خۆی نووسیبوومنەوە لەگەڵ کۆمەڵێک وێنەی کۆندا فەوتان. چەند بەشێکیشی تا ئێستا لام ماون، بەڵام هیچ کارم لەسەر نەکردوون و هەروەک خۆیان بە پەرش و بڵاوی هەڵمگرتوون.

(٤) جیا لەمانەی کە ناوم بردوون، پوختەی بیۆگرافیی گەلێک کەسایەتیی گومناوی دیکەم لای خۆم نووسیوەتەوە و وێنەی گەلێکیشیانم پەیدا کردووە. ئەگەر دەرفەت بوو، دەکرێت لە داهاتوودا بەشی زۆریان پێکەوە، لەدووتوێی کتێبێکدا چاپ

بکەم.

(٥) بڕوانە: ئازاد عەبدولواحید، ڕاست کردنەوەی هەندێ لە هەڵەکانی دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، ڕۆژنامەی هاوکار، ژمارە ١١٥٥، ڕۆژی ١٩٩٠/٢/٢٢.

(٦) عومەر مەعروف بەرزنجی، دیوانی شیعر، یان ئینسایکلۆپیدیای شێخ نووری شێخ ساڵح؟!، ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»، ژمارە ٤٥٦٤، سێشەممە ٢٠٠٨/٥/٦، ل١١.

(٧) مەبەستم لەوە کە نووسیومە: «هەوڵی داوە بە بەڵگە و لێکدانەوەوە، بیسەلمێنێت کە ئەو دوو شیعرە هی شێخ نوورین و بەهەڵە خراونەتە دیوانی بێخودەوە، ئەوەیە کە من لەو باسەدا بێلایەنیی خۆم بپارێزم. ئەگینا من بەڵگە و ڕوونکردنەوەکانی ئازاد عەبدولواحید بە گرنگ و بەهێز دەزانم.

(٨) لێرەدا کە باسەکە پێوەندیی بە عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵلای کەرکووکلی زادەوە هەیە، جێی خۆیەتی کە ئەو گلەییە لەخۆمان بکەم و بڵێم بەم هەموو ڕووناکبیر و نووسەر و لێکۆڵەرەوەیە، نەمانتوانی لەکاتی خۆیدا بیۆگرافیی ئەو کەسایەتییە بنووسینەوە و لای کەسوکاری چی وێنە و نامە و دەستنووسی لەپاش جێ ماوە، بڵاویان بکەینەوە و لە فەوتان ڕزگاریان بکەین! خۆم سەروەختێک لەپاڵ سۆراخکردنی ژیاننامەی چەند کەسایەتیی دیکەدا، تێکۆشام کە زانیاری و وێنە و بەڵگەنامە سەبارەت بە عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵلای کەرکووکلی زادە دەست بخەم. هەروەها بەنێو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا گەڕام. پاش هەوڵێکی زۆر، لە کۆمەڵێک زانیاریی کورت و تێکەڵوپێکەڵ بەولاوە شتێکی ئەوتۆم دەستگیر نەبوو! هاوکات زۆر هەوڵم دا کەسێکی نزیکی بدۆزمەوە. چەند دۆست و ناسیاوێک، ناوی دوو سێ کەسیان پێ گوتم کە خزمی بوون، بەڵام بۆم ڕێک نەکەوت کە لەنزیکەوە بیانبینم و بزانم چی لە بارەوە دەزانن و چییان لا دەست دەکەوێت. لەم ساڵانەی دواییدا چەند لێکۆڵەرێک هەریەک لەلای خۆیەوە ڕۆشناییان خستە سەر هەندێک لایەنی ژیانی. یەکێک لەوانە کەمال ڕەئووف محەممەد بوو کە کورتەیەکی بیۆگرافیی «عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵلای کەرکووکلی زادەی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوکردەوە. بڕوانە: کەمال ڕەئووف محەممەد، عەبدولکەریم سلێمانیی خاوەندی گۆڤاری «ڕۆژی کورد- ١٩١٣»، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١١٩٤، هەینی ١٩٩٦/١/١٩، ل٦ و ٧.

(٩) لە ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٩٩ی ڕۆژی ١٩٢٩/٩/١٩دا هەواڵی کۆچی دوایی عەبدولکەریم بەگی حاجی عەبدوڵلای کەرکووکلی زادە بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا لەسەرەتای هەواڵەکەدا نووسراوە: «لە ئەشراف و خانەدانی سلێمانی و لە ریجالە حقوقیە مەشهوورەکانمان، حاکمی مونفەریدی سلێمانی کەرکووکلی زادە عەبدولکەریم بەگ بە سەبەبی ئەو نەخۆشییەوە کە تووشی بوبو دوێنێ نیوەڕۆ ئەمری خوای بەجێ هێنا».

(١٠) لە چاپی یەکەمی کتێبەکەدا ناوەکە بە دروستی نووسراوە! بڕوانە: دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم- بەشی دووەم، ١٩٨٩، ل١٢٩.

(١١) بیۆگرافیی مەحموود جەودەت و ئەو بەسەرهاتە تراژیدییەی کە لە کۆتایی ژیانیدا بەسەری هات، پێویستە لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی دەربارە بنووسرێت. خۆزگە دەزگایەکی ڕۆشنبیریی کوردی، سەرجەم بەرهەمەکانی مەحموود جەودەتی لەگەڵ ژیاننامەیەکی چڕوپڕ و وێنە و هەر بەڵگەنامەیەک کە پێوەندیی بەوەوە هەبێت، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بڵاو دەکردەوە. شایانی باسە کاتێک مەحموود جەودەت لە سێدارە درا، گەلێک لە شاعیرە کوردە ناسراوەکانی ئەو دەمە)، شیعری سەنگین و هەست بزوێنییان بەو بۆنەیەوە نووسی و بڵاوکردەوە، کە یەکێک لەو شاعیرانە شێخ نووری شێخ ساڵح بوو. تێکستی ئەو شیعرانەش پێوەندییان بە ژیاننامەی مەحموود جەودەتەوە هەیە و دەکرێت هەموویان لەگەڵ سەرجەمی بەرهەمەکانی و ژیاننامەکەیدا بڵاوبکرێنەوە.

(١٢) ئەگەر مێژووەکە بەم جۆرە بنووسرێت ڕۆشنترە: (١٨٧٣ی زایینی- ١٢٩٠ی کۆچی). واتە دەستنیشان بکرێت کام ساڵیان زایینی و کام ساڵیان کۆچییە.

(١٣) بۆ نموونە بڕوانە:

١- دوکتۆر عەبدوڵلا محەممەد حەداد، نالی- هەندێ زانیاری تازە، گۆڤاری کاروان، هەولێر، ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ١٩٨٩، ل٣١-٣٥.

٢- مەحموود لەوەندی، د چاڤکانییەکە تورکی دە نالی، گۆڤاری وان، سوید- ستۆکهۆڵم، ژمارە ٢، ساڵی ١٩٩٢، ل٣-٥.

٣- شاسوار هەرشەمی، هەڵسەنگاندنێکی تری ژیانی نالی، گۆڤاری ئایندە، سلێمانی، ژمارە ٤، ئۆکتۆبەری ١٩٩٩، ل٤-١٠.

٤- وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مەحموود لەوەندی، سازدانی: جوتیار (جوتیار تۆفیق هەورامی)، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە (٢)، هاوینی ٢٠٠٢، ل٢٢٣-٢٢٩.

(١٤) محەممەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی وە ولاتی، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، چاپی دووەم، بنکەی ژین، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٦، ل١٦٧.

(١٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.


(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠ و ٢١١.

**ستۆکهۆڵم- سۆللێنتوونا**
**٢٠٠٨/٩/٩**

# یهیا یهانا و سریمۆنیای
# (هەمرە) نۆشین

**هاشم سەڕاج**

موغانی ئایینی زەردەشت شەونووستنان بەرانبەر کڵپەی ئاگری هەمیشە دایساوی ئاتەشکەدەی میهر دەوەستن و قوم قوم شەرابی «هەوم- هۆم- هوما» دەنۆشن و بەحاڵ و جەزبە و لاڵانەوە ڕوو لە دەرگەو دەروازەکانی دڵ و میهرابی [ئاهورامزدا] دەکەن و بیر لە عیشق و گیانی گەردوون دەکەنەوە، کتێبی «سابیئە مەندائییەکان» لە نووسینی شاسوار خ. هەرشەمی-یە. دەربارەی مێژوو و ئایین و باوەڕیان دەدوێت و بەوردی دەست نیشانی بنەچە و ئەسڵ و ڕەچەڵەک و زێدی تایبەتییان دەکات و هاوکات لە دابونەریت و ڕێوڕەسمیان دەکۆڵێتەوە و میتۆلۆژیاگەلێک دەخاتەڕوو، لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەم چەند لایەنێکی گرنگ لە سریمۆنیای سابیئە مەندائییەکان تۆمار بکەم کە لە دووتوێی ئەم کتێبە دانسقەیەدا هاتووە.. مەندائییەکان خۆیان بە پێڕەوانی «یهیا یهانا» دەناسێن واتا «یوحەننای مەعمەدان»، چونکە یوحەننا لە ئایینی کریستیدا ڕۆڵێکی گرنگ و شوێنێکی دیاری




هەیە، یان بەشێوەیەکی تر عیسای کریست، یان یەسووعی ناصری زرنگترین قوتابی یوحەننای مەعمەدان بوون، ئەوەبوو کریستی لە ئاوی [مزدا] هەڵکێشاو هانی دا گیانی ئاوێزانی وشە بکاو لە عیشق و مەحەبەت بدوێت. «گنزا» کتێبی پیرۆزی مەندائییانە، هەروەها «هەران گەوەیتە».. کە بە ڕوونی باسی کۆچی بە کۆمەڵی مەندائییەکان دەکات لە ڕۆژئاواوە بۆ وڵاتی میدیا، بەڵام وشەی «سابیئە» لەناو عەرەبی پێش ئیسلامدا دەربڕینێکی باو و ناسراو بوو، ئەوان بەو کەسانەیان دەوت «سابیئە»، یان «صبأ» کە واز لە ئایینی باوی باوک و باپیران دەهێنن، یان هەڵگەڕاونەتەوە سەر ئایینێکی تر، واتا سابیئە مانای گۆڕان و گەڕانەوە و هەڵگەڕانەوە دەگەیەنێت، «رایتزنشتاین» باوەڕی وایە کە مەندائییەکان لەسەرەتاوە پێڕەوانی دەستەیەکی جوولەکەی پێش پەیدابوونی کریستی بوون، هەروەها سریمۆنیا و فێرکارییەکانی مەندائیانی هەرە بەرایی، لەلایەن

یوحەننای جەمکەر و پێڕەوانی دارێژراوە».. هەندێک لێکۆڵەری تر، بەپشت بەستن بە لێکچوونەکانی مەندائی و کریستی، لایان وایە مەندائی گرووپێکی هەرتەک و لەڕێ لادەری کریستی بوون، هەروەها خاتوو لێدی دراوەر، سەرەتای سەرهەڵدانی مەندائی، بە دەستەیەکی جوولەکەی پێش کریستی دەبەستێتەوە کە بە «ناسارییەکان» ناسرابوون، ئەمانە دەستەیەکی هەڵگەڕاوەی جوولەکە بوون، کە لە دۆڵی «قەمران»ی کەناری دەریای مردوودا دادەنیشتن، ناویان لەخۆیان نابوو «ناساری»، یان «نوسریا- بریت» کە واتای «پارێزەرانی بەڵێن» دەگەیەنێت، مەبەست لە بەڵێن بەستنی خودا «یەهوە»یە لەگەڵ ئیبراهیمدا، وەک لە تەوراتدا هاتووە،.. وەک دەردەکەوێت مەندائییەکان سەردەمێک هەر بە «ناسورائی» دەناسرانەوە، لە بەڵگەنامەی بەجێماوی ساسانیانیشدا هەر بەو ناوە ناسراون، ئێستاش مەندائییەکان وشەی ناسورائی «بۆ دەستەی پیاوانی ئایینی بەکاردێنن، لە دەقە نووسراوەکانی خۆشیاندا ئەم ناوەیان بۆ بەکارهاتووە» بەڵام نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت: «مەندائییەکان تا ئەمڕۆش بەگشتی لە بیرۆکەیاندا پارێزراوە کە ئەوان بنەچەیان بۆ کەناری ڕووباری ئوردن، ئیسرائیل دەگەڕێتەوە هەموو ئەوانەی کە من دواندوومن، هەست بەوە دەکەن و دانی پێدادەنێن، بەڵام ئەدەبیاتی مەندائی بە ئاشکرایی دژایەتی جوولەکەی پێوە دیارە، وەک بەرەنجامی کاردانەوەیان بەرانبەر چەوسانەوە و ڕاوەدوونانی باوک و باپیرانیان».

ئیتر مەندائییەکان بەدرێژایی مێژوو چەندین جۆر ناویان لێنراوە.. لەوانە..

- سابیئە: گەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە، کە لە ئایینی خۆی هەڵگەڕابێتەوە، بە هەموو بتپەرستێکیان دەگوت سابیئە..
- سوببی: یان سوببە.. لە وشەی «سوبیا» کە بە زمانی ئارامی عیبری واتای «خۆ لە ئاو هەڵکێشان» دەگەیەنێت.
- ناسورائی، ناسورایی: یەکێکە لەو ناوە کۆنانەی کە مەندائییەکانی پێ ناسرابوو..
- گنوسی، گنۆسیستی، گنۆسیتییەکان.. کە بیروژیرییان بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی دیاردەکان بەکارهێناوە..
- مەعمودییەکان، نەبەتییەکان،
- خەمیری یان کیماری= کیماریم واتای «بتەوان» دەگەیەنێ، یان ئەوکەسەی کە لە بتخانە کاروباری ئایینی ڕادەپەڕێنێت.
- موغتەسیلە: هەردەم لە کەناری ئاوەدان بۆ بەجێگەیاندنی سرێۆنای جۆراوجۆری ئایینی.
- مەشخاتی- میشانی- میسانی: ناوێکی جوگرافییە مەبەست لە پارێزگای- میسان- عەمارەیە، یان دەشت و زۆنگاوەکانی واست- واسیتییەکان و زۆنگاوەکانی میسان.

پیشە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی مەندائییان، مەندائی وەستاو پیشەوەری کارامە و لێهاتوویان تێدا هەڵکەوتووە، نەخاسمە لە بواری زەڕنگەری و دروست کردنی خشڵ و زەنبەری ژنان و نەخشاندنی میتاڵەکانی زێڕ و زیو، هەروەها دروست کردنی چەندین جۆر کەلوپەل و کەرستەی پێویست بۆ خەڵکی زۆنگاونشین، لەوانە دروست کردنی بەلەمی جۆراوجۆر، تۆڕ و قولابی ماسی گرتن، گاجووت، کەلوپەلی دروێنە، ئاسنگەری، هەروەها مەندائی بە سرێۆنیای تایبەت بە ئایینەکەیان و بەزمانی مەندائی، یان بە «ڕاتنا» کە بریتییە لە وشەی کۆنی بابلی و پەهلەوی نوشتەی چاوزار و نزایان دەنووسی، چونکە زمانی مەندائی لەلای ئەوان لە [٢٣] پیتی ئارامی پێکهاتووە، ڕۆژانی یەکشەممە ڕۆژی خواپەرستی و ڕوو لە پەرستگا «مەندی» کردنە، ناوی کچ و فەرزەندەکانی مەندائی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بەم شێوەیە بوو، یان ئەو ناوانەیان لە منداڵەکانیان ناوە.. زازای ئەتهر، دامویا، ئەشکەندا، ئادەم، زەهرون، ئانۆش، یەهیا، بۆ کچانیش زەکیە، هەوا، نیمات،.. لەناوە ساسانییەکانی هەمان سەردەمیشدا ئەم ناوانەیان بەکارهێناوە..

بەهرام، سەرمەد، هۆرمز، سامان، یاسەمین، ئێستا ناوی مەندائییان رام، میسەلون، ڕود، زەهرون، هەروەها ڕیش ئەمە، یان ڕیشایا= شێخی هەرە گەورە و ڕێبەری ئایینییە، کە لە دوو وشەی ئارامی پێکهاتووە، ڕیش= سەرۆک، ئەمە= نەتەوە.. واتا سەرۆکی نەتەوە، یان «گەنزبیرا» لێپرسراوی دەستەیەکی لە پیاوانی ئایینی، «تەرمیدا» پیاوانی ئایینی ئاسایی، «شولیە» ئەو قوتابییەی بۆ پیاوی ئایینی پاڵێوراوە.. «شگەندە» جێگر و یارمەتیدەری پیاوانی ئایینی.. پەرستگای مەندائییان پێی دەگوترێت «بێمەندا»، مەندی،

بێمەندا، مەندا.. «ئەندەر دنا» مانای کۆلێتێکی لە قامیش دروستکراو دەیەگەیەنێت، «ئەشەخەنتا» کوختی ڕووناکی، مەسبوتە= لە ئاو جەمکردن، لە ئاو هەڵکێشان، تەعمید، پێوەندی بە یهیا یهاناوە هەیە، یان یەحیا واتا یوحەننای مەعمەدان= نیشانەکانی پیاوانی ئایینی مەندائی کە لە شێخ وەری دەگرێت ئەنگوستیلەیەکی زێڕ، یان زیوە پێی دەڵێن «شوم یاوەر»، هەروەها «تاغا» کە جامانەیەکە لە کەتان، گۆچان، یان مەرگەنە لە لقی دار زەیتوون دروست کراوە.

گنزا، یان سیدرا ئەدنشمان.. کتێبی مەزنی مەندائییانە، هاوکات پێی دەگوترێت سیدرا ڕەببا، گنزا ئیمنە.. گنزای ڕاستە، بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی میتۆلۆژی، زانستی لاهووتی، لێکۆڵینەوەی ڕەوشتی، بەشەکەی تر گنزاسمالە، گنزای چەپە. بریتییە لە هۆنراوە و ستایش و نزای ئایینی، بەڵام دراشائەد یهیا.. کە فێرکارییەکانی یەحیایە.. پێی دەڵێن فێرکارییەکانی «مەلەک» «دراشاد ملکی» پڕیەتی لە بابەتی میتۆلۆژی، چیرۆک و بەسەرهات و سەربهوردی «ئانوش» کە ڕزگارکەری ئاسمانییە، یان ستایشە بۆ یهیا یهانا... «قولتە» کتێبێکی تری مەندائیانە پێکهاتووە لە دەقی نوێژە یاساییەکان، هەڵبەست، چەندین تێکستی نزاو پاڕانەوە و لاڵانەوە بۆ میهری باڵا.. کتێبی «سفاومەلواشە» کە کۆنترین دەستنووسی مەندائییە و مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٢١٢ی کۆچی دەگەڕێتەوە، وێڕای دیوانی «ئاباتەر» کە کتێبێکی دێرینە، مەندائی هەردەم و هەمیشە بیر لە کەناری ڕووباری ئوردن دەکەنەوە و دۆستایەتییەکی توندوتۆڵ و بەهێزیان لەگەڵ «ئاو»دا هەیە، چونکە «هیبل زیوا» دێ و چین لەدوای چین جیهانی تاریکی دەبڕێت و وەک یەکەمین جەمکەر «مەعمەدان» ئادەم بە ئاوی ژیان جەم دەکات، مەندائییەکان، عیسای مەسیح بەوە تاوانبار دەکەن کە نامەو پەیامی «یهیا یهانا».. یوحەننای مەعمەدانی شێواندووە، دوای ئەوەی یەکەم جار وەک شاگردێکی یوحەننا و لەبەردەستی ئەو فێری فەلسەفە و حیکمەت بوو، لە گەنزای ڕاستدا هاتووە.. [یەسوعی کریست، هات بەبێ فیز و خاکەڕا دەجووڵایەوە، لە جەمخانەی یوحەننا جەمی کرد، لە ڕێگەی حکیمەتی یوحەنناش بوو بە حەکیم، دوای ئەوە دەستی کرد بە گۆڕینی وتەکانی یوحەنناو جەمخانەی ئوردونیشی گۆڕی]، بۆیە یوحەننای مەعمەدان مامۆستاو شێخ و ناسورائییەکی مەزن و پایەداری مەندائی بووە و ڕێوڕەسمی نوێژی لە (٥) جارەوە کردووە بە (٣) جار. وشەی «مەندا» بەمانای «مەعریفەت» دێت خانەی مەندا، یان ماڵی مەعریفەت، مەندا ئەرهی، یان مەندائی ئەرهی گرنگترین بوونەوەری ڕووناکییە و لە ئایینی مەندائیدا زۆرجار مانەندی گیانی فریادڕەس ناوی براوە، دوای ئەوەی ئادەم گیانی بە بەردا کرا، ئەو مەندا ئەرهی بوو کە هات و ئادەمی فێری هەموو زانستە نهێنییەکان کرد، ئەو بوونەوەرە ئاسمانییە، وەکو نێردراو «سیلهیە»ی تایبەتی جیهانی ڕووناکی هاتووەتە سەر زەوی، «مەندا ئەرهی» وشەیەکی ئارامییە و واتای مەعریفەتی زیندوو دەبەخشێت، هەروەها لە وێنەی «سەکین ئەد ئولە» کە شێوەیەکی بازنەیی وەرگرتووە و گوزارشت لە هێزی چوار توخمەکە دەکات.. هەنگ= هێمای هێزی «با»یە، «شێر» هێزی «ئاگر»، دووپشک نیشانەی توانای «ئاو»ە، مار هێزی «خاک»ە.. ڕستە، یان ڕستەک= جلو بەرگی تایبەتی ئایینی لای مەندائییەکانە، کراسێکی ئاودامانی سپی، بورزینگە، یان بەرزەنگا بریتییە لە جۆرە جامانەیەک، یان شێوەکڵاوێک کە لەسەر دەکرێت، «تاگە» لە «تاج» وەرگیراوە، شێوە تاجێکە دەکرێتەسەر، مەرگەنە= گۆچانی شێخ، یان گەوازە لە لقی دارزەیتوون دروست دەکرێت.

درەفش: ئاڵا.. هێمای مەندائییەکانە، لە «مەندا» هەڵدەواسرێت، بریتییە لە دوو دار دارەکان بەشێوەی خاچ لە یەکتر بەستراون. گەڵای «مورتک»ی لێ ئاڵاوە. بوونەوەرانی ڕووناکی پاسەوانی ئاوی ڕەوان دەکەن، «ڕوها» مانای «ئەهریمەن» دەگەیەنێت، «تەرمیدا» جامانە سپییەکەی لوول دەدا و کە درێژ بووەتەوە پێی دەڵێت «تاغا»، ئینجا چەپکێک مورتک بەشێوەی بازنەیی بچووک لوول دەدات پێی دەڵێن «ئەکلیل». «جەمکردن» خۆ ڕزگارکردنە لە بەدی و خراپە کە ئەنجامدانی کاری «مەسبوتە»یە.. واتا خۆ لە ئاو هەڵکێشان، بەراخە= نوێژکردن، ساومە= ڕۆژوو گرتن، یان بە ڕۆژوو بوون، «ڕوها» دایکی حەوت ئەستێرە شوومەکەیە، پاگریا= تەن، جەستە، کاسیا= گیان، ڕوح..

پاگـریا له هێـزی تاریکی دروست کراوه، یان دەکرێت، کاسیا له هێزی ڕووناکی دروست دەکرێت.

مەسیختە: سەرژێ کردنی مالآت، یان پێشکەش کـردنی کـوشـتـوو و قـوربانی.. له ئایینی مـەندائیـدا بەسـریمۆنیـای تایبـەت.. «هەمـرە» دەنۆشرێت.

هەمرە: شەربەتێکی ڕەنگ سوورە له ئاوی مـێـوژ، یان ترێی گـوشـراو دروست دەکـرێت، دوور نیـیـه هەندێک جار «هەمرە» بۆ ئەلکهول ترشابێت، کـەواتە چەشنی شـەرابی زەردەشتیـان، یان وەک «هەوم» کە موغەکان لەعیشق و ئەڤینی جیهانی بالآ نزیک دەکـاتەوە. هەمـرەش ناسـورائیـیـان بەرەو حـالّ و جـەزبە بەرێت و بیـر له کـەناری ڕووباری ئوردن و مـەرگەسات و سـەربهـوردی «یهیـا یهـانا» بکەنەوە، بەتایبـەتی ئەوکـاتەی «سـالومـە»ی گـوناهبـار کەللەسەرەکەی لەسەر خوانچەیەکی زیـویـن دانـاوە و لـەشـــــەوە زەماوەندێکدا مێزاومێز گێڕاویەتی، چونکە مـــەندائی زۆرجـــار وەک پالّەوان و پێغەمبەر و فریادڕەسێک سەیری «یهیـا یهـانا» دەکـەن و ئەو ئەژدەها ڕەشەکەی کوشتووە و ڕێگەی ئاوی سـەلسـەبیلی بۆ کـردوونەتەوە، هەربۆیەش مەندائی عاشقی «ئاو»ن، بەردەوام له ئاوی ژیاندا خـۆ جـەم دەکەن.

مـەندائی گۆشتی مـالآتی مێـینە ناخـۆن وەک مـەڕ و مـانگا و بزن، بەلآم گـۆشی بەران، تەگـە «کـەلّ، نێـری» دەخـۆن. پیـاوانی ئایینی مەندائی بۆ دانیشـتـوانی شیـعـەی زۆنگاوەکـان [نوشتـە]یان بەزمـانی عـەرەبی، یان مـەندائی دەنووسی، ئەمـەش بۆ گـەلێک مـەبەست دەنووسـرا، وەک خـۆپاراستن له جنۆکـەو لەمـەچێـتـر، هەروەها نزای عـیـشق و خـۆشـەویسـتی، بەیەک گـەیشـتـنی دلّداران، یان سـەر لێـشـێـواندنی ناحـەز و بەدکـار و دوژمنان. بۆیە هەست دەکـەم ئەم ئەزموونە جادوویيە له شیعرەکانی [خەزعەل ئەلماجدی]دا زۆر بەڕوون و ئـاشـکـرایـی ڕەنـگـی داوەتـەوە. «خـەزعـەل» له چەندین دیوانی شیعریدا لەسەر غەنوسیەتی مەندائی و سیـحـری سپی و نهـێنییـەکـانی کـێـشکردنی دلّی عـاشـقـان کـاری کـردووە. زۆرجـاریش بایەخی بە بازنەکـانی جـادووی ڕەش داوە و حالّەتە تەلیسمییـەکانیش زۆر بە شـێـنەیی لەگـەلّ تۆڕی ئالّۆسکاوی زمان و هەستە شیعرییەکان ئاوێتە کـراون.. ئەمـە وەک خـێـرا ئاوڕدانەوەیەکـە له شـیـعـرەکـانی ئەلماجدی..

چونکە مـەندائیـیـەکـان «یهـیـا یهـانا» بەناسـوراییـەکی شـارەزا تێدەگەن له بواری جادووی سپی و ڕەوادا، وەک لەم کتێبەدا هاتووە، کە [میـتۆلۆژیای ئایینی مەندائییەکان بـابـەتێـکی زۆر ئـالّۆز و بـەربـلآوە. نزیکەی گشت دابونەریت و سریمۆنیا ئایینییەکان و کۆمەلآیەتییەکان.. توخمـەکانی میـتۆلۆژیای مـەندائی تێکەلآوێکە له داهێنان و وەرگـرتن له کـەلەپوور و فـەرهەنگی گـەلانی ناوچەکـە،.. فـەرهەنگی دێرینی مـیـزۆپۆتامـیـای ئایین و باوەڕی زەردەشـتـی، تەنـانـەت پـێـش زەردەشـتـیش له کـوردسـتـان وەک میـترایی له میـتۆلۆژیای مـەندائی ڕەنگی داوەتەوە توخـمی زۆر و بەرفـراوانی یەهوودی، تەنانەت کـاریگەری ئایینەکـانی کـریسـتی و ئیسـلامیش هەستیـان پێ دەکرێت] وەک له تێکسـە مـەندائییـەکـاندا هـاتـووە [ڕوونـاکـی و تـاریـکـی بەیەکەوە گرێ دراون، ئەگەر تاریکی نەبێت، ئەوە ڕووناکـیش بوونی نـابێت]، هەروەها ئـاسـەواری کـارتێکردنی فەلسەفەی ئەفلاتوونی زۆر ڕوون و ئـاشکرایە، کـە له تێکستە ئایینییـەکانی مەندائیدا بیـرۆکـەی [سـیـمـا سـومـا]ی ئەفـلاتوونی و بایەخدان بە گـیـان و دەربازبوون له زیندانی جەستە.. لای مـەندائیـیـەکـان [ڕزگـاربوونی ڕاستەقینە، بریتییە له ڕزگاربوونی گیان له بەدەنی مرۆڤ و جێهێشتنی گـۆی زەوی تا لەگـەلّ هاوتای ئاسمانی خۆیدا، یەک بگرێتەوە. بەم جـۆرە مـردن له ڕاسـتـیـدا جگە له ڕزگـاربـوون شـتـێکی دی نییـە، ئەو گیانەی بە خراپە ئالّوودەبووە تووشی ژمـارەیەکی زۆر لەمـپـەر «مـەتەراتە» دەبێ تا پاک دەبێتەوە]، یان «گـیـان هەردەم ئارەزووی گەڕانەوەی هەیە بۆ مـالّ و هەوارگـەی خـۆی له جیـهـانی ڕووناکیدا» بەم جۆرە عیشقی «یهیا یهـانا»ی جـەمکەر و نوسـتـالـژیای کەناری ڕووباری ئەردەن و سریمۆنیای (هەمـرە) نۆشین له تێکسـتـە مـەندائیـیـەکـاندا بوونی خـۆی پاراستووە.

**ناوی کتێب: سابیئە مەندائییەکان.**

**بابەت: مێژوویی.**

**نووسینی: شاسوار خ. هەرشەمی.**

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سـەردەم، کـتـێبی ژمـارە (٢٨٢) سـالّی ٢٠٠٤.**

# سەمفۆنیای وەنەوشە


سەباح ڕەنجدەر

دڵشـــــاد مـــــەریوانی بەهرەدار و کەسایەتییەکە لە ناوەندی ڕۆشنبیری کـوردیدا، لە کـۆمـەڵێک هێـڵـدا تواناکانی خۆی تاقی کردووەتەوە و بەرهەمهێنە.

من لێـــرەدا تەنیـــا لە هێـــڵـی شیعرییەوە لێی دەدوێم و لەم بوارەدا خاوەنی بیرێکی زاندراوە و جیهانی نەزاندراو و هەستی ڕاناگەیەنێت، ئەو جیهانەی تێیدا کارایە بە کەمێک گـــۆڕانکارییـــەوە دووبارە وێنای دەکاتەوە، لە پلەیەکی هۆشیـاریدا پێویستییەکانی مرۆڤی ئەو جیهانەی وێناکراوە، کارپێدەکاتەوە و دەیکات بە شیعر.

دەشێت شیعرێک باش تەماشای جیهانی کردبێت، پانتاییەک بێت لەوێدا بۆ نادیار بگەڕێین.

بە فراوانی کولتوور لە فۆرمی سەرچاوەیەکی خۆڕسک بەکاردەهێنێت و لێی نزیک دەبێتەوە، دوای سوود وەرگرتن و بەکارهێنان وەک سەکۆیەک لە سەری دەوەستێت و خۆی ڕادەگەیەنێت.



مرۆڤ لە ناو شیعرەکانیدا ئاشقێکی تاهەتایە نییە، بەڵکو ئاشقێکە بەرەو ڕزگارییەکی دیاریکراو. لە ژێر کاریگەرییەکی مەودا کورتدا دەجوولێت. خولیا و تانوپۆی ڕستەکانی ڕوون و لەڕوون، پێوەندییەکانی ڕەگەزی پێکهاتە تا ڕەگوڕیشە قووڵ ناکاتەوە، بەڵام هارمۆنییەت و تەباییەکیان لە نێواندا دروست دەکات و بە ڕەهەندی ڕۆمانسییانە و کەشوهەوای گۆڕانکارییە واقیعییەکان گرێیان دەداتەوە. هەندێک جاریش یاخییەکی تۆڵەستێنە و توندوتیژی دەخاتەوە، لە کاتی هەڵچوون و توندوتیژیدا شاعیر ناتوانێت بیر و هەستی بخەملێنێت و بەچاکی بەکاری بهێنێت، پێوەندییە ئیستێتیکییەکان لە کاتی ئاسوودەیی مرۆڤەوە خاڵی پێکهاتە دروست دەکەن و پێ دەگەن بۆ بەکاربردن و کارپێکردن هاوشێوەی سرووش و جووڵاندنی بە ئاراستەی نادیار و بەرەو پرسیار چوون.

بە سەر واقیعی شێواودا شۆڕشگێڕە. شۆڕشگێڕییەکەشی پەیامێکە لە مرۆڤپەروەریدا دەیگەیەنێت و لەگەڵ کۆدا دایدەمەزرێنێت. ئەو ئەزموونەش لەوەوە کەوتووەتەوە کە خۆی لە شێوەیەک لە شێوەکانی مەرگ ژیاوە و تلاوەتەوە. ئەوەی لەو جۆرە ژیان و هەستە تراژیدییەوە لای کۆبووەتەوە و جۆشاندوویەتی و لە قووڵاییەوە

تەقاندوویەتییەوە، قەوارەیەکی شیعری پێدەدا و ویژدانی خۆی، یان ویژدانی نووسین دەدۆزێتەوە.

ویژدانی نووسین بەتایبەتی شیعر بۆیە هەیە، تا ببێتە پەنجەرەیەک بۆ تیشکێکی نیگەران و پێشبینییەک بێت بۆ جوانی.

(سەمفۆنیای وەنەوشە)، ناوونیشانی کتێبێکی شیعریی (دڵشاد مەریوانی)یە. ساڵی (١٩٨٠) لە دووتوێی (٩٦) لاپەڕەدا چاپ کراوە، شوێن و ناوی چاپخانەی بەسەرەوە نییە.

بەسەر سێ بەش دابەش کراوە.

**بەشی یەکەم:**

لە ژێر ناوونیشانی (سەمفۆنیای وەنەوشە). لەلاپەڕە (٧) تا (٥٥). پەنجاویەک شیعری تێدایە. لە بری ناوونیشان بۆ هەر شیعرێک ژمارەیەکی داناوە.

**بەشی دووەم:**

لە ژێر ناوونیشانی (سەمای نێرگز). لەلاپەڕە (٥٦) تا (٧٩). ئەم شیعرانەی تێدایە: (دڵنیایی، نەترازا، لە دایک بوون، وێنە، ژوورەکە، من و تۆ، عەجوول، کبریت، نووستوو، هاوین، تۆپە سوورەکە، سێ قەسیدەی باڵبەستراوی سەربەست.)

**بەشی سێیەم:**

لە ژێر ناوونیشانی (ئێمەش لە خۆشەویستی دەزانین). لە لاپەڕە (٨٠) تا (٩٣). ئەم شیعرانەی تێدایە: (بیرەخەو، خۆشەویستی سێ گۆشەیە، ڕابەر، گمە و کوشتن، نووزە، برمە، بۆ تۆ و هەموو تۆکان.)

**برمە**

**کە چاوی بە سینییەکە کەوت**
**جامخانەکەش وەک ناودەمی ئاوی تێ زا**
**حەزی لە برمەیەک کرد و کابرا وتی بە پەنجا**
**بە گیرفانیدا دەستی گێڕا**
**پەنجاییەکە و یادی هاوسەرەکەی ژینی**
**بە دەستییەوە هات**
**ڕاما**
**کابرای برمە سەیری کرد**
**ئەم شەرم گرتی**
**دایە و برمەکەی لێ وەرگرت**
**کە چووەوە وتی**
**بێ تۆ برمەیەکم زەهر کرد و پەشیمانم**
**بەڵام قەینا**
**سبەی کە معاشم وەرگرت**
**کیلۆیەکت بۆ دەکڕم**

**سبەی کە معاشی وەرگرت**
**هەر لە کارگەوە بردییان**
**ئەفسەرەکە لە زمانی برمە و حەزی نەدەزانی**

**هاوسەرەکەی پاش هەفتەیەک چاوەڕوانی**
**شەوێک دەرگاکەی کردەوە**
**لە جێی برمە**
**لە جنفاسێکی زەرد باودا**
**باڵاکەی ئەویان بۆ هانی**

شاعیر هەوڵ دەدات هەموو ئەو شتانەی دەیانزانێت بیاننووسێت و بیانباتەوە ناو سۆز، سۆزیش کاریگەری لە سەر مانا و وێنە و بنیاد بەجێ دەهێڵێت. لە هەندێک باردا هونەری داهێنان لاوەکی دەخات و زانیارییەکانی ناگوازێتەوە ناو ڕەهەندی داهێنان و بنیادی زمان. لەم تێڕوانین و بۆچوونەوە کار لە پێناو زیندووکردنەوەی سۆز لە ناو ڕواڵەتی واقیع و پاراستنی کەلەپووری واقیع دەکات، ئەمەش بینینی واقیعە وەک گشتێک، واقیع وەک گشت بینین ترسناکترین ڕەهەندی کارکردنە لە هونەری داهێناندا.

بە دەگمەن داهێنان لەم جۆرە تێگەیشتن و بینینەوە بەرهەم دێت، چونکە درێژ بوونەوەی واقیعە، بەشێک نییە لە پێکهێنانی واقیعی زیندوو.

شێوەیەکی زیندووی واقیع لە هێزی درامی و بەرزکردنەوەی گیانەوە بەرهەم دێت، کە هەست بارەکەی خولقاندبێت و مەودایەکی لە نێوان ژیانی مرۆڤ و واقیع دانابێت. مەودایەکە پانتاییەک بێت بۆ بووژانەوەی گیان.

(٢٠٠٨/٣/١٣) نۆزدە ساڵ بەسەر شەهید بوونی تێپەڕی، لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٣/٢٨)دا لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/٣/١٣) لە شاری لە دایک بوونیدا جەستەیان بزرکرد و گیانیان هەڵدایە ناو مێژووی ئەدەبی کوردی.

ئەم تەمەنە کورتەی ئەگەر بەراورد بکرێت بەوانەی تەمەنی کیسەڵیان هەیە. ئەوەت لا دەبێتە خاڵێکی باشبینین، کە بووەتە کەسایەتییەکی چالاک لە میانەی کارکردنی لە بواری ئەدەبی واقیعیدا و توانیویەتی فۆرمێکی دیار بهێنێتە ناو شیعری کوردییەوە.

بە هۆی ئەو ئایدۆلۆژیا تایبەتییەی هەیبوو، هەوڵی پەروەردەکردنی میللەتی دەدا بەرەو گۆڕان و باشترکردن و کردنەوەی جیهان بەرەو وتووێژێکی درێژ و ناکۆتا، ئەگەرچی ئەم بینین و کارکردنە کاری ڕێکخراوی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان پەروەردەیی، یان مەڵبەندی ئەکادیمی، یان ڕێکخراوی ئایینی.........تاد، کاری شیعر پەروەردەکردنی هەستی ئیستێتیکییە لە جەستەی دەق و گیانی کۆمەڵگای تەندروستدا.

# ئەدەب و سینەما – Litterature et Cinema

مەبەست لەم ناوونیشانە بە پلەی یەکەم کاریگەری ئەدەبە لەسەر سینەما. سینەما وەک هونەرێک، ئەگەر لە سەردەمی هیگڵ (کۆتایی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم) هەبووایە لە سستمی تیۆری جوانیناسی خۆی، لەڕیزی هونەرەکانی دیکە باسی دەکرد، وەک؛ پەیکەرتاشی، موزیک، شێوەکاری، (هونەری پلاستیک)، شیعر.... تاد، بەڵام سینەماو (فۆتۆگراف)، دوو هونەری سەدەی بیستەمن، هی سەردەمی پیشەسازین.

ئەمەش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە، هەڵبەت وەک کاریگەری ئەدەب و هونەرەکان لەسەر سینەما و بەپێچەوانەشەوە، لەم بارەیەوە، وەک بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، لەگەڵ سەرهەڵدان و ئاڵۆزبوونی سینەماوە باسی ئەم پێوەندی و کاریگەرییە دەکرێ.

ئەم پێوەندی و کاریگەرییە لە ئەدەبی کوردیدا قورسایی و دەرکەوتنێکی ئەوتۆی نییە باس بکرێ، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە سینەما هێشتا لەناو کورد بەرهەم هێنانێکی قورس و دیاری نییە. دەشێ بۆ فۆتۆگراف ئاستێکی دیکەی کاریگەری و پێوەندی هەبێ. ئەمەش بەڕای من دەشێ لە چوارچێوەی هونەری شێوەکاری زیاتر باسی بکرێ و بدۆزرێتەوە، چونکە فۆتۆگراف و شێوەکاری دەرکەوتنێکی زیاتریان لەناو ڕۆشنبیری کوردیدا هەیە لەچاو سینەما.

لە ئەدەبی جیهانی بەگشتی و ئەدەبی ئەورووپی بە تایبەتی، کاریگەری ئەدەب لە سینەما سەرەتاو مێژوویەکی هەیە. ئەم کاریگەرییەش لە سەرەتادا لە ئەدەبی شانۆوە بووە بۆ سینەما. مێلییێس– Melies–ی سینەماکار، یەکەم کەسێک بووە کە لە ئێستێتیکی پانتۆمیم و مێلۆدراما و درامای مێژوویی سوود وەردەگرێ و لە سینەما بەکاری دەهێنێ. لە بزووتنەوەی (فیلمی هونەری) لە لایەن ژول لۆمێتر– J. lemaitre و هێنری لاڤۆدان– H. Lavodan، کە نووسەری دراما بوون، فیلمی هونەری بەسوود وەرگرتن لە دراما بەرهەم دەهێنرێ، ئەکتەرە ناسراوەکانی وەک سارا بێرنهارد ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. دواتر کە سینەمای دەنگدار سەری هەڵدا، ئەم سوود وەرگرتنە لە ئەدەبیات زۆرتر و فراوانتر دەبێ.

دوای ئەم هەنگاوە سەرەتاییە کە بە پلەی یەکەم سینەما سوودی لە شانۆ و جۆرەکانی شانۆ، یان دیمەن و نمایش وەرگرتووە، ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ڕۆمان دێتە پێشەوە.

بۆ نموونە: گریفیت– Griffith دەڵێ، دوای خوێندنەوەی دیکنز– Dickens، بیری لە هەندێ نوێخوازی و داهێنانی تەکنیکی سینەمایی کردۆتەوە و جێبە جێی کردوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سینەما زۆرترین سوودی لە ڕۆمان و هونەری ڕۆمان نووسین، بەتایبەتی (گرێی چیرۆک و ڕووداو) وەرگرتووە. هەر لەو سەردەمەوە، بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵانی سییەکانەوە کۆمەڵێک ڕۆمانی کلاسیکی و ناوداری فەرەنسی بۆ سینەما ئامادە دەکرێن، وەک ڕۆمانی کرانکێبیل–ی

ئەناتۆل فرانس، ڕۆمانی فریشتە ڕەشەکان-ی فرانسوا مۆریاک، پۆستی باشوور-ی سان ئیگزوپیێری، ڕۆمانی هۆتێلی باکوور-ی دێبی- Debit، شەیتانی ناو لەش-ی ڕادیگێ. سەمفۆنیای شوانکارە-ی ئەندرێ ژید، بیرەوەرییەکانی کەشیش گوند-ی بێرنانۆس و هیتریش.... تاد.

لە لایەکی ترەوە، سینەمای فەرەنسی، بەتایبەتی تا سەردەمی دەرکەوتنی سینەمای (شەپۆلی نوێ- Nou-velle Vague)بەوە دەناسرێتەوە کە نەریتێکی (نایابی) هەبووە، ئەمەش لەسەر بنچینەی کارکردنێکی سایکۆلۆژی لەسەر کەسایەتییەکان، دروست کردنی ئەتمۆسفێرێک کە لە ئەدەبی نزیک بکاتەوە. کۆمەڵێک سینەماکار ئەم کارەیان کردووە وەک: کلۆد ئۆتان لارا، مارسێل کارنێ، ژولیەن دوڤیڤیێ، هێنری ژانسۆن...تاد

لەگەڵ ئەمەش، بەپێچەوانەوە، هەندێ سینەماکار، کە پێشینەیەکی ئەدەبییان هەبووە و سەرەتا نووسەر بوونە، هەوڵیان داوە- سینەما لە ئەدەب دووربخەنەوە، ئەمەش بەکارکردن لەناو خودی هونەری سینەماو وێنە، وەک: کارکردن لەناو هونەری مۆنتاژ، پێوەندی لە نێوان دیمەن و وێنەکان خۆیان، هێنان و بردنی سێبەر و ڕووناکی، لەم دەرهێنەرانەش کە ئەم کارەیان کردووە وەک: ژێرمێن دولاک، ژاک فێیدەر، ئەبێل گانس، مارسێل لێربیێ، ئەمەی دواییان زۆر هەوڵیداوە، سینەما وەک هونەرێکی سەربەخۆ لێ بکا و کاریگەری ئەدەبیاتی لێ دوور بخاتەوە.

نووسەر جۆرج دوهامێل، لەو باوەڕەدا بوو کە سینەما (هونەرێکە بۆ سەرگەرمی، دەیگوت: بۆ نەخوێندەوارەکان باشە وەختی پێ بەسەربەرن.)، بەڵام ئەمە ڕوانینێکی سادەو ساکار بوو، بەپێچەوانەوە زۆر لە نووسەران بەهونەرێکی زۆر گرینگ و پڕ بایەخ و نوێ لە قەڵەمیان داوە. ئەپۆلینیێر بە داهێنانێکی نوێی لە قەڵەم دەداو ستایشی مێلییێس دەکا. بلێز سەندرا هەر لە زوویەکەوە عاشقی چارلی چاپلن و سینەماکەی دەبێ. سوریالیستەکان هەردەم لە هۆڵی سینەماکان بوون.

هەندێکیان ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا پشتگیری خۆیان بۆ سینەما پیشان دەدەن، بەتایبەتی ڕۆبێرت دێسنۆس، پشتگیری لە دەرهێنەرەکان دەکا، هەڵبەت بە گوتار و مانیفێست.

لێرە بەولاوە، بەتایبەتی لە ١٩٢٩ەوە، ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک نووسەر بەرەو سینەما دەچن، لەمانە، ئەندرێ ژید، ژول ڕۆمان، ڕۆژێ مارتا دوگارد، ئەندرێ مۆروا، ئیدوارد بوردێ... تاد.


لەلایەکی تریش سینەما بەپێچەوانەوە کاریگەری لە ئەدەب بەتایبەتی ڕۆمان کردووە. دەبینین نووسەرەکان لە گێڕانەوە، نموونەی (دیمەن)ی سینەماییان وەرگرتووە، بێ ئەوەی بچنە ناو هەندێ وردەکاری لاوەکی لە کاتی گێڕانەوەدا، ڕاستەوخۆ گێڕانەوەکان و ڕووداوەکانیان لە شێوەی دیمەن لە دوای دیمەن ڕیز کردووە. زۆرن ئەوانەی ئەم شێوازەیان بە سوود وەرگرتن لە هونەری سینەما، یان هونەری گێڕانەوەی سینەما ڕۆمان و بایۆگرافییان نووسیوە، وەک لە ڕۆمانی، وەرزەجوانەکانی مارتا دوگارد، ئۆرێلییەن-ی ئاراگۆن، وشەکان-ی ژان پۆل سارتر.

مارتا دوگارد لە ڕۆمانی (ژن بۆریس) سوودی لە سینەمای بێ دەنگ وەرگرتووە کە لە ساڵی ١٩١٣ بڵاوبووەتەوە، بێجگە لەمە ئەو ناو لەم شێوازی نووسینەی سەرەوە دەنێ: (میتۆدی سینەمایی). بێجگە لەمە شێوازی هونەری سینەمایی گریفیت و ئێزنشتاین، زۆر کاریگەری لە مالرۆ کردووە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی (هیوا)، هەروەها سارتر لە (ڕێگاکانی ئازادی)، لەم ڕۆمانانە، بەردەوام شوێن و فەزاکان دەگۆڕێن.

هێشتا وردتر، لە ڕووی چۆنیەتی گێڕانەوە و شێوازی نووسین، بەتایبەتی چۆنیەتی گێڕانەوەی دیمەنێک و پیشاندانی شتەکان، ڕاستەوخۆ هەمان شێواز لە ڕۆمانی چارەنووسی مرۆڤ-ی مالرۆ، بەتایبەتی لە بەشی یەکەم، ئەم کاریگەرییەی سینەما هەستی پێ دەکرێ.

بەگشتی ڕۆماننووسانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی، زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم هونەرە نوێیەو ئەمەش زیاتر لەسەر ئاستی شێواز و گێڕانەوە خۆیان پیشان دەدەن.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**






# سەرنجێکی زماناسانە

عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

ئەگەر تۆزێک بە وردی گوێ بۆ کەناڵە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان شل بکەین، یان لە هەواڵی ڕۆژنامەکان ورد ببینەوە، دەبینین هەڵەی ڕێزمانی بەلێشاو بەسەر زار و زمانی پسپۆڕان و خوێندەواراندا دێت و ئەو هەڵانەش هێندە زۆر و بەردەوامن کە خەریکە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی ئاخافتنی خەڵکی ئاسایی و ئەم پەتایە خەریکە لێمان دەبێتە ملۆزمی زمان و کولتوورەکەمان.

بۆ وێنە چاوگی «کردن» ئەوەندە ناشیانە و نەشارەزایانە و نەزانانە دەبێتە پاشگری هەندێ دەستەواژە کە خەریکە بە تەواوی تەنگ بە ئاخافتنی ڕێک و ڕەوان و ڕاست و ئاسایی ڕۆژانەی خەڵک هەڵدەچنێ. بۆ نموونە هەندێ کەس دەڵێن «ئەمڕۆ لە هۆڵی میدیا کۆبوونەوەمان کرد.» یان ڕستەی لەم جۆرە دەبێژن: ئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە بەدواداچوونەوە دەکەین.. دیارە پاساوی ئەو کەسانە ئەمەیە کە لەم ڕستانەدا «کردن» بە واتای سازدان و پێ کردنە، هەربۆیە ئەم ڕستانە لە باری مانابییەوە گرفتیان نییە. هەڵبەت ئەم بۆچوونە نیشاندەری بێ ئاگاییەکی مەترسیدارە لەمەڕ مەسەلەی سروشتی زمان بە گشتی و سروشتی زمانی کوردی بەتایبەتی. سەرەتا با ئەوە بڵێین کە چاوگی «کردن» تەنیا لە چەند جێگایەک و لەگەڵ چەند وشەیەک، وەک چاوگی تێکەڵاو، بەواتای «سازکردن»ـە، وەک «نان کردن»، «هێڵکە کردن»، بەڵام لە زۆر نموونەی تردا مانایەکی تەواو جیاواز بەدەستەوە دەدات. بۆ وێنە، بڕوانە، «بریندار کردن»، «هێرش کردن»، «ئارەق کردن»، «ناز کردن»، «ئارام کردن» و دەیان نموونەی تر. دیارە «کردن» لەم چاوگە تێکەڵاوانەدا بە هیچ کلۆجێک بە واتای «سازکردن» و «چێ کردن» نییە، واتە ناتوانین بڵێین «بریندار کردن» بەواتای «بریندار ساز کردن»ـە. کەواتە ئەم پاساوە پاساوێکی نازانستیانە و ناڕاستە.